خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا    لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف    ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر    بابان ئەنوەر

# مێژووی ئابوریی جیهان

رۆبێرت سی ئالن

وەرگێڕانی:

محەمەد چیا

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 146 )

ناوی کتێب: مێژووی ئابوریی جیهان

بابەت: ئابوری

ناوی نووسەر: رۆبێرت سی ئالن

وەرگێڕانی: محەمەد چیا

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

تایپ و هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال - زریان رەحیم

ساڵی چاپ: 2016

تیراژ: 500 دانە

چاپخانە: حەمدی

نرخ: 3000 دینار

لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co

ideafoun@gmail.com

www.facebook.com/dezgai.idea

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1808)ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# مێژووی ئابووریی جیهان

ڕۆبێرت سی ئالن

وەرگێڕانی:
محەمەد چیا

2016

# پێڕست


سوپاس و پێزانین.................................................................7

1- دەلاقە گەورەکە.................................................................9

2- دەرکەوتنی ئەستێرەی خۆرئاوا.........................................31

3- شۆڕشی پیشەسازی.........................................................51

4- دەرکەوتنی دەوڵەمەندەکان...............................................77

5- ئیمپراتۆرییە مەزنەکان...................................................101

6- هەردوو ئەمەریکا............................................................121

7- ئەفەریقا.........................................................................173

8- مۆدیلی ستاندارد و وەرچەرخانی درەنگ وەخت.................219

9- پیشەسازیکردن لە نموونەی (گوژمێکی بەهێز)....................253

کۆتایی..............................................................................285

سەرچاوەکان......................................................................288

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی هەرکەسێك دەکەم کە لەگەڵمدا کاریکردوە، وەك یاریدەدەرێکی توێژەریی لە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی مێژووی کرێ و نرخەکان لەجیهاندا: ستیوارت مورای، تشیری میتکاف، ئیان کای، ئەلکیس ولی، ڤیکتۆریا بیتمان، رۆمان ستادر، تۆمی میرفی و ئیریك شنایدەر. کە وریاییان سەبارەت بە وردەکاریەکان بوو، وێڕای بیرۆکەکانیان لەبارەی پرۆژەکە و دەقی کتێبەکە، کە بەهایەکی زۆرە بەلای منەوە، هەروەها سوپاسی خۆم ئاراستەی چەندین لەو هاوڕێیانە دەکەم کە رەشنووسەکانی سەرەتاییان خوێندەوە و مشتومڕی ئەم بابەتانەیان کرد

لەگەڵمدا: پۆل دەیڤید، لاری ئیلدردج، ستان ئینجرمان، پیتەر لندرت، برانکۆ میلانوفیچ، باتریك ئۆبراین، جیلز بوستل فیناى، جیم رۆبنسون، جین لۆران رۆزنتاڵ، کین سۆکۆلۆف، ئەنتۆنیا ستریچی، فرانسیس تیل، پیتەر تیمن، جان بۆتن، فان زاندن، لۆرانس وایتهید، جیف ویلیامسۆن، نیکو لی. کوڕەکەم ماتیۆ ئالن و هاوسەرەکەم دایان فرانك، کە هەست بەخۆشیەکی زۆردەکەن بۆ کارکردنم لەسەر ئەم پرۆژەیە، هەروەك چۆن ئەوپەڕی پشتیوانیان کردم، وێڕای سەرقاڵبوونی زۆرم تێیداو داواکاریە بێشومارەکانم سەبارەت بە نیشاندانی رای خۆیان سەبارەت بە رەشنووسەکان. ئەم کتێبە بەشێوەیەکی باشتر دەرچوو بەهۆی خوێندنەوەیان بۆی.

هەروەها زۆر خۆشحاڵ دەبم رێز و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەنجوومەنی توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی کەنەدا بکەم، دامەزراوەی زانستە نیشتمانییەکانی ئەمەریکا، لە رێگەی کۆمەڵێك مێژووی نرخەکان و داهاتی نیشتمانی، بۆ دەستبەرکردنی کۆمەکی دارایی پێویست بۆ توێژینەوەکانم بەدرێژایی چەندین ساڵ.

ئەم کتێبەم پێشکەش دەکەم بە کوڕەکەم ماتیۆ، رۆڵەکانی سەردەمەکەی، بەو هیوایەی یارمەتیدەریان بێت تا لەوە تێبگەن کە جیهان گەیشتۆتە ئەوەی کە ئێستا هەیە و بیکەنە جیهانێکی باشتر.

# بەشی یەکەم
# دەلاقە گەورەکە

مێژووی ئابوری گەوهەری زانستە کۆمەڵایەتیەکانە، کە بابەتە سەرەکییەکەی دەسوڕێتەوە لە دەوری «سروشت و هۆکاری سامانی نەتەوەکان»، ئەمەش ناونیشانی کتێبە مەزنەکەی (ئادەم سمیس)ە. پسپۆڕانی ئابوریش لە دەوری «هۆکارەکان» دەگەڕێن لەتیۆرێکی نەمر لەبارەی گەشەپێدانی ئابوریەوە، کە مێژوونوسە ئابوریەکان ئەمە لە پرۆسەیەکی دینامیکیدا دەبیننەوە لە گۆڕانی مێژوویی. مێژووی ئابوریش بۆتە بوارێکی جێی بایەخ لەم ساڵانەی دواییدا، لەو کاتەوە چێوەی ئەم پرسیارە کە: «بۆچی هەندێك دەوڵەت دەوڵەمەند و هەندێکی تریش هەژارن؟» بۆتە چێوەیەکی جیهانی. پێش پەنجا ساڵ پرسیارەکە ئەوە بوو: «بۆچی شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا بەرپابوو نەك فەرەنسا؟» ئەو توێژینەوانەش کە

لەبارەی چین، هند و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە ئەنجامدران، جەختیان لەو دینامیکیەتە بنجداکوتاوە کردەوە لە مەزنترین شارستانیەتەکانی جیهاندا، پاشانیش دەبێت پرسیارەکە ئەمڕۆ بەمشێوەیە بێت: بۆچی گەشەی ئابوری لە ئەوروپا سەریهەڵدا نەك لە ئاسیا و ئەفەریقادا؟

داتایەکی زۆر لەبەردەستدا نییە لەبارەی داهاتەکانەوە لەمێژووی دووردا، بەڵام وا دیارە کە جیاوازییەکان لەنێوان وڵاتاندا لەئاستی بوژانەوەدا، لە ساڵی 1500دا بچووك بوون. ئەم کەلێنەی ئێستا لەنێوان دەوڵەمەند و هەژارەکاندا لەوکاتەوە دەستی پێکرد کە فاسکۆ دا جاما گەشتی کرد بۆ هند و کۆلۆمبۆس هەردوو ئەمەریکاکەی دۆزییەوە.

دەکرێت پێنج سەد ساڵی ئەمدواییە دابەش بکرێت بۆ سێ ماوە، ماوەی یەکەم- کە لە ساڵی 1500ەوە بەردەوام بوو هەتا دەوروبەری ساڵی -1800 « چاخی بازرگانیکردن یاخود Mercantilism «. ئەم ماوەیەش بە گەشتەکانی کۆلۆمبۆس وفسکۆ دا جاما دەستیان پێکرد، کە بوونە هۆی کامڵکردنی ئابوری جیهانی و بە شۆڕشی پیشەسازی کۆتاییهات. داگیرگەرکان لەهەردوو ئەمەریکادا درووستکران کە هەستان بە هەناردەکردنی زیو، شەکر، توتن و ناردنی ئەفەریقیەکان وەك کۆیلە بۆ هەردوو کیشوەرەکە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم شمەکانە، هەروەك چۆن ئاسیا بەهارات، چنراوەکان و فەخوری وکاری گڵینی چینی هەناردە کرد بۆ ئەوروپا، وڵاتە ئەوروپییە پێشەنگەکانیش بازرگانیکردنەکانیان فراوانکرد لە

ڕێگەی داگیرکەران و سەپاندنی باجە گومرگیەکان، بەرپاکردنی جەنگەکان بۆ ئەوەی ڕێگری لەوڵاتانی تربکەن، لەوەی بازرگانی بکەن لەگەڵ داگیرکارانیاندا. پیشەسازی ئەوروپیش ڕەواجی پەیداکرد لەسەر حسابی داگیرکاران، ئەمە لەکاتێکدا کە گەشەپێدانی ئابوری لەخۆیدا ئامانج نەبوو.

ڕەوشەکان لەماوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا گۆڕان. لەکاتێکدا کە ناپلیۆن لەشەڕی واترلۆ شکستی هێنا لەساڵی 1815، بەریتانیا بووە پێشەنگ لەبواری پیشەسازیداو کەوتە پێش وڵاتانی ترەوە، ئەوروپای خۆرئاواو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، گەشەکردنی ئابوریان کردە پێشەنگی کارەکانی تریان، هەروەها هەوڵی بەدیهێنانیاندا لە ڕێگەی بونیادنانێکی پێوەریی کە پێکدێت لەچوار سیاسەت، کە بریتین لە: بونیادنانی بازاڕێکی نیشتمانی یەکگرتوو لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی تاریفە ناوخۆییەکانەوە و بونیادنانی ژێرخانێك بۆ گواستنەوە، دانانی تاریفە گومرگییە دەرەکییەکان بۆ پاراستنی پیشەسازیەکەی لە ڕکابەری بەریتانی، بونیادنانی بانکەکان بۆ پارێزگاریکردن لە جێگیری نرخی دراوەکان و پارەدارکردنی وەبەرهێنانە پیشەسازیەکان، فەراهەمکردنی فێرکردنی گشتی بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و کارامەیی هێزی کار. ئەم سیاسەتانەش سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا لە ئەوروپای خۆرئاوایی و ئەمەریکای باکور دا، بەشێوەیەك وڵاتانی ئەو ناوچانە پێکەوە لەبەریتانیا یانەی وڵاتە دەوڵەمەندەکانیان پێکهێنا، لەکاتێکدا هەندێك لەوڵاتانی ئەمەریکای لاتینی ئەم سیاساتانەیان بەشێوەیەکی ناتەواو تەبەنی کرد و سەرکەوتنێکی

گەورەیان بەدی نەهێنا. ڕکابەری بەریتانیاش بووە هۆی ئاستەنگ لەبەردەم زۆربەی ناوچەکانی ئاسیادا، لەکاتێکدا ئەفەریقیا و دوای کۆتاییهاتنی بازرگانی بەریتانیا بە کۆیلەکانەوە لە ساڵی 1807، ئەو وڵاتە دەستیکرد بە هەناردەکردنی زەیتی خورما و کاکاو کانزاکان.

لە سەدەی بیستەمدا، ئەو سیاسەتانەی کە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لەئەوروپای خۆرئاوادا سەلما- بەتایبەتی لەئەڵمانیاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا-کاریگەریان نابێت لەو وڵاتانەدا کە هێشتا گەشەیان بەخۆیانەوە نەبینیوە، زۆربەی تەکنەلۆژیاکان لەوڵاتانی دەوڵەمەندا دادەهێنرێن، ئەم وڵاتانەش بەشێوەیەکی بەردەوام پێویستیان بە سەرمایە هەیە بۆ زیادکردنی بەرهەمی دەستی کار تێیاندا، کەوا کرێیەکی زۆر بەرز وەردەگرن. زۆربەی ئەم تەکنەلۆژیا نوێیانەش ئابوریانە دانانرێن لەو وڵاتانەدا کە تێیدا کرێی دەستی کار نزمە، بەڵام لەبەرامبەردا بەگرنگترین شتێك دادەنرێت کە ئەو وڵاتانە پێویستیان پێیەتی بۆ ئەوەی بە خۆرئاوا بگەنەوە. زۆربەی وڵاتەکان بەڕادەی جیاواز تەبەنی تەکنەلۆژیای نوێیان کردووە، بەڵام بەخێراییەکی وا پێویست تەبەنیان نەکردوە کە وایان لێ بکات وڵاتانی دەوڵەمەند تێپەڕێنن، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە سەرکەوتووبوون لە نەهێشتنی ناکۆکیەکان لەگەڵ خۆرائاوا لەسەدەی بیستەمدا، سەرکەوتووبوون لەوەدا لەرێگەی نموونەی (پاڵدانی بەهێزەوە)، کە پلاندانان و هەماهەنگی هەوڵەکانی وەبەرهێنان بەکارهێنران بۆ قەڵەمبازێك لەو بوارەدا.

پێش ئەوەی بزانین (چۆن) هەندێك وڵات دەوڵەمەند بوون، پێویستە ئەوە دیاری بکەین (کەی) ئەو وڵاتانە دەوڵەمەندبوون. لەنێوان ساڵانی 1500 و 1800، وڵاتانی دەوڵەمەندی ئەمڕۆ پێشکەوتنێکی کەمیان بەدیهێنا کە دەکرێت پێوانە بکرێت لەرێگەی تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ هەر تاکێك (خشتەی1-1)[1].

لە ساڵی 1820، ئەوروپا لەهەموو کیشوەرەکان دەوڵەمەندتر بوو، بەشێوەیەك تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ هەر تاکێك لەئەوروپادا یەکسان بوو بە دوو هندەی هاوشێوەکەی لەزۆربەی شوێنەکانی جیهاندا. هۆڵەنداش لە وڵاتەکانی تر گەشەسەندوتربوو کە نێوەندی داهات تێیدا (تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی) گەیشتە 1838 دۆلاری ئەمەریکی بۆ یەك کەس.

وڵاتە نزمەکان لەماوەی سەدەی حەڤدەیەمدا بووژانەوە، پرسیاری سەرەکیش بۆ سیاسەتی ئابوری لەهەموو وڵاتانی تردا سەبارەت بەچۆنیەتی گەیشتنەوە بوو بە ئابوری هۆڵەندا، بەریتانیەکانیش هەوڵیاندەدا بەدی بهێنن. پلیتەی شۆڕشی پیشەسازی پێش دوو نەوە داگیرسابوو- بەریتانیای مەزنیش دووەم دەوڵەمەندترین ئابوری بوو، کە نێوەندی داهات تێیدا لە ساڵی 1820 دا گەیشتە 1706 دۆلاری ئەمەریکی بۆ هەر تاکێك، بەڵام وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاواو ئەو وڵاتانەی کە سەر بە بەریتانیا بوون (کەنەدا، ئوستورالیا، نیوزلەندە و وڵایەتە بەکگرتوەکانی ئەمەریکا) ناوەندی داهاتی تاك تێیاندا لەنێوان

1100 و 1200 دۆلاری ئەمەریکی دا بوو. باقی وڵاتەکانی تر دواکەوتوو بوون و ناوەندی داهاتی تاك لەنێوان 500 دۆلاری ئەمەریکی و 700 دۆلاری ئەمەریکی دا بوو، ئەفەریقیاش هەژارترین کیشوەرە کە ناوەندی داهاتی تاك گەیشتە 415 دۆلاری ئەمەریکی.

**خشتەی (1-1)**

**تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی تاك لەجیهاندا (1820-2008)**

| ساڵەکان | 1820 | 1913 | 1940 | 1989 | 2008 |
|---|---|---|---|---|---|
| بەریتانیای مەزن | 1706 | 4921 | 6856 | 16414 | 23742 |
| هۆڵەندا | 1838 | 4049 | 4832 | 166695 | |
| وڵاتانی خۆرئاوای تر | 1101 | 3608 | 4837 | 16880 | 21190 |
| وڵاتانی ئەوروپی ناوەند | 945 | 1824 | 2018 | 11129 | 18218 |
| ئەوروپای باکور | 898 | 2935 | 4534 | 17750 | 25221 |
| ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەنەدا، نیوزلەندا، ئوسترالیا | 1202 | 5233 | 6838 | 21255 | 30152 |
| ئەوروپای خۆرهەڵات | 683 | 1695 | 1969 | 5905 | 8569 |
| یەکێتی سۆڤێت | 688 | 1695 | 1969 | 5905 | 8569 |
| ئەرجەنتین، ئۆرگوای، چیلی | 712 | 3524 | 3894 | 6453 | 8885 |
| وڵاتانی تری ئەمەریکای لاتینی | 636 | 1132 | 1551 | 4965 | 6751 |
| ژاپۆن | 669 | 1387 | 2874 | 17943 | 22816 |
| تایوان و کۆریای باشور | 891 | 835 | 1473 | 8510 | 30036 |
| چین | 600 | 552 | 562 | 1834 | 6725 |
| نیمچە کیشوەری هندی | 533 | 673 | 686 | 1232 | 3698 |
| وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی ئاسیا | 561 | 830 | 840 | 2419 | 4521 |
| خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفەریقیا | 561 | 994 | 1600 | 3879 | 5779 |
| وڵاتانی ئەفەریقیای باشوری بیابان | 415 | 568 | 754 | 1166 | 1387 |
| باقی وڵاتانی تری جیهان | 666 | 1524 | 1958 | 5130 | 7614 |

• کۆی مامناوەندی بەرهەمی ناوخۆیی تێکڕای ئەوەی بەرهەم دێت لە شمەك و خزمەتگوزارییەکان لە یەکێك لەئابوریەکاندا، سەرەڕای تێکڕای ئەو داهاتەی کە بەرهەمی

دێنێت، لەم خشتەیەدا، تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی پێوانە دەکرێت بە پشت بەستن بە بەهای دۆلاری ئەمەریکی لەساڵی 1990، پاشانیش دەکرێت قەبارەی بەرهەم (داهاتی راستەقینە) بەراورد بکرێت بە رەچاوکردنی جیاوازی کات و ناوچەکان.

**تێبینی: لە ساڵی 1940ەوە، بەریتانیای مەزن ئیرلەندای باکوریش لەخۆدەگرێت.**

لەنێوان ساڵی 1820 و کاتی ئێستادا، کەلێنی داهاتەکان لەگەڵ بوونی هەندێك هەڵاوێردەی کەمدا فراوانبوون. ئەو وڵاتانەی کە زیاتر دەوڵەمەندبوون، لە ساڵی 1820 بەرزترین رێژەی گەشەیان تۆمارکرد، کە نێوەندی داهاتەکان لە وڵاتانی دەوڵەمەندی ئەمڕۆدا دەگاتە نێوان 25000 دۆلار بۆ 30000و لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیاو ئەمەریکای لاتینیدا لەنێوان 5000 دۆلارو 10000 دۆلارە لەکاتێکدا ئەم رێژەیە لەوڵاتانی ئەفەریقیای باشوری بیاباندا گەشتۆتە تەنها 1387 دۆلاری ئەمەریکی. وێنەی 1-1 دیاردەی کەلێن و بۆشایی دەخاتەڕوو لەداهاتەکاندا، ئەوە رووندەکاتەوە ئەو ناوچانە لەلای راستی شێوەکەوە کە داهاتێکی بەرزتریان بەدەستهێناوە، لە ساڵی 1820 زۆرترین هۆکارەکانی گەشەی داهات لایان فەراهەم بووە، لەکاتێکدا ناوچەکانی لای چەپی شێوەکە کە داهاتێکی کەمتریان بەدەستهێناوە، هەر لەهەمان ساڵەوە هۆکارەکانی گەشەی کەمتریان بۆ فەراهەم بووە. ئەوروپا و ئەو وڵاتانەی کە سەر بە بەریتانیا بوون زیادەیەکیان لە داهاتەکاندا

بەدیهێناوە کە دەگاتە 17 بۆ 25 جار زیاتر. ئەوروپای خۆرهەڵات و زۆربەی ناوچەکانی ئاسیا بە بەدیهێنانی داهاتێکی نزم دەستیان پێکرد، پاشان دواتر بەشێوەیەك گەشەیانکرد کە زیادەیەکیان بەدیهێنا گەیشتە دە هند زیاتر، بەڵام ناوچەکانی باشوری ئاسیاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و زۆبەی وڵاتانی ئەفەریقیای باشوری بیابان لەمرۆەوە کەمترین چانسیان هەبوو، کە لە ساڵی 1820دا هەژارترین وڵات بوون، زیادە لە ناوەندی داهاتی تاکدا تەنها بەڕادەی سێ بۆ شەش هند بوو. زیاتر و زیاتر لە خۆرئاوا دواکەوت.

**تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی تاك لەساڵی 1820**




**کۆی داهاتی ناوخۆیی تاك لەساڵی 1820دا**

▼ ژاپۆن

*ناوچەکانی تر لەجیهاندا

تایوان و کۆریای باشور ▲

هاوکێشەی دورکەوتنەوە

**شێوەی 1-1: دەلاقە گەورەکە**[2]

چەند هەڵاوێردەیەکیش هەیە بۆ ئەم کەلێنە لەئاستەکانی داهاتدا، خۆرهەڵاتی ئاسیا دیارترین نموونەیە لەم بارەیەوە، بەتاکە هەرێمێك دادەنرێت کە توانی ئاراستەکە پێچەوانە بکاتەوە و رەوشی خۆی باش بکات. ژاپۆنیش بە چیرۆکی هەڵکشانی هەرە مەزن دادەنرێت لەسەدەی بیستەمدا، لەکاتێکدا لە ساڵی 1820 دەوڵەتێکی زۆر هەژار بوو، بەڵام توانی کەلێنی داهات لەگەڵ خۆرئاوادا پڕبکاتەوە، بەهەمانشێوە گەشەکردنی کۆریای باشور و تایوانیش، بەهەمان رادە مەزن بوون، یەکێتی سۆڤێتیش نموونەیەکی ترە، ئەگەر لەشێوەیەکی کەمتر تەواودا بێت، لەوانەشە چین هەمان شت دووبارە بکاتەوە لەئەمڕۆدا.

پرۆسەکانی دروستکردن و کۆتایهاتنی، هۆکارگەلێکی سەرەکی بوون لەم کەلێنەدا لە داهاتەکان لەنێوان وڵاتانی جیهاندا (شێوەی 1-2). لە ساڵی 1750، زۆربەی پڕۆسەکانی دروستکردن لەجیهاندا لەچین ئەنجامدەدران (33% لەتێکڕای قەبارەی دروستکردن) و نیمچە کیشوەری هندی (25%)، لەو سەردەمەدا قەبارەی بەرهەمهێنان بۆ هەر تاکێك لەئاسیادا کەمتربوو لەو وڵاتانەی زۆرتر دەوڵەمەندن لەئەورپای خۆرئاوادا، ئەمە لەکاتێکدا جیاوازیەکان سنوردار بوون.




**شێوەی 1-2 دابەشکردنی قەبارەی دروستکردن لەوڵاتانی جیهاندا[3]**

بەهاتنی ساڵی 1913ـ ڕەوشی جیهان بەتەواوەتی گۆڕا، پشکی چین و هند لە تێکڕای دروووستکردنی جیهانی دابەزی بۆ 4% و 1% بەدوای یەکدا. لەهەمانکاتدا ئەمەریکا، بەریتانیا و ئەوروپا بە سێ لەسەر چوار بەشداریان کرد لە قەبارەی دروستکردنی جیهاندا. بەرهەمی دروستکردنی تاکێك لە شانشینی یەکگرتوودا گەیشتە 38 جاری قەبارەی هاوتاکەی لەچین و 58 جاری هاوتاکەی لە هند، هۆکاری ئەمەش تەنها زیادبوونی بەرهەمی بەریتانی نەبوو بە زۆری، بەڵکو هەروەها دابەزینی قەبارەی دروستکردن بوو لەهەریەك لە چین و هندستان، دابەزینێکی زۆر گەورە و مەزن، بەشێوەیەك زۆرێك لە پیشەسازیەکانی چنین و کانزاکان

تێیاندا وەستان بەهۆی بوونی ئەو دوو بەرهەمەوە کە پشتیان دەبەست بە ئامێرەکان لەخۆرئاوا، لەسەدەی نۆزدەیەمیشدا، ئاسیا لەناوەندی دروستکردنەوە لەجیهاندا گۆڕا بۆ کۆمەڵێك وڵاتی تەقلیدی ناپەرەسەندوی تایبەتمەند لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکاندا.

شێوەی 1-2 رۆشنایی دەخاتە سەر هەندێك لەخاڵی وەرچەرخانی سەرەکی لەمێژووی جیهاندا، لەنێوان ساڵانی 1750 و 1880، کە شۆڕشی پیشەسازی بەریتانی بریتی بوو لە رووداوە هەرە گەورەکە. لەو ماوەیەدا، پشکی بەریتانیا زیادیکرد لەقەبارەی دروستکردنەوە لە جیهان لە 2% بۆ 23%، رکابەری بەریتانیش هۆکاربوون لە زاڵبوون بەسەر پیشەسازی تەقلیدی لە ئاسیادا. ماوەی نێوان ساڵی 1880 بۆ جەنگی جیهانی دووەم ئەو ماوەیە بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو کیشوەری ئەوروپا-بەتایبەتی ئەڵمانیا- گۆڕان بۆ وڵاتی پیشەسازی. پشکی هەریەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو کیشوەری ئەوروپا لەساڵی 1938 گەیشتە 33% و 24% بەدوایەکدا، لەتێکڕای قەبارەی دروستکردن (پیشەسازی) جیهانی. بەریتانیاش پێشەنگی خۆی لەدەستدا بۆ بەرژەوەندی رکابەرەکانی، بەشێوەیەك پشکەکەی دابەزی بۆ 13%. لە جەنگی جیهانی دووەمیشەوە پشکی یەکێتی سۆڤێت زیادیکرد لە تێکڕای قەبارەی دروستکردنی جیهانی زیادکردنێکی مەزن هەتا دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستەم. پاشان بە تەواوەتی داڕما لەگەڵ داڕمانی ئابوریدا کەوا بە وڵاتانی یەکێتی سۆڤێت

گەیشت دوای هەڵوەشانەوەی. موعجیزەی خۆرهەڵاتی ئاسیایی بەرزبوونەوەیەکی بەخۆوە بینی لەپشکیدا لە تێکڕای قەبارەی دروستکردنی جیهانی، کە خۆی لەوڵاتانی ژاپۆن، تایوان و کۆریای باشوردا دەبینێتەوە، کە پشکەکەی گەیشتە 17% و چینیش بەهەمانشێوە دەگۆڕا بۆ وڵاتێکی پیشەسازی هەر لە ساڵی 1980وە،پشکەکەی لە تێکڕای جیهاندا گەیشتە 9% لەساڵی 2006. ئەگەر چینیش گەیشتەوە بە خۆرئاوا، ئەوا بازنەکە بە تەواوەتی کامڵ دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ دەست پێکردنی.

### کرێ راستەقینەکان

تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی بە پێوەرێکی گونجاو دانانرێت بۆ خۆشگوزەرانی، چونکە زۆر فاکتەر ئەژمار ناکرێن، وەك تەندروستی، نێوەندی تەمەن و ئاستی فێرکردن، وێڕای ئەمەش، زۆرجار نەبوونی داتاکان وادەکەن زەحمەت بێت حسابی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی بکرێت، هەروەك چۆن لەوانەیە چەواشەکارانە بێت، بەو پێیەی ناوەندی داهاتی دەوڵەمەند و هەژارەکان پێکەوە وەردەگیرێت. دەکرێت بەسەر ئەم کێشانەدا زاڵبین لە رێگەی حسابکردنی «کرێ ڕاستەقینەکان)ەوە، واتە پێوانەکردنی ئاستی گوزەران کە بەدی دێت لە رێگەی داهاتی تاکەوە. کرێ راستەقینەکان زۆر شتمان بۆ روونەکەنەوە سەبارەت بە ئاستی گوزەرانی تاکێکی ئاسایی، هەروەها بەشداری دەکات لە ئاشکراکردنی

هەبووەکان و رادەی بڵاوبونەوەی پیشەسازی نوێ، بەشێوەیەك هاندانەکانی زیاد بەکارهێنانی مەکینە بۆ هەر کرێکارێك مەزن دەبێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی کرێکاریدا.

با جەخت لە کرێکارەکان بکەینەوە، بۆ پێوانەکردنی ئاستی گوزەرانیان، پێویستە کرێی کرێکارەکان بەراورد بکرێت بەنرخی شمەکە بەکاربەریەکان، پاشان پێویستە ناوەندی ئەم نرخانە وەربگرین بۆ ئەژمارکردنی ئاماژەی نرخەکانی بەکاربەر. ئەو ئاماژەی کە پشتی پێ بەستراوە لەتێچوونی مانەوەی تاك لەژیاندا بەزیندوی بەپێی (نزمترین رادە لەپێداویستیەکانی ژیان). ئەو سیستمەخۆراکیەی کەوا کرێکارەکان پشتی پێدەبەستن نیمچە رووەکییە، دانەوێڵەی کوڵاو و نانی هەڵنەهاتوو زۆربەی ئەو تاوزانە پێکدەهێنن کە جەستە پێویستی پێیانە، ئەم ژەمەش ژەمی پێوەریی بووە لەزۆربەی شوێنەکانی جیهان لە ساڵی 1500دا، بازرگانێکی هۆڵەندی کە ناوی فرانسیسکو بلسارتە و لەسەرەتاکانی سەدەی حەڤدەهەمدا سەردانی هندی کرودوە تێبینی ئەوەی کردووە ئەو خەڵکەی لەنزیکی شاری دەلهی دەژین « هیچ شتێکیان نیە بیخۆن جگە لەجۆرە خواردنێك کە لە تۆی و رووەکی سەوز و هەندێك برنج ئامادە دەکرێت... شەوانە لەگەڵ کەمێك کەرەدا دەیخۆن، لە رۆژیشدا کەمێك لە تۆی وشککراو یان دانەوێڵەی تر دەیخۆن»، کرێکارەکان» تەنها کەمێك نەبێت لەتامی گۆشت» نازانن، بەڵکو زۆربەی جۆرەکانی گۆشت حەرامن.

خشتەی (2-1)[4] ئەو شێوازە بەکاربەرییە رووندەکاتەوە کەوا کەمترین رادە لەو خۆراکە دیاری دەکات کە پیاوێکی پێگەیشتوو پێویستی پێدەبێت. ژەمەکە پشت بە هەرزانترین جۆرەکانی دانەوێڵە دەبەستێت کە لەهەموو ناوچەکانی جیهاندا هەیە، وەك شۆفان لەباکوری خۆرئاوای ئەوروپا، گەنمە شامی لەمەکسیك، هەرزن یان گاڵی لەباکوری هند، گەنم لەکەنارەکانی چین، بەمشێوەیە. بڕی دانەوێڵە دیاری دەکرێت بەشێوەیەك ژەمەکە رۆژانە 1940 تاووزە فەراهەم بکات، خەرجکردنیش بۆ غەیری خۆراك کورتدەبێتەوە لەکڕینی جلوبەرگی کۆنە، بڕێکی کەم لە سەرچاوەی وزە و مۆم. زۆربەی خەرجییەکان بۆ خۆراکە، بە تایبەتی کاربۆهیدرات کە بە بنچینەی سیستمی خۆراکی دادەنرێت.

**خشتەی 1-5 سەبەتەی خۆراك و شمەکان کەمترین ڕادە لە پێداویستیەکانی‌ژیان*.**

| | بڕ بۆ هەر پیاوێك ساڵانە | تاووزەکان رۆژانە | پرۆتین (گرام) رۆژانە |
|---|---|---|---|
| خۆراکەکان | | | |
| دانەوێڵە | 167کغم | 1657 | 72 |
| پاقلەمەنی | 20کغم | 187 | 14 |
| گۆشت | 5کغم | 34 | 3 |
| کەرە | 3کغم | 60 | 0 |
| تێکڕایی | | 1938 | 89 |
| کەلوپەلی ناخۆراکی | | | |
| صابون | 1.3کغم | | |
| کەتان/لۆکە | 3مەتر | | |
| مۆم | 1.3کغم | | |
| زەیتی چرا | 1.3لیتر | | |
| سوتەمەنی | 2.0 ملیۆن یەکەی گەرمی بەریتانی | | |

**• تێبینی: خشتەکە پشت دەبەستێت بەو بڕو بەها خۆراکیانە کە هەن لەو سیستمە خۆراکیەی کە لەسەر شۆفان وەستاوە لەئەوروپای باکوور/خۆرئاوا. ژەمەکە لەشوێنەکانی تری جیهاندا پشت دەبەستێت بەهەرزانترین جۆرەکانی دانەوێڵەی فەراهەم بوو، پاشانیش بڕەکانیش دەگۆڕێن.**

پرسیارە بنچینەییەکە کە پەیوەستە بەئاستی گوزەرانەوە، کە پشت دەبەستێت بەوەی ئایا ئەو کرێکارەی کە دەوامێکی تەواوەتی دەکات، هندە پارە پەیدا دەکات بۆ ئەوەی خەرجی بکات بۆ خێزانێك لەسنوری نزمترین رادە لە پێداویستیەکانی ژیان، بەڵام ئەمڕۆ، ئاستەکانی گوزەران لەوڵاتانی ئەوروپادا هاوشێوەی یەکە، دوایینجار کەوا لێکۆڵینەوەی تێدا کرا لە سەدەی پازدە دابوو. ئەوکات ئاستەکانی گوزەران بەرز بوون، بەشێوەیەك کرێکارەکان داهاتێکیان دەستدەکەوت یەکسان بوو بە چوار هندەی بەهای کەمترین رادە لە پێداویستییەکانی ژیان. بەهاتنی سەدەی هەژدەیەم، کەلێنێکی گەورە لەئەوروپادا روویدا، ئاستەکانی گوزەران لە کیشوەرەکەدا داڕما، کرێکارەکان تەنها دەیانتوانی ئەو شتانە بکڕن کە لە خشتەی 1-2 هاتبوون، یان هاوبەرامبەری ئەوانە. لەچاخەکانی ناوەڕاستدا، کرێکارەکان لە فلۆرەنسا نانیان دەخوارد، بەڵام بەهاتنی سەدەی هەژدە، کرێکارەکان نەیاندەتوانی شتێك بخۆن جگە لەحەڵوایەك کە لەو گەنمەشامییە دروستکرا لەهەردوو ئەمەریکاوە گەیشتبووە لایان.




**شێوەی 1-3 : ڕێژەی کەمترین ڕادەلەپێداویستیەکانی ژیانی کرێکاران**[5]

لەبەرامبەردا، کرێکارەکان لەئەمستردام و لەندەن داهاتێکیان بەدەستدەهێنا کە یەکسان بوو بە چوار هندەی بەهای کەمترین رادە لەپێداویستیەکانی ژیان، بەڵام کرێکارەکان لە لەندەن لە ساڵی 1750 ئەو ژەمە شۆفانەیان نەدەخوارد کە لە خشتەی 1-2دا هاتووە چوارجار، بەڵکو پێکهاتەی ژەمەکانیان زیادکرد، نانی سپی، گۆشتی مانگاو بیرەیان بۆ زیاد کرد. بەریتانیەکان ژەمی شۆفان (جۆداس)یان نەدەخوارد مەگەر ئەوانەیان لەسنوری ناوچەکانی (سەلتیە) نیشتەجێ بوون. وەك دکتۆر جۆنسۆن دەڵێت: شۆفان « جۆرێکە لە دانەوێڵە وەك جۆ وایە، بەڵام شیری کەمترە، کێوی،

زبره و بەشێوەیەکی گشتی خۆراکی وڵاخە، بەڵام لە سکۆتلەندا مرۆڤ دەیخوات.» هەروەك چۆن کرێکارەکان لەئینگلتەرا داهاتی پێویستیان هەیە کە بەشی کڕینی کەمالیاتەکان بکات لەسەدەی هەژدەهەمدا کە بریتییە لە کتێب، ئاوێنە، شەکر و چا.

کەلێنێك روویدا لەنێوان کرێ راستەقینەکاندا هەروەك چۆن کەلێنێك روویدا لەتێکڕایی بەرهەمی ناوخۆییدا بۆ تاك لەنێوان وڵاتاندا. شێوەی 1-4 کرێ راستەقینەکان رووندەکاتەوە بۆ کرێکارەکان لە ساڵی 1300وە بۆ کاتی ئێستا، لەپەکینیش لە ساڵی 1820دا، کرێی راستەقینە لە لەندەن گەیشتە چوار هندەی بەهای کەمترین رادە لەپێداویستیەکانی ژیان، رێژەکەش لە ساڵی 1870ەوە بەرزبوەوە بۆ 50 هند زیاتر.




**شێوەی 1-4: رێژەی کەمترین ئاست لە پێداویستیەکانی ژیان: لەندەن و پەکین**

لەبەرامبەریشدا، هێشتا کرێ راستەقینەکان لەوڵاتە هەژارەکانی جیهاندا لەئاستی ئەو رادەیەدا دەوەستێت. لەساڵی 1990، بانکی نێودەوڵەتی هێڵی هەژاری جیهانی دیاری کرد لەڕادەی یەك دۆلاری رۆژانەدا (ئەمەش بەرزبوەوە بۆ 1.25 دۆلاری ئەمەریکی بەهۆی هەڵئاوسانەوە)، ئەم شێوەیە- کە پشت دەبەستێت بەهێڵەکانی هەژاری، ئێستا لەوڵاتە هەژارەکاندا- هاوبەرامبەرە لەگەڵ نزمترین رادە لەپێداویستیەکانی ژیان کە لەخشتەی 1-2دا دیاریکراوە. نێوەندی سەبەتەکانی نزمترین رادەی شمەکەکان گەیشتۆتە 1.30 دۆلاری ئەمەریکی بۆ هەرکەسێك رۆژانە لە کاتی حسابکردنی بەنرخەکانی ساڵی 2010. زیاتر لە یەك ملیار کەس (15%)ی دانیشتوانی جیهان) لەژێر ئاستی ئەم هێڵەوە دەژین لەکاتی ئێستادا، ئەم رێژەیەش زۆر زیاتر بوو لە ساڵی 1500، ئەو کرێکارانەی لەپەکین کاریان دەکرد لەم ئاستەی هەژاریدا بوون لەسەدەی نۆزدەیەمدا. لەبەرامبەردا، بەرزبوونەوەی گەشەی بەرچاو لەچین لەم دەیانەی دواییدا لەئاستی گوزەرانی کرێکاران بۆ –تەنها- شەش هندە وەك نزمترین رادە، ئەمەش ئەو ئاستەیە کە کرێکارە بەریتانیەکان 150 ساڵ لەمەوپێش پێیگەیشتوون.

ئێستا دەتوانین مەزندەی کرێ نزمەکان بکەین کە لە خشتەی1-1دا روونکراوەتەوە هی ساڵی 1820، ئەم

کرێیانە لەسەر نرخی دۆلار حسابکراون لە ساڵی 1990دا، لەو کاتەدا، تێچوونی کەمترین رادە لەپێداویستییەکانی ژیان یەکسان بوو بە یەك دۆلار رۆژانە یان 365 دۆلاری ساڵانە. ناوەندی داهاتی تاك لەئەفەریقیای باشوری بیابان لە ساڵی 1820 گەیشتە 415 دۆلار، واتە بە رێژەی 15% زیاتر لەبەهای نزمترین رادە لەپێویستیەکانی ژیان، کە ئەوەش نمایشی ئاستی گوزەرانی زۆرینەی هەرە زۆری دەکرد لەو کاتەدا. لەزۆربەی ناوچەکانی ئاسیاو ئەوروپای خۆرهەڵاتدا- کە سیستمێکی کشتوکاڵی لەخۆدەگرت، پێویستی بە سەرمایەکی زەبەلاح و کۆمەڵگەی هەرەمی بوو- ناوەندی داهاتەکان لەنێوان 500 دۆلارو 700 دۆلاردا بوو. زۆربەی خەڵك گوزەرانیان لەسەر نزمترین ئاست لەپێداویستیەکانی ژیان بوو، دەوڵەت و چینی ئەرستۆکراتی و بازرگانە دەوڵەمەندەکان هەر زیادەیەکیان لە داهات کۆدەکردەوە. لەبەرمبەریشدا، داهاتەکان لەباکوری خۆرئاوای ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەیشتە چوار بۆ شەش هندە زیاتری بەهای نزمترین ئاست، تەنها لەم کۆمەڵگەیانەدا کرێکارەکان لەئاستێکدا دەژیان زیاتربوو لەو نزمترین ئاستە، وەك شێوەی 1-3 روونیدەکاتەوە ئابوری ئەم وڵاتانە بەڕادەیەکی پێویست بەرهەمهاتوون بۆ سودی چینە ئەرستۆکرات و بازرگانەکان.

نزمترین ئاست لەپێداویستیەکانی ژیان، کۆمەڵێك دەرهاویشتەی تر و کاریگەری دەبێت لەسەر خوشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی شارستانی، یەکەم: ئەو کەسانەی کە ژەمی نزمترین ئاست دەخۆن باڵایان کورتە، بەڕادەیەك ناوەندی باڵابەرزی ئیتالیەکان کە پەیوەندیان کردووە بەسوپای هبسبورگەوە لە 167 سانتیمەترەوە دابەزیوە بۆ 162 سانتیمەتر، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەخواردنی نانەوە چوون بۆ خواردنی حەڵوا، لەبەرامبەریشدا ناوەندی باڵای سەربازە بەریتانیەکان لەسەدەی هەژدەهەمدا گەیشتە 172سانتیمەتر، بەهۆی خواردنی خۆراکی باشترەوە. (لەکاتی ئێستادا، ناوەندی باڵای پیاو لەئەمەریکا، بەریتانیا و ئیتالیا 176-178 سانتیمەترە، لەکاتێکدا ناوەندی باڵای پیاو لەهۆڵەندا184 سانتیمەترە.) کاتێك باڵای کەسەکان کەم دەبێتەوە بەهۆی خراپی خۆراکەوە، هەروەها تێکڕای تەمەنیشیان دادەبەزێت، هەروەها بەشێوەیەکی گشتیش تەندروستیان بەرەو خراپی دەڕوات. دووەمئەو کەسانەی کە لەئاستی نزمترین رادەدا دەژین، فێرکردنێك وەردەگرن لەڕووی کوالێتی جۆرەوە نزمە. سیر فردریك ئیدن- کە رووماڵێکی ئەنجامداوە بۆ داهاتی کرێکار و شێوازەکانی خەرجکردنیان لە ئینگلتەرا لە نەوەدەکانی سەدەی هەژدەیەمدا- چیرۆکی باخەوانێکی لەندەنی دەگێڕێتەوە

کە هەفتانە شەش بنس لەداهاتی خەرج دەکات بۆ ناردنی دوو لە مناڵەکانی بۆ قوتابخانە. خێزانی باخەوانەکە نانی گەنم، گۆشت، بیرە، شەکر و چای دەکڕی، داهاتەکەشی (37.75 جونەیهی ئینگلیزی بووە لەساڵێکدا) کە نزیکەی چوار هندەیە لەنزمترین رادە (کەمتر لە 10 جونەیهی ئیستەرلینی). ئەگەریش بەشێوەیەکی کتوپڕ داهاتی ئەم باخەوانە دابەزی بۆ ئاستی نزمترین رادە، ئەوا کۆمەڵێك بۆ چارەسەکردنی ئەو رەوشەی هەندێك رێوشوێنی دەگرتەبەر، کێ گومانی ئەوە دەبات رەنگە منالەکان وازیان لە قوتابخانە بهێنایە؟ کرێ بەرزەکان بەشداریانکرد لە بەدیهێنانی گەشەی ئابوریدا لەماوەی پارێزگاری لە تەندروستی و پیشتوانی لە فێرکردن. دواجاریش، ژیان لەسەر نزمترین ئاست لە پێداویستیەکانی ژیان هاندەری ئابوری لادەبات لای هەر دەوڵەتێك کە بیەوێت لەسەری ئاستی ئابوری گەشە بکات. پێویستیش بۆ بەدیهاتنی بەرهەمی زیاتر لەمرۆدا زۆرە، بەڵام دەستی کار هەرزانە، هەتا لای کۆمپانیاکان هی هاندەرێکی پێویست بوونی نییە بۆ داهێنان یان بەکارهێنانی ئامێرەکان کە ببنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم. ژیانیش لەسەر نزمترین ئاست لە پێداویستیەکانی ژیان شتێك نییە جگە لە داوێك بۆ هەژاری. شۆڕشی پیشەسازیش بەرپابوو لە ئەنجامی کرێ بەرزەکانەوە، هیچ کاتێکیش هۆکارێك نەبووە بۆی.

پەراوێز:

(1) Angus Maddison, The World Economy (OECD, 2006), and http:// www.ggdc.net/maddison/.

(2) Angus Maddison, The World Economy (OECD, 2006) and the most recent revisions at www.ggdc.net/maddison/.

(3) Paul Bairoch, 'International Industrialization Levels from 1750 to 1980, Journal of European Economic History, 11 (1982): 269–333, and World Bank, World Development Indicators (2008).

(4) Robert C. Allen, The British Industrial Revolution in Global Perspective (Cambridge, 2009), p. 57.

(5) Robert C. Allen, Jean-Pascal Bassino, Debin Ma, Christine 21 and Jan Luiten van Zanden, 'Wages, Prices, and Living Standards in China, 1739–1925: In Comparison with Europe, Japan, and India, Economic History Review, 64 (February 2011): 8.58, and additional calculations for Spain.

# بەشی دووەم
# دەرکەوتنی ئەستێرەی خۆرئاوا

بۆچی نایەکسانی لەجیهاندا زیاد دەکات؟ فاکتەرە (بنچینەییەکان) وەك جوگرافیا، دامەزراوەکان یان رۆشنبیری لەمەدا رۆڵیان گێڕاوە.

جوگرافیا رۆڵی فاکتەرێکی گرنگ دەگێڕێت، بۆ نموونە مەلاریا دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم گەشەکردنی ناوچە کەمەرەییەکاندا، بەڵام بە دەگمەن جوگرافیا بەتەنها خۆی راڤەیەکی تەواوەتیمان دەداتێت، بەڵکو بایەخی لەسەر هەڵە تەکنەلۆژیا و ئابوریەکان دەوەستێت، بەڵکو نمایشی یەکێك لە ئامانجەکانی تەکنەلۆژیا دەکات بۆ سنوردارکردنی ئاستەنگە جوگرافیەکان. لە سەدەمی هەژدەهەمدا- بۆ نموونە- شوێنی

کانەکانی خەڵوز و ئاسن، کورەکانی تواندنەوەی کانزاکانی دیاریکرد. لەئێستادا، گواستنەوە بەناو زەریاکاندا زۆر هەرزان بووە، هەتا ژاپۆن و کۆریا، پێداویستیەکانیان لە خەڵوز و ئاسنی خاو لەئوسترلیاو بەرزایلەوە هاوردە دەکەن.

هەردەم رۆشنبیریش راڤەیەکی بڵاوبووە بۆ هەڵکشانی ئابوری، ماکس ڤێبەر- بۆ نموونە-پێی وایە مەزهەبی پرۆستانتی وای لە دانیشتوانی ئەوروپای باکور کردووە زیاتر عەقڵانی و جدیی بن لە کاردا لە خەڵکانی تر، تیۆری ڤێبەریش باوەڕ پێهێنەر دەرکەوت لە ساڵی 1905دا، کاتێك بەریتانیای پرۆتستانتی زیاتر دەوڵەمەندبوو لە ئیتالیای کاسۆلۆکی، بەڵام ئەمڕۆ پێچەوانەکەی راستە، پاشانیش چیتر ئەمڕۆ تیۆریڤێبەربەرپا نییە. بەڵکو رایەکی رۆشنبیری تر هەیە پێیوایە کشتیارەکان لە وڵاتە هەژارەکاندا بەرووبووم و شێوازی کشتوکاڵی نوێ تاقیدەکەنەوە، هەروەها هندەی ئەوەی بەسودبێت، دەستی کار دەخەنەگەڕ، هەروەها پەینی کیمیایی و تۆوی نوێ بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا ئەگەر لەڕووی ئابوریەوە فەراهەم بێت، هەروەها ئەو بەرووبوومانە دەگۆڕن کە دەیچێنن وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ گۆڕانی نرخەکان وەك کشتیارەکان لەوڵاتە دەوڵەمەندەکاندا. جوتیارەکان بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن، چونکە لەبەرامبەر بەروبوومەکانیان دا نرخێکی کەمیان دەستدەکەوێت، هەروەها لەبەر نەبوونی تەکنەلۆژیای گونجاو، نەك لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی رەتدەکەنەوە.

وێڕای ئەوەی راڤەکردنە رۆشنبیرییەکان کە لەسەر ناعەقڵانیەت و تەمبەڵی بەرپا ناکرێت، هەمیشە پشتیان پێببەسترێت، بەڵام چەند لایەنێکی رۆشنبیری هەیە کاریگەریان دەبێت لەسەر بەجێگەیاندنی ئابوری. بۆ نموونە توانای خوێندنەوە و کارامەییە ژمێریاریەکان بەشێوەیەکی تایبەتی مەرجگەلێکی پێویست بوون (ئەگەر بنچینەیی نەبن) بۆ بەدیهاتنی هەڵکشانی ئابوری هەر لە سەدەی هەڤدەیەمەوە، ئەم کارامەییە عەقڵیانەش بەشداری دەکەن لە بووژاندنەوەی بازرگانی، پەرەسەندنی زانستەکان و تەکنەلۆژیا. توانای خوێندنەوە و کارامەیی ژمێریاری بڵاودەبنەوە لە رێگەی فێرکردنی گشتییەوە کە ئێستا بۆتە ستراتیژیەتێکی جیهانی بۆ پەرەسەندنی ئابوری.

هێشتا بایەخی دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان جێگەی مشتومڕو رووبەڕووبوونەوەن، زۆرێکیش لەپسپۆڕانی ئابوری پێیانوایە هەڵکشانی ئابوری لە رێگەی دڵنیایی لەسەر مافی خاوەندارێتی و سەپاندنی باجەکان و کەمکردنەوەی دەستوەردانی حکومیەوە دێتەدی. تاکڕەوی حکومەتەکانیش بە مەسەلەیەکی خراپ دادەنرێت بۆ گەشەکردن، کە دەبێتە هۆی زیادکردنی باجەکان و گەندەڵی و مەیلی باج کۆکردنەوە، هەموو ئەمانەش هۆکارگەلێکن لە هاندانەکانی بەرهەمهێنان کەمدەکەنەوە. ئەم دیدەش لەڕووی مێژوییەوە سەلماوە کە چۆن پاشایەتییە تاکڕەویەکان- وەك ئەوەی لەئیسپانیا و فەرەنسا هەبوون، یان لەئیمپراتۆریەتەکانی چین یان رۆما یان ئەزتك-

چالاکییە ئابوریەکانیان بەرتەنگ کردەوە لەرێگەی یاساغکردنی بازرگانی نێودەوڵەتیەوە- یان هەڕەشەی خاوەندارێتی تایبەتەوە، بەڵکو هەڕەشەی خودی ژیانیشەوە. ئەم رایانەش بەدڵنیاییەوە راوبۆچونەکانی ئادەم سیمس و لیبراڵەکانی تری سەدەی هەژدەیەمیان گومانئامێز کرد کە پێیوایە گەشەی ئابوری سەرکەوتوو دەخوازێت حکومەتە هەڵبژێردراوەکان بگۆڕێن بۆ حوکمی رەها. هۆڵەندا لەدژی حوکمی ئیسپانی وەستایەوە لە ساڵی 1568 و پاشان خۆی وەك دەوڵەتێکی کۆماری رێکخستەوە، دوای ئەوە هۆڵەندا گەشەیەکی خێرای بەخۆوە بینی. ئابوری ئینگلیزی لەبەراییەکانی سەدەی حەڤدەیەمدا بەدەست حوکمی هەردوو پاشا جێمسی یەکەم و چارلزی یەکەمەوە دەینالاند بە هۆی ئەوەی ئەم دووانە باجگەلێکیان سەپاند کەوا گومان لە رەوایەتییان هەبوو، وەك سەپاندی باج لەسەر قەرزە ناچاریەکان. هەوڵەکانی چارلزی یەکەمیش شکستیان هێنا لەحوکمکردن بێ پەرلەمان. بۆیە جەنگی ناوخۆ هەڵگیرسا، لە ساڵی 1649دا پاشا بە تۆمەتی ناپاکی تاوانبارکراو لەسێدارە درا. دوای گێڕانەوەی پاشایەتیش بۆ بەریتانیا ململانێکان بەردەوام بوون لەنێوان پاشاو پەرلەمانداو بە شۆڕشی ساڵی 1688 کۆتاییهات، کاتێك شا جێمسی دووەم هەڵهات لەوڵات، پەرلەمان تاجی دایە ولیام و ماری. لەسایەی جڵەوکردنی دەسەڵاتی باڵاش لەلایەن پەرلەمانەوە، حوکمی رەها جڵەوکراو ئابوری گەشایەوە، پسپۆڕانی ئابوریش بەمشێوەیە مێژووی ئابوری دەبینن.

لەلایەکی ترەوە، لەکاتێکدا پسپۆڕانی ئابوری ئاهەنگیان دەگێڕا بەهۆی باڵادەست بوونی دامەزراوە ئینگلیزیەکان، مێژوو نوسان بەدوای چۆنیەتی هەڵکشانی پاشایەتییە رەهاکان و دیکتاتۆرییە خۆرهەڵاتیەکاندا دەگەڕێن، دەرئەنجامی گەڕانەکەشیان وەك هەمیشە باوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پاشایەتی و دیکتاتۆریەتییەکان پشتیوانی ئاشتی و سیستم و حوکمی عاقڵانەیان کردووە، لەئەنجامی ئەمەشەوە بازرگانی گەشاوەتەوە، پسپۆڕی ناوچەیی لە بەرهەمهێنانی شمەکێکی دیاریکراودا زیادی کردوە، شارەکان فراوان بوون. لەگەڵ زیادبوونی پسپۆڕیەتی هەرێمەکانیش، داهاتی نەتەوەیی بەرزبویەوە و ناوی لێنرا (گەشەکردن بەپێی نموونەی ئادەم سمیس)، بەمەش هەڕەشەی گەورە بۆ بووژانەوە بووە داگیرکاری لەلایەن کۆمەڵە بەربەریەکانەوە، ئەوانەی کە سامانی شارستانیەتە بەرپاکان کەمەندکێشی دەکردن- نەك دەست بەسەرداگرتنی موڵك و ماڵەکان یان دەستێوەردان لەلایەن پاشاوە.

## جیهانگیریی یەکەم

لەکاتێکدا دامەزراوەکان، رۆشنبیری و جوگرافیا هەمیشە لەباکگراونددا دەمێننەوە، دەردەکەوێت کە وەرچەرخانە تەکنەلۆژیەکان و جیهانگیری و سیاسەت و ئابوری نمایشی هۆکارە راستەقینەکان دەکەن لەڕوودانی گەشەکردنێکی

نایەکساندا. سەرەڕای ئەمەش، شۆڕشی پیشەسازی خۆی دەرئەنجامی قۆناغی یەکەمە لە جیهانگیری کە لەکۆتایی سەدەی پازدەیەمدا دەستی پێکرد لەگەڵ گەشتەکانی کۆلۆمبۆس و ماجەلان و هی تر لە دۆزەرەوە مەزنەکان، پاشانیش کەلێنە گەورەکە لەگەڵ جیهانگیری یەکەمدا دەستی پێکرد.

جیهانگیری کەشتیگەلێك دەخوازێت بەناو دەریاکاندا گەشت بکەن، ئەمەش هەتا سەدەی پازدەیەم لای ئەوروپییەکان فەراهەم نەبوو، ئەو کەشتیانەش کە دواتر داهێنران سێ ستونیان هەبوو، دوو پایەکەی پێشەوە و ناوەند، چارۆکەکەیان چوارگۆشە بوو، لەکاتێکدا پایەکەی دواوە لە شێوەی سێ گۆشەدا بوو. بوونی پەیکەری کەشتی بەهێزتر و بەکارهێنانی دەسەدۆی ئاژوتن (دفه القیاده)، لەبری سەوڵەکان لەسەر پشتی کەشتیەکان یارمەتیدەربوون لە گەشتکردن بەناو دەریا و زەریاکاندا.

لە سەرەتاوە، شوێنەواری بازرگانی ئەو کەشتیانە لەئەوروپا دەرکەوتن کە سێ ستونی چارۆکەیان هەبوو، یەکەمجار هۆڵەندیەکان دەستیانکرد بە بارکردنی گەنمی هۆڵەندی لە جدانسکەوە بۆ هۆڵەندا، بەهاتنی سەدەی شانزەیەمیش، پرۆسەکانی بارکردن بەرەو ئیسپانیا، پورتوگال و وڵاتانی دەریای سپی ناوەڕاست دەڕۆیشتن، زۆری نەبرد بەدوایدا بارکردنی چنراوەکانیش دەستی پێکرد، ئەمە لەکاتێکدا بەرهەمهێنە ئینگلیز و هۆڵەندیەکان سەرکەوتوو

بوون لە پیشەسازی جلوبەرگی خوری کێش سووك، کە هەوڵیاندەدا لاسایی پیشەسازی قوماشی ئیتالی بکەنەوە. بەهاتنی بەراییەکانی سەدەی حەڤدەیەم، وڵاتانی حەوزی دەریای ناوەڕاست نقومکران بەم قوماشە نوێیانە، ئینگلیزو هۆڵەندییەکان توانیان لەم پیشەسازیەدا پێش ئیتالیەکان بکەونەوە. ئەمەش گۆڕانێك بوو شیاوی باس و لێدوان بوو، هەروەها سەرەتایەك بوو بۆ گواستنەوەی ناوەندی دروستکردن و پیشەسازی لەئەوروپاوە بۆ باکوری خۆرئاوای ئەوروپا.

بەڵام شوێنەواری هەرە گەورەی کەشتییە سێ ستونیەکان بریتی بوو لەگەشتە دۆزینەوەیەکان، بەجۆرێك چەندین تۆڕ لە بازرگانانی هندی، عەرەب، ڤینسیەکان بیبەر و بەهاراتیان لەئاسیاوە و بەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگواستەوە بۆ ئەوروپا، لەکاتێکدا کە پورتوگالیەکان هیواخواز بوون بکەونە پێش ئەو بازرگانانەوە لەگواستنەوەی شتومەك لەرێگەی دۆزینەوەی رێگایەکی تەواو ئاوییەوە. لەسەدەی پازدەیەمدا، پورتوگالیەکان بەرەو باشور و بەدرێژایی کەناری ئەفەریقیادا گەشتیانکرد بۆ دۆزینەوەی رێگایەکی دەریایی بەرەو خۆرهەڵات.

لەساڵی 1498، فاسکۆ دا جاما گەیشتە کۆچن لە هند و کەشتیەکەی پڕکرد لەبیبەر، نرخی بیبەریش لە کوچن نزیکەی 4%ی نرخی بیبەربوو لەئەوروپا (شێوەی 1-2)، لەکاتێکدا

ڕێژەی 96%ی جیاوازیەکە لەنێوان هەردوو نرخەکەدا بریتی بوو لە تێچوونەکانی گواستنەوە. بەهاتنی ساڵی 1760، ئەو بۆشاییە بەرتەسك بوەوە لەنێوان نرخە هندی و ئینگلیزیەکاندا لەشێوەی 1-2دا بە ڕێژەی 85%، ئەم دابەزینەش نمایشی پێوەرێك دەکات بۆ ئەو دەسکەوتەی بەدیهاتووە لەتوانای بەکارهێنانی ڕێگایەکی تەواو دەریایی. لەسەدەی شازدەیەمدا، جگە لە پورتوگالیەکان کەس سودمەند نەبوو لە تێچوونی گواستنەوە، بەشێوەیەك کۆمپانیای بازرگانی کە لەو کاتەدا خاوەندارێتیەکەی هی دەوڵەت بوو لەسەر نرخی بیبەر مایەوە لەسنوری نرخەکانی سەدەکانی ناوەڕاستداو جیاوازیەکەشی وەك قازانج هێشتەوە، ئەمەش قۆرخکردنی پورتوگالی دەریاییلەناو نەبرد و نرخە ئەوروپیەکانی بەبڕی دوو لەسەر سێ دابەزاند تا ئەو کاتەی کە هەردوو کۆمپانیای هندی خۆرهەڵاتی ئینگلیزی و هۆڵەندی لەبەراییەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا دەرکەوتن، بەڵام نرخی ڕاستەقینە کە بازرگانە هندیەکان دەستیان دەکەوت زۆر کەم نەبێت زیادی نەکرد، بەمشێوەیە زۆربەی هەرە زۆری سودەکانی بەدیهاتنی توانست لەبازرگانی ئاسیادا لەبەرژەوەندی بەکاربەرە ئەوروپیەکان کەوتەوە.

کریستۆفەر کۆلۆمبس- کە خەڵکی شاری جەنوە بوو- ڕێگایەکی تری پێشنیارکرد بۆ گەشتکردنی دەریایی ڕاستەوخۆ لەئەوروپاو بۆ ئاسیا، کۆلۆمبۆس شا فردیناندو شا ئیزابیلای لە ئیسپانیا ڕازیکرد کەوا پارەی گەشتەکەی بۆ دابین بکەن، لە

12ی ئۆکتۆبەری 1492 کەشتیەکانی کۆلۆمبۆس لە دورگەکانی بهاما کەناریان گرت و وایانزانی گەیشتونەتە هندی خۆرهەلاتی، بەلام لەڕاستیدا ئەو هەردوو ئەمەریکاکەی دۆزیبوەوە- ئەو ڕووداوەی کە مێژووی جیهانی گۆڕی.




**(شێوەی 1-2 نرخی بیبەر، بەتێکڕایی بەپێی ئاستی نرخەکان لە ساڵی 1600)**

گەشتەکانی کۆلۆمبۆس و دا جاما، ململانێیەکیان بەرپاکرد لەبارەی بونیادنانی ئیمپراتۆریەتەکانەوە، پورتوگالی و ئیسپانیەکانیش لە سەرکەوتووە یەکەمینەکان بوون. لەهەردوو جەنگی دیو (1509 و 1538)، هێزە پورتوگالیەکان توانیان هێزەکانی ڤینسی و عوسمانییە ئاسیاییەکان تێك بشکێنن، دەسەلاتی خۆیان سەرە ناوچەی زەریای هندیدا بسەپێنن،

پورتوگالیەکان بەرەو خۆرهەڵات و بە ئاراستەی ئیندۆنوسیادا چوون، لەو ماوەیەدا ژمارەیەك داگیرگەیان بونیادنا. لەکۆتاییشدا، پورتوگالیەکان گەیشتنە دورگە ئەفسوناویەکانی بەهارات، (واتە دورگەی پاشاکان لە ئیندۆنوزیا) کە گوێزی هندی و مێخەك دەچێنرا، پورتوگالیەکانیش بە رێکەوت لە ساڵی 1500 ز بەرازیلیان دۆزیەوە و بووە گەورەترین داگیرکاریان.

ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا زیاتر دەوڵەمەندبوو، مەزنترین سەرکەوتنەکانی ئیسپانیاش لە داگیرکردنی ئیمپراتۆریەتی ئەزتکدا خۆی دەبینیتەوە لەساڵی 1521 لەسەر دەتی هرنان کورتیسو، ئیمپراتۆریەتی ئینکا لەدوای 11 ساڵ لەسەر دەستی فرانسیسکۆ بیتارۆ. لەهەردوو حاڵەتەکەشدا، هێزگەلێکی ئیسپانی ژمارە کەم سوپایەکی زەبەلاح لە دانیشتوانە رەسەنەکانیان بەزاند، لە رێگەی بەکارهێنانی چەکی ئاگرین و فێڵ و بڵاوکردنەوەی نەخۆشیەوە. تاڵانکردنی هەردوو ئیمپراتۆریەتی ئەزتکو ئینکا بووە هۆی دەوڵەمەندکردنێکی بێڕادەی ئیسپانیا، دوای ئەم داگیرکردنانەش دۆزینەوەی کانی بێشوماری زیو دۆزرایەوە لە پۆلیڤیاو مەکسیك، بەلێشاو چوونی زیویش بۆ ئیسپانیا بەشداریکردن لە کۆمەککردنی سوپای هبسبورگ کە لەدژی پرۆتستانتییەکان دەجەنگا لەئەوروپا، هەروەها سیولەی نەختی فەراهەم کرد بۆ ئەوروپیەکان بۆ ئەوەی کەلوپەلی ئاسیایی پێ بکڕن، کە ئەمە بووە هۆی سەرهەڵدانی هەڵئاوسان بۆ ماوەی چەند دەیەیەك کە بەشۆڕشی نرخەکان ناسرا، بەڵام

دەسهاتەکانی ئیمپراتۆریەتە ئەوروپییە باکوریەکان، لەسەدەی شانزەهەمدا زۆر سادە و ساکار بووە، ئینگلیز جیوفانی کابۆتۆ (جۆن کابۆت)ی بەرەو خۆرئاوا رەوانەکرد لە ساڵی 1497 و گەیشتە دورگەی کیپ بریتۆن، یان نیوفاوندلاند، ئەمەش بە دۆزینەوەی دانرا سەرەڕای ئەوەی دەریاوانەکانی هەرێمی باسك لەناوچەی گراند بۆ چەندین سەدە بوو لەوێدا راویان دەکرد. فەرەنسیەکانیش جاك کارتییەیان رەوانە کرد بۆ کەنەدا لەسێ گەشتی دەریاییدا لەمیانەی سیەکان و چلەکانی سەدەی شانزەهەمدا، بازرگانی فەروش لەگەڵ دانیشتوانە رەسەنەکەدا بەهایەکی گەورەی نەبوو بە بەراورد بەدۆزینەوەی مەکسیك یان دوورگەکانی پاشایان.

ئەوروپییە باکوریەکان نەبوونە هێزێکی داگیرکاری خاوەن قورسایی هەتا سەدەی حەڤدەهەم، بەڵکو باشترین رێکخراوەیان بریتی بوو لە کۆمپانیای هندی خۆرهەڵاتی کە هەردوو چالاکی داگیرکاری و چالاکی بازرگانی تایبەتی پێکەوە کۆکردبوەوە. ئەم کۆمپانیانەش زۆرجار کۆمپانیای پشکدار و خاوەن سەرمایەی گەورە بوون، مومارەسەی چالاکی بازرگانیان دەکرد لەئاسیاو هەر دوو ئەمەریکادا، خاوەن هێزی سەربازی و دەریایی بوو، چەندین شوێنی بازرگانی پارێزراوی لە دەرەوەی زەویەکانی خۆی بونیادنا، هەموو هێزە باکوریەکان کۆمپانیای لەمشێوەیەیان هەبوو، کۆمپانیای هندی خۆرهەڵاتی ئینگلیزی لەساڵی 1600 دامەزرا، پاشان هاوتا هۆڵەندیەکەشی دوو ساڵ دواتر دامەزرا.

کۆمپانیای هندی خۆرهەڵاتی هۆڵەندی، ئیمپراتۆریەتێکی هۆڵەندیان لەئاسیادا دروستکرد لەسەر حسابی پورتوگالیەکان، هۆڵەندیەکانیش لە ساڵی 1605دا دەستیانگرت بەسەر دوورگەکانی پاشایاندا و بەسەر مەلاکا لە ساڵی 1641 و یلان لەساڵی 1658 و کوچن لەساڵی 1662. هۆڵەندیەکان لەساڵی 1619دا جاکارتایان کردە پایتەختی داگیرکارە ئیندۆنوسیەکانیان، هۆڵەندیەکانیش دەستیانگرت بەسەر بەرازیلدا لە سییەکان و چلەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا، هەروەك چۆن دورگەکانی بەرهەمهێنانی شەکریان لە کاریبی داگیرکرد، ساڵی 1624 شاری نیۆیۆرکیان دامەزراند، هەروەهاداگیرکاری کیب لە باشوری ئەفەریقیا لە ساڵی 1652دا.

ئینگلیزیش لە سەدەی حەڤدەیەمدا ئیمپراتۆریەتێکیان بونیادنا، لە ئاسیا، لە ساڵی 1612دا کۆمپانیای هندی خۆرهەڵاتی ئینگلیزی پورتوگالیەکانیان بەزاند لەجەنگی سوالی دەریاییدا کە دەکەوێتە نزیك سورات، دوای ئەوە چەند ناوچەیەکی بازرگانی پارێزراویان لە سورات دروستکرد (1612)، هەروەها مدراس (1639)، بۆمبای (1668)، کلکتا (1690). بەهاتنی ساڵی 1647، ژمارەی دامەزراوەکانی کۆمپانیای هندی خۆرهەڵاتی لە هندستاندا گەیشتە 23 دامەزراوە. لە هەردوو ئەمەریکاشدا ژمارەیەکی زۆر لەتاکەکان و کۆمەڵەکان چەند داگیرگەیەکیان بونیادنا، هەردووداگیرکاری سەرکەوتووش، جیمس تاون و ڤێرجینیا لەساڵی 1607، پاشان داگیرکاری ئەفسانەیی بلایموس لەساڵی 1620، پاشانداگیرکاری

ماساچوستس بای هەرە بایەخدار لە دوای دە ساڵ، پاشان بەریتانیا دەستی گرت بەسەر دورگەکانی بهاماو ژمارەیەك لە دورگەکان لە ناوچەی کاریبی لەماوەی هەردوو دەیەی بیستەکان و سیەکانی سەدەی حەڤدەهەم، پاشانیش لە ساڵی 1655جامایکا هاتە پاڵ زنجیرەی داگیرکراوەکانەوە.

دەوڵەتی ئینگلیزی فراوان بوو لەبونیادنانی ئیمپراتۆریەتەکەیدا بەتایبەتی لەسەر حسابی هۆڵەندییەکان. ئۆلیڤەر کرومویل لەمیانەی ماوەی کۆمنۆلس (1640-1660) هەنگاوەکانی یەکەمی نا، پرۆسەی فراوانبوونیش بەردەوام بوو دوای سەدەی گێڕانەوەی پاشایەتی، خەرجکردنیش لەبواری دەریاییدا بەشێوەیەکی مەزن زیادی کرد، هەروەها لەساڵی 1651دا یاسای کەشتیوانی تێپەڕێنرا ئەم ڕێوشوێنە ئامانجی ئەوەبوو هۆڵەندیەکان دوربخاتەوە لە بازرگانیکردن لەگەڵ داگیرگەکانی ئیمپراتۆریەتی ئینگلیزیدا. لەبەر هۆکاری بازرگانیش جەنگی یەکەمی ئینگلیزی هۆڵەندی هەڵگیرسا(1652-1654)، بەڵام شکستێکی توندی خوارد. دوای گێڕانەوەی پاشایەتیش لەسەردەمی شا چارلزی دووەمدا کە ساڵی 1660 دەستی پێکرد، کارکردن لە یاسای کەشتیوانی کاری پێکرایەوە و چێوەکەی فراوانکرا، بەمەش قەبارەی کەشتیوانی (کە سیفەتی « شاهانە»ی هەڵدەگرت) زیادیکرد، بەریتانیا جەنگێکی زیاتری لەدژی هۆڵەندییەکان بەرپاکرد لە 1665-1667 و 1672-1674. ئینگلتەرا نیۆیۆرکی

لەساڵی 1664 داگیرکرد، بەدرێژایی کەناری ئەمەریکادا هەر لەجۆرجیاوە بۆ مينداگیرکاری بەریتانی دامەزراند، بەمەش ئابوری داگیرگە بەریتانیەکان بەشێوەیەکی خێرا گەشەیان کرد لەرێگەی هەناردەکردنی توتن، برنج، گەنم و گۆشت بۆ بەریتانیا و کاریبی. بەهاتنی ساڵی 1770، ژمارەی دانیشتوانی ئەمەریکایداگیرکاری بەریتانی گەیشتە 2.8 ملیۆن کەس، یان نیو هەندەی ژمارەی دانیشتوانی بەریتانیا.

بازرگانی ئینگلتەرا و هۆڵەندا لەگەڵ داگیرگەکانیادا بەشداری کرد لەپەرەپێدانی ئابوریەکانیاندا، شارەکان گەشەیانکرد، هەروەها پرۆسەکانی پیشەسازی و دروستکردن بە مەبەستی هەناردەکردن، هەروەها گۆڕانی پەیکەری وەزیفی دانیشتوان، خشتەی 1-2[1] دانیشتوانی وڵاتانی سەرەکی ئەوروپی دابەش دەکات بۆ سێ گروپ: کشتوکاڵی، شارستانی، گوندنشینی و ناکشتوکاڵی. لەچاخەکانی ناوەڕاستدا، سێ لەسەر چواری دانیشتوان لەبواری پیشەسازیدا کاریان دەکرد، زۆربەی پرۆسەکانی دروستکردنیش لەشارەکاندا ئەنجامدەدران، گروپی «دانیشتوانە گوندنشینە ناکشتوکاڵیەکانیش» لە پیشەگەرە گوندنشینەکان، پیاوانی ئایینی، حەماڵەکان، خزمەتکارەکان کە لەماڵە گوندنشینەیەکاندا کاریان دەکرد، پێکدەهاتن. لە ساڵی 1500دا ئیتالیاو ئیسپانیا لەو وڵاتانە بوون کە زۆر پێشکەوتوو بوون لەڕووی ئابوریەوە، شارەکانیان گەورەترین بوون کە تێیاندا باشترین دروستکراوەکان بەرهەم دەهاتن، وڵاتە نزمەکانیش (دەوڵەتی بەلجیکا لەسەردەمی نوێدا) بە درێژکراوەیەکی

ئەم ئابوریە دادەنرا، لەو کاتەدا ژمارەی دانیشتوانی هۆڵەندا زۆر کەم بوو، ئینگلتەراش زیاتر نەبوو لەتەنها کێڵگەیەك بۆ بەخێوکردنی مەڕ.

پێش شۆڕشی پیشەسازی بەماوەیەکی کەم، گۆڕانکاری فراوان روویاندا. ئینگلتەرا زیاتر لە وڵاتەکانی تر وەرچەرخانی گەورەی بەخۆوە بینی، بەشێوەیەك رێژەی دانیشتوانەکان کە لە کەرتی کشتوکاڵدا کاریان دەکرد، دابەزی بۆ 45% و ئینگلتەرا مایەوە وەك خێراترین وڵاتانی ئەوروپا کە گۆڕا بۆ شارستانی، بەڕادەیەك ژمارەی دانیشتوانی لەندەن لە 50 هەزار دانیشتوانەوە گەشەی کرد بۆ 1500 و بۆ 200 هەزار کەس لەساڵی 1600، پاشان 500 هەزار کەس لەساڵی 1700، پاشانیش دواجار بۆ ملیۆنێك کەس لە ساڵی 1800. ژمارەی دانیشتوانە «گوندنشینە ناکشتوکاڵییەکان» 32% لەتێکڕایی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی 1750، زۆربەی ئەو دانیشتوانانەش کاریان دەکرد لەمومارەسەکردنی چالاکییە پیشەسازیەکاندا، بەرهەمەکانیشیان هەناردە دەکرا بۆ وڵاتانی ئەوروپا، هەندێکجاریش، پیشەگەرەکانیش لە ویتنی و ئۆکسفۆرد شایر- بۆ نموونە-روپۆشەریان دەفرۆشت بە کۆمپانیای (خلیج هدسون)، کە ئەویش دەیگۆڕیەوە بەرامبەر بە فەرو لەگەڵ دانیشتوانە رەسەنەکانی کەنەدا. ئابوری وڵاتانی نزمیش بە ریتمێکی هاوشێوە پەرەیسەند، بەڵکو هۆڵەندا زیاتر شارستانی بوو لە ئینگلتەرا، هەروەك چۆن خاوەن پیشەسازی گوندیی زەبەلاح بوو کە بەرهەمەکانی هەناردەی دەرەوە دەکرد.

لەبەرامبەردا، باقی وڵاتەکانی تری ئەوروپا وەرچەرخانی گەورەیان بەخۆوە نەبینی. وڵاتە کیشوەرییە گەورەکان نزمبوونەوەیەکی کەمیان بەخۆوە بینی لە پشکی خۆیان لەدانیشتوانە کارکردەوەکان لە کەرتی کشتوکاڵدا، زیادەیەکی هاوشێوە لە دانیشتوانە کارکردوەکان لە پیشەسازییە گوندییەکاندا، لەگەڵ بەدەستهێنانی پێشکەوتنێکی کەم لەسەر ئاستی شارستانی، هەریەك لە ئیسپانیا و ئیتالیاش هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهات لەدابەشکردنی دانیشتوانەکانیان دا.

بەشێوەیەکی تایبەتیش ئیسپانیا چانسی نەبوو، لەسەدەی شانزەهەمدا، ئیسپانا وەك دەوڵەتێکی داگیرکەری دەرکەوت کە زیاتر سەرکەوتوو بوو، زیوێکی زۆر لەوڵاتانی ئەمەریکای لاتینەوە رووی تێکرد، بەڵام داهاتی زیو بووە هۆی روودانی هەڵئاوسانێکی گەورە لەئیسپانیا زیاتر لەهەر وڵاتێکی تر. بەهۆی ئەمەشەوە، کشتوکاڵ و پیشەسازی ئیسپانی لە رکابەری چوونە دەرەوە.جێگیربوونی رێژە دانیشتوانەییەکانی ناوچە شارستانیەکان لەئیسپانیادا گۆڕانکاریەکی زۆری بەخۆوە بینی، بەشێوەیەك ژمارەی دانیشتوانی شارە پیشەسازییە کۆنەکان نزمبوونەوەیەکی گەورەیان بەخۆوە بینی، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی مەدرید زۆر زیادی کرد بە هۆی کردەوەکانی تاڵانکردنی داگیرگە ئەمەریکیەکانەوە. جیهانگیری پاڵی بە وڵاتانی باکوری خۆرئاوای ئەوروپاوە نا بۆ پێشەوە، بەڵام جڵەوی وڵاتانی ئەوروپای گرت بۆ دواوە.

سەرکەوتنیش لەئابوری نێودەوڵەتیدا کاریگەریەکی مەزنی هەبوو لەسەر پەرەسەندنی ئابوری، لەوانەش:

**یەکەم:** گەشەکردنی شارستانی و دروستکردن لەناوچە گوندییەکاندا بووە بۆی زیادبوونی خواست لەسەر دەستی کار، هەروەها بووە هۆی دروستکردنی بازاڕی کارگەری سنوردار و بەرزبوونەوەی کرێکان. ئاستەکانی ژیان لە لەندەن و ئەمستردام بەرز بوون (شێوەی 1-3).

**دووەم:** گەشەکردنی شارەکان و بەرزبوونەوەی کرێیەکان لەئابوریە گەشاوەکاندا بوونە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر کشتوکاڵ بۆ دەسکەوتنی خۆراك و دەستی کار، ئەمەش شۆڕشگەلێکی کشتوکاڵی لێوە بەرپا بوو لەئینگلتەراو هۆڵەندادا، بەرهەمی هەر کشتیارێکیش بەرێژەیەك بەرزبوەوە دەگاتە نزیکەی 50% لەهەردوو وڵاتدا، هەروەها گەیشتە بەرزترین ئاستەکان لە ئەوروپادا.

**سێیەم:** گەشەکردنی خواست لەناوچە شارستانیەکاندا بووە هۆی ڕوودانی شۆڕشگەلێك لە فەراهەمکردنی وزە لەئینگلتەراو هۆڵەندادا. لەچاخەکانی ناوەڕاستیشدا، خەڵوزی ڕووەکی و تەختەی دارەکان سەرچاوەی وزە بوون لەشارەکاندا، لەگەڵ گەشەکردنی شارەکانیشدا نرخی دار بەڕێژەیەکی زۆر زیادی کرد، بۆیە پەرەدرا بە بەدیلەکانی سوتەمەنی. لەهۆڵەندا بەدیلەکە بریتی بوو لە تڵپە، لەکاتێکدا لە ئینگلتەرا خەڵوز بەدیلەکە بوو. خەڵوز لە دۆرام و نورسمبرلاند دەردەهێنرا، پاشان بەکەنارەکاندا دەگوازرایەوە

بۆ لەندەن. ئینگلتەرا لەسەدەی هەژدەهەمدا تاکە وڵاتێك بوو کە پیشەسازیەکی مەزنی هەبوو بۆ دەرهێنانی خەڵوز، هەر ئەمەش وایلێکرد هەرزانترین سەرچاوەکانی ووزەی دەست بکەوێت لەجیهاندا، وەك شێوەی 2-2 ئاماژەی پێدەکات.




شێوەی 2-2 نرخەکانی ووزە

| | 1500 | 1800 |
|---|---|---|
| **ئینگلتەرا** | 6 | 53 |
| **هۆڵەندا** | 10 | 68 |
| **بەلجیکا** | 10 | 49 |
| **ئەڵمانیا** | 6 | 35 |
| **فەرەنسا** | 7 | 37 |
| **نەمسا/هەنگاریا** | 6 | 21 |
| **پۆڵەندا** | 6 | 21 |
| **ئیتالیا** | 9 | 22 |
| **ئیسپانیا** | 9 | 20 |

**خشتەی 2-2: زانینی خوێندنەوە و نوسین لەنێوان** پێگەیشتواندا ساڵی 1500 و 1800. ڕێژەی سەدی بۆ ئەو دانیشتوانە پێگەیشتووانەی کە دەتوانن ناوی خۆیان بنوسن.

**چوارەم:** بەرزی کرێ لە ئابوریە گەشاوەکاندا، بووە هۆی زیادبوونی ئاستەکانی زانینی خوێندنەوە و نوسین، کارامەیی ژمێریاری، پێکهاتنی کارامەییەکان بەشێوەیەکی گشتی وێنەی 2-2[2] مەزندەکانی زانینی خوێندنەوەو نوسین دەخاتەڕوو (پێوانەکراوە بە توانای نوسینی ناو لەبری بەکارهێنانی نیشانەکان) لەساڵی 1500 و 1800دا. زانینی خوێندنەوە و نوسین لەهەموو شوێنێکی ئەوروپادا زیادی کرد، لەکاتێکدا زیادبوونی هەرە گەورە لەناوچەیباکوری خۆرئاوای ئەوروپادا بوو. چاکسازی ئایینیش هۆکاری ئەم زیادەیە شرۆڤە ناکات- وەك ئەوەی زۆر کات گریمانە دەکرێت- چونکە زانینی نوسین و خوێندنەوە بەرزبوو لە باکوری خۆرهەڵاتی فەرەنساو بەلجیکاو دۆڵی راین- کە ئەم ناوچانە هەموویان کاسۆلیکی بوون- هەروەك چۆن بەرز بوو لە هۆڵەندە یان ئینگلتەرادا. هۆکاری بەرزبوونەوەش لەزانینی خوێندنەوە و نوسین دەگەڕێتەوە بۆ ئابوری بازرگانی کە بەوەدا جیادەکرێتەوە کرێیەکانی بەرزە. فراوانبوونیش لە چالاکی ئابوری و پیشەسازیدا بووە هۆی خواستی زیاتر لەسەر فێرکردن لە رێگەییەها پێدانێکی ئابوری پێی، لە هەمانکاتیشدا، ئەو ئابورییە کرێیەکانی بەرزە وای لەباوکان کرد مناڵەکانیان بخەنە بەر فێرکردن.

## پەراوێز:

(1) Robert C. Allen, ‘Economic Structure and Agricultural Productivity in Europe, 1300–1800, European Review of Economic History, 3 (2000): 1–25.

(2) Robert C. Allen, The British Industrial Revolution in Global Perspective (Cambridge, 2009), p. 53.

# بەشی سێیەم
# شۆڕشی پیشەسازی

شۆڕشی پیشەسازی ( 1760 - 1850 ) خاڵێکیوەرچەرخان بوو لەمێژووی جیهاندا، سەردەمێکی لەگەشەی ئابوری بەردەوام ئاوەڵاکرد. شۆڕشی پیشەسازیش رووداوێکی لەناکاو نەبوو وەك ئەوەی ناوەکەی دەریدەخات، بەڵکو دەرئەنجامی کۆمەڵێك وەرچەرخان بوو لە بەراییەکانیئابوری نوێوە وەك لەبەشی پێشودا گفتوگۆمان لەبارەوە کرد. تێکڕای ئەو گەشە ئابوریەی کە لەو سەدەیەدا بەدیهات، کە دەکەوێتە دوای ساڵی 1760ـەوە (1.5% ساڵانەیە) کە زۆر نزمە، بەپێی پێوەرەکانی موعجیزەکانی گەشەی ئابوری نوێ کە تێکڕای گەشەی تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی

دەگاتە 8-10ی ساڵانە. بەریتانیا بە بەردەوامی سنوری تەکنەلۆژی بۆ جیهانی فراوان دەکرد، ئەمەش وا لەگەشە دەکات بە سستی بڕوات بە بەراورد بەگەیشتنەوە بە وڵاتی پێشەنگەوە لە ڕێگەی هاوردەکردنی ئەو تەکنەلۆژیایەی کە دروستی دەکات، کە ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە دەوڵەتان پێی گەشەیەکی خێرایان کردووە، دەسکەوتی هەرە گرنگی شۆڕشی پیشەسازی بەریتانیش لەوەدا خۆی نواند کە بووە هۆی گەشەیەکی بەردەوام، بەشێوەیەك زیادبوونی داهات بە بەردەوامی بووە هۆی بەدیهاتنی ئەو گەشانەوەیەی کە ئەمڕۆ ئێمە تێیدا دەژین.

گۆڕانی تەکنەلۆژیاشبزوێنەری شۆڕشی پیشەسازی بوو، کە چەندین ئامێریبەناوبانگ داهێنران، وەك بزوێنەری هەڵمی، ئامێری ڕستن و چنینی لۆکە، ئامێرەکانی تواندنەوە و پووختەکردنی ئاسن و پۆڵا بە بەکارهێنانی خەڵوز لەبری تەختە. سەرەڕای ئەمەش، ئامێری سادەی زۆی تر دەرکەوتنکە بوونە هۆی زیادبوونی بەرهەمی دەستی کار لە پیشەسازییە ئاساییەکاندا، وەك پیشەسازی کڵاو و دەرزی و بزمار، هەروەك چۆن کۆمەڵێك لەبەرهەمی نوێی ئینگلیزی پەیدابوون کە زۆربەی زۆریان –فەخوری و سیرامیك- بوون کە لەپیشەسازی ئاسیاییەوە وەرگیرابوون.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەندازیارەکان جێبەجێکردنی داهێنانە میکانیکیەکانیان لەهەموو بوارەکاندا فراوانکرد کە لەسەدەی هەژدەهەمدا دەرکەوتن. بۆ نموونە بزوێنەری

هەڵمی بەکارهێنرا لە کەرتی گواستنەوەدا بە داهێنانی هێڵی ئاسن و کەشتی هەڵمی، هەروەها ئامێرەکان کە بە بزوێنەر کاریان دەکرد- کە بەکارهێنانیان تەنها لەبواری چنیندا بوو- وای لێهات بەشێوەیەکی گشتی لەبواری پیشەسازیدا بەکارهێنران.

ئێستا ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە: بۆچی تەکنەلۆژیای شۆڕشی لە ئینگلتەرا داهێنرا نەك لە هۆڵەندا یان فەرەنسادا، یان هەتا لە چین یان هندستان؟

**کۆنتێکستی رۆشنبیری و سیاسی**

شۆڕشی پیشەسازی لە کۆنتێکستێکی سیاسی و رۆشنبیری سنوردارو گونجاودا بۆ داهێنان هەڵگیرسا، هەرئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ راڤەکردنی.

هەرچەندە دەستوری ئینگلیزی نموونەیەك بووە بۆ لیبرالیە ئەوروپیەکان و پسپۆڕانی ئابوری لەچاخی نوێدا، بەڵام ئەم دەستورە زۆر دوور بووە لەدیموکراسیەوە، بەشێوەیەك تەنها 3-5% مافی دەنگدانیان هەبووە کەمتریش لەوە سکۆتلەندیەکان بوون، جگە لەمەش بەشێکی گەورە لە دەسەڵات لە دەستی شادا ماوەتەوە، بەتایبەتی دەسەڵاتی راگەیاندنی جەنگ و ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی ئاشتی. لەکاتێکدا پەرلەمان مافێکی دەستوری هەبووە لەرەتکردنەوەی پارەدار کردنی جەنگ، بەڵام هەرگیز ئەوەی نەکردووە.

له دەستوری ئینگلیزیدا تایبەتمەندی زۆر فەراهەمبوون کە پشتیوانی لە گەشەی ئابوری دەکات، لەکاتێکدا ئەم خەسڵەتانە ئەوانە نەبوون کە پسپۆڕانی ئابوری لەچاخی نوێدا جەختیان لێکردۆتەوە، ئەوانەی کە زیاتر جەختیان لە بەرتەسککردنەوەی باج و دەستەبەرکردنی پارێزگاری بۆ خاوەندارێتی تاکەکەسی بوو، بەڵام بەوەی دەسەڵاتی باڵا خرایە دەستی پەرلەمان، ئەمە بووە هۆی دەرئەنجامگەلێکی پێچەوانە، لەکاتێکدا پاشا فەرەنسیەکان بانگەشەی بوونی دەسەڵاتی رەهایان دەکرد، بەڵام نەیاندەتوانی باج زیاد بکەن بەبێ بەدەستهێنانی رەزامەندی، قەیرانی پارەدارکردنی ساڵیش بوو کە بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی پیشەسازی، لەرێگەی ناچارکردنی لویسی شانزەهەم بۆ بەستنی ئەنجوومەنی چینەکانی نیشتمانی لەساڵی 1789. چینە نەجیبزادەکان لەفەرەنسا بوێربوون لە دانی باج، بەڵام پەرلەمانی ئینگلیزی لەساڵی 1693دا باجی موڵکەکانی سەپاند، کە سەپێنرا بەسەر نەجیبزادەکان و خەڵکی گشتیدا وەکو یەك، بەڵام زۆربەی داهاتەکانی باجەکان بەدیهاتن لەرێگەی سەپاندنی بەسەر شمەکە بەکاربەریەکانی وەك بیرە، شمەکی هاوردەی وەك شەکر و توتن. کرێکارەکانیش- ئەوانەی نوێنەر نەبوون لەپەرلەماندا- لە بنچینەدا دانی ئەم باجەیان لەئەستۆ دەگرت. لەوانەیە پەرلەمان سنور بۆ دەسەڵاتی پاشا دابنێت، بەڵام – لە نەبوونی دیموکراسیدا- کێ سنور بۆ دەسەڵاتی پەرلەمان دابنێت؟

لە واقیعدا، دەوڵەتی ئینگلیزی دوو هەندەی ئەو باجانەی کۆدەکردەوە کە دەوڵەتی فەرەنسی کۆی دەکردەوە بۆ هەر تاکێك، بڕێکی زۆری لە داهاتی نەتەوەیی خەرج دەکرد. هەندێك مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئەم بەندانەی خەرجکردن بەشداریان کردووە لەگەشەی ئابوریدا، بەڵام زۆربەی پارەکان لە سوپاو دەریاییدا خەرج دەکران، بەشێوەیەك ماوە ماوە، سوپا بۆ خزمەتی ئامانجی دەرەکی بەکاردەهێنرا، بەڵام هەمیشە بەردەست بوو بۆ پارێزگاریکردن لەسیستمی گشتی لەناوخۆ دا لەرێگەی سەرکوتکردنی ناڕەزاییەکان کە دژ بە بەکارهێنانی ئامێر بوون، یان ئەوانەی داوای جێبەجێکردنی دیموکراسیان دەکرد. دەریاییش ئاراستە بوو بۆ فراوانکردنی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی و پشتیوانی بازرگانی وڵات، کرێکارەکانیش سودیان لەمە بینی، چونکە ئیمپریالیەت کە بنچینەی ئابوری بوو کرێیەکانی بەرز بوون، ئەمەش بە رۆڵی خۆی بووە هۆی گەشەکردن لە رێگەی بەدیهاتنی گۆڕانی تەکنەلۆژیا کە فەراهەم دەبێت لەدەستی کاردا. ئەگەریش لای لویسی چواردەهەم دەسەڵاتی پێویست فەراهەم بێت بۆ سەپاندنی باجەکان، رەنگە توانیبێتی گەشانەوەی فەرەنسی زیاد بکات لە رێگەی هێشتنەوەی هێزی دەریایی فەرەنسی لە حاڵەتی ئامادەباشی بەردەوامدا، لەبری زیادکردنی قەبارەکەی یان کەمکردنەوەی وەك پەرچەکردارێك بۆ رەوشەکانی جەنگ و ئاشتی.

هەروەك چۆن دەسەڵاتی پەرلەمان بۆ دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵی تاکەکاندا دژ بە ئارەزوەکانیان گەشەپێدانی زیاتر کرد، بەڵام ئەمە لە فەرەنسادا مومکین نەبوو، بەڵکو دەکرێت بووترێت لەم بوارەدا گیرۆدەبوو، چونکە پاشایەتی فەردی، پاسەوانییەکی نائاسایی لێدەکرا، بە شێوەیەك پرۆژە قازانج بەخشەکانی ئاودێری لەهەرێمی برۆفانس جێبەجێ نەکران، بەهۆی ئەوەی فەرەنسا یاساگەلێکی هاوشێوەی یاساکانی بەریتانیای نەبوو، کە بریتی بوو لەو یاسایانەی کە رێگەی بە بەزاندنی موڵکی تاکە کەسی ئەوانە دەدا کە نەیاری ئەوە بوون زەویەکانیان ئەو پرۆژانەیان تێدا جێبەجێ بکرێت یان کەناڵ و رێگە بەناویاندا ببرێت. کە لەواقیعدا شۆڕشی شکۆدار ئەوەی دەگەیاند «دەسەڵاتی تاکڕەوی»ی دەوڵەت کە « بەشێوەیەکی پچڕپچڕ پێش ساڵی 1688 بوونی نەبوو... دوای ئەوە بەشێوەیەکی بەردەوام بوونی هەبوو.»

سەرەڕای سیستمی سیاسی گونجاو، دەرکەوتنی رۆشنبیری زانستی رۆڵی هەبوو لە تەواو کردنی شۆڕشی پیشەسازیدا، لە دەرئەنجامی شۆڕشی زانستی کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا بەرپا بوو، چەند دۆزینەوەیەکی تایبەت بەجیهانی سروشتی لێکەوتەوە، کە داهێنەرەکان لە سەدەی هەژدەهەمدا سودیان لێبینی. وێڕای ئەمەش، هەڵکشانی فەلسەفەی سروشتی پێشینەیەکی بە شێوازی زانستی بەخشی، واتە ئەو رایەی کە دەڵێت جیهان کۆمەڵە یاسایەك حوکمڕانی دەکەن کە دەکرێت لە رێگەی تێبینی و جێبەجێکردنییەوە بدۆزرێنەوە

بۆ چاککردنی ژیانی مرۆڤایەتی، نموونەی نیوتنیش بۆ سیستمی خۆر مەزنترین دەسکەوتەکان بوو، ئەو دەسکەوتەی بووە هۆی ئەوەی سەرلەنوێ بیرۆکەکانی چینی باڵالەبارەی ئایین و سروشتەوە دابڕێژێتەوە.

وەڵامێکی رازیکەریش نییە لەبارەی رادەی بەشداریکردنی رۆشنبیری میللی لەپرۆسەی سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەمەدا، بەڵام چەند نموونەیەکی گرنگ هەیە لەسەر داهێنەرەکان کە سەر بە چینی کرێکاربوون، تەبەنی نموونەی نیوتنیان کردووە. بۆ نموونە، جۆن هاریسۆن وێنەیەك لە وانە بێژیەکانی سوندرسنی لە یەکێك لەپیاوانی ئایینی وەرگرتووە لەبارەی فەلسەفەی سروشتییەوە- کە ئەوە ناملیکەیەکە هەندێك بیرۆکەی نیوتنی لەخۆگرتووە و وێنەیەکی لەبەرگرتۆتەوە، ئایا ئەم بایەخپێدانە بەراییە بە نیوتن هانی هاریۆنی داوە بۆ داهێنانی کرۆنۆمیتەر (ئامێری پێوانەکردنی کات بەوپەڕی وردیەوە)؟ لەلایەکی ترەوە، بایەخپێدانێکی میللی بەردەوام هەبوو بە جادو، کە ئەوە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا هاوتایەکی بابەتی بوو بۆ زانست، لەو کاتەدا ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵك بڕوایان بە جادو هەبوو تا بەیاساکانی جوڵەی نیوتن، پەندو وانەکانی جۆن ویسلی مەلایین کەس لەشوێنکەوتووانی کەمەندکێش دەکرد، ئەو پێیوابوو «وازهێنان لەجادو لەڕاستیدا وەك وازهێنان لە کتێبی پیرۆز دادەنرێت.»

رۆشنبیری میللی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زیاتر کاریگەربوو بەگۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان لەوەی کاریگەربێت بە کتێبەکەی نیوتن (بنەما بیرکاریەکان)، دیارترین گۆڕانکاریەکانیش لە پرۆسەکانی شارستانی بوون و گەشەی بازرگانیدا بەدیارکەوتن، کە هاندەربوون لەسەر بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و پەرەپێدانی کارامەییە ژمێریاریەکان لەرێگەی زیادبوونی بەهاکەیەوە. بەهاتنی سەدەی هەژدەهەم، زۆربەی پیشەگەر، وەستاکان، خاوەن دوکانە بچوکەکان، کشتیارەکان و ژمارەیەکی کەمتر لە منالی کرێکارەکان بەهرەمەندبوون لە خوێندنی بنچینەیی، هەروەك چۆن ژمارەیەکیش لەکچان فێری خوێندەواری بوون. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکە گشتییەکە بتوانن رۆژنامەکان بخوێننەوە و ئاگاداری کاروبارە سیاسیەکان بن. سیماکانی جیهان گۆڕان بۆ جیهانێکی نوێ کاتێك کە پیاوێکی توندڕەوی وەك تۆم بین توانی ناوبانگیەکی گەورە بەدەست بهێنێت لە رێگەی فرۆشتنی سەدان هەزار دانە لە کتێبی «مافەکانی مرۆڤ».

## راڤەی شۆڕشی پیشەسازی

دۆزینەوە زانستیەکان لەهەموو شوێنەکانی ئەوروپادا ناسراو بوون، پاشانیش، پەرەسەندنە رۆشنبیریەکان ناتوانن راڤەی ئەوە بکەن بۆچی شۆڕشی پیشەسازی شۆڕشێکی بەریتانی بوو، بەڵکو ڕاڤەکردنەکەلەپەیکەری بێهاوتای بەریتانیدا حەشاردراوە سەبارەت بە کرێ و نرخەکان. ئابوری

کرێی بەرزو وزەی هەرزان لەبەریتانیادا وایانکرد داهێنان و بەکارهێنانی داهێنانە تەکنەلۆژیەکان کە لێیانەوە شۆڕشی پیشەسازیسەری هەڵدا، کارێکی قازانج بەخش بێت.

لە هەردوو بەشی یەکەم و دووەم، دیتمان چۆن کرێیەکان لەبەریتانیادا بەرزبوون بەڕادەیەکی پێویست بۆ زۆربەی خەڵك، بەشێوەیەك رێگای پێدان نان و گۆشتی مانگاو بیرە بخۆن، لەبری پشت بەستن بە جۆداس (شۆفان) وەك ژەمێکی سەرەکی. با زیاتریش وردبین، سەبارەت بەوەی پەیوەستە بەتەکنەلۆژیا، کرێ بەریتانیەکان بەرزبوون بە بەراورد بەتێچوونی سەرمایە (شێوەی 1-3). لەکۆتاییەکانی سەدەی شانزەهەمدا، لەباشوری ئینگلتەرا، فەرەنساو نەمسا تێکڕایی کرێیەکان بەلای تێچوونی خزمەتگوزاریەکانی سەرمایەوە لەیەکەوە نزیکبوون، ئەمەش ئەو تێکڕایانەیە کە نمایشی تێکڕا باوەکانی دەکرد لە ئەوروپای ئەوکاتەدا. لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا، کرێی دەستی کار بەلای تێچوونی سەرمایەوە بەرزتربوو بە رێژەی 60% لەئینگلتەرا بە بەراورد بە هاوتاکانی لە کیشوەری ئەوروپیدا. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە، کە یەکەمجاریشە تێیدا بەراوردێك بکرێت لەگەڵ ئاسیادا، کە کرێیەکانی دەستی کار بەلای تێچوونی سەرمایەوە لەهند تێچوونی کەمتربوو بە بەراوورد بە هاوتاکانی لە فەرەنسا یان نەمسا دا، پاشانیش هاندانی بەئامێرکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی لەهند کەمتر بوو لەهاوتاکانی لە هەر دوو وڵاتدا.




**شێوەی 1-3: کرێیەکان بە بەراوورد بە تێچوونی خزمەتگوزاریەکانی سەرمایە**

هەمان شتیش بەسەر وزەدا جێبەجێ دەبێت. بەریتانیا خاوەنی هەرزانترین سەرچاوەکانی وزە بوو لە جیهاندا، بەتایبەتی لە کانەکانی خەڵوز لەباکور و لەناوەڕاستی وڵات، پاشانیش، نرخی وزە زۆر کەمتر بوو بە بەراورد بە کرێی دەستی کار لەبەریتانیا لەچاو هەرشوێنێکی تردا.

بە هۆی ئەم جیاوازیانەش لە کرێ و نرخەکاندا، کۆمپانیاکان لەبەریتانیا دیتیان قازانج بەخشترە تەکنەلۆژیا بەکاربهێنرێت کە ئەو تێچوونە بەرزەی دەستی کاری بۆ دەگێڕێتەوە لەرێگەی زیادکردنی بەکارهێنانی وزەو سەرمایەی هەرزانەوە. لەسایەی پاشەکەوتی سەرمایەو سەرچاوەی وزەی زیاتر، کرێکارە بەریتانیەکان بەرهەمی زیاتری کرد، هەرئەمەش نهێنی پشت گەشەی ئابوریە، بەڵام لەئاسیاو ئەفەریقیادا، فەراهەمبوونی دەستی کاری هەرزان بووە هۆی دەرئەنجامێکی پێچەوانە.

## پیشەسازی لۆکە

ئیریك هوبزباوم دەستەواژەیەکی بەناوبانگی نوسیوە تێیدا دەڵێت:»ئەگەر باسی شۆڕشی پیشەسازی کرا ، باسی لۆکە دەکرێت.» لەسەرەتایەکی زۆر سادەوە لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا، پیشەسازی لۆکە بووە گەورەترین کەرتەکانی ئابوری بەریتانی، کە بەرێژەی 8% بەشداری کرد لە تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆ لەساڵی 1830دا، بەرێژەی 16% لەتێکڕایی کارە فەراهەمبووەکان لەبواری پیشەسازیدا. پیشەسازی لۆکە یەکەم پیشەسازی بوو کە وەرچەرخانێك بەخۆوە ببینێت لەرێگەی پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە لە کارگەکاندا، گەشەکردنی پیشەسازی لۆکەش بووە هۆی گەشەکردنێکی سەرسامکەری شاری مانچستەر، جگە لە چەندین شاری بچوکتر لەو لەباکوری ئینگلتەرا و سکۆتلەندا. گەشەی ئابوری بەریتانیش لەسەر حسابی هند و چین و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو، کاتێکیش ئەم وڵاتانە و لەکۆتاییدا بۆ سەرلەنوێ وڵاتی پیشەسازی، ئەوا پیشەسازی لۆکە یەکەمی ئەو پیشەسازیانە بوو کە لایان بۆکردەوە.

لە سەدەی حەڤدەهەمدا، چین و هندستان گەورەترین ناوەندبوون بۆ پیشەسازی لۆکە لەجیهاندا، بەنگال و مدراس و سورات جلی لۆکەیان لەرێگەی زەریای هندیەوە و هەتا خۆرئاوای ئەفەریقیاوە هەناردە دەکرد، هەروەها لۆکە لە ناوەندگەلێکی بچوکدا لە ئاسیاو ئەفەریقیاش بەرهەم دەهێنرا. کۆمپانیا جۆراوجۆرەکانی هندی خۆرهەڵاتی

لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا دەستیانکرد بە هەناردەکردنی (چنراوە لۆکەییەکان _ Muslin ) بۆ ئەوروپا، ئەم چنراوانەش سەرکەوتوو بوون لەرکابەریکردنی کەتان و خوریدا، کە چنراوی سەرەکی ئەوروپی بوون. لۆکە بووە شمەکێکی بەرەواج و سەرکەوتوو، هەتا فەرەنسا لەساڵی 1686دا هاوردەکردنی قەدەغەکرد، هەروەك چۆن بەریتانیاش بەکاربردنی ناوخۆیی کۆت و وابەستەکرد، بەڵام بازاڕی هەناردەکردنی گەورە هەبوون لەخۆرئاوای ئەفەریقیادا، بەشێوەیەك لۆکە دەگۆڕرایەوە بە کۆیلە، لەم بازاڕەدا لۆکەی ئینگلیزی رکابەری لۆکەی هندی دەکرد.

رکابەری نێودەوڵەتیش ئەو پاڵنەرە بوو کە بووە هۆی بەئامێرکردنی پیشەسازی چنینی لۆکە. چەندێکیش لۆکەکە نەرم بوایە، کاتێکی زۆرتری دەویست بۆ چنینی. کرێیەکانیش لەئینگلتەرادا زۆر بەرز بوون بەشێوەیەك وای لێهات رکابەری لەگەڵ هند تەنها لە قوماشە ئەستورەکاندا بوو. بازاڕێکی گەورە هەبوو بۆ قوماشی نەرم، ئەمە لەکاتێکدا کە بەریتانیا نەیدەتوانی رکابەری بکات، تەنها بەشێوەیەك نەبێت کە ئامێرگەلێکی دابهێنایە بۆ کەمکردنەوەی دەستی کار. لەڕاستیدا کەلێنەکە گەورە بوو، لەساڵی 1750دا هەرێمی بەنگال ساڵانە 85 ملیۆن رەتڵ لۆکەی دەچنی، لەکاتێکدا بەریتانیا سێ ملیۆن رەتڵ زیاتری نەدەچنی، چەندین هەوڵیش هەبوون بۆ بەئامێرکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان، ئامێری جیمس هارگریفز بۆ چنین- کە لەناوەڕاستی دەیەی شەستەکانی

سەدەی شانزەهەمدا پەرەی پێدرا، یەکەم ئامێری سەرکەوتوو بوو لەسەر ئاستی بازرگانیدا، پاشان دوای ئەوە ئامێری چنین هاتن کە لەرێگەی ئاوەوە کاریان دەکرد کە ریچارد ئارکرایت دایهێنا، پاشان تەون و چنەری میکانیکی هات کە سامۆیل کرۆمیتۆن لە حەفتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا دایهێنا و هەردوو ئامێری خارگریفزو ئارکرایتی پێکەوە کۆکردبوەوە و بووە ئەو بنچینەیەی کە پرۆسەی چنین بە ئامێر بۆ ماوەی سەدەیەکی تەواو پشتی پێبەست.

هیچ کام لەم ئامێرانە بەشتێك قەرزارباری دۆزینەوە زانستیەکان نابن، هیچ کامێك لەوانە بازدانێکی تیۆری مەزنیان لەخۆ نەگرت، بەڵکو ئەم ئامێرانە پێویستیان بەچەندین ساڵ لە ئەزمونی ئەندازەیی هەبوو بۆ گەیشتن بە نەخشەسازیەك کە پێ ببەسترێت لە بەگەڕخستنی ئامێرەکاندا. ئەو تێبینیەی تۆماس ئەدیسۆنیش تەواو بەڕاست دادەنرێت سەبارەت بە پیشەسازی لۆکە کە دەڵێت» ئیلهام تەنها نمایشی 1% ی داهێنراوەکان دەکات، لە کاتێکدا کۆشش 99%» .

پاشانیش، جەوهەری راڤەی هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لەبەریتانیا خۆی دەبینێتەوە لە راڤەی هۆکاری خەرجکردنی کات و پارەیەکی بێ شومار لەتوێژینەوەو پەرەپێداندا لەلایەن بەریتانیەکانەوە (واتە «کۆشش» بەپێی گوزارشتی ئەدیسۆن) بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکە گەلێك کە زۆرجار وا دەردەکەوتن کە هیچ داهێنانێکیان تێدا نییە. وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئەو

ئامێرانەی دایان هێنان بوونە هۆی گێڕانەوەی ئەو سەرمایەی کە لەدەستەبەرکردنی دەستی کاردا خەرج دەکرا، بەپێی ئەمەش ئامێرەکان بەکارهێنانیان قازانج بەخش بوو لەکاتێکدا دەستی کار گران بوو،تێچوونی سەرمایەش هەرزان بوو، ئەمە لەئینگلتەرادا، بەڵام لەهیچ شوێنێکی تر ئامێرەکان قازانج بەخش نەبوون، هەر لەبەرئەمەیە کە شۆڕشی پیشەسازی لەبەریتانیا سەریهەڵدا.

رستنی لۆکە بەسێ قۆناغی دەکرا، یەکەم: لۆکە خاوەکان لەشلیفدا دەکرانەوە و پاکدەکرانەوە. دووەم: لۆکەکە شی دەکرایەوە. سێیەم: لۆکە شیکراوەکە دەڕێسراو دەکران بەدەزوو.

هەموو ئەم قۆناغانە بەئامێرکران، دەسکەوتی هەرە گەورەی ریچارد ئارکرایت خۆی لە داڕشتنی کارگەی رستنی لۆکەدا دەبینێتەوە (کارگەی کرۆمفۆرد ژمارە 2)، کە ئامێرەکان تێیدا بەرێکخستنێکی لۆژیکی پرۆسەی رێسان و پەساوتنیان ئەنجام دەدا، ئەمەش ئەو نەخشەسازیەیە کە بووە نموونەیەك بۆ کارگە بەراییەکانی رستنی لۆکە لەبەریتانیاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو کیشوەری ئەوروپادا. پرۆسەی رستنی لۆکەش نمایشی جەوهەری گرفتەکەی دەکرد، داهێنەرەکان بە بەردەوامی خەریکی کۆشش بوون بۆ گەیشتن بە باشترین چارەسەر بۆی بەلانی کەم لەسیەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە. لۆیس بۆل و جۆن وایت لەسەر رێگەی دروست دەڕۆیشتن لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی

هەژدەهەمدا لەڕێگەی سیستمی ڕستن لەسەر خلۆکە، سەرەڕای ئەوەی کەوا کارگەکەیان لە بیرمنگهام بەدرێژایی کات لەزیاندا بوو. ئامێری جیمس هارگریفز بۆ ڕستن- کە لەشەستەکانی سەدەی هەژدەهەمدا دایهێنا- یەکەم ئامێری سەرکەوتوو بوو لەسەر ئاستی بازرگانی، ئەم ئامێرە خلۆکەی ڕستنی پەرەپێدا لەڕێگەی بوونی چەند پایەیەکی سوڕاو کە لەخلۆکەی ڕستنەکەوە دەرهاتبوون، هەروەها بەکارهێنانی پەلی ڕاکێشان و پێبەستەوە کە جوڵەکانی دەستی ڕێسەریان دەچنی. ئارکرایت دروستکەری کاتژمێرەکانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ دامەزراند بە مەبەستی ڕێکاریکردنی زیاتر لەو ئامێرەی ڕستنەیدا کە بەئاو کاری دەکردو خلۆکەی بەکاردەهێنا. بە بەکارهێنانی ڕستنی بازنەیی لەسەر خلۆکە، پرچەکە کێشدەکرا لەڕێگەی ڕاکێشانی بەناو دوو جووت خلۆکەی سوڕاودا کە لۆکەکەی بۆ پێشەوە ڕادەکێشا وەك ئامێری وشکردنەوە، هەر جووتێك لە خلۆکەکە خێراتر لەپێشوتری خۆیان دەسوڕانەوە بەشێوەیەك دەزووەکانیان ڕادەکێشاو باریکیان دەکرد لەڕێگەی ڕاکێشانیەوە بۆ لای خۆیان.

ئامێریرستنی کرۆم دوایین مەزنترین ئامێری ڕستن بوو کە پەیدا بووبێت، کە پەلی ڕاکێشان لە ئامێری هارگریفزو خلۆکەی سوڕاو لە ئامێری ئارکرایتی پێکەوە کۆکردەوە، وای لێهات دەزوەکانی زۆر باریکتر لەهەر ئامێرێکی تر دەڕێسا. هەردوو ئامێرەکەی هارگریفزو ئارکرایت وایان لەئینگلتەرا

کرد کە رکابەری بەرهەمهێنە هندیەکان بکات لەبازاڕی رستنی ئەستوردا، لەکاتێکدا ئامێرەکەی کرۆمبتۆن وای لە ئینگلتەرا کردلەڕستنی باریکیشدا کەمترین تێچوونی هەبێت.

بەهای ئابوری ئەم ئامێرانەش هاوشێوە بوون، هەموویان یارمەتی دەربوون لە کەمکردنەوەی ژمارەی کاتژمێرەکانی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی یەك رەتڵ لە رستن. لەهەمانکاتدا، ئەم ئامێرانە سەرمایەی پێویستیان زیادکرد بۆ بەرهەمهێنانی یەك رەتڵ، لەئەنجامی ئەمەش لەئەنجامی بەئامێرکردنی پرۆسەی رستن پاشکەوت لەتێچووندا زیاتر بوو لەو وڵاتانەدا کەوا تێچوی دەستی کار تێیاندا بەرزە.

لەهەشتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا، داهاتی وەبەرهێنان لە بونیادنانی کارگەی رستن لەشێوەی ئارکرایت 40% لەئینگلتەرا، 9% لەفەرنسا، لەهند کەمتر لە1% بوو. لەسایەی پێشبینی وەبەرهێنەکان بۆ داهاتێك لەسەر سەرمایەی جێگیر کە دەگەیشتە 15% جێی سەرسامی نەبوو کە 150 کارگە لەسەر شێوازی کارگەی ئارکرایت لە بەریتانیا لە هەشتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا دامەزرێت، چوار دانە لەفەرەنسا، لەکاتێکدا هیچ کارگەیەك لەهند بوونیاد نەنرا. مەسەلەکەش هاوشێوەبوو سەبارەت بە قازانجی رێژەیی بەدیهاتوو لەئەنجامی بەکارهێنانی ئامێری هارگریفزەوە، کە 20 هەزار ئامێری لەمشێوەی لەئینگلتەرا پێش شۆڕشی فەرەنسی بەکارهێنراو 900 دانە لەفەرەنسا،

لەکاتێکدا هیچ دانەیەکی لە هند بەکارنەهێنرا، هۆکارێکی مەعقولیش نەبوو بۆ خەرجکردنی کات یان پارەی زۆر بۆ داهێنانی ئامێرەکان رستن لەفەرەنسا یان لەهند، چونکە بەکارهێنانیان لەوێ قازانج بەخش نەبوو.

رەوشەکە بەوشێوەیە نەمایەوە کە لەسەری بوو، ئەمەش راڤەی ئەوەمان بۆ دەکات بۆچی شۆڕشی پیشەسازی گوێزرایەوە بۆ وڵاتانی تر. رستن لەسەر شێوەی ئامێری ئارکرایت بووە هۆی دەرکەوتنی زنجیرەیەکی کامڵ و تەواوتر لەئامێرەکان کە ئەمەش وایکرد تێچوونی بەرهەمهێنان کەمتر بکاتەوە زیاتر لەوەی ئامێرەکانی هارگریفز کردیان. لەهەمان کاتیشدا، رستنەری کرۆمبتۆن تێچوونی رستنی باریکی کەمکردەوە. لیستێکی درێژ لە داهێنەران ئامێری رستنی کرۆمبۆتۆنیان پەرەپێدا لەمیانەی نیوەی سەدەی دواتردا، بەمەش پاشکەوتیان لەسەرمایەدا کرد وەك چۆن دەستی کاریشیان کەمترکردەوە. بەهاتنی بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش، بەکارهێنانی ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی لۆکەی باشکراو لەهەموو لاکانی کیشوەری ئەوروپادا قازانج بەدەست بێنن. بەهاتنی دەیەی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەمیش، هەروەها بەکارهێنانی ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی لۆکەی باشکراو لەئابورییە کرێ کەمەکانیشدا قازانج بەخش بێت وەك مەکسیك و هند. بەهاتنی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، بەرهەمهێنان لۆکە لەکارگەکانەوە دەستی بەگوێزانەوە کرد بۆ جیهانی سێیەم.

## بزوێنەری هەڵمی

بزوێنەری هەڵمی زیاترینی ئەو تەکنەلۆژیانەی شۆڕشی پیشەسازی بوو کە رووخساری جیهانی گۆڕی، لەو روەوە کە رێگەی بە بەکارهێنانی هێزە میکانیکیەکاندا لەچێوەیەکی فراوان لە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان، سەرەڕای کەرتەکانی هێڵی ئاسن و کەشتیەکانی بار بەناو زەریاکاندا.

وزەی هەڵمیش لەو داهێنانە بوو کە بەهۆی شۆڕشی زانستەوە هاتە کایەوە. فشاری هەوایی یەکێك بوو لەو بابەتانەی کە مشتومڕێکی گەرمی دروستکرد لەفیزیای سەدەی حەڤدەهەمدا، فشاری هەوایی چەندین زانای بەناوبانگی ئەوروپی توێژینەوەیان لەبارەوە کردووە، وەك گالیلۆ، تورشیلی، فۆن جیریك، هایجنز و بویل. لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا هایجنز و فۆن جیریك سەلماندیان- ئەگەر سەرکەوتوو بووین لە دروستکردنی بۆشایی لەناولولەکێکدا- فشاری هەوایی پاڵ بە پەستێنەرێکەوە دەنێت بەناویدا. لەساڵی 1675، دینیس بابانی فەرەنسی ئەم بیرۆکەیەی بەکارهێنا لەدروستکردنی بزوێنەرێکی هەڵمی سەرەتایی نموونەیی. تۆماس نیوکومن داهێنانی بزوێنەرێکی هەڵمی کرداریی لەساڵی 1712دا تەواوکرد لە دادلی، دوای 12 ساڵ لەئەزموون. بزوێنەری نیوکومن کوڵاندنی ئاوی بۆ بەرهەمهێنانی هەڵم لەخۆگرت، پاشان لولەکێکی پرکرد لێی، پاشان ئاوی ساردی بەردایە ناو لوکەکەوە بۆ چڕکردنەوەی

هەڵم بەشێوەیەك فشاری هەوا پاڵی بە پەسێنەرەکەوە دەنا لەناو لولەکەکەدا، پەسێنەرەکە پەیوەست بوو بە پەلێکی بزۆکەوە کە لەکاتی فشار لەسەر پەسێوەکە ترۆمپایەکی بەرز دەکردەوە.

بزوێنەری هەڵمی جەخت لە بایەخی فرەکردنی پاڵنەر (motive) ە ئابوریەکان دەکاتەوە لەهاندانی داهێنانەکاندا. زانستی بزوێنەرەکانیش بەهەموو لایەکی ئەوروپادا بڵاودەبوەوە، ئەمە لەکاتێکدا پرۆسەکانی توێژینەوەو پەرەپێدان لەئینگلتەرا ئەنجامدەدران بەهۆی ئەو دەسهاتەوە کەبەهۆی بەکارهێنانیەوە لەوێ بەدی دەهات. مەبەستیش لە بزوێنەری نیۆکۆمن خۆی دەبینیەوە لە وشککردنەوە و بەتاڵکردنەوەی کانەکاندا، ئینگلتەراش گەورەترین کانەکانی لەخۆدەگرت لەهەر دەوڵەتێکی تر، بەهۆی بوونی پیشەسازی گەورەی خەڵوزەوە. سەرەڕای ئەمەش، بزوێنەرە هەڵمینە بەراییەکان بڕێکی مەزن لە خەڵوزیان دەسوتاند، بەشێوەیەك کە بەکارهێنانی تەنها کاتێك دەستەبەر دەبوو کە سەرچاوەیەکی هەرزانی وزە هەبوایە. جۆن یوفیلۆس دیزیجولیە لە سیەکانی سەدەی هەژدەهەمدا نوسیویەتی بزوێنەرەکانی نیوکۆمن « ئێستا بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێن... لە کێڵگەکانی خەڵوزدا، بەشێوەیەك کە وزەیەکی ئاگرین لەپاشەڕۆکانی خەڵوز بەرهەم دەهێنێت، کە نەدەکرا بەشێوەیەکی تر بفرۆشرێت.» بزوێنەرە هەڵمیەکان بەدەگمەن

لەهەر شوێنێکی تر بەکاردەهێنران. سەرەڕای بازدانە زانستیەکانیش، بزوێنەری هەڵمی پەرەی پێنەدەدرا ئەگەر پیشەسازی خەڵوز لەبەریتانیادا نەبوایە.

وزەی هەڵمی بووە تەکنەلۆژیایەك دەکرێت جێبەجێ بکرێت بۆ بەدیهاتنی ژمارەیەك لە مەبەستەکان و بەکارهێنانی لەجیهاندا، بەڵام ئەمە رووینەدا تەنها دوای پەرەپێدانی بزوێنەری هەڵمیەوە نەبێت، ئەمە پێش چلەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەدی نەهات. ئەندازیارەکانی نموونەی جۆن سمیتۆن، جیمس وات، ریچارد ترفیسیك، ئارسەر وڵف لێکۆڵینەوەیان لە بزوێنەری هەڵمی کردو چەند رێکاریەکییان تێدا کرد، هەروەها کاریان بۆ دابەزاندنی بەکاربردنی وزە و پەرەپێدانی شێوازی بەرهەمێنانی بۆ وزە کرد. بەکاربردنی خەڵوز بۆ هەر توانای ئەسپێك لەکاتژمێرێکدا لە 44 رەتڵەوە لە بزوێنەری نیوکۆمن کە بەکارهێنانی لە سیەکانی سەدەی هەژدەهەمدا بڵاوبوەوە، دابەزێنرا بۆ یەك رەتڵ لە بزوێنەرە دەریاییە فراوانکردنیە سێیەنەکاندا کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدهەمدا بەکارهێنرا. بلیمەتی ئەندازەیی بەریتانی خەسڵەتێکی رکابەری هێنایە کایەوە بەڕادەیەك وای لێهات کە بەشێوەیەك قازانجبەخش لەجیهاندا بەکاربهێنرێت، ئەمەش وایکرد کە دەرگا لەبەردەم شۆڕشی پیشەسازیدا والا بکات بۆ ئەوەی لەجیهاندا بڵاوبێتەوە، هەروەك چۆن رێگەی لەبەردەم وەرچەرخانی هەموو جیهاندا خۆشکرد بەرەو پیشەسازی.

## بەردەوامیی داهێنان

مەزنترین دەسکەوتەکانی شۆڕشی پیشەسازی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە داهێنانەکانی سەدەی هەژدەهەم بەشێوەیەك نەبوون کە بۆ یەك جاربن و ئیدی دوبارە نەبنەوە وەك داهێنانەکانی سەدەکانی پێشوو، بەڵکو داهێنانەکانی سەدەی هەژدەهەم دەرگای لەبەردەم لێشاوێکی بەردەوان لەداهێنانەکاندا ئاوەڵاکرد.

لۆکە وەك پیشەسازیەك مایەوە کە بایەخی پێدراو کۆششەکان لەم بوارەدا خرانەگەڕ، لەکاتێکدا کە داهێنانەکانی سەدەی هەژدەهەم رستنیان گۆڕی بۆ سیستمی کارگەکان، ئەوا چنین هێشتا لەرێگەی کەرەستەی سەرەتایی و دەستیەوە بوو، بەڵام لەسەر دەستی ئیدمۆند کارترایتەوە ئەم شێوازە گۆڕا، ئەم کەسە چەندین دەیە لە تەمەنی خۆی لەم بوارەدا بەسەربردو هەموو سامانەکەی خۆی خەرجکرد لە داهێنانی کەرەستەیەکی میکانیکیدا بۆ چنین، کارترایت بیرۆکەکەی خۆی لەئامێرە میکانیکیەکانەوە وەرگرت وەك مراوی میکانیکی کە جاك دی فۆکانسون دایهێناو بووە مایەی سەرسامی دیوەخانی کۆشکی فرسای، کە دەیتوانی باڵەکانی بجولێنیت و شت بخوات و قوتی بدات! (ڤۆڵتێر لەم بارەیەوەبەلاقرتێوە دەڵێت « جگە مراویەکەی فۆکانسۆن، شتێك لەشکۆداری فەرەنسا نەماوە مرۆڤ بە یادی بێتەوە). ئەگەریش ئامێرێکی میکانیکی بتوانێت بەوشێوەیە بەدیاربکەوێت، ئایا ناتوانێت کارێکی سودبەخشانە بکات؟

کارترایت بیری لەمە کردەوە و پاشان لەساڵی 1785دا داهێنانی یەکەم ئامێری میکانیکی چنینی بەناوی خۆیەوە تۆمارکرد، پاشان لەساڵی 1792دانەیەکی تری دروست کرد کە ڕێکاری تێدا کرابوو، بەڵام ئەم ئامێری چنینەی کارترایت سەرکەوتنێکی بازرگانی تۆمار نەکرد. پاشان چەندین داهێنەر چاککاریان لەم ئامێرەی کارترایتدا کردو بەهاتنی سەدەی نۆزدەهەم، ئامێری چنینەکە لەئینگلتەرەدا جێگەی چنینی دەستی گرتەوە، بەڵام چنینی دەستی هەتا پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەم هەر بەکاردەهێنرا. ئامێری میکانیکی چنین بووە هۆی زیادکردنێکی زۆری سەرمایە، هەروەك چۆن بووە هۆی کەمکردنەوەی دەستی کار، پاشانیش ئامێری چنینی میکانیکی بەشێوەیەکی توندوتۆڵ پەیوەندی هەیە بە فاکتەرەکانی نرخەوە وێڕای توانستی ڕێژەیی بۆ بەکارهێنانی ئامێری چنینی میکانیکی لەبەرامبەر ئامێری دەستیدا. بەشێوەیەکی نائاساییش لەم چێوەیەدا ئامێری رستنی میکانیکی بەشێوەیەکی خێراتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڵاوبوەوە زیاتر لە بەریتانیا، بەشێوەیەك بەهاتنی بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەم، نرخەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرانتربوون، شێوازی داهێنانی تەکەنەلۆژیش ئەم جیاوازیەی پەرچکردەوە.

لۆکەش هەروەها لەپێشەوەدا بوو لەکاتی بەکارهێنانی وزەی هەڵمیی لە کارگەکاندا. بەسروشتی حاڵیش، لە کاتێکی پێشوتردا تاقیکردنەوەکان لەسەر ئەمە ئەنجام درابوون، لە

ساڵی 1784دا باولتون و وات داراییەکانی خۆیان بەکارهێنا لەکارگەی ئاڵبیۆندا بۆ ئارد، یەکەم کارگەبوو کە تێیدا وزەی هەڵمی بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاربهێنرێت، ئەوەش بەمەبەستی رەوجدان بە بزوێنەرە هەڵمییەکانیان. لەساڵی دواتردا، بۆ یەکەمجار هەڵم لەکارگەی لۆکەدا بەکارهێنرا، هەرچۆنێك بێت، زۆربەی کارگەکان هێشتا پشتیان بە وزەی ئاویی دەبەست هەتا چلەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش. تەنها لەو کاتەدا بەکاربردنی بزوێنەرە هەڵمیەکان بەشێوەیەکی پێویست دابەزین کە بتوانرێت وەك سەرچاوەیەکی هەزرانتری وزە بەکاربهێنرێن، دوای ئەوەش بەکارهێنانی وزەی هەڵمی بەشێوەیەکی بەردەوام بڵاوبوەوە.

وزەی هەڵمی هەروەها لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەبواری گواستنەوەشدا شۆڕشێکی بەرپاکرد. بەشێوەیەك هەرکەسێك بزوێنەرێکی هەڵمی فشاربەرزی دادەهێنا (کوجنت، ترفیسك، ئیفانز) بەکاریشی دەهێنا بۆ کارپێکردنی ئامێرێکی گواستنەوە لە وشکانی، بەڵام هەموویان شکستیانهێنا، چونکە نەیاندەتوانی زاڵبن بەسەر بەرزونزمیەکانی رێگادا، بۆ ئەمەش کارکرا بۆ ئەوەی بزوێنەری هەڵمی بخرێتە سەر توڵەوە، خەڵوزو کەرەستەی خاو دەخرانە ناو ئەو گالیسکانەوە کە بەسەر توڵی دارینەی سەرەتاییەوە دەڕۆیشتن لەکانەکاندا. لەسەدەی هەژدەهەمدا، توڵی ئاسنین جێگەی توڵە دارینەکانی گرتەوە، بەمەش هێڵەکانی گواستنەوە بۆ مەودای زیاتر درێژبوونەوە. لەساڵی 1804، ریچارد و ترفیسیك یەکەم ئامێری هەڵمیان داهێنا کە لەسەر توڵ دەڕیشتن لە کارگەیەکی ئاسن لە وێلز.

لەو کاتەوە، هێڵەکانی گواستنەوە لە کانەکانی خەڵوزدا بوونە باشترین شوێن بۆ تاقیکردنەوەی ئامێرە هەڵمییەکان، پلانی ئەوەش داڕێژرابوو کە هێڵی ئاسنی کە ستۆکتۆن و دارلنجتونیان بەیەکەوە دەبەستەوە (1825)- کە مەوداکەی 26 میل) بوو، ببێتە هێڵێك بۆ گواستنەوەی خەڵوز، بەڵام دەرکەوت رەنگە داهاتێکی زیاتر بەدەست بهێنرێت ئەگەر لەبری ئەوە شتومەك و خەڵکی پێ بگوزارێتەوە. یەکەم هێڵی ئاسنینی گشتیش کە لە ساڵی 1830دا کرایەوە بریتی لەو هێڵەی کە لێڤەرپۆل و مانشستەری بەیەکەوە دەبەستەوە، کە مەوداکەی 35 میل بوو. ئەم هێڵە سەرکەوتێنکی گەورەی بەدەستهێنا، کە بووە هۆی بڵاوبونەوەیەکی فراوانی هێڵەکانی ئاسن لەبەریتانیادا، بە هاتنی ساڵی 1850 هیڵێ ئاسن هەبوو درێژیەکەی دەگەیشتە 10 هەزار کیلۆمەتر، دوای سی ساڵیش، درێژی تۆڕی هێڵی ئاسن گەیشتە نزیکەی 25000 کیلۆمەتر.

وزەی هەڵمی لەبواری گواستنەوەی ئاویشدا بەکارهات، کە ئەویش ئامرازێکی ترە بۆ خۆلادان لەرێگە خراپەکان! پرۆسەی داهێنان هەر لەسەرەتایەوە مۆرکێکی جیهانی لەخۆگرتبوو، یەکەمین حاویە کارکەرەکان فەرەنسی بوون-(بالمیبد) (1774)- یەکەمین کەشتی بازرگانی هەڵمی سەرکەتووش بریتی بوو لە کەشتی «کلیرمۆنت» لەداهێنانی رۆبرت فلتۆن، کە لە ساڵی 1807دا بەدەریای هدسۆندا گوزەری کرد، دوای دوو ساڵیش حۆن مۆلسۆن- دروستکەری بیرەی کەنەدی- بەکەشتیەکی بازرگانییەوە رووباری سانت لۆرانسی بڕی بە بەکارهێنانی ئەو بزوێنەرانەی کە لەشاری تروا ریفیر لە کیبیك دروستکرابوون.

بەهاتنیدەیەی پێنجەمی سەدەی نۆزدەهەم، هەڵم جێگەی چارۆکەی گرتەوە لەگواستنەوە بەناو دەریاکاندا. بەریتانیا بووە ناوەندی جیهان لەدروستکردنی کەشتیدا، بەهۆی پێشکەوتنیان لەپیشەسازی ئاسن و ئەندازیاریدا. کەشتی برۆنلی (خۆرئاوایی مەزن) (1838) بووە نیشانەیەکی جیاکەرەوە، کە دەریخست کەوا کەشتیەك لەتوانایدا هەیە خەڵوزی پێویست هەڵبگرێت بۆ گوزەرکردن بەناو دەریای ئەتڵەنتیدا، هەروەك چۆن کەشتی(بەریتانیای مەزن) «1843) کە برۆنل دروستیکرد، یەکەم کەشتی بوو لەئاسن دروستکرا. کارەکە نیو سەدەی خایاند هەتا هەڵم بەتەواوەتی جێگەی چارۆکەی گرتەوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کەوا کەشتیەکان دەبوو خەڵوزی پێویستی هەڵگرتایە بۆ ئەوەی بتوانێت لە کاتی پەڕینەوەیدا بەکاری بهێنێت، ئەمەش وایکرد پانتاییەکانی بارکردن بۆ گواستنەوەی شمەك لەگەشتە درێژەکاندا کەم بکاتەوە، پاشانیش یەکەم گەشتە دەریاییەکان کە دەگۆڕا بۆ بەکارهێنانی هەڵم ئەوانە بوون کە مەودایەکی کورتیان دەبڕی، لەگەڵ دابەزینی بەکاربردنی بزوێنەرە هەڵمیەکانیش لەخەڵوز، کەشتیە هەڵمیەکان توانیان بۆ مەودایەکی درێژتر بەناو دەریادا بڕۆن بە بەکارهێنانی هەمان بڕ لەخەڵوز، هەروەك چۆن ئەو مەودایانە زیادیان کرد کەوا کەشتیەکان دەیانتوانی ببڕن بە بەکارهێنانی هەڵم لەبری چارۆکە. یەکەم کەشتی دەریاییش کەوا گۆڕا بۆ کەشتی هەڵمی ئەوەبوو کە لەنێوان چین و بەریتانیادا گەشتی دەکرد،

بەشێوەیەك كە هێشتا كەشتیە خێرا سێ پایەكان هێشتاو هەتا كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەم بەكاردەهاتن.

وزەی هەڵم بەنموونەیەك دادەنرێت لەسەر تەكنەلۆژیا فرە بەكارهاتنی، واتە ئەوەی كە دەتوانرێت بۆ چەندین مەبەست بەكاربهێنرێت، لەنموونەی ئەم جۆرەش لە تەكنەلۆژیایش كارەباو كۆمپیوتەرە. مەسەلەكەش چەندین دەیە دەخایەنێت بۆ پەرەپێدانی تواناكانی ئەم جۆرە لەتەكنەلۆژیا، پاشانیش بەشداریكردنی كرداریی لە گەشەی ئابوریدا لەدوای داهێنانی ماوەیەكی درێژ دەخایەنێت. ئەمەش هەمان حاڵ بوو لەگەڵ وزەی هەڵمیدا، هەتا ساڵی 1800 واتە دوای نزیكەی سەدەیەك لە داهێنانەكەی نیوكۆمن، وزەی هەڵمی تەنها بەشداریەكی زۆر كەمیكرد لە ئابوری بەریتانیدا، بەڵام بەهاتنی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، تواناكانی وزەی هەڵمی بەدیهاتن، كە بەشێوەیەكی فراوان لەگواستنەوە پیشەسازیدا بەكارهات. بەدیهاتنی نیوەی تێكڕایی گەشە لە بەرهەمهێنانی كارگەری لەبەریتانیا لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا دەگەڕێتەوە بۆ وزەی هەڵمی، ئەم سودە مەودا دوورەش بە هۆكارێكی گرنگ دادەنرێت لەبەردەوامی گەشەی ئابوری بەدرێژایی سەدەكە، هەروەها یەكێكی تریش لە هۆكارەكان لە بەدیهاتنی گەشەی ئابوریدا خۆی لە پراكتیزەی بەردەوام و روو لەزیادبووی زانستەكاندا دەبینێتەوە لەبوارەكانی پیشەسازیدا، كە لەبەشی دواتردا باسی دەكەین.

# بەشی چوارەم
# دەرکەوتنی دەوڵەمەندەکان

لەنێوان ساڵانی 1815 و 1870، بەسەرکەوتنێکی گەورەوە شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیاوە گوێزرایەوە بۆ کیشوەری ئەوروپا. وڵاتانی ئەوروپا تەنها بەگەیشتنەوە بە وڵاتە پێشەنگەکانەوە نەوەستان، بەڵکو هەر لەو کاتەوە چووە پاڵیانەوە لە دروستکردنی کۆمەڵێك لەو داهێنەرانەی کە پێکەوە کۆششیان کرد بۆ پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا لەجیهاندا. ئەمەریکای باکور لەسەدەی نۆزدەهەمدا گۆڕا بۆ وڵاتێکی پیشەسازی، پاشان هندەی نەبرد پەیوەندیکرد بەیانەی داهێنانەوە، بەڵکو ئەمەریکا بووە پێشەنگی جیهان لەتەکنەلۆژیادا، بەڵام دەبێت بۆ ئاستی بەجێگەیاندنی بڕوانین

وەك بەجێگەیاندنی «یەکەم لەنێوان هاوتا هاوتوانستەکاندا»، ئەوانەش وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاواو بەریتانیا دەگرێتەوە، بەڵام ئەو پرسیارەی کە ئایا هەڵکشانی وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا کتوپڕبوو یان نا، وەڵامدانەوەی پشت دەبەستێت بە تێڕوانینی مرۆڤ بۆ شۆڕشی پیشەسازی، هەندێك لە مێژوونوسان پێیانوایە شۆڕشی پیشەسازی ئەگەری ئەوەی هەبوو لەفەرەنسا یان لەئەڵمانیا روویبدایە وەك چۆن لە بەریتانیادا روویدا، پاشانیش گرفتە هەرە گەورەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بۆچی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپادا روویدا نەك لەئاسیادا. بەلای ئەوانەوە، کیشوەری ئەوروپا بەخێرایی دەگۆڕا بۆ دروستکردن و پیشەسازی. بەڵام هەندێك لە مێژوونوسانی تر پێیانوایە کە کۆمەڵێك جیاوازی بنچینەیی هەبوون لەسروشتی دامەزراوەکان یان هاندەرەکانی بەرهەمهێنان لەبەریتانیاو وڵاتانی کیشوەری ئەوروپیدا، ئەمەش دەخوازێت شرۆڤەی گۆڕانی ئەوروپای خۆرئاوایی بۆ پیشەسازی بکرێت.

لایەنگرانی تیۆری دامەزراوەیی پێیانوایە پەرەسەندن لەکیشوەری ئەوروپای سەدەی هەژدەهەمدا بەبێ دامەزراوە کۆنەکان دەچووە پێشەوە. شۆڕشی فەرەنسی ئەم دامەزراوە کۆنانەی سڕیەوە، هیچ شوێنەوارێکیان نەمایەوە، ئەو شۆڕشەی کەوا بۆ زۆربەی کیشوەری ئەوروپا هەناردەکرا لەرێگای سوپاکانی کۆمارو ناپلیۆنەوە. لەهەر شوێنێك کە ناپلیۆن داگیری کردبوو، فەرەنسیەکان سەرلەنوێ ئەوروپایان

دادەڕشتەوە بەپێی ئەو وێنە نوێیەی کەوا کێشابوویان، کە خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی و یەکسانی بەردەم یاسادا دەبینیەوە، هەروەها دانانی سیستمێکی یاسایی نوێ (یاسای ناپلیۆن)، دەست بەسەرداگرتنی موڵکەکانی کەنیسە، بەرپاکردنی بازاڕی نیشتمانی لەرێگەی هەڵوەشاندنەوەی باجە ناوخۆییەکان و سەپاندنی باجی گومرگی دەرەکی، دانانی سستمێکی دانایانە بۆ باج، فەراهەمکردنی فێرکردنێکی بنچینەیی گشتی عەلمانی، فراوانکردن لە بەرپاکردنی قوتابخانە ئامادەییەکان و پەیمانگا هونەریەکان و زانکۆ نوێیەکاندا، هاوکاریکردنی کۆمەڵەکان و رۆشنبیری زانستی، بروسیا کە ناپلیۆن بەزاندی، بەڵام نەبووە بەشێك لەئیمپراتۆریەتەکەی -چەند پرۆسەیەکی نوێگەری لە دامەزراوەکانیدا ئەنجامدا. جەنگەکانی ناپلیۆن بوونە هۆی ئەوەی کاریگەریەکی خێرا بۆ ئەم چاکسازیانە نەیەتەدی، بەڵام دوای جەنگی واترلۆ، ئەوروپا ئامادەبوو بۆ دەرچوونێکی پیشەسازی.

ئاڕاستەیەکی تر ئاماژە بە رۆڵی هاندانە بەرهەمهێنانیەکان دەکات لەتەبەنیکردنی تەکنەلۆژیایەکی پیشەسازی نوێدا. یەکەم: بەراییەکانی بەریتانیا ئەوەی دەگەیاند کە پێشەسازە بەریتانیەکان دەتوانن بەسەر هاوتاکانیاندا زاڵ بن لەکیشوەری ئەوروپادا. دووەم: تەکنەلۆژیای شۆڕشی پیشەسازی شیاو نەبوو بۆ وڵاتانی کیشوەری ئەوروپا، بەشێوەیەك کرێکان کەمتربوون و نرخەکانی وزەش بەشێوەیەکی گشتی لەچاو

بەریتانیادا بەرزتربوون، پاشانیش گۆڕان بۆ پیشەسازی لەکیشوەری ئەوروپیدا، داهێنانی تەکنەلۆژیای گونجاوی دەخواست هەروەها دەستەبەرکردنی پاراستن لەڕکابەری بەریتانیا لەکاتی روودانی ئەوەدا.

لەکاتێکدا کە لای بەریتانیا هیچ سیاسەتێك نەبوو «بۆ گۆڕان بەرەو پیشەسازی»، لای زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا ستراتیژیەتێك فەراهەم بوو بۆپێشبڕکێکردنی هەڵکشانی بەریتانیا، لە سەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵێك لە سیاسەتەکانی گەشەپێدان بەدیارکەوتن کە چەندین وڵات تەبەنیان کرد، ئەم سیاسەتانەش لەبنچینەدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دانران (بڕوانە بەشی شەشەم)، پاشان لە رێگەی فریدریك لیستەوە لە ئەوروپا دا رەواجی پێدرا، کە ئەڵمانییە و لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ژیاوە لەنێوان ساڵانی 1825 بۆ 1832، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ئەڵمانیا «سیستمی نەتەوەیی بۆ ئابوری سیاسی نوسیوە» (1841). ستراتیژیەتی گەشەی پێوەری- کە لە شۆڕشی دامەزراوەیی ناپلیۆنەوە پەرەی پێدرا- چوار بنەمای لەخۆگرت: دامەزراندنی بازاڕێکی نیشتمانی گەورە لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی گومرگە ناوخۆییەکان و پەرەپێدانی ئامرازەکانی گواستنەوە، سەپاندنی باجی گومرگی دەرەکی بۆ پاراستنی «پیشەسازییە تازە ناوخۆییەکان)، دامەزراندنی بانکەکان بۆ بەدیهاتنی سەقامگیری لەنرخی دراوەکان و فەراهەمکردنی سەرمایە بۆ کۆمپانیاکان، دواجاریش بڵاوکردنەوەی فێرکردنی گشتی

بۆ خێراکردن لەپرۆسەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و داهێنانی. ئەم ستراتیژیەتی گەشەپێدانەش یارمەتی وڵاتانی کیشوەری ئەوروپای دا بۆ ئەوەی بە بەریتانیا بگاتەوە.

ئەڵمانیا بەنموونەیەکی باش دادەنرێت. لەچاخەکانی ناوەڕاستدا، ئەڵمانیا دابەش بوو بوو بۆ سەدان یەکەی سیاسی سەربەخۆ، پاشان ژمارەکە دابەزی بۆ 38 یەکەی سیاسی سەربەخۆ لەمیانەی کۆنگرەی ڤیەننا لەساڵی 1815. بروسیا- کە ئەوکات گەورەترین ویلایەتەکانی ئەڵمانیا بوو- دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی فێرکردنی گشتی بنچینەیی لەسەدەی هەژدەهەمدا، پاشان ویلایەتەکانی تریش شوێن پێی ئەمیان هەڵگرت، بەهاتنی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمیش، فێرکردنی گشتی بووە نیمچە گشتیەك لە هەموو ئەڵمانیادا.

بروسیاش دەستپێشخەریکرد لە بونیادنانی بازاڕی نیشتمانیدا لەرێگەی بونیادنانی یەکێتیەکی گومرگی (زولفرین) لە ساڵی 1818 بەئامانجی یەکخستنی زەویەکانی، پاشان ویلایەتە ئەڵمانیەکانی تریش وردە وردە هاتنەپاڵییەوە. یەکێتی گومرگی، تاریفە گومرگیەکانی هەڵوەشاندەوە، پاشان باجێکی دەرەکی هاوبەشی سەپاند بۆ رێگرتن لە پیشەسازییە بەریتانیەکان لەوەی بچنە ناو بازاڕی ناوخۆییەوە. یەکێتی ئابوریش ئەو بناغەیەی دروستکرد کە لە ساڵی 1871دا، ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی لەسەر بونیادنرا.

بونیادنانی هێڵی ئاسنیش بووە پاڵپشتی کامڵبوونی بازاڕ. یەکەم هێڵی ئاسنی ئەڵمانی لەساڵی 1835 بونیادنرا

(درێژیەکەی شەش کیلۆمەتر بوو)، کە نۆرمبێرگ و فۆرتی بەیەك دەگەیاند، تەنها پاش پێنج ساڵ لە بونیادنانی هێڵی ئاسن کە لیڤەرپول و مانچستەری بەیەك دەگەیاند. هێڵە سەرەکیەکانیش لەمیانەی دەیەی پێنجەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بونیادنران، لەکاتێکدا هێڵە لاوەکیەکان لەدەیەکانی دواتردا راکێشران. بەهاتنی ساڵی 1913، نزیکەی 63 هەزار کیلۆمەتر لەهێڵی ئاسن راکێشران.

بانکە وەبەرهێنەرەکان – کە رۆڵێکیان نەبوو لە پڕۆسەی پیشەسازی لەبەریتانیادا- رۆڵێکی دیاریان بینی لە کیشوەری ئەوروپیدا. نۆبەری ئەم ئەزمونەش خۆی لە «کۆمەڵەی گشتی بۆ پشتیوانی پیشەسازی لە هۆڵەندەدا) بینیەوە، کە لەساڵی 1822دا دامەزرا بۆ پشتیوانیکردن لە گەشەی پیشەسازی لەولاتە نزمەکاندا. بانکە تایبەتییە ئەڵمانیەکان دەستیان بەهەمان شتکرد. بانکی «کریدی مۆبیلیە» کە لە ساڵی 1852 لەفەرەنسا دامەزرا، بۆ پارەدارکردنی هێڵی ئاسن و پیشەسازی هەنگاوێکی مەزن بوو بۆ پێشەوە.

لە ساڵی دواتردا، لەوەوە بانکی دارمشتاد پەیدابوو کە رەواج پێدانی بۆ بانکی وەبەرهێنانی هاوبەشی لە ئەڵمانیدا لەئەستۆگرت. بەهاتنی ساڵی 1872، هەموو بانکە ئەڵمانیە گەورەکان (کومیرز بانك، ودریسدنرو، دویچە، هی تر) دامەزرابوون. ئەم بانکانەش چەندین لقیان هەبوو بۆ کۆکردنەوەی سەرمایەکان لە سپاردەکارەکانەوە، هەروەها پەیوەندگەلێکی هەمیشەیی لەگەڵ مشتەریەکاندا دانا

لەبواری پیشەسازیدا، بۆ ئەوەی پارەدارکردنێکی درێژخایەنی بۆ فەراهەمکردن لەشێوەی (سحب علی المکشوف) واتە (دابینکردنی پارە بۆ مشتەریەکان بەبێ ئەوەی قەرزێکی پێشوەختەیان لەبانکدا دانابێت، کردنەوەی حساباتی جاری مەدین بۆیان) بە سودێکی کەم. ئەو قەرزانەش دڵنیایی دەکران لەرێگەی بارمتەکردنی خانوبەرەکان لەسەر خاوەندارێتی پیشەسازی، نوێنەرانی بانکەکانیش کاریان دەکرد لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیا پیشەسازیەکان کە ئەو قەرزانەیان وەردەگرت. ئەم بانکانە لەماوەی نێوان ساڵی 1880ز جەنگی جیهانی یەکەمدا، لە رێگەی پارەدارکردنی پرۆژەکانەوە گەشەیەکی هەرە مەزنیان بە پیشەسازی ئەڵمانیدا.

لە نێوان ساڵانی 1815 و 1870دا، زۆربەی پیشەسازیەکانی شۆڕشی پیشەسازی لەکیشوەری ئەوروپیدا لەسەر بنەمای سود دامەزران. ئامێرەکانی رستن و کارگە بەراییەکانی ئارکرایت لە فەرەنسای پێش شۆڕشدا قازانج بەخش نەبوون، بەڵام بەهاتنی ناوەڕاستی دەیەی سیەکانی سەدەی نۆزدەهەم پێشکەوتنی هونەری دواتر خەرجیەکانی بەرهەمهێنانی رستنی ئەستوریان بەرێژەی 45% کەمکردەوە. دابەزینی تێچوونەکانیش لەبەرهەمهێنانداناوونە هۆی ئەوەی بەرپاکردنی ئەم کارگانە لەسەر شێوەی نوێ قازانج بەخش بن. بەهاتنی ساڵی 1840، فەرەنسا ساڵانە 54هەزار تەن لە لۆکەی بەرهەم دەهێنا، بە بەراورد بە بەریتانیا کە 192 هەزار تەنی بەرهەم دەهێنا، بەرهەمهێنانی لۆکەش لەئەڵمانیا دەستی

پێکرد (11 هەزار تەن) و، بەلجیکا (7 هەزار تەن). شیاوی باسە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەو ماوەیەدا چارەسەری 47 هەزار تەن لە لۆکەی خاوی دەکرد.

بەهاتنی ساڵی 1870، پیشەسازی نوێی ئاسن لە کیشوەری ئەوروپیدا دامەزرا. پێش سەدەی هەژدەهەم خەڵوزی رووەکی وەك سوتەمەنی بۆ تواندنەوەو پوختەکردنی ئاسن بەکاردەهات، پاشان خەڵوزی کوك- کە شێوەیەکی تر لە شێوەکانی خەڵوز- جێگەی خەڵوزی رووەکی گرتەوە، لەیەکێك لەبەناوبانگترین داهێنانەکانی شۆڕشی پیشەسازیدا، ئەم شێوازەش لەساڵی 1709 خرایە بواری جێبەجێکردنەوە لەسەر دەستی ئابراهام داربی لەکۆمپانیای کولبروکدیل بۆ ئاسن، ئاسنی کۆکیش هەتا دوای ساڵی 1750 لەلایەنی ئابوریەوە لەبار نەبوو لەپیشەسازی بەرهەمەکانی ئاسنی مدرفل (سیخ و پلێت و شیش)، بۆیە لەسەرەتاوە بەکارهێنانی کورت بوو بوەوە لە کرداری داڕشتەی تایبەتدا کە داربی مافی داهێنانەکەی تۆمارکرد. لەنێوان ساڵانی 1750 و 1790، ئاسنی کوك جێگەی ئاسنی خەڵوزی رووەکی گرتەوە لەپیشەسازی بەرهەمەکانی ئاسنی مدرفلدا، بەڵام ئاسنی کوك هێشتا نرخی گران بووە بۆیە نەدەتوانرا واز لە خەڵوزی رووەکی بهێنرێت لەکردارەکانی توانەوە لە کیشوەری ئەوروپیدا. وڵاتانی وەك فەرەنسا خاوەن پانتاییەکی فراوان بوون لە دارستانەکان کە بەنرخێکی هەرزان خەڵوزی رووەکی بۆ دەستەبەر دەکرد. لە کاتێکدا بەهۆی دەگمەنی و بەرزی نرخی خەڵوزی

کوکەوە دەینالاند. کارەکە پەنجا ساڵی خایاند تا چاککاری کرا لەداڕشتنی کورەکاندا، بۆ زیادکردنی بەرهەمی کورەکانی خەڵوزی کوك بەڕادەیەکی گونجاو کە ڕێگە بەوە بدات واز لە خەڵوزی رووەکی بهێنرێت لەکیشوەری ئەورووپیدا، ئەم وەرچەرخانەش بەخێراییەکی زۆر روویدا لەماوەی دەیەی شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، لەو کاتەدا کە کۆمپانیا فەرەنسی و ئەڵمانیەکان کورەی تواندنەوەی زۆر پێشکەوتیان بونیاد دەنا، فەرەنساو ئەڵمانیا بازیاندا بۆ بەرزترین پلەکانی پێشکەوتن لە تەکنەلۆژیای پیشەسازی ئاسن، کە لەو کاتەدا تاکە تەکنەلۆژیای رکابەری بوو لە ئەوروپادا.

بەهەمانشێوەش کیشوەری ئەوروپا دوانەکەوت لەبەریتانیا لەپیشەسازییە نوێکانی ناوەڕاستنی سەدەی نۆزدەهەم. وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا هێڵی ئاسنیان بونیادنا، فارگۆنە ئەوروپیەکانیش هندەی هاوشێوەکانی لەبەریتانیا پێشکەوتوو بوون، ئەمەش هەروەها بەسەر پۆڵاشدا جێبەجێ دەبێت. پێش ساڵی 1850، نرخی پۆڵا بەرزبوو، یەکێك بوو لەبەرهەمە لاوەکیەکان بۆ بەرهەمهێنانی ئاسن، ئەمەش ئەو پیشەسازیە بوو کە بەشێوەیەکی سەرەکی پلێتی کانزایی و تولەکانی هێڵی ئاسنی بەرهەم دەهێنا. گرفتی هونەریش لەبەرهەمهێنانی پۆڵادا خۆی دەبینیەوە لەبەرهەمیهَنانی پۆڵا لەتواندنەوەی ئاسنی خاوی پوخت، بەشێوەیەك بتوانرێت بە وردی تەحەکوم بکرێت بە زیادکردنی هەر ڕەگەزێکی ترەوە بۆی لەناویشدا کاربۆن، بۆ ئەمەش پێویست بوو

پلەی گەرمی کورەکان لە 1500 پلە زیاتر بێت، چارەسەری یەکەمیش بۆ ئەم گرفتە بریتیی بوو لە کورەی گواستنەوە کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەدەوروبەری ساڵی 1850 لەسەر دەستی هنری بسمر و ویلیام کیلی داهێنرا. کارل فیلهلم سیمنز لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا چارەسەرێکی تری پێشکەش کرد لەرێگەی بونیادنانی کورەیەکی گەڕانەوەییەوە، کە پلەی گەرمی تێیدا دەگەیشتە ئاستێکی بەرز، لەساڵی 1865، بییر ئیمل مارتن کورەی سیمنزی بەکارهێنا لەتواندنەوەی ئاسنی پوختی خاو بۆ بەرهەمهێنانی پۆڵا. کورەی ئاسنینی سەرکراوەوە چاکیی و باشێتی خۆی سەلماند بەسەر کورەی بسمری گواستنەوەییدا لەبەرهەمهێنانی پلێت و شێوەی پەیکەریدا، ئەمەش بووە تەکنەلۆژیایەکی باو هەتا بەرهەمهێنانی پۆڵا لەڕێگەی پرۆسەی بنچینەیی ئۆکسجینەوە جێی گرتەوە لەشەستەکانی سەدەی بیستەمدا. شیاوی باسە ئەو چوار داهێنەرەی بەرهەمێنانی پۆڵا لەئاستێکی فراواندا بریتی بوو لە: پیاوێکی ئینگلیزی و یەکێکی ئەمەریکی و ئەڵمانیەککە لەئینگلتەرا دەژیاو چوارەمیشیان فەرەنسی بوو، هەر بۆیە هیچ دواکەوتنێکی نێودەوڵەتی لەم بوارەدا نەبوو، بەڵکو گەشەکردنەکان شانبەشانی بەریتانیا دەچوونە پێشەوە.

لە کاتێکیدا کە وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا بەهاتنی ساڵی 1870گەورەترین ئەو ئاستەنگە تەکنەلۆژیانەی تێپەڕاند کە رووبەڕوویان بوەوە، ئاستەکانی بەرهەم لەکیشوەری ئەوروپیدا هێشتا زۆر کەمتربوو لەهاوتاکانی لە بەریتانیا،

بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەمدا بارودۆخەکان گۆڕان، بەشێوەیەك وڵاتانی خۆرئاواو ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشی بەریتانیایان دایەوە لە پیشەسازیدا. لەساڵی 1880، بەریتانیا 23% لەتێکڕایی بەرهەمی پیشەسازی جیهانی بەرهەم دەهێنا، لەکاتێکدا فەرەنساو ئەڵمانیا و بەلجیکا پێکەوە تەنها ڕێژەی 18% بەرهەم دەهێنا، بەڵام بەهاتنی ساڵی 1913، ئەو سێ وڵاتە ئەوروپیە پێشی بەریتانیا کەوتن، پێکەوە کۆی بەرهەمیان گەیشتە 23% لەکاتێکدا پشکی بەریتانیا دابەزی بۆ 14%، لەهەمانکاتیشدا پشکی ئەمەریکای باکور لەبەرهەمهێنانی پیشەسازی جیهانی لە 15%ەوە زیادی کرد بۆ 23%. بەڵام توانای بەریتانیا باشتربوو لە پیشەسازی چنراوە لۆکەییەکاندا، بەشێوەیەك لەنێوان ساڵانی 1905-1913ساڵانە 896 هەزار تەن لە لۆکەی خاوی چارەسەر دەکرد، لەکاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ملیۆنێك و سەدو دە هەزار تەنی بەرهەم دەهێنا، ئەڵمانیاش 435هەزار تەن، فەرەنسا 231 هەزار تەن، بەڵام بەریتانیا لەبواری پیشەسازی قورسدا زۆر لەپێشتر بوو، لەماوەی ساڵانی 1850 بۆ 1854 بەریتانیا 3 ملیۆن تەن لە ئاسنە پوختی خاوی دەتواندەوە لەبەرامبەر 245 هەزار تەن لەئەڵمانیا، نزیکەی 500 هەزار تەن لەویلایەتە یەکگرتووەکان. بەهاتنی ماوەی نێوان 1910-1913، بەریتانیا 10 ملیۆن تەن لەئاسنی خاوی پوختی دەتواندەوە، لەکاتێکدا ئەڵمانیا 15 ملیۆن تەن، ویلایەتە یەکگرتووەکان 24 ملیۆن تەنی دەتواندەوە.

وەرچەرخانەکان لەبەرهەمهێنانی پیشەسازیدا پەیوەندی بە کۆمەڵە رکابەریەك و ململانێیەکی سیاسی گرنگەوە هەبوو. لەناوەڕاستنی سەدەی نۆزدەهەمدا، بەریتانیا (وەرشەی جیهان) بوو، بەشێوەیەك زۆربەی ئەو بەرهەمە پیشەسازیانەی کە هەنارده دەکران لەجیهاندا، لەو وڵاتە دروست دەکران. ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیاش بەتایبەتی بەرهەمەکانیان زیادکرد لەکەرەستە دروستکراوەکان لەرێگەی زیادکردنی هەناردەکانیانەوە، وەرچەرخانەکانیش لەو کاتەدا سەبارەت بە پێشکەشکردنی ئاستی بازرگانی جێگەی مشتومڕێکی فراوان بوون. بەریتانیا پارێزگاری لە پێگە بازرگانیەکەی خۆی کرد بەفرۆشتنی بەرهەمەکانی بە داگیرگەکانی ئیمپراتۆریەتەکەی، بەرزبوونەوەی بەهای دروستکردنی ئیمپراتۆریەتیش بەمشێوەیە بووە هۆی تەقینەوەی ململانێ لەسەر داگیرگەکان لەنێوان ئابوریە پیشەسازیەکاندا. باڵابوونی ئەڵمانیاش بەسەر بەریتانیا لەبەرهەمهێنانی پۆڵادا بووە مایەی رکابەریەکان لەبواری پیشەسازی کەلوپەلی سەربازیدا، هەروەها ململانێی بازرگانیش لەنێوان بەریتانیاو ئەڵمانیادا بووە هۆی ورووژاندنی شڵەژانە نێودەوڵەتیەکان لەسەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەمدا.

وڵاتانی کیشوەری ئەوروپی و ئەمەریکای باکور تەنها بەباڵابوونیان وزایان نەهێنا بەسەر بەریتانیادا لە بەرهەمهێنانی پیشەسازی لەنێوان ساڵانی 1870 و 1913، بەڵکو بەشێوەیەکی روون لە پێشەنگبوونی تەکنەلۆژیادا رکابەریان کرد. ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەکردەوە پێشی بەریتانیای دایەوە و بووە پێشەنگی جیهان لەتەکنەلۆژیادا، بەڵام دۆزینەوە گرنگەکان لەزۆربەی پیشەسازیەکاندا لەهەموو ئابوریە پیشەسازیە پێشەنگەکاندا روویدەدا. لەڕوانگەی نێودەوڵەتیەوە، ئەوەی مایەی سەرسامیە ئەو جیاوازیەیە لەنێوان ئەو وڵاتانە دەوڵەمەندانەدا کە پێکەوە بەشداریان کردووە لەپێشکەوتنی تەکنەلۆژیدا، لەنێوان ئەو وڵاتانەی تری جیهاندا کە وا دەردەکەوێت بەهیچ شێوەیەك بەشداریان نەکردووە لەپەرەسەندنی تەکنەلۆژیدا.

یەکێك لەخەسڵەت و تایبەتمەندییە گرنگەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا خۆی لەکۆمەڵە پیشەسازیەکی تەواو نوێدا خۆی دەنوێنێت، وەك پیشەسازی ئۆتۆمبیل، نەوت، کارەبا و کیمیاویەکان. هەموو دەوڵەمەندە دەوڵەمەندەکان دەستیانکردبوو بە بونیادنانی ئەم پیشەسازیانە، یەکەم کەسێکیش کە ئۆتۆمبیلی داهێنا بە بەنزین کاربکات سیگفرید مارکۆس- ی بەڕەگەز نەمساوی بوو لەساڵی 1870، هەروەها مارکۆس سیستمی ئاگرتێبەردانی مۆگناتیسی و کرابراتیری فلچەی سوڕاوی بەکارهێنا کە بووە نموونەیەکی پێوەری. کارل بنز یەکەم ئۆتۆمبیلی کرداری لەساڵی 1885دا دروستکرد پاشان دوای ئەو راستەوخۆ جوتلیب دایلمرو فیلهلم مایباخ هاتن- هەموویان ئەڵمانی بوون-. ویلیام لانشستر یەکەم ئۆتۆمبیلی بەریتانیای لەساڵی 1895دا دروستکرد، هەروەها ئیستۆپی پەپکەیی و سویچی کارپێکردنی کارەبایی داهێنا. یەکەم کۆمپانیایەکی

دروستکردنی ئۆتۆمبیل کە لەساڵی 1889دامەزرا بریتی بوو لە کۆمپانیای «بانار ولیفاسۆر) لەفەرەنسا، کە هەروەها بزوێنەری چوار پستۆنی داهێنا. هەروەها لەساڵی 1902رینۆی ئیستۆپی تەمبوری داهێنا. لەساڵی 1903 یاکۆبۆس سپایکەری هۆڵەندی، یەکەم ئۆتۆمبیلی پێشبڕکێی دەبڵ ئەکسلی داهێنا. ئۆتۆمبیلەکان ژمارەیەك لە داهێنانیان پێویستە لەوانەش بزوێنەرەکان و سیستمی کارپێکردن و ئیستۆپ وگوێزەرەوەکانی جوڵەو سیستمی هەڵواسین و بەشە کارەباییەکان و هی تر، ئۆتۆمبیلیش لەشێوە نوێیەکەیدا بەرهەمی ئەو داهێنانە بوون کە تاکەکان لەهەموو وڵاتە پیشەسازییە پێشەنگەکاندا پێشکەشیانکردووە. بەهاتنی ساڵی 1900، هەموو وڵاتە پیشەسازیەکان خاوەن کۆمپانیای دروستکردنی ئۆتۆمبیل بوون. داهێنان چالاکیەکی کۆمەڵی بوو لەنێوان ئەو وڵاتانەدا.

یەکێکی تر لە رووخسارەکانی پیشەسازی نوێ لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە زۆرێکیان پەیوەست بوون بە پەرەسەندنی زانستە سروشتیەکانەوە. ئەو وڵاتانەش کە زانکۆکانیان بەرنامەی بەهێزی لەزانستە سروشتیەکاندا لەخۆدەگرت، تایبەتمەندی گەلێکی ئابوریان بۆ خۆیان بەدەستهێنا، ئەڵمانیاش بە نموونەی هەرە دیار دادەنرێت لەماوەی نێوان پێش سیەکانی سەدەی بیستەمدا، زۆرێك لەزاناکانی کیمیاو فیزیای ئەڵمانیا خەڵاتی نۆبڵیان بردەوە. دیارترین داهێنەرەکان کە خاوەن کارامەیی هونەری بوون، خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی بوون، هەروەك چۆن ئەندامانی دەستەی

وانە وتنەوە بەشداریانکرد لە دۆزینەوەگەلێکی گرنگدا کە پرۆسە پیشەسازیەکانیان پەرەپێداو بووە هۆی دەرکەوتنی بەرهەمی نوێ. دۆزینەوەی فریتز هابر بۆ پرۆسەی گۆڕینی نایترۆجینی هەوایی بۆ ئامۆنیا- ئەویش ئەو پڕۆسەیە کاتێك دۆزیوە کە ئەندام بوو لەدەستەی وانە وتنەوەی زانکۆی کارلسروهدا، بەهۆیەوە خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێنا- بە یەکێك لە بەناوبانگترین دۆزینەوەکان دادەنرێت، بەڵام ئەمە تاکە دۆزینەوەیەکی لەمجۆرە نەبوو.

دەرکەوتنی هیتلەر، سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی دووەم ، دابەشبوونی ئەڵمانیا دوای جەنگ بووە هۆی دەرچوونی زانستەکانی ئەڵمانی لەڕەوتی خۆیان، بەمشێوەیە پێشەنگی لە توێژینەوەکانی زانکۆ گوێزرایەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەوا لەسەر پەرەپێدانی کەرتی فێرکردنێکی بەرزی هەرە گەورە کاری دەکرد. توێژینەوەکان لە زانکۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەرێگەی حکومەتەوە پارەدار دەکران، زۆربەی ئەو پارانەش ئاڕاستەبوون بۆ کەرتی سەربازی لەکاتی جەنگی سارددا. ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی ئەو پرۆژانەی کە بەشێوەیەکی گشتی کەڵکیان بەئابوری گەیاند. هەروەها پارەدارکردنەکە ئاراستەبوو بۆ بواری پزیشکی، دۆزینەوەگەردونیەکان، زانستە مرۆڤایەتیەکان و کۆمەڵایەتیەکان. ئەم پارەدارکردنانەش بوونە بنچینەیەك بۆ بە پێشەنگکردنی ئەمەریکا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.

## ستایڵی ئابوریی گشتی بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا

زۆربەی توێژینەوەکان و پەرەپێدانەکان لەوڵاتانی دەوڵەمەندی ئەمڕۆی جیهاندا ئەنجامدراون، ئەم وڵاتانە چەند تەکنەلۆژیایەکیان پەرەپێدا کە پێشبینیکرا ببنە مایەی دەسکەوتنی قازانج لێیانەوە، پاشانیش بەرهەمەکان و پرۆسە نوێیەکان کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان دایانهێنا، پێداویستەکانیانی دابین دەکردو گونجاو بوو لەگەڵ رەوش و بارودۆخیاندا، بەتایبەتی کرێ بەرزەکان لەوڵاتە دەوڵەمەندەکاندا هانیدان بەرهەمگەلێك دابهێنن دەستی کار کەمتر تێیاندا بەکاربێت لە رێگەی زیاتر بەکارهێنانی سەرمایەوە. ئەمەش بووە هۆی ئاراستەیەکی هەڵکشانی بۆ پێشکەوتن، بەشێوەیەك کرێ بەرزەکان بوونە هۆی بەرهەمی زیاتر کە پێویستیان بە سەرمایەی بەرز هەبوو، ئەمەش بە رۆڵی خۆی بووە هۆی کرێی بەرزتر، ئەم ئاڕاستە هەڵکشانیشە بووە هۆی زیادکردنی داهاتەکان لەوڵاتە دەوڵەمەندەکاندا.

ئەنجامدانی هەموو کارەکانی توێژینەوە و پەرەپێدان لەجیهاندا، وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بووە هۆی پەیدابوونی «دالەیەکی بەرهەم»ی جیهانی کە بژاردە تەکنەلۆژیایەکان بۆ هەموو وڵاتان دیاری دەکات. «دالەی بەرهەم»یش ئەو پەیوەندییە بیرکاریەیە کە بڕی تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی دیاری دەکات کە دەوڵەتێك بەدیدەهێنێت لە رێگەی بەکارهێنانی دەستی کارو ئەو سەرمایەیەی کە لەبەردەستیدایە. شێوەی 4-1 دالەی

بەرهەمی جیهان rووندەکاتەوە لە ڕێگەی خستنەڕووی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی بۆ هەر کرێکارێك لەبەرامبەر سەرمایە بۆ هەر کرێکارێك لە 57 وڵات لەساڵانی 1965و1990. ئەو خاڵانەی لەوێنەکدا هەن دالەی بەرهەم دالەی بەرهەمی جیهان دیاری دەکەن، ئەم دالەیەش ئەوە نیشاندەدات کە زیادکردنی سەرمایەی هەر کرێکارێك دەبێتە مایەی زیادبوون لەبەرهەمی هەر کرێکارێکدا. وێڕای ئەمەش، پەیوەندی نێوان بڕی سەرمایە و قەبارەی بەرهەم بەشێوەیەکی هاوتا دەڕوات لەکاتی وەبەرهێنانی سەرمایەی چڕدا بۆ هەر کرێکارێك، ئەمەش یاسای کەمکردنی داهاتەکان شرۆڤەی دەکات کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات وەبەرهێنانی زیاتر و زیاتری سەرمایە بەرهەمی زیادەی کەمتر بەدی دەهێنێت. لەکۆتاییشدا، هێمای جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت بۆ گوزارشتکردن لە داتاکانی هەردوو ساڵی 1965 و 1990، ئەو وڵاتەی کە سەرمایەیەك وەبەردەهێنێت بەبڕی 10 هەزار دۆلاری ئەمەریکی بۆ هەر کرێکارێك لەساڵی 1990دا زیاتری بەرهەم نەهێناوە لەوەی لەساڵی 1965دا بەرهەمی هێنابوو، بەدەستەواژەیەکی تر، ئەو وڵاتانە پێشکەوتنێکی هونەریان بەدی نەهێناوە. گۆڕانیش لە تەکنەلۆژیای جیهان لەبەدیهاتنی بەرهەمێکی گەورەتر بۆ هەر کرێکارێك لەرێگەی بەرزکردنەوەی سەرمایەی هەر کرێکارێك دەبێت بۆ ئاستێکی بەرزتر لەوەی پێشتر پێیگەیشتبوو. وڵاتانی دەوڵەمەندیش- کەوا تەکنەلۆژیایەکی سەرمایە چڕیان بەکاردەهێنا لەساڵی -1965 سودمەندی

یەکەم بوون لەم پەرەسەندنە تەکنەلۆژیانە، هەروەها ئەم وڵاتانەش ئەوانەبوون کە تەکنەلۆژیای نوێیان بەرهەمهێنابوو لەساڵی 1990دا، کەواتە ئەم پەرەسەندنانە بەشێوەیەکی لەخۆوەییوو لەناکاو نەگوازراونەتەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە زیاتر هەژارن.

بەلای هەندێك لەم وڵاتانەوە، دەکرێت بەرهەمهێنانیی هەر کرێکارێك و سەرمایەی هەر کرێکارێك پێوانە بکرێت بەگەڕانەوەیەك بۆ شۆڕشی پیشەسازی. لەرێگەی ئەم داتایانەوە دەکرێت بەراوردی ئەوەی کە روویدا «بە تێپەڕبوونی کات» بەراورد بکرێت بەوەی کە روودەدات « بەناو چێوەی جوگرافیدا» بۆ نموونە، ئەو هێڵەی لە شێوەی (2-4)دا کە ناوی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا)ی هەڵگرتووە ئەو خاڵانە بەیەك دەگەیەنێت کە لە سەرمایەی هەر کرێکارێکداو بەرهەمهێنانی هەر کرێکارێکدا خۆی دەنوێنێت لەماوەی ساڵانی 1820 دا بۆ 1990.



ئاراستەی پەرەسەندنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هەمان ئاڕاستە دەگرێتەبەر لەوڵاتانی دەوڵەمەندو هەژاردا لەهەردو ساڵی 1965 و 1990. هەمان ئەم کارەش جێبەجێ دەبێت بەسەر هەموو وڵاتانی دەوڵەمەندی تردا، بەشێوەیەك وا دیارە گەشەکردن لەیەك وڵاتدا بەتێپەڕبوونی کات وەك ئەوەی جیاوازی بێت لەگەشەکردن لەچێوەی جوگرافی ئەمڕۆدا. شێوەی 4-3 ئەم ریتمە روونەکاتەوە لەئیتالیا، شێوەی 4-4 لە ئەڵمانیا. هەندێك تایبەتمەندی بێهاوتا هەیە لەهەموو ئەم مێژووانەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش- وەك ئەوەی شایستەی ئەو وڵاتانەیە کە لەسەر ئاستی جیهاندا پێشەنگن- بەرهەمهێنانی لەسەرمایەو خەستی کاری فەراهەمبوودا لای زیاترە لەوڵاتانی تردا، لەکاتێکدا – رەنگە بەهۆی گرنگی بانکە وەبەرهێنانیەکانەوە تێیدا- سەرمایەکی زیاتری بۆ هەر کرێکارێك کەڵەکەکرد، بەڵام میکانیزمە بنچینەییەکانی هەر یەك دەبن. بەئەنجامێکی راستەوخۆ دادەنرێت بۆ ئەو راستیەی کە توانستە تەکنەلۆژیەکان لەجیهانی ئەمڕۆدا، وڵاتە دەوڵەمەندەکان لە کاتی پرۆسەی پەرەسەندنیاندا خولْقاندویانە.

هۆکاری هەژاری لەوڵاتانی هەژاردا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو تەکنەلۆژیانە بەکاردەهێنن کە وڵاتانی دەوڵەمەند لەڕابردودا بەکاریان هێناوە. بەشێوەیەك زۆربەی پیشەسازیەکان کە لەچەندین وڵاتانی تازە گەشەسەندودا سەرکەوتوو بووە بریتییە لەپیشەسازی جلوبەرگ، کە

تەکنەلۆژیای سەرەکی ئەم کارە بریتییە لە ئامێری دووربین. ئامێری دووربین کە بە قاژ هەڵدەسوڕا، بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی بازرگانی لەپەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەکارهێنرا، لەکاتێکدا ئامێری دووربینی کارەبایی لەساڵی 1889 بەدیارکەوت.

هەڵکشانی هەناردەکردنیش لەزۆربەی وڵاتانی تازە گەشەسەندوی ئەمڕۆدا لەسەر تەکنەلۆژیای سەدەی نۆزدەهەم وەستاوە.

ئامارەکان کە لەشێوەی 4-1 دەرکەوتوون ئاماژە بەهەمان مەسەلە دەکەن. بۆچی وڵاتی پیرۆ بەوڵاتێکی بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەژار دادەنرێت؟ لە ساڵی 1990، سەرمایەی هەر کرێکارێك لەپیرۆ گەیشتە 8796 دۆلاری ئەمەریکی، لەکاتێکدا بەرهەمهێنانی هەر کرێکارێك گەیشتە 6847 دۆلار. ئەم ژمارانەش تاڕادەیەك هاوڕێك دەبێت لەگەڵ هاوشێوەکانی لەئەڵمانیا لە ساڵی 1913 کەوا گەیشتە 8769 دۆلاری ئەمەریکی، 6425 دۆلاری ئەمەریکی بەشێوەیەکی بەدوایەکیدا. سەرمایەی کەمتری ئەمڕۆ لەڕووی زەمەنیەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ دواوە. لە ساڵی 1990، بۆ نموونە، سەرمایەی هەر کرێکارێك لەزیمبابۆی گەیشتە 3823 دۆلاری ئەمەریکی، لەکاتێکدا رادەی بەرهەمێنانیی بۆ هەر کرێکارێك ساڵانە گەیشتە 2537 دۆلاری ئەمەریکی. ئەمەش ئەنجامێکی خراپ نییە لە ساڵی 1820دا. سەرمایەی هەر کرێکارێك لە مالاوی گەیشتە 428 دۆلاری ئەمەریکی، تێکڕای

بەرهەمی ناوخۆیی بۆ هەر کرێکارێك گەیشتە 1217 دۆلاری ئەمەریکی، واتە هاوتای هەمان ئەو بەهایانەی کە هند لە بەراییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا پێیگەیشت، بەرێژەیەکی زۆریش کەمتر لەو ئاستانەی کە شانشینی یەکگرتوو، ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا لەهەمان ئەو ماوەیەدا پێیگەیشتن. هەتا لەساڵی 1990دا، سەرمایەی هەر کرێکارێك لەهند زیادی کرد بۆ ئەوەی بگاتە تەنها 1946 دۆلاری ئەمەریکی، بەهای بەرهەمهێنانی بۆ هەر کرێکارێك بۆ 3235 دۆلاری ئەمەریکی، ئەمەش لەساڵی 1820دا، هندی لەگەڵ بەریتانیادا یەکسان کردەوە.




ئەو پرسیارەی کە ئێستا بەخەیاڵدا دێت ئەوەیە: بۆچی وڵاتانی پیرۆ، زیمبابۆی، مالاوی و هند، ئەو تەکنەلۆژیایە بەکارناهێنن کە وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا بەکاری دەهێنن، بۆ ئەوەی ئەوانیش ببنە وڵاتانی دەوڵەمەند؟ وەڵامەکەش ئەوەیە

کە ئەمە سودی نابێت بۆ ئەو وڵاتانە. تەکنەلۆژیای خۆرئاوایی لەسەدەی بیست و یەکدا پێویستی بەسەرمایەیەکی زۆر زەبەلاح هەیە بۆ هەر کرێکارێك، پاشانیش هیچ کەڵکێکی نابێت ئەگەر سەرمایە زۆرەکان خرانە شوێن کارگەریی، مەگەر ئەو کاتە نەبێت کەوا کرێی کارگەریی بەرزبێت بە بەراورد بە تێچوونی سەرمایە، ئەمەش بەدیاردەکەوێت لەهەموو ئەو شێوانەی کە روونکراونەتەوە لەهاوتابوونی پەیوەندی لەنێوان بەهای بەرهەم بۆ هەر کرێکارێك و سەرمایە بۆ هەر کرێکارێك. بەدەستەواژەیەکی تر، کاتێك سەرمایەی هەر کرێکارێك بەرز دەبێتەوە، ئەم کارە پێویستی بە وەبەرهێنانی سەرمایەی زیاترە بۆ هەر کرێکارێك بۆ زیاد بوونی بەهای بەرهەمهێنانی بۆ هەر کرێکارێك بەبڕی 1000 دۆلاری ئەمەریکی، زیاتر لەوەی کە داواکراوە کاتێك کە سەرمایە بۆ هەر کرێکارێك نزم دەبێت.




پێویستە دەستی کار تێچوونی زۆر بەرزبێت، تا وای لێبێت بەکارهێنانی سەرمایەی زۆر کەڵکی هەبێت. وڵاتانی خۆرئاوایی

ئاراستەیەکی گەشەپێدانیان گرتەبەر کە بەکارهێنانی کرێی بەرز تێیدا بووە هۆی داهێنانی تەکنەلۆژیای فەراهەمبوو بۆ دەستی کار، کە بەکارهێنانی بووە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنانی کرێکارەکان و کرێیەکان پێکەوە، بەڵام وڵاتانی هەژاری ئەمڕۆ نەیانتوانی بگەنە ئاستەکانی سەرەوە، کرێیەکان تێیاندا دادەبەزێت و تێچوونەکانی سەرمایە بەرزدەبێتەوە، پاشانیش ئەم وڵاتانە ناتوانن هیچ شتێك بکەن جگە لە سازان نەبێت لەگەڵ تەکنەلۆژیای کۆن و کرێ نزمەکاندا.

مێژووی پیشەسازی نموونەگەلێك لەسەر ئەم بنەمایانە پێشکەش دەکات. لەبەشی پێشودا، قسەمان لەبارەی ئامێری چنینی میکانیکی کردو ئەو شێوازەی کە پێی چووە ناو بواری بەکارهێنانەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دا- کە وڵاتێکە ئاستەکانی کرێ بەرز دەبێتەوە تێیدا- پاشان بۆ بەریتانیا دوای ئەنجامدانی چەند رێکارییەك تێیدا. ئامێری چنینی میکانیکی هەرگیز لە وڵاتە کرێ نزمەکاندا فەراهەم نەبوو، بەڵکو خەڵك کاری چنینیان بە ئامێری سادەی دەستی ئەنجامدەدا. رەوشی ئەم وڵاتانەش دواتر لەسەدەی نۆزدەهەمدا زیاتر زەحمەت بوو کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە وڵاتی پێشەنگ لەئابوریدا، خاوەن ئابوری کرێ بەرز، تەکنەلۆژیای ئەمەریکیش ئەم رەوشە پەرچ دەکاتەوە.

لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، پیاوێکی ئینگلیزی کۆچبەر بەناوی جێمس هنری نورپروب زنجیرەیەك داهێنانی کرد لەئەنجامدا بووە هۆی دەرکەوتنی ئامێری

چنینی میکانیکی، ئەم ئامێرە بووە هۆی زیادکردنی بەرهەمیهێنانی بەشێوەیەکی زۆر گەورە، بەڵام پێویستی بەوەبەرهێنانێکی زەبەلاح هەبوو. ئامێرە چنینە میکانیکیەکان لەئەمەریکادا قازانج بەخش بوون بەهۆی بەرزی کرێیەکان لەو وڵاتەدا، بەڵام بەکارهێنانیان لەبەریتانیادا تێچوونی زۆر بوو، سەرەڕای ئەوەی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بەریتانیا خاوەن ئابوریەکی کرێ بەرز بوو، بەڵام ئەم ئامێرە لەوڵاتە هەژارەکاندا کەڵکی کەمتربوو. پرۆسەی وەرچەرخانی ئابوریش- کە تێیدا داهێنەرەکان لەئابوریە پێشەنگەکاندا هەوڵی فەراهەمکردنی کارگەریی کرێ بەرزیاندەدا- بووە هۆی دەرکەوتنی ئامێرەکان کە زیاترو زیاتر تایبەتمەندی رکابەریی وڵاتانی دەوڵەمەندی زیادکرد، بەبێ ئەوەی وڵاتانی هەژار لەجیهاندا هیچ تایبەتمەندیەکیان دەست بکەوێت.

**تێبینی: بۆ نەخشەی (4-1) لە لاپەڕە (94) سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:**

Robert C. Allen, ‘Technology and the Great Divergence, Oxford University, Dept of Economics, Discussion Paper

.(548 Explorations in Economic History 48 (2012

# بەشی پێنجەم
# ئیمپراتۆرییە مەزنەکان

ئیمپراتۆرییەکان لەئەوروپاوە بۆ خۆرهەڵات هەبوون، تورکە عوسمانیەکان لەساڵی 1453دا قوستەنتینەیان داگیرکرد، موڵکەکانیان لەبەڵقانەوە بۆ خۆرهەڵات و باکوری ئەفەریقیا درێژبوەوە، قەیسەری رووسیش دەسەڵاتی خۆی لەپۆلەنداوە بۆ فلادیفۆسۆك فراوانکرد، هەروەها چۆن ئیمراتۆریەتی فارسی- لەژێر حوکمی چەندین خێزانی جیاوازدا- بۆ هەزاران ساڵ درێژەی کێشا.

ئەوروپییەکان بۆ هەزاران ساڵ زانیاریان هەبوو سەبارەت بە سامانەکانی ئاسیا، هەر ئەمەش هۆکاری

گەشتە دەریاییەکانیان بوو بۆ گەیشتن پێی، رۆمانەکەی مارکۆ پۆلۆ لەبارەی گەشتەکەیەوە بۆ چین لەسەدەی سیانزەهەمدا بەناوبانگ بوو، کۆلۆمبۆسیش دوای گەشتیەکانی تێبینیەکانی خۆی بۆ زیادکرد. هەروەك چۆن کتێبەکەی جان باتیست دۆهالد «وەسفی چین» (1736)- کە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك رۆمانی نێردە مژدەدەریەکانی رێکخراوە مەسیحیەکانە و نوسی بووی- تێیدا وێنەیەکی درەوشاوەی لەبارەی شارستانیەتی چینەوە کێشابوو، کتێبێك بوو لەسەر ئاستێکی فراواندا خوێنرایەوە و مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە، بەڵام هەموان بیرۆکەی درەوشاوەیی خۆرهەڵاتیان قبوڵ نەکرد، لەسەرو گومانکارەکانیشەوە ئابورناسە کلاسیکیەکان بوون، ئادەم سمیس و رۆبەرت مالتۆس و کارڵ مارکس، هەموویان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی ئەوروپا زیاتر دەوڵەمەندە و توانستی باشتری بۆ گەشەکردن هەیە. هەریەکەشیان بەپێی تیۆرە تایبەتەکەی خۆی راڤەی دواکەوتوویی چینیان کرد، بەلای سمیسهوە، گرفتی چینی لەقەدەغەکردنی بازرگانی دەرەکیدا دەبینیەوە لەلایەن دەوڵەتەوە، نەبوونی پارێزگاری موڵکایەتی تایبەت بەشێوەیەکی پێویست، بەلای مالتۆسیشەوە، بڵاوبوونەوەی هاوسەرگیری هۆکاربوو بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و پاشانیش دابەزینی داهات، بەڵام بە لای مارکسەوە، هۆکاری دواکەوتنی چین دەگەڕایەوە بۆ پەیکەرە کۆمەڵایەتیەکەی

لەپێش سەرمایەداریەوە کە شکستی هێنا لەپشتیوانیکردنی دەستپێشخەری فەردیدا.

ئەم راوبۆچوونانەش لەسەر ئاستێکی فراوان مایەی رەزامەندی بوون، بەڵام لەساڵانی دواییدا لەلایەن قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە رووبەڕووی رەخنە بوەوە، ئەمەش ئەو ناوەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنگرەکانی کە مامۆستای ئابوری بوون لە ژمارەیەك لە زانکۆکانی ویلایەتی کالیفۆرنیا. بەپێی تێڕوانینی قوتابخانەی فرانکفۆرتیش، رژێمی یاسایی چین هاوشێوەبوو لەگەڵ سیستمی ئەوروپیدا کە خاوەندارێتی تێیدا پارێزراو بوو، سیستمی خێزانی چینیش لەسەر تێکڕایی بەپیتیی نزم مایەوە، بەشێوەیەك رێژەی ژمارەی دانیشتوان لەچین زیادی کرد بەڕێژەیەك کە زیاتر نەبوو لە رێژەکە لەئەوروپا، بازاڕەکانی شمەك و زەوی و سەرمایە هاوشێوەی ئەوروپا بوون، پاشانیشئاستەکانی بەرهەمهێنانی و گوزەران هاوشێوەبوون لەهەردو لای ئۆراسیا دا. پاشانیش، هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە کیشوەری ئەوروپادا ناگەڕێتەوە بۆ جیاوازیە دامەزراوەیی یان رۆشنبیریەکاندا، بەڵکو لە فەراهەمبوونی سەرچاوەکانی خەڵوز لەکیشوەری ئەوروپاداو ئەو دەسکەوتانەی کە وڵاتەکانی کیشوەرەکە بەدیان هێنا لە جیهانگیری.

ئەم سەرلەنوێ پرۆسەی راڤەکردنەش مشتومڕێکی فراوانی لێکەوتەوە سەبارەت بە ئیمپراتۆریەتی چینی و

ئیمراتۆریەتەکانی تر، زیاترین ئەو لایەنانەش گومانیان دەوروژاند بریتی بوو لەو ئاماژەی کە داهاتەکان لە بەشە پەرەسەندوەکان لەچین، وەك ناوچەی دەلتای رووباری یانجستی، بەرز بوو وەك ئەوەی لە بەریتانیا و هۆڵەندا هەبوو (شێوەی 1-3). لە لاکەی ترەوە، هەڵسەنگاندنی ئەرێنی بۆ بازاڕەکان و دامەزراوە چینیەکان متمانەییەك بە دەست دێنێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پرۆسەکانی سەرلەنویێ هەڵسەنگاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکانی تر (وەك هەڵسەنگاندنی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی) گەیشتە هەمان دەرئەنجامی هاوشێوە، پاشانیش قوتابخانەی فرانکۆرت لەوەدا راستی پێکابوو کە شۆڕشی پیشەسازی لەبەریتانیا روویدا بەهۆی خەڵوز و بازرگانیەوە،رەنگە ئەوەش جێگەی سەرنج بێت لەمێژوویی ئاسیاییدا بریتی بێت لە نەبوونی ئەم هاندەرانە.

## جیهانگیری و پاشەکشەی پیشەسازیکردن

سەدەی نۆزدەهەم سەدەیەکی باش نەبوو بەلای زۆربەی ئیمراتۆریەتە گەورەکانەوە، هند دوای شۆڕشی ساڵی 1857 بەفەرمی بووە داگیرگەیەکی بەریتان، بەهاتنی بیستەکانی سەدەی بیستەمیش، فەرمانڕەواچینی و عوسمانی و روسەکان لادران.

ئیمراتۆریەتە مەزنەکانی سەدەی نۆزدەهەملەبەراییدا

وەك خاوەن گەورەترین پیشەسازیەکان بەدیارکەوتن، بەڵام ئەو سەدەیە کۆتاییهات بە لەناوبردنی ئەم پیشەسازیانە بەبێ هەبوونی پیشەسازی نوێ کە شوێنیان بگرێتەوە، تاکە هەڵاوێردەیەك- بەشێوەیەکی هەندەکی- روسیاو ژاپۆن بوون.

شۆڕشی پیشەسازی لەخۆرئاوادا بووە هۆی ئەوەی پیشەسازیە ئاسیاییەکان لەڕکابەری بچنە دەرەوە ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەم: پیشەسازی زیاتر بەرهەمهێنانی بوو لەئەوروپادا بەشێوەیەك کە تێچوونی کەمتر بوو، لەبەرامبەردا تەکنەلۆژیای پیشەسازی لەناوچەکانی تری جیهاندا فەراهەم نەبوو لەو شوێنانەدا کرێیەکانی کەمتر بوون. بۆ نموونە، هیچ هۆکارێکی لۆژیکی نەبوو لەوەدا کە هندیەکان هەوڵبدەن رکابەری لەگەڵ ئینگلیزدا بکەن لە بەرهەمێنانی چنینەکاندا لەرێگەی بەرهەمهێنانی ئامێرەکانی رستنەوە، لەبەرئەوەی ئامێرەکانی رستن دەبوونە هۆی زیادکردنی تێچوونەکانی سەرمایە لە پرۆسەی رستن (لەهند) زیاتر لە دابەزینی تێچوونەکانی دەستی کار. دەبوو پیشەسازەکان لەئاسیادا هیواخوازبن بەریتانیەکان ئامێرگەلێکی رستن بەشێوەیەکی وا پەرە پێبدەن کەوا رێگەیان پێبدات بەشێوەیەکی ئابوری لەئاسیادا بەکاری بێنن (کە ئەمەش لەکۆتاییدا روویدا)، یان بەشێوەیەك نەخشەسازی بۆ ئامێرەکان بکەنەوە کەوا گونجاوبێت لەگەڵ رەوشە تایبەتەکانی خۆیاندا (کە ژاپۆن توانی ئەم کارە بکات).

**دووەم:** کەشتیە هەڵمیەکان و هێڵەکانی ئاسن رکابەری نێودەوڵەتیان توندتر کردووە. لەگەڵ دابەزینی تێچوونەکانی گواستنەوەدا، ئابوری جیهان زیاتر تەواو کامڵ بوو، کۆمپانیا خۆرئاواییەکان- کەوا ئامێری میکانیکیان بەکاردەهێنا- توانیان بکەونە پێش ئەو پیشەسازانەوە کە هێشتا شێوازی دەستیان بەکاردەهێنا لە (دار البیچاو) و (کانتۆن)، سەرەڕای جیاوازییەکی گەورە لە کرێیەکاندا. لەگەڵ دیارنەمانی پیشەسازی لە ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەستی کار سەرلەنوێ لەبواری کشتوکاڵدا دابەشکرایەوە، ئەم ناوچانە بوونە هەناردەکاری گەنم، لۆکە، برنج و هیی تر لە بەرهەمە سەرەتاییەکان. بەدەستەواژەیەکی تر، ئەم وڵاتانە بوونە وڵاتی نوێی ناپێشکەوتوو.

ئەم پەرەسەندنانەش ناگەڕێنەوە بۆ بوونی پیلان لەنێوان دەوڵەمەندەکان و نە بۆ داگیرکەریش (سەرەڕای ئەوەی ئەمانە رۆڵیان هەبوو)، بەڵکو لەئەنجامی یەکێك لە بنەما بنچینەییەکانەوە بوو لەئابوریدا، کە ئەویش لە (الافضلیە المقارنە- Comparative advantage) بەپێی ئەم تیۆرەش، ئەو وڵاتانەی کە مومارەسەی چالاکی بازرگانی دەکەن تایبەتمەند دەبن بە بەرهەمهێنانی ئەو شمەکانەی کە دەتوانن بە کاراییەکی رێژەییەوە بەئەنجامی بگەیەنن، هەڵدەستن بە هەناردەکردنی ئەم شمەکانە و هاوردەکردنی ئەو شمەکانەی کە ناتوانن بە کارایی بەرهەمیان بهێنن. بۆ نموونە، چین دابڕا لەباقی وڵاتانی جیهان، تاکە رێگەیەك بۆ ئەوەی بەکاربردنی

له قوماشی لۆکه زیاد بکات، بریتییه له دابەزاندنی کاریگەریی لەبواری کشتوکاڵدا، دامەزراندنی کارگەری زیاتره لەبواری رستن و چنیندا. توانستی دەستی کاریش لەم چالاکیەدا بڕی ئەو گەنمە دیاریدەکات کە پێویستە دەستبەرداری ببیت بۆ بەرهەمهێنانی مەترێکی تر لەقوماش. ئەگەر وای لێهات کرا مومارەسەی چالاکی بازرگانی بکرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەگەر نرخی قوماش بە بەراورد بە نرخی گەنم لەبازاڕی نێودەوڵەتیەکاندا کەمتربوو لەو رێژەیەی کە بەدیدێت لەرێگەی بەکارهێنانی شێوازە بەرهەمهێنانییە ناوخۆییەکانەوە، ئەوا هندیەکان کەڵکێکی باشتر لە هەناردەکردنی گەنم و هاوردەکردنی قوماشدا دەبیننەوە لەبری ئەوەی بەخۆیان قوماش بەرهەم بهێنن. بە دەستەواژەیەکی تر، هندیەکان ئارەزوی ئەوە دەکەن کشتیاربن لەبری ئەوەی پیشەسازبن. ئەم پڕۆسەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی چالاکی ئابوری بووە هۆی بەدیهاتنی گەشانەوەیەکی مەودا کورت لەسەر حسابی بەدیهاتنی گەشەپێدانێکی مەودا درێژ.

پێش ئەوەی فاسکۆ دا جاما بگاتە کەلکەتا، پەیوەندیەکان لەنێوان بازاڕەکان لەئەوروپاو ئاسیادا سست و لاوازبوو، هەر کیشوەرێك « دابڕابوو لەباقی ناوچەکانی تری جیهان»، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی کەشتیەکان کە خاوەن چارۆکەی چوارگۆشە، کەشتیەوانی جیهانی، کەشتی هەڵمی، هەڵکەندنی کەناڵی سوێس، راکێشانی هێڵی ئاسن، دەرکەوتنی تەلگراف، هەڵکەندنی کەناڵی پەنەما، داهێنانی ئۆتۆمبیل، فڕۆکەکان،

پەیدابونی حاویەکان، داهێنانی تەلەفۆن، پەرەسەندنی شاڕێگەکان، دەرکەوتنی ئینتەرنێت، ئەم پەرەسەندنە تەکنەلۆژیانە تێچونەکانی مامەڵە نێودەوڵەتیەکانیان کەم کردەوە، بوونە هۆی کاملکردنی بازاڕەکان، هەروەك چۆن بووە هۆی زیادبوونی رکابەری لەنێوان وڵاتاندا، بنەمای لەپێشیی بەراوردی بە توندی بەدیارکەوت، جیاوازییەکان لەنێوان وڵاتاندا لە توانستی رێژەیی لە بەرهەمدا زیاتر بایەخی پەیداکرد لەدیاریکردنی سامانەکانی وڵاتاندا، ئەنجامەکەشی «پەرەنەسەندنی» جیهانی سێهەمی لێکەوتەوە.

سیاسەتی حکومیش هۆکاری سێهەم بوو کەوا کاریگەری کردە سەر ئاستی بەجێگەیاندنی ئابوری لەدوای جەنگی واترلۆوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوایی بە ستراتیژیەتی گەشەپێدانێکی پێوانەیی رووبەڕووی شمەك و کاڵا هاوردە هەرزانە بەریتانیەکان بوونەوە کە لەسەر پرۆسەی پەرەپێدانی ناوخۆیی وەستابوو، هەروەها سەپاندنی باج بەسەر هاوردەکردنەکان و دامەزراندنی بانکە وەبەرهێنانیەکان، فەراهەمکردنی فێرکردنی گشتی. داگیرگەکانیش ئامادە نەبوون ئەم ستراتیژیەتە تەبەنی بکەن، لەبەرئەوەی سیاسەتی ئابوریان بەرسترابوەوە بە بەرژەوەندی هێزە داگیرکەرەکانەوە، لای وڵاتە سەربەخۆکانیش ئارەزوی بەدیهاتنی گەشەپێدانی نەتەوەیی هەبوو، سەرەڕای ئەوەی هەندێکیان کۆششی پێویستیان نەکرد یان سەرکەوتنیان لەوەدا بەدی نەهێنا.

## چنراوە لۆکەییەکان

کاریگەری ئەم هۆکارانە، لە مێژووی بەرهەمهێنانی چنراوە لۆکەییەکاندا دەبینین لە هندو بەریتانیادا. بەرهەمهێنانی لۆکە لە بەریتانیادا لەماوەی شۆڕشی پیشەسازیدا، بەرزبوەوە لەگەڵ پەرەسەندنی ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی لۆکە.

زیادەش لەبەرهەمهێنانی پیشەسازی بەریتانیدا- کە زیادەیەکی هاوتاو یەکسانی ئەمە لە هند بەدی نەهات- پێدەچوو ببێتە هۆی زیادبوونێك لە رکابەری بەرهەمهێنانی لۆکەی ئینگلیز، لەگەڵ کەمبوونەوەی رکابەری لەگەڵ پیشەسازەکانی هند، ئەمەش بەپێی بنەمای لەپێشی بەراوردیی. بەپێچەوانەشەوە، لەپێشیی بەراوردیی هند زیادی دەکرد لەبەرهەمهێنانی شمەکە کشتوکاڵیەکاندا، لەکاتێکدا لەپێشیی بەراوردیی بۆ ئینگلتەرا دادەبەزی. چەمکی لەپێشیی بەراوردیش ئاماژەیە بۆ ئەوەی گەشەکردنی بەرهەمهێنانی ناهاوسەنگی شۆڕشی پیشەسازی وەك پێویست دەبووە هۆی زیادبوونی پەرەسەندنی پیشەسازی لە ئینگلتەرادا، لەهەمانکاتیشدا دەبووە هۆی پرۆسەی بۆ دواوە گەڕانەوەی پیشەسازی لەهند- هەر بەمشێوەیەش روویدا.

وەرچەرخانی لەپێشیی بەراوردیی لە سەردەمێکدا روویدا کە تێیدا تێچوونەکانی گواستنەوە دابەزی، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی رکابەریەکان، بەشێوەیەك تێچوونەکانی گواستنەوە

لەگەڵ پەرەسەندنی توانستی کەشتیەکاندا دابەزی، بەهۆی زیادبوونی رکابەریش لەرێگەی دەریاییەوە لەئەوروپاوە بۆ هند لەسەدەی هەژدەیەمدا، هەردوو کۆمپانیای هندی خۆرهەڵاتی ئینگلیزی و هۆڵەندیی هەژمونیانکرد بەسەر ئەم بازرگانیەدا. لەکاتێکدا دەرکەوتنی ئەم دوو کۆمپانیایە لە بەراییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا بووە هۆی کۆتاییهاتنی باڵادەستی پورتوگالیەکان بەسەر بازرگانی بیبەردا، بووە هۆی دابەزینی نرخەکەی لەئەوروپادا، یاساکانی کەشتیەوانی بەریتانی بووە هۆی دەرچوونی هۆڵەندیەکان لە بازاڕی ئینگلیزی، جڵەوکردنی زیاتری رکابەریی. جەنگی ئینگلیزی هۆڵەندی چوارەم (1780-1784) دوا گورزی کوشندە بوو، بەشێوەیەك قەوارەی هۆڵەندی لاوازکرد هەتا پەیماننامەی دامەزراندنەکەی بێ نوێکردنەوە وازلێهێنرا لەساڵی 1800. دواجاریش، لەساڵی 1813 کۆمپانیای ئینگلیزی قۆرخکردنە بازرگانیەکەی لەدەستدا. ئەو زیادە رکابەریەش کە لەمەوە درووست بوو، بووە هۆی دابەزینی تێچوونەکانی گواستنەوە لەنێوان هندو ئەوروپادا.

کاریگەری گەشەکردنی بەرهەمهێنانی ناوهاسەنگ و دابەزینی تێچوونەکانی بارکردن لەمێژووەکانی نرخەکانی لۆکەدا دەردەکەوێت لەئینگلتەراو هند. ساڵی 1812، کۆمەڵێك لەپیشەسازانی لۆکەی ئینگلیز نەیاری خۆیان نیشاندا لەبەرامبەر پەلهاوێژی قۆرخکردنی بازرگانی

کۆمپانیای هندی خۆرهەڵاتیدا، ئەمانە یاداشتێکیان ئامادەکرد کە تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو تێچوونی رستنی 40 یەکە لە لۆکە لەهند دەگاتە 43 بەنس بۆ هەر رەتڵێك، لەبەرامبەردا 30 تەنها 30بەنس لەئینگلتەرا. پوختەی یادداشتەکە ئەوەی دەگەیاند بازاڕی هندی بازاڕێکی ئومیدبەخش دەبێت بۆ بەرهەمە بەریتانیەکان ئەگەر بواری رکابەری درا تێیدا، ئەم پیشەسازانەش لەسەر هەق بوون. هەرچۆنێکبێت، شایانی باسە پێش دە ساڵ نەیاندەتوانی ئەم دیدو بۆچونەی خۆیان بخەنەڕوو، چونکە ئەوکات تێچوونی رستنی 40 یەکەی رستنی بەریتانی یەکسان بوو بە 60 بنس بۆ هەر رەتڵێك، لە ساڵی 1802دا تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی کارا بەرهەمهێن نەبوو بەشێوەیەك بەرهەمە بەریتانیەکان بەنرخێکی کەمتر نمایش دەکران لەچاو هاوشێوە هندیەکانیدا، بەڵام ئامێرەکان کەوا ساڵی 1812 دەستەبەر بوون، توانیان ئەوە بەدی بێنن؟ پەرەپێدانی ئامێرەکان بەردەوام بوون، بەهاتنی ساڵی 1826، تێچوونی بەرهەمهێنانی 40 یەکە رستن دابەزی بۆ 16 بنس، لەسایەی ئەم نرخەشدا، هەتا هەژارترین ژن لەهندستاندا هیچ کەڵکێکی لە رستندا نەبینیەوە، ئیدی لەگەڵ کاتدا بەرهەمهێنانی هند لە رستنی لۆکە بەتەواوی نەما، هەتا لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەو کارگانە دامەزران کەوا ئامێرەکان کاری رستنیان ئەنجامدەدا.

**شێوەی 5-1: نرخی راستەقینەی لۆکە.**




هەمان ئەم چیرۆکەش لەگەڵ چنیندا دووبارەبووەوە، ئەمە لەکاتێکدا دەرئەنجامەکان کارەساتی نەبوون بەهەمان هند بەلای هندەوە، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بووە هۆی دابەزینی نرخی چنینی کالیکۆی ئینگلیزی ، وەك لەبەشی چوارەمدا باسمانکرد. لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکانی سەدەی هەژدەهەمەوە، قوماشی ئینگلیزی هەمیشە هەرزانتر بووە لە قوماشی هندی، بەڵام کەلێنی نێوان نرخەکانیان زۆر فراوان نەبووە، بەشێوەیەك هەر یەکەیان بەلای کڕیارەوە ئەلتەرناتیڤی ئەوی تریان بووە. لێرەوە، دابەزینی نرخی قوماشی ئینگلیزی دوای ساڵی 1790 بەدواشیدا، بووە هۆی دابەزینی نرخی قوماشی هندی(شێوەی 5-1).

له نێوان ساڵی 1805 و 1818دا، کەلێنێك هەبوو لەنرخی بەرهەمی هندیدا، بەڵام لەو ماوەیەدا دوو پەرەسەندنی زۆر گرنگ روویاندا، یەکەم: جیاوازی لەنێوان نرخەکان له هند و ئینگلتەرادا زۆر کەمبوەوە، بەشێوەیەك بازاڕەکان تەواوکەربوون و پەرەسەند لەبازاڕێکیاندا کاریگەری دەبوو لەسەر ئەوی تریان. دووەم: نرخەکانی بەرهەم ئینگلیزیەکان کەمبوونەوە بۆ ئاستێکی کەمتر له ئاستی نرخەکانی بەرهەمە هندیەکان، هەناردەکانی قوماشیش لەهندەوە بۆ ئینگلتەرا وەستا، بەهۆی نەبوونی ئیمکانیەتی بەدەستهێنانی قازانجەکان بەم ئاڕاستەیەدا، بەڵکو لەبری ئەوە، ئینگلتەرا بەرهەمەکانی خۆی بۆ هند رەوانە دەکرد.

کاریگەری ئەمەش لەسەر هند زۆر بووە، لەوڵاتێکی گەورەی هەناردەکارەوە گۆڕا بۆ وڵاتێکی گەورەی هاوردەکار، بەتەواوی پیشەسازی رستن داڕماو، هند هەموو رستنەکانی له لۆکە هاوردە دەکرد، هەروەها بەرهەمهێنانی چنینیش دابەزی، سەرەڕای بەکارهێنانی چنینی دەستی لەچێوەیەکی بچوکترو کەمتر قازانج بەخشدا. له ویلایەتی بیهار، رێژەی هێزی کار له پیشەسازی له 22% لەساڵی 1810 وە دابەزی بۆ 9% لەساڵی 1901. ئەم ماوەیەش لوتکەی بۆ دواگەڕانەوەی پیشەسازی بوو!

هەر دەوڵەتێك خاوەن تایبەتمەندیەکی لەپێشییە لەبوارێکدا، کاتێکیش هند تایبەتمەندی رکابەری له پیشەسازیدا

لەدەستدا، تایبەتمەندی لە کشتوکاڵدا بەدەستهێنا، بەتایبەتی کشتوکاڵی لۆکە. شێوەی 5-2 نرخی راستەقینەی لۆکەی خام رووندەکاتەوە لە ویلایەتی جوجارات و لە لیڤەرپول لە ساڵی 1781 بۆ 1913. لە سەدەی هەژدەهەمدا، لۆکە زۆر هەرزانتر بوو لەهند، نرخەکانی لۆکە لەبەریتانیا دابەزین لەگەڵ فراوانبوون لە کشتوکاڵکردنی لۆکە لەباشوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بەهاتنی سییەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش،تەواوکاریەك روویدا لەنێوان هەردوو بازاڕی ئینگلیزی و هندیدا، لەکاتێکدا بەدیهاتنی تەواوکاری لەنێوان بازاڕەکانی رستن و قوماش بوونە هۆی دابەزینی نرخەکان کە ئەمەش وایکرد پیشەسازە هندیەکان لەڕکابەریەکە بکاتە دەرەوە، پێچەوانەی ئەمەش ڕاست بوو لەبواری کشتوکاڵدا. نرخەکانی لۆکەی خاو بەشێوەیەك پلەبەندی بەرزبوەوە، ئەمەش بووە هۆی فراوان بوونی کشتوکاڵ، گەشەکردنی هەناردەکانی لۆکەی بەمەبەستی دابینکردن بۆ پیشەسازی چنینی بەریتانی.

لەگفتوگۆیەکی توندا لەبەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کاروباری کۆمپانیای بەرهەمهێنانی هندی خۆرهەڵاتی کە لەلایەن پەرلەمانی بەریتانیەوە رێکخرابوو لەساڵی 1840، جۆن برۆکلهرست- ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی لە ماکلسفید روونیکردەوە بۆ رۆبرت مۆنتجمری کە « پیشەسازی چنین لە هندستان بە تەواوەتی لەناوبراوە:، بەشێوەیەك «هند بۆتە دەوڵەتێکی کشتوکاڵی لەبری ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی پیشەسازی، ئەو کرێکارانەش پێشتر لەبواری

پیشەسازیدا کاریاندەکرد، ئێستا لەبواری کشتوکاڵدا کار دەکەن.» مارتن- کە لە ڕەخنەگرانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بوو- وەڵامیدایەوە و وتی:

هاوڕانیم لەگەڵتدا کە هند وڵاتێکی کشتوکاڵی بێت، بەڵکو هند دەوڵەتێکی پیشەسازییە هێندەی ئەوەی دەوڵەتێکی کشتوکاڵیە. هەرکەسەش بیەوێت لە ئاستی هند کەمبکاتەوە بۆ ئاستی دەوڵەتێکی کشتوکاڵی، ئەوا هەوڵدەدات لەتوانای ئەو وڵاتە کەمبکاتەوە لەهەڵکشانی بۆ ئاستی شارستانیەت... بەڵکو بەدرێژایی سەدەکان پیشەسازی هندی بوونی هەبووە، هیچ نەتەوەیەك نەیتوانیوە ڕکابەری بکات هەرکاتێك ڕێساکانی ڕکابەری دادپەوەرانە فەراهەم بووبێت، بەڵام چەندە هەستەکانی مارتن شایانی ستایش بووبن، ئەوا هێزەکانی بازاڕ لە پشت برۆکلهرستەوە بوون، بەکرداری پیشەسازی بەریتانی بەسەر هاوتا هندیەکەیدا زاڵ و باڵادەست بوو.




**شێوەی 5-2: نرخی ڕاستەقینەی لۆکەی خاو**

لیڤەرپۆل

جوجارات

چیرۆکی چنراوه‌ هندیه‌کان، چیرۆکی زۆربه‌ی وڵاتانی جیهانی سێهه‌م بوو له‌سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌مدا، وه‌رچه‌خانی هونه‌ری ناوهاوسه‌نگ، وێرای جیهانگیری، بووه‌ هۆی پشتیوانی پرۆسه‌ی وه‌رچه‌رخانی پیشه‌سازی له‌وڵاتانی خۆرئاوادا، له‌و کاته‌دا که‌ تێیدا واز له‌پیشه‌سازی له‌ئابوریه‌ کۆنه‌کاندا هێنار له‌ئاسیادا، هه‌تا له‌وڵاته‌ سه‌ربه‌خۆکانیشدا- ئیمپراتۆریه‌تی عوسمانی بۆ نموونه‌- گۆڕانکاریه‌ هونه‌ریه‌کان و دابه‌زینی تێچوونه‌کانی گواستنه‌وه‌ ئه‌م وڵاتانه‌ی گۆڕی بۆ وڵاتانی نوێی ناپه‌ره‌سه‌ندو. له‌ناوه‌ڕاستی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا، به‌وشێوه‌یه‌ بۆ گرفتی گه‌شه‌پێدانی ئابوری ئاسیایی ده‌ڕوانرا وه‌ك گرفتی نوێكردنه‌وه‌ی «کۆمه‌ڵگه‌ ته‌قلیدیه‌کان». له‌واقیعیشدا، ره‌وشی ئه‌م وڵاتانه‌ دوورتربوو له‌وه‌ی ته‌قلیدیی بێت، به‌ڵکو ره‌وشی په‌ره‌نه‌سه‌ندنی ئه‌م وڵاتانه‌ میراتی جیهانگیری و گه‌شه‌کردنی پیشه‌سازی بوو له‌ وڵاتانی خۆرئاوایی له‌سه‌ده‌ی نۆزده‌یه‌مدا.

### پیشه‌سازیه‌ نوێیه‌کان له‌ هندستان

ئایا ئه‌وه‌ قه‌ده‌ری هند بوو که‌ وه‌ك ده‌وڵه‌تێك بمێنێته‌وه‌ که‌متر په‌ره‌سه‌ندو بێت و ته‌نها به‌رهه‌مه‌ سه‌ره‌تاییه‌کان هه‌نارده‌ بکات و که‌ره‌سته‌ دروستکراوه‌کان هاورده‌ بکات، یان ئایا له‌دوای له‌ناوبردنی پیشه‌سازیه‌ ده‌ستییه‌کان، گه‌شه‌کردنێکی ئابوری به‌شوێنیدا دێت، به‌شێوه‌یه‌ك به‌سود وه‌رگرتن له‌ نزمی کرێی کارگه‌ری له‌ هندستان، کارگه‌ نوێیه‌کان بونیادده‌نرێن؟ مێژووی هندستان به‌ ئه‌زمونێك داده‌نرێت که‌ بایه‌خێکی هه‌ره‌ گه‌وره‌ی

هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، بەشێوەیەك لەهندستان تایبەتمەندیەکانی فەرمانڕەوایی بەریتانی و یاسای بەریتانی و بازرگانی ئازادی بەریتانی دەستەبەربوون. ئایا ئەمە سودی بە هندستان گەیاند یان زیان؟

هندستان بەهەندێك گەشەی ئابوریدا ڕۆیشت، کە خۆی لە سەرکەوتنە گەورەکانی هەردوو پیشەسازی کەتان و لۆکەدا بینیەوە، هەردوو پیشەسازیەکەش سودیان لە کارگەری هندی هەرزان بینی، وەبەرهێنە بەریتانیەکانیش گەشەپێکدانی کارگەکانی کەتانیان لە بەنگال پارەدارکرد، بەهاتنی جەنگی جیهانی یەکەمیش، ئەم پیشەسازیانە بوونە پیشەسازی هەرە گەورە لەجیهاندا، هەروەك چۆن هاوردەکانی لەزۆربەی بازاڕەکاندا بەسەر ڕکابەرە بەریتانیەکاندا زاڵبوون. هەروەها پیشەسازی لۆکە لە بۆمبابییش بووژایەوە، بەهاتنی ساڵی 1913 هند 360 هەزار تەن لە لۆکەی خاوی ساڵانە بەرهەم دەهێنا، واتە زیاتر لەوەی فەرەنسا بەرهەمی دەهێنا و کەمتر لەوەی ئەڵمانیا بەرهەمی دەهێنا، بەڵام کاریگەری ئەم سەرکەوتنانە زۆر کەم بوون لەسەر ئابوری نەتەوەیی، ژمارەی کرێکارەکان لە کارگەکانی لۆکەو کەتان گەیشتنە نیو ملیۆن کەس لەساڵی 1911، واتە زۆر کەمتر لە 1% لەتێکڕایی کارگەریی. بەڵکو ئابوری هندی بەپلەی یەکەم کشتوکاڵی مایەوە.

گەشەپێدانی پیشەسازی دەیخواست ئابوری لەو ریتمە دوربخرێتەوە کە بنەمای لەپێشیی بەراوردی دەیخواست. تێڕوانینی نەتەوەیی لەوەدا خۆی دەبینینەوە کە هندستان پێویستی بە سیاسەتەکانی گەشەپێدانی سەخت هەیە کە یارمەتی

وڵاتانی خۆرئاوایی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای دا بۆ ئەوەی بەهاوشانی بەریتانیا بگەنەوە، واتە سەپاندنی باجە گومرگیەکان، دامەزراندنی بانکە وەبەرهێنانیەکان، بەدیهاتنی گەشەی ناوخۆیی و بڵاوکردنەوەی فێرکردن.

ئەوەی زۆر مایەی سەرسامیە سەبارەت بە حوکمی داگیرکاری لەهندستان رادەی کەمیی رێژەی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، لە تێکڕایی ژمارەی دانیشتوانی هندستان تەنها1% دەچوون بۆ قوتابخانە، هەروەها رێژەی خوێندەواری لەنێوان کەسانی گەورەو پێگەیشتوودا رێژەی 6%ی تێ نەدەپەڕاند. باجە گومرگیەکان زۆر نزم بوون، تەنها بۆ دەستکەوتنی دەرامەتەکانی دەوڵەت دەسەپێنرا. هەروەك چۆن هیچ سیاسەتێکی بانکی بۆ پارەدارکردنی پیشەسازی بوونی نەبوو.

ئەو دەستپێشخەریانەی کە حکومەتی هندستان کردنی، رۆشنایی دەخاتە سەر رادەی کەمتەرخەمی سیاسەتەکانی. هەرێمەکانی وەك بنجاب ئاودانیان بۆ دەکرا بەمەبەستی زیادکردنی هەناردە کشتوکاڵیەکان، هەروەها هانی بونیادنانی هێڵی ئاسن دەدرا لەدوای شۆرشیساڵی 1857 بۆ بڵاوکردنەوەی هێزەکان بەهەموو ناوچەکانی وڵاتدا، هەروەها بۆ گەیاندنی ناوچە کشتوکاڵیەکانی ناوخۆ بە کەنار بۆ ئاسانکردنی هەناردەکردنی بەرهەمە سەرەتاییەکان. لەو ماوەیەداو پێش جەنگی جیهانی یەکەم، 61 هەزار کیلۆمەتر هێڵی ئاسن راکێشرا، ئەمەش یەکێك لەگەورەترین تۆڕەکانی هێڵی ئاسنی لەجیهاندا بەخشییە هند و هێڵەکانی ئاسن بوونە هۆی

دروستکردنی بازاڕێکی نەتەوەیی، بەشێوەیەك دەکرا بەنرخێکی کەم شمەکەکان بگەڕێنرێنە هەموو شوێنەکانی هندستان.

پێویستە وا سەیری بونیادنانی هێڵەکانی ئاسن بکرێت بەوپێیەی هەلێکە وسودی لێوەرنەگیراوە، پرۆژەکانی هێڵی ئاسن، پرۆژەگەلێکی زەبەلاح بوون پێویستیان بە هاوردەی نوێ هەبوو وەك شیشی پۆڵا و فارگۆنەکان، زۆربەی وڵاتانیش سوربوون لەسەر ئەوەی بونیادنانی ڕێگاکانی هێڵی ئاسن ببنە هۆی فراوان بوون یان دروستکردنی ئەم پیشەسازیانە، لەڕێگەی سەپاندنی باجە گومرگیەکان و پێداویستیەکانی هاوردەکردن بۆ گواستنەوەی شمەکەکان بۆ کۆمپانیا ناوخۆییەکان. لەبری ئەوە، حکومەتی داگیرکەر پێداگری لەسەر گواستنەوەی داواکاریەکانی کڕین کرد بۆ کۆمپانیا بەریتانیەکان، بەمەش هەناردەکانی بەریتانی لەبەرهەمە ئەندازەییەکان بۆ هند زیادی کرد، هندیش هیچ سودێکی لەوە وەرنەگرت، دامەزراندنی پیشەسازی ئەندازەیی و پیشەسازی ئاسن لەو وڵاتەدا هەتا سەدەی بیستەم دواکەوت.

هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان کارگەری کشتوکاڵی لەهندو پاکستان و بەنگلادیش زیاترن، وەك ڕەوشی وڵاتانی تری هەژار، بەڵام هەندێك وڵات کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا هەژاربوون، لەسەدەی بیستەمدا چوونە پێشەوە، لە ڕێگەی گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی سەخت بۆ گەشەپێدان، هەروەها لەڕێگەی ڕۆیشتن دورتر لەوە و جێبەجێکردنی نموونەی پاڵدانی بەهێزەوە، وەك دەیبینین.

# بەشی شەشەم
# هەردوو ئەمەریکاکە

پەیوەندیکردنی هەردوو ئەمەریکاکە بە ئابوری نێودەوڵەتیەوە، ئاکامێکی هەرە گەورەی لێکەوتەوە لەسەر هەردوو جیهانی کۆن و نوێ، کۆمەڵگەکانی دانیشتوانە رەسەنەکانی ئەمەریکا داڕووخان، شارستانیەتی ئەوروپی شوێنی شارستانیەتە رەسەنەکانی گرتەوە. ئەوروپای باکور بەرەو پیشەسازی رۆیشت، خودی دابەشبوونی هەردوو ئەمەریکاش نموونەیەکی زیندووە لەسەر دابەشبوونی جیهانی لەنێوان باکوری دەوڵەمەندو باشوری هەژاردا.

ئاراستەکانی گەشەکردنە جۆراوجۆرەکان لەئەمەریکای باکورو ئەمەریکای باشور، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆلۆنیالی، بەشێوەیەکی توند پەیوەست دەبێت بەهەردوو فاکتەری جوگرافیاو

دیمۆگرافیاوە. ئەمەریکای باشوری زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانە ڕەسەنەکانی لەخۆگرتکە مەزنترین سامانەکان کەوتبوونە ئەوێوە، هەروەها دورتریش بوو لەئەوروپاوە، ئەم جیاوازیانەش کەڵەکەبوون بوونە هۆی جیاوازی لەو داهاتەدا کە ئەمڕۆ دەیبینین.

فاکتەری شوێنی جوگرافیش گرنگ بوو، چونکە کاریگەری کردە سەر توانای بازرگانی لەگەڵ ئەوروپا. ڕەنگە بازرگانی بەسود یان زیان بەخش بێت بۆ گەشەی ئابوری. لەلایەکەوە، پیشەسازییە بەریتانییە هەرزانەکان بوونە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی دروستکردندا، لەلایەکی تریشەوە، بەشێوەیەکی گشتی هەناردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییە ناوخۆییەکان بەتوندی هانی سەقامگیربوونی دا لەسەر کشتوکاڵکردن، ئەمانەش کۆمەڵە فاکتەرێك بوون کە ڕەنگە ببنە وێستگەگەلێك بۆ گۆڕان بەرەو پیشەسازی لەدواتردا. لەمبارەیەوە، ئەمەریکای باکور زیاتر چانسی لەپێشیی هەبوو. یەکەم، ئەمەریکای باکور نزیکتربوو لەئەوروپاوە کە بازاڕی سەرەکی بوو بۆ هەناردەکانی داگیرگەکان، لەگەڵ بەرزبوونەوەی تێچوونی گواستنەوە، دانیشتوانی ئەمەریکای باکور دەتوانن کۆمەڵێکی گەورەتر لەبەرهەمەمان بەرهەم بهێنێت و هەناردەی بکات بەشێوەیەکی قازانج بەخش زیاتر لەدانیشتوانی ئەمەریکای باشور، جوگرافیای ناوخۆییش بۆ هەردوو ئەمەریکاکە پشتیوانی ئەم تایبەتمەندیەی کرد، بەشێوەیەك کەناری خۆرهەڵاتی ئەمەریکای باکور درێژو بەپیت بوو بەشێوەیەك بەس بوو بۆ پشتیوانیکردنی ئابوریەکی گەورە، هەروەك چۆن دەکرا لەرێگەی رووبارەکانی سانت لۆرانس و مۆهۆك و هدسۆن و میسیسیبیەوە بگەیتە قوڵایی کیشوەرەکە. لەبەرامبەریشدا. زۆربەی چالاکیە ئابوریەکان

لەئەمەریکای لاتین لەقوڵایی مەکسیك و ناوچەی چیای ئەندێز ئەنجام دەدرا. رووبارەکانکەنارەکان و هەرێمەکانی پێکەوە نەدەبەستەوە، پاشانیش تێچوونی هەناردەکردن بەرز بوون.

هەروەها هۆکاری دیموگرافییش، گرنگیەکی گەورەی هەبوو. ئەو کەشە هاوسەنگەی کە زاڵە بەسەر زۆربەی شوێنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەداو زۆربەی ناوچەکانی ئەمەریکای باشوردا لەڕووی تەندروستیەوە نەبووە مایەی هەڕەشە لەسەر ئەوروپیەکان، بەمەش ئەوروپیەکان سەقامگیر بوون خۆشگوزەران بوون لەم ناوچانەدا. لەبەرامبەردا، نەخۆشیەکانی ناوچە ناوەڕاست بوونە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی مردن لەنێوان ئەوروپیەکاندا لەناوچەکانی کاریبی و ئەمازۆن، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی رێژەی دانیشتوانە ئەوروپیەکان تێیدا.

دانیشتوانە رەسەنەکان بەشێوەیەکی نایەکسان دابەش ببوون بەسەر هەردوو ئەمەریکاکەدا. زۆربەی دانیشتوانە رەسەنەکان لەمەکسیك ژیان (21 ملیۆن). یان ئەندێز (12 ملیۆن)، لەبەرامبەردا تەنها 5 ملیۆن کەس لەدانیشتوانە رەسەنەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ژیان، تەنها 250 هەزارکەس لە سیانزە داگیرگە ئەسڵیەکەدا، جیاوازیش لەدابەشبوونی دانیشتوان رەنگدانەوەی سروشتی جوگرافیابوون. مەکسیك و پیرۆ نیشتمانی خۆراکە بنچینەییەکانی دانیشتوانە رەسەنەکان بوون وەك گەنمەشامی، پاقلەمەنی، کولەکە، پەتاتە و ..هتد. ئەم رووەکانە لە کێڵەگەکاندا دەڕوێنران کە پێشتر ئەمانە لەدەشتەکاندا دەڕوێنران، پاشانیش ئەم ژینگانە وایان لێهات بەتەواوی گونجاوبوون بۆیان. وێڕای ئەمەش، کشتیارەکان دەستیان بەچاندنی ئەم بەرووبوومانە کرد پێش ئەوەی هەر کەسێك لەشوێنەکانی تر

بیانڕوێنن. گەنمەشامی و پاقلەمەنیەکان- بۆ نموونە- پێش 4700 لە کێڵگەکاندا رووێنراون، پاشانیش هەلی 4200 ساڵ لەبەردەم دانیشتوانە رەسەنەکانی مەکسیکدا هەبوو هەتا ژمارەکەیان زیادبکات، پێش گەیشتنی کۆرتیس بۆ مەکسیك لەساڵی 1519. بەسروشتی حاڵیش، کشتوکاڵکردنی گەنمەشامی و پاقلەمەنیەکان و جۆرەکانی کولەکە بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبوونەوە، لەکاتێکدا پێویست بوو جینەکان و شێوازەکانی چاندیان، لەگەڵ ئەو ژینگە جیاوازانەدا بگونجێن کە تێیاندا دەچێنران، ئەمەش بووە هۆی سستی و خاوی لەبڵاوبونەوەیدا، بۆ نموونە، پێویست بوو وەرزی چاندنی گەنمەشامی لە 120-150 رۆژ کە ماوەی پێویستە بۆ چاندنی گەنمە شامی لەناوچەکانی هێڵی ناوەڕاست بۆ 100 رۆژ یان کەمتر لەو ناوچانەدا کە ساردترن، ئەمەش بەدی نەهات تەنها لەدەوروبەری ساڵی 1000 زایینیدا نەبێت. گەنمەشامی پێش ئەو بەرواره بەشێوەیەکی بەرفراوان لەهیچ شوێنێکی خۆرهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا نەچێنراوە، بۆیە کاتێکی زۆر بۆ دانیشتوانە رەسەنەکانی ئەمەریکای باکور نەڕەخسا بۆ ئەوەی ژمارەیان گەشە بکات پێش ئەوەی ئەوروپیەکان بێن بۆ کیشوەرەکە.

گەیشتنی ئەوروپییەکان بۆ هەردوو ئەمەریکا وەك کارەساتێك وابوو بەلای دانیشتوانە رەسەنەکانەوە. ژمارەی دانیشتوانە رەسەنەکان بە پێی یەکێك لە مەزندەکان گەیشتە 57 ملیۆن کەس لەساڵی 1500، بەهاتنی ساڵی 1750، ژمارەیان دابەزی بۆ 5 ملیۆن کەس. بەشێکی زۆری ئەم دابەزینە لەژمارەی دانیشتوانە رەسەنەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی نەخۆشیەکان، وەك نەخۆشی گەڕی، سورێژە، ئەنفلۆنزا

و تیفۆس، کە دانیشتوانە ڕەسەنەکان هیچ بەرگرییەك لە لەشیاندا لەدژی ئەم نەخۆشیانە نەبوو، بەڵام هۆکارەکانی تر دەگەڕێتەوە بۆ جەنگەکان و بەکۆیلەکردن و مامەڵەی خراپی ئەوروپییە نیشتەجێبووەکان لەگەڵیاندا.

هۆکارەکانی ئەم دابەزینەش لەژمارەدا- کە مەسەلەیەکی بڵاوبوو لەنێوان هەموو دانیشتوانە ڕەسەنەکاندا – لە ئەمەریکای باکور و باشور جیاوازبوو، ئەمەش لەبەر جیاوازی ژمارەی دانیشتوانەکان لەهەردوو کیشوەرەکەدا پێش گەیشتنی ئەوروپیەکان. لە مەکسیك، ژمارەی دانیشتوانە ڕەسەنەکان بەڕێژەیەك کە زیاتربوو لە 90% دابەزی و گەیشتنە کەمترین ژمارەیان لە بیستەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا، ئەویش 750 هەزار کەس بوو. ئەم ژمارەیەش هێشتا سێ هێندەی ژمارەی دانیشتوانە ڕەسەنەکان دەبێت لە کەناری خۆرهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێش گەیشتنی ئەوروپیەکان. لەناوچەی ئیندێزیش، ژمارەی دانیشتوانە ڕەسەنەکان دابەزی تا گەیشتە کەمتر لە 600 هەزار کەس، دوای بڵاوبونەوەی پەتا لەنێوان ساڵانی 1718و 1820. ژمارەی دانیشتوانە ڕەسەنەکانیش لە مەکسیك زیادی کرد لەدوای پەنجاکانی سەدەی حەڤدەهەم و گەیشتە 3.5 ملیۆن کەس لەساڵی 1800، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانە ڕەسەنەکان لەناوچەی ئەندێز گەیشتە 2 ملیۆن کەس. سەرەڕای کۆچی ئیسپانیش لەماوەی سێ سەدەکانی ڕابردودا، دانیشتوانە ڕەسەنەکان سێ لەسەر پێنجی تێکڕای ژمارەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا لەو ناوچانەدا، هەروەها ڕێژەی دانیشتوانەکان لەڕەگەزە تێکەڵەکان گەیشتە پێنج یەکی تێکڕای ژمارەی دانیشتوان، بەڵام پێنج یەکەکەی تر ئەوا بریتی بوون لە

دەوڵەمەندە پێست سپییەکان ئەوانەی کەوادەستیان بەسەر ئەو داگیرگانەدا گرتبوو. ئەم پەیکەرە رەگەزی و ئابوریەش لەمەودای درێژدا پاشهاتی نەرێنی لەسەر گەشەکردن لەخۆگرتبوو.

رەوشەکە لە ئەمەریکای باکور جیاوازبوو، ئەویش بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوانە رەسەنەکان لەکاتی هاتنی ئەوروپییەکاندا. ژمارەی دانیشتوانە رەسەنەکان کەوا ژمارەیان گەیشتە چارەکە ملیۆنێك دانیشتوان لەکەناری خۆرهەڵاتدا لەساڵی 1500، دابەزی بۆ 14697 کەس لەساڵی 1860، کاتێك لەچوارچێوەی ئاماری فەرمی ئەمەریکادا بۆ دانیشتوان بۆ یەکەمجار سەرژمێریان کرا، زۆربەی هەرە زۆری ئەم دابەزینە لەژمارەی دانیشتوانە رەسەنەکاندا لەسەدەی حەڤدەهەمدا روویدا، بەڵکو زۆرجار ئەوە پێش پرۆسەی داگیرکاری ئەوروپی بووە. پێش گەیشتنی هاوڵاتیە بەراییەکان بۆ ماساچوست لەساڵی 1620 ژمارەیەك پەتا بڵاوبونەوە لەنێوان ساڵانی 1617و1619،نیشتەجێ بەراییەکانیش ئەمەیان بە بەخششێك دەزانی لەلایەن خواوە بۆ ئەوان: « هەتا ئێستا خوای هاتنی ئێمەی بۆ ئێرە پیرۆز کردووە.. لەرێگەی سڕینەوەی ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانە رەسەنەکان... پێش گەیشتنی ئێمە بۆ ئەوێ، بەشێوەیەك بواری مانەوەی ئێمە فەراهەم دەبێت». پەنجا ساڵیش لە جەنگەکان ئەوەی تر کە مابوونەوە لە دانیشتوانە رەسەنەکان لەناوچوون. بەرزیی تێکڕایی مردنەکان لەنێوان دانیشتوانە رەسەنەکان و دابەزینی مردنەکان لەنێوان نیشتەجێبووەکاندا واتە داگیرگە ئەمەریکیەکان بەخێراییەکی زۆر بوونەتە شوێنێکی بەدیل بۆ ئینگلتەرا. هەڵاوێردەی هەرە دیاریش لەم گشتاندنەدا بریتی بوو لە داگیرگە باشوریەکان لەویلایەتە یەکگرتوەکان، کە ئەوروپییەکان کۆیلە ئەفریقیەکانیان

بۆ ئەنجامدانی کارە قورسەکان هاورد، بەڵام بوونی دانیشتوانە ڕەسەنەکان کاری نەکردە سەر گەشەکردنی ئەمەریکای باکور وەك ئەوەی لە باشوری ڕووباری ڕیۆ گراندی هەبوو.

## ئابوریی کۆڵۆنیاڵەکان لە ئەمەریکای باکوور

نیشتەجێکردن بە بابەتی سەرەکی دادەنرێت لەمێژووی داگیرکاری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. پاڵنەری هەندێك لە نیشتەجێبوونەکانیش- بەتایبەتی لە ویلایەتی نیوئینگلاند- خۆی دەبینیەوە لە ئارەزویان بۆ بەرپاکردنی حوکمێکی ئایینی تایبەت بەخۆیان، لەبری گوێگرتن بۆ هەژموونی بیروباوەڕێکی تر، بەڵام هاندەری سەرەکی بۆ زۆربەی نیشتەجێبووەکان بریتی بوو لەدەستکەوتی ئابوری، بەڵکو بەریتانیەکان پێشبینیاندەکرد هەمان ئاستی گوزەران بەدەستبێنن لە ماساچوست کە دەیانتوانی لە ئینگلتەرادا بەدی بهێنن.

نیشتەجێکردن و هەناردەکردن بەشێوەیەکی توندوتۆڵ لە ئەمەریکای باکور، لەکاتی داگیرکاری بەریتانیدا پێکەوە پەیوەست بوون. زانای ئابوری کەنەدی هارۆڵد ئینس، ڕۆشنایی خستۆتە سەر ئەم پەیوەندییە لە ڕێگەی «نامەی شمەکە بنچینەییەکان»ەوە، کە دەڵێت گەشەکردنی هەرێمێکی وەك کەنەدا، گەشەکردنی هەناردەکانی دیاری دەکات- کە خۆی دەبینێتەوە لە ماسی، فەروو، تەختە-دا بۆ ئەوروپا. فرۆشتنەکانی ئەم بەرهەمانەش پارەی پێویستی دەستەبەرکرد بۆکڕینی شمەکە دروستکراوەکان، وەك قوماش، کەرەستە، قاپوقاچاخی گڵینی، کتێب و هەتاد. ئەم بەرهەمانەش لەبەریتانیاوە هاوردە دەکران، لەبری بەرهەمێنانیان

لەداگیرگەکەدا، لەوکاتەدا پیشەسازییەکانی بەریتانیا مەزن بوون و ئابوریەکی قەبارە هەرە گەورەیان بەدیهێنا، ئەمەش مانای بەرهەمهێنانی بەشێوەیەکی زیاتر کارا دەگەیاند لەچاو کۆمپانیا بچوکەکانی داگیرگەکان. « کشتیارەکان پێیانوایە لەبەرژەوەندی ئەوانە ئاژەڵ بگۆڕنەوە بە گەنمەشامی و جلوبەرگ، لەبری ئەوەی خۆیان ئەو جلوبەرگانە درووست بکەن.» یاساکانی کەشتیوانی بەریتانیاش رێگریانکرد لەوەی هۆڵەندیەکان و فەرەنسیەکان پێداویستیەکانی داگیرگەکان هاوردە بکەن.

داگیرگەکانی شمەکە بنچینەییەکان سێ تایبەتمەندیان لەخۆدەگرت: یەکەم: نرخی شمەکە بنچینەییەکان لە داگیرگەدا کەمتربوو لەنرخەکەی لەئەوروپا بەبڕێك یەکسان بوو بەتێچوونی گواستنەوە، نرخەکانیش لەهەردوو بازاڕدا پێکەوە لە هەڵکشان و داکشان دابوون: بەشێوەیەك بازرگانی پەیوەستی دەکردن پێکەوە. دووەم: هەناردەکان بەشێکی گەورەیان لە داهاتی داگیرەگەکان پێکدەهێنا، لەکاتێکدا باقی داهاتەکەی لە رێگەی خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانیەوە دەهات. سێیەم: دەرامەتەکانی نیشتەجێبووەکان و سەرمایەکانیان لە داگیرگەکاندا، دەرامەتەکانی لەئەوروپا تێپەڕاند بەرێژەیەك کە تێچوون و مەترسیەکانی گواستنەوەی بۆ داگیرگەکان پڕدەکردەوە.

داگیرکاری پەنسلڤانیاش ئەم بنەمایە روونەدەکاتەوە، داگیرکاری پەنسلڤانیا لە ساڵی 1681دامەزرا، ئەم داگیرگەیە شیاوبوو بۆ کشتوکاڵی گەنم کە بووە شمەکی سەرەکی. هەناردەکانی پەنسلڤانیاشرکابەری کرد لەگەڵ بەرهەمی ئیرلەندی، ئینگلیزی لەهندی خۆرئاوایی، ئایبیریا و دورگە بەریتانیەکان، لەئەنجامی ئەمەش، نرخەکان لە فیلادلفیا و لەندەن پێکەوە

بەشێوەی بەرزبوونەوە دابەزین جوڵەیان کرد. ئەم هاوکاتیەش لەشێوەی 6-1دا دەردەکەوێت. جەنگی حەوت ساڵە (1756-1763) و شۆڕشی ئەمەریکی (1776-1783)، وەك هەڵاوێردەیەك وابوون، بەشێوەیەك لەو ماوانەدا بازرگانی بەتوندی کەوتە ژێر کاریگەریەوە، پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان نرخەکان داڕمان. جگە لە گەنم و ئارد، داگیرکاری پەنسلڤانیا بەرهەمەکانی تەختە، کەشتی، ئاسن و پۆتاش(Potash) هەناردە دەکرد، هەروەها زیادەیەکی لە دراوی قورس بەدیهێنا لە کەشتیگەلە دەریاییە بازرگانیەکەی. هەناردەکان گرنگ بوون بۆ ئابوری داگیرگەکە و لە ساڵی 1770 گەیشتە نزیکەی 30% لەتێکڕایی بەرهەمهێنانی، دراوی قورس کە بەدیهاتبوو لە رێگەی فرۆشتنی ئەم بەرهەمانەوە بەکاردەهات لەکڕینی بەرهەمە بەکاربەرییە ئینگلیزیەکاندا.

ئابوری کەوا گەشەیەکی بەرچاوی بەدیدەهێنا، ژمارەی زیاتر لە کارگەرە ئەوروپیەکانی راکێشا. لەسەدەی هەژدەیەمدا، نرخە راستەقینەکان لە فیلادلفیا بەهەمان ئاڕاستەی کرێیەکاندا رۆیشت لەئینگلتەرادا، بەڵام لەسەر ئاستێکی بەرزتر بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی کە دەهاتن و لەناوچە نائاوەدان و دوورەکاندا نیشتەجێ دەبوون (شێوەی 2-6). ئینگلتەراو داگیرگەکانی لە ئەمەریکای باکور شوێنی بوژاوەبوون، بەشێوەیەك کرێیەکان تێیدا گەیشتنە چوار بۆ پێنج هێندە زیاتر لە کەمترین رادە بۆ پێداویستیەکانی ژیان، بە بەراورد بەهەندێك شار وەك فلۆرەنسا کە تێیدا بەکۆتاییهاتنی سەدەی هەژدەیەم کرێیەکان دابەزین بۆ کەمترین رادە لە پێداویستیەکانی ژیان.

بەجێگەیاندنی ئابوریش لەنیوئینگڵاند کەمتر رازیکەربوون، وەك ئەوەی شێوەی 6-2 روونیدەکاتەوە. لە بەراییەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە، کرێیەکان لە ماساچوست هاوشێوەی کرێیەکان بوون لە لەندەن، بەڵام کەمتر لە پەنسلڤانیا. سەرەڕای ئەوەش کە ماساچوست هەڵگری پێگەیەکی سیمبولییە بەپێی تێڕوانینە میللیەکان لە مێژووی ئەمەریکادا، بەڵام ئابوری داگیرگەکە ناسەقامگیربوو، بەهۆی نەبوونی شمەکە کشتوکاڵییە بنچینەییەکانەوە. بازرگانی هەناردەکردنی ماسی، وڵاخ، زەیتی نەهەنگ، بەرهەمەکانی تەختە و لەناویشدا کەشتییەکان دامەزران، هەروەها هاوڵاتیانی نیوئیگڵاند پیشەسازی گەورەیان دامەزراند بۆ بونیادنانی کەشتەیەکان کە قازانجێکی زۆری دەرەکی پەیداکرد، بازرگانە ئینگلیزەکانی بێزارکرد، چونکە رکابەری نیشتمانی دایکیانی دەکرد. ئەم چالاکیانەش بەخێرایی فراوان نەبوون، بۆیە خواست لەسەر کارگەری لە نیوئینگڵاند زیادی کرد.

**شێوەی 6-1 نرخی گەنم**



بەشێوەیەکی سستر لە زیادەی سروشتی لەدانیشتواندا. لەسەر ئەمەش، کرێیەکان دابەزین سەرەڕای زیادبوون لە کۆچکردنی دانیشتوان لێیەوە.

لەکاتێکدا نامەی شمەکە بنچینەییەکان پەرەی پێدرا بۆ راڤەکردنی گەشەیداگیرکاری کەنەدا، داگیرگەکانی شەکریش لەناوچەی کاریبی بەباشترین نموونە دادەنرێت لەمبارەیەوە. ئەوروپییەکان بۆ یەکەمجار لەکاتی جەنگی خاچپەرستەکان بۆ سەر فەلەستین شەکریان دۆزیەوە، دوای دەرکردنیشیان لەوڵات، بەرهەمهێنانی شەکر گوازرایەوە بۆ قوبرس، لەکۆتاییشدا چاندنی گوازرایەوە بۆ دورگەکان لە زەریای ئەتڵەنتی. داگیرکردنی پورتوگالیەکانیش بۆ ساو تومیە لەساڵی 1485، خاڵێکی وەرچەرخان بوو، بەشێوەیەك پورتوگالیەکان دەستیان بە کوشتوکاڵ کرد لەپانتاییەکی فراوانی ئەو زەویانەدا، کەوا کۆیلە ئەفەریقیەکان کاریان دەکرد. ئەم



سیستمی کشتوکاڵکردنەش دواتر گوازرایەوە بۆ بەرازیل و ناوچەی کاریبی، کە توانای خۆی سەلماند لەبەدیهێنانی قازانجێکی فرەو زۆردا.

لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا، دورگەکانی بربادوس، جامایکا، کوبا و سانت دومینگو (هایتی ئێستا) لەناو ئەو ناوچانەدا بوون کە زیاتر دەوڵەمەندبوون لەجیهاندا.

داگیرگەکانی کاریبی شەکر و بەروبومی تریان دەچاند وەك قاوە، پاشان بەرهەمەکانی هەناردە دەکرد بۆ ئەوروپا. وەبەرهێنەرە ئەوروپیەکانیش سەرمایەی پێویستیان فەراهەم دەکرد، کۆیلە ئەفەریقیەکانیش دەستی کاری پێویستیان دابین دەکرد. ڕێژەکانی مردنیش لەکێڵگەکانی شەکردا زۆر بەرز بوو، نرخی کۆیلە نوێیەکانیش زۆر هەرزان بوو، بەشێوەیەك ژمارەی کۆیلەکان زیاد دەکران بە کڕینیان نەك لەڕێگەی زیادکردنیان بەهۆی زاوزێکردنەوە. بۆ نموونە، چوار ملیۆن کۆیلە نێردراوە بۆ هندی خۆرئاوای بەریتانیا، بەڵام لەکاتی ئازادکردنیان لە ساڵی 1832، تەنیا 400 هەزاریان مابوونەوە. قەوارەی هەناردەکان، قەبارەی ئابوری داگیرکەکانی دیاری دەکرد. لە جامایکا لەساڵی 1832- بۆ نموونە- هەناردەکانی شەکر و قاوە و بەرهەمەکانی تری ناوچەکانی هێڵی ناوەڕاست ڕێژەی 41%ی داهاتی داگیرگەکەیان پێکدەهێنا، بەڵام باقی داهاتی داگیرگەکە لە ڕێگەی چالاکیەکانی پشتیوانی کێڵگەکانەوە فەراهەم دەبوو (بەرهەمهێنانی خۆراك بۆ کۆیلەکان، پێداویستیەکانی تر، بارکردن، خزمەتگوزاریەکانی گواستنەوە،

دەستەبەرکردنی هێزەکانی سەپاندنی رژێم و جێبەجێکردنی یاسا، فەراهەمکردنی شوێن بۆ کارگەریی یاریدەدەر)، یان لەرێگەی خەرجییە بەکاربەریەکان بۆ خاوەنانی کێڵگەکان بۆ خزمەتکردن لە ماڵەکان یان گوندەکاندا. خەرجیەکانی خاوەن کێڵگەکانیش لەداگیرگەدا رێژەیەکی زۆر کەم لەداهاتەکانیانی پێکدەهێنا، بەڵکو زۆربەی دەچوو بۆ بەریتانیا لەبری ئەوەی لەجامایکا وەبەربهێنرێت.

چەندین خەسڵەتی داگیرگەکانی ناوچەی کاریبی لە داگیرگەکانی باشوردا دوبارەبوونەوە، کە دواتر بوونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. باشور شمەکە بنچینەییە بە بەهاکانی لەخۆدەگرت وەك برنج و رووەکی نیلە لە داگیرکاری کارولینای باشور. توتن لە ڤێرجینیا و میریلاند. ئەم بەروبومانەش لەو کێڵگانەدا دەڕوێنران کە پێشترخزمەتکارە ئینگلیزە گرێبەستکارەکان کاریان تێدا دەکرد، پاشان کۆیلە ئەفەریقیەکان شوێنیان گرتنەوە. باشور زۆر دەوڵەمەندتر بوو لە داگیرگەکانی باکور، هەروەك چۆن ژمارەیەکی زیاتری نیشتەجێبووەکانی لە خۆدەگرت و زۆربەی هەرە زۆری کۆیلەکان روویان تێدەکرد.

بۆ نموونە، نیشتەجێکردنیداگیرکاری کارۆلینای باشور بۆ جاری یەکەم لەساڵی 1670دا بوو، بەڵام نیشتەجێبووەکان هیچ شمەکێکیان نەبوو شیاوبێت بۆ بازاڕی ئەوروپی جگە لە هەندێك جۆری چەرم نەبێت کەوا کڕیبویان لە دانیشتونە رەسەنە هندیەکان، کەمێك لەپووچی برنك، کە پێ ئەو

کەشتیانەیان پڕدەکرد کە چەرمی دەگواستەوە بۆ لەندەن.»
لەدەیەکانی دواتردا، ئەو نیشتەجێبووانە بەدوای شمەکێکی بنچینەییدا دەگەڕان، لە کۆتایشدا، ڕێگەی خۆیان لەکشتوکاڵی برنجدا دۆزیەوە. هەناردەکان لە 69 ڕەتەڵەوە بۆ هەر تاکێك لەساڵی 1700 بەرزبوەوە بۆ 900 ڕەتڵ لە ساڵی 1740، هەروەك چۆن هاوردەی کۆیلەکان ساڵانە لە 272 بەرزبوەوە بۆ 2000. هەروەك چۆن ڕێژەکانی ئەزمونکردن لەشێوازەکانی کشتوکاڵدا لەبەرهەمهێنانی زەوی و کرێکارەکان وەك یەك بەڕێژەی نیوە بەرزبوەوە. بونیادنانی کۆمەڵایەتی نزیکبوەوە لەناوچە کەناریەکاندا- کە برنجیان دەچاند- لە دورگەکانی کشتوکاڵکردنی شەکر لە کاریبی، هەناردەکان زیاتر لە 30% دەخستە سەر تێکڕایی داهاتی ناوچە کەناریەکان، ئابوریش پشتی بە برنج دەبەست وەك چۆن ئابوری جامایکا پشتی بە شەکر دەبەست، وای لێهات زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوان لە ئەفەریقیەکان بوون.

ژمارەی دانیشتوانە سپی پێستەکان پاشەکشەیان کرد- کە نمایشی نیوەی ژمارەی دانیشتوانیان دەکرد لە باشور- بۆ ناوچەکانی ناوەوە کە کێڵگە خێزانیەکان تێیدا بڵاوبوەوە. سەرەڕای ئەوەی ئەم خێزانانەشئەوەندەیان دەچاند کە دەیانخوارد، بەڵام دورتربوو لەوەی بۆ بەدیهێنانی بەسبوونی خودیی بێت، بەڵکو ئەم کێڵگانە بەشی کێڵگەکانی تریاندەدا لەبرنج، خاوەنەکانیان داهاتی ئەمەیان لەکڕینی قوماشی ئینگلیزی و شمەکی بەکاربەریی تردا خەرج دەکردەوە.

هەردوو داگیرکاری ڤێرجینیا و میریلاندیش بەشێوەیەکی هاوشێوە پشتیان بە توتن دەبەست وەك بەرهەمێکی هەناردەی بنچینەیی.

داگیرگە بەریتانیەکان لەنێوان خۆیاندا بەشێوەیەکی گەورە جیاوازبوو لەڕووی نەبوونی یەکسانی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە. هەردوو داگیرکاری نیوئینگلاند و هەرێمی ئەتڵەسی ناوەڕاست زیاتر یەکسانی تێدا هەبوو، هەندێك کۆیلەیان تێدا هەبوو، بەڵام کۆیلایەتی گرنگ نەبوو لەبواری کشتوکاڵدا، نەك لەبەر هەر ڕێگرێکی ئەخلاقی یان لەبەر هۆکارگەلێکی هونەر، بەڵکو لەبەرئەوەی کۆیلەکان داهاتێکیان بەدەست نەدەهێنا بەس بێت بۆ پڕکردنەوەی تێچونی بەکارهێنانەکانیا. بەهۆی زۆری نرخەکانیشەوە وایکرد دەستبەرکردنی زەوی کەم بێت، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت زۆربەی داهاتەکان لەشێوەی کرێدا بوون، کە وەك پێویست بەشێوەیەکی فراوان دابەش دەکران. داگیرگەکانی کاریبی بەپێچەوانەی ئەمەوە بوون، بەشێوەیەك زۆربەی دانیشتوانەکان کۆیلە بوون، نایەکسانیش لەدیارترین شێوەیدا ئامادەبوو. داگیرگەکانی باشوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نمایشی ڕەوشێکی مامناوەندیان دەکرد لەنێوان نایەکسانی لەکێڵەگەکان و یەکسانیەك کە لای کشتیارەکان دەردەکەوت لەشێوەیەکی بچووك و لەسەر سنور.

هەرچۆنێك بێت، ئابوریەکانی داگیرگە ئەمەریکیەکانی باکور لە یەك خەسڵەتدا هاوبەش بوون کە وەك

نیشانەیەکی ئەرێنی وابوو بۆ ئایندەی، ئەویش ئەوەبوو کە نیشتەجێبووەکان خوێندنەوە و نوسینیان دەزانی کە بەلانی کەمەوە نزیکدەبوەوە لە ئاستە بەرزەکانی ئینگلتەرا کە لوتکەی خشتەی جیهانی داگیردەکرد (خشتەی 2-2). بەهاتنی شۆڕشی ئەمەریکیش، 70% لەپیاوانی ئازاد لەڤێرجینیا و پەنسلڤانیا دەیانتوانی ناوی خۆیان بنوسن، بە بەراورد بەرێژەی 65% لەئینگلتەرا لەهەمان ماوەدا، لەنیوئینگلاند، رێژەکە نزیکبوەوە لە 90% ئەویش ئەو رێژەیەیە کە بەدیهات لەرێگەی بونیادنانی قوتابخانە حکومیەکان و سەپاندنی خوێندنی زۆرەملێییە.

بۆچی زانینی خوێندنەوە و نوسین لەناو داگیرگەکاندا بەرزبوو؟ لەبەر هەمان هۆ کەوا بەهۆیەوە لە ئینگلتەراش بەرزبوو، ئەویش بریتییە لە سودی ئابوری. ئاستی گوزەرانی نیشتەجێبووەکان پشتی دەبەست بە بازرگانی و بازاڕە دەرەکیەکانیش جەخت لە گرنگی کارامەیی خوێندنەوە و نوسین و ژمێریاری دەکاتەوە، ئەمەش بەکەڵك دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی. هەروەك چۆن سیستمی یاسایی وای لە زانینی خوێندنەوە و نوسین کرد بەهایەکی گەورەی هەبێت، لەبەرئەوەی گرێبەست و بەڵگەنامەکانی خاوەندارێتی زەویەکان، بەڵگەنامەی نوسراو بوون.

لەوانەشە ئارەزووی (پیۆریتانییەکان- Puritanism) لەخوێندنەوەی کتێبی پیرۆز رۆڵی گێڕابێت لەوەی رێژەی زانینی خوێندنەوە و نوسین لە داگیرگەکانی ماساچوست بەرزبێتەوە

بۆ رێژەیەك بەرزتر لەهاوتاكانی لە ئینگلتەرا یان پەنسلڤانیا، ئەمە لەکاتێکدا پشت بەستنی ئابوریەکانیان بە بازرگانی و بارکردن بوو بووە هاندەرێکی ئابوری بەهێز بۆ فێرکردن.

### ئابوری کۆلۆنیاڵەکان لەئەمەریکای لاتین

چەند ناوچەیەکی جیاواز لە ئەمەریکای لاتین بەئاڕاستەیەکی جیاوازدا ڕۆیشتن لەوەی کە دواتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرتیەبەر، ئەمە لەکاتێکدا هیچ کامێکیان ئەو سەرکەوتنەی بەدی نەهێنا کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدیهێنا. پێویستیشە جیاوازی بکەین لەنێوان: (1) ناوچەی کاریبی و بەڕازیل، (2) قوچەکی باشور (ئەرجەنتین و چیلی و ئۆرۆگوای)، (3) مەکسیك و ناوچەی ئەندێز.

لە سەرەوە باسمان لەئابوریەکانی ناوچەی کاریبی کرد، پەرەسەندنی هاوشێوەی ئەمەش لەبەرازیل رووی دا، ئەگەرچی ئەمە لەچێوەیەکی فراوانتردا قەبارەکەی گەورەتر کرد. بەرازیل هێندەی پێویست بێت نزیکبوو لە ئەوروپاوە بۆ هەناردەکردنی شەکر بۆی، ئەمەش ئەو بەرهەمەبوو کە پورتوگالیەکان لە ساو تۆمیەوە هێنابوویان لەسەدەی شانزەهەمدا. لەسەرەتاوە، دانیشتوانە رەسەنەکانی ئەمەریکا لەگەڵ کۆیلەکان لە کێڵگەکاندا کاریان دەکرد، پاشان زۆری نەبرد ئەفەریقیەکان جێگایان گرتنەوە، بووژانەوەی یەکەمیش بۆ بازرگانی شمەکی بنچینەیی دەستی پێکرد. لەنێوان ساڵانی 1580و 1660،

هەردوو وڵاتی پورتوگال و ئیسپانیا یەکیان گرت، جەنگی هۆڵەنداش لەدژی ئیسپانیا سەریکێشایە پورتوگال، ساڵی 1630 بۆ 1654، هۆڵەندیەکان بیرنامبۆکۆیان داگیرکرد- کە ناوچەی بەرهەمهێنانی شەکر بوو لەبەرازیل. کاتێکیش کە هۆڵەندیەکان رۆیشتن، لەگەڵ خۆیاندا زانیاری چۆنیەتی بەرهەمهێنانی شەکریشیان برد، پاشان دوای ئەوە ناشتنی لەناوچەی کاریبی هات. بەرهەمهێنەکان لەکاریبی نزیکتربوون لەئەوروپاوە، بۆیە دەیانتوانی بەرهەمەکانیان بەنرخێکی کەمتر پێشکەش بکەن لەچاو رکابەرەکانیان لە بەرازیل، بەمەش نرخی شەکر لەئەمستردام لە سێ لەسەر چواری گیوڵدەر- Guilder(دراوی هۆڵەندی)بۆ هەر پاوەنێك لە ساڵی 1589 دابەزی بۆ چارەکی گیوڵدەرێك لەساڵی 1688. هەر بۆیە کشتیاری بەرازیلی لەسایەی ئەم نرخەدا نەیدەتوانی رکابەری بکات، بەمەش چاخی بووژانەوەی چاندنی شەکر لە بەرازیل کۆتاییهات. مێژووی ئابوری بەرازیل پێکدێت لەم سێ سەدەیە لە ماوەکانی بوژانەوەی شمەکە بنچینەییەکان یەك بەدوای یەکدا، لە ئاڵتون (لەبەراییەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە)، بۆ قاوە (1840-1930)، بۆ (لاستیك) (1879-1912)، لەهەر حاڵەتێکیشدا یەکێك لەو بەرهەمانە بۆ ئەوروپا باردەکران، کۆیلە یان نیشتەجێ دەهێنران بۆ کشتوکاڵکردن. لەسەر شێوەی چاندنی شەکر لەکاریبی- بەپێچەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا - ماوەکانی بووژانەوەی شمەکە بنچینەییەکان لەبەرازیل نەگۆڕا بۆ گەشەیەکی ئابوری نوێ. بۆچی؟

قوچەك باشوری ئەمەریكای باشور، هاوشێوەی ئەمەریكای باكور بوو لەبوونی ژمارەیەكی كەم لە دانیشتوانە رەسەنەكان كە نەخۆشی و جەنگەكان و خراپی مامەڵەی نیشتوجێبووە ئەوروپییەكان لەناوی بردن، ناوچەی بامباس دەیتوانی گۆشتی مانگاو گەنم بەرهەم بهێنێت بەهەمان توانستیداگیركاری پەنسلڤانیا، لە كاتێكدا ئەرجەنتین زۆر دووربوو لەئەوروپاوە، بەشێوەیەك لەماوەی داگیركاریدا ئەوە بەكەڵك نەبوو. تاكە شتێك كە ئەرجەنتین توانی بیكات بریتی بوو لەمومارەسەكردنی بازرگانی هەناردەكانی چەرم لەچێوەیەكی سنورداردا، چیلیش زیاتر لەئەرجەنتین دووربوو لەئەوروپاوە. مێژووی ئابوری راستەقینەی ئەم وڵاتانە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا دەست پێدەكات، كاتێك كەشتیەكان پەرەیان پێدرا بەشێوەیەك كە وایكرد هەناردەكانیان بتوانن لەئەوروپادا ركابەری بكەن.

گرنگترین داگیرگەكانی ئیسپانیاش بریتی بوون لە مەكسیك و ئەندێز،داگیركەریش سیماكانی مێژووی ئەم داگیرگانەی كێشا. لەكاتێكدا نیشتەجێبوەكان لەئەمەریكای باكور دانیشتوانە رەسەنەكانیان دۆزیەوە كە شێوازگەلێكی كشتوكاڵیان بەكاردەهێنا، پشتی بەسوتاندن و بڕینی داری دارستانەكان دەبەست بۆ بونیادنانی كێڵگەكانی كشتوكاڵ لەو ناوچانەدا كە بەتەواوەتی چۆڵ بوون و هیچ دانیشتوانێكی لێ نەبوو، ئیسپانیەكان ژمارەیەكی چڕ لەدانیشتوان، شاری مەزن، پیشەسازی، كشتوكاڵ، دامەزراوەی سیاسی و ئایینی قوچەكیان دۆزیەوە بەهەمان ئەو رادەیەی كە ئیسپانیا جێبەجێی دەكات،

هەروەها بڕێکی زۆر لە ئاڵتون و زیو. «داگیرکەرە ئیسپانەکان» فەرمانڕەواکانی هەردوو شانشینی ئەزتك و ئینکایان لەدەسەڵات داماڵی و تەختەکانیان داگیر کردن، پاشان کانەکانی ئاڵتون و زیو تاڵانکران، بیروباوەڕە ئاینیە ناوچەییەکانیان چەوساندنەوە و کتێبەکانیان سوتاند، کاسۆلیکیەت شوێنی گرتەوە. هەروەها پێگەی دانیشتوانە رەسەنەکان لەق بوو بەشێوەیەك بوونە کۆیلەیەکی خزمەتکار کە تەنها مەبەست لەبوونی خزمەتکردنی داگیرکەرانە. سەدان هەزار ئیسپانی کۆچیان کرد بۆ ئەمەریکا بە هیوای ئەوەی لەوێ سامان بەدەست بێنن.

فەرمانڕەواکانی ئەزتك و ئینکا هاوڵاتیەکانی خۆیان دەچەوساندنەوە و سەرانەیان لێدەسەندن و لەکارە جۆراوجۆەکاندا بەکاریان دەهێنان، ئیسپانیەکانیش لەسەر هەمان پەیڕەوی ئەمان رۆیشتن. کرێی دانیشتوانە رەسەنەکان زۆر کەم بوو، لە سیەکانی سەدەی شانزەهەمدا، کرێکارێکی مەکسیکی لەدانیشتوانە رەسەنەکان کە بە بەردەوامی کاری دەکرد تەنها دەیتوانی چارەکی خەرجی نزمترین ئاست لە سەبەتەی شمەکە بنچینەییەکان پەیدا بکات (شێوە 6-3)، ئەوەش بەس نەبوو بۆ بەخێوکردنی خێزان. بەزاندنەکانیش بەشێوەیەك قورس بوون وای لەتاجی ئیسپانی کرد بەکۆیلەکردنی دانیشتوانە رەسەنەکان یاساغ بکات، یان سنورێك بۆ دەسەڵاتی داگیرکەرەکان دابنێت.

لەم ماوەیەدا، کۆمەڵگەکانی دانیشتوانە رەسەنەکان دارمان، بەڵام ئەوەندەیان لێمایەوە کە بەس بێت بۆ ئەوەی بەردەوامی سودلێوەرگرتن و بەکارهێنانیان بەکەڵك بێت، کارپێکردنی زۆرەملێییش یەکێك بوو لەو ستراتیژیانە لەوکاتەدا دەگیرایەبەر.

لە حەفتاکانی سەدەی شازدەیەمدا، سیستمی «میتا» سەرلەنوێ زیندوکرایەوە- کە سیستمێك بوو بۆ بێگار و لەسەردەمی ئینکادا کاری پێدەکرا- بۆ دەستەبەرکردنی کرێکار بۆ کانەکانی زیو لە بۆتۆسی، مەکسیك پەیڕەوی سیستمەکانی پێشووی ئەزتکی پەیڕەوکرد لە وێنەی کارگەری زۆرەملێی تایبەت بەخۆی کە پێی دەوترا « ربرتیمنتۆ». تاجی ئیسپانیش زەویە نائاوەدانەکانی بەخشییە ئیسپانیەکان. بەمشێوەیە بەهاتنی بەراییەکانی سەدەی حەڤدەهەم، ئیسپانە دەوڵەمەندەکان دەستیانگرت بەسەر زیاتر لەنیوەی زەوییە کشتوکاڵیەکانی دۆڵی مەکسیك، باقی زەویەکانیش بوونە موڵکی کۆمەڵی هۆزە ناوچەییەکان کە بەشێوەی ناجێگیرو جێگۆڕکێ کشتوکاڵیان دەکرد، بەڵام لە داگیرگەکانی ئەمەریکای باکوردا هیچ نموونەیەکی هاوشێوەی گروپە گەورەکانی دانیشتوانە رەسەنەکان بەدیار نەکەوت کە بەشێوەی کۆمەڵی زەویان هەبێت.




**شێوەی 6-3: کرێی کارگەری ناچالاك لە مەکسیك و لەندەن**

جیاوازیەکی تری گرنگ لەنێوان داگیرگەکانی ئەمەریکای لاتین و ئەمەریکای باکور، خۆی لەجوگرافیادا دەبینێتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پیرۆ و مەکسیك شمەکی کشتوکاڵی بنچینەیی هەنارده نەکەن. مایەی سەرسامی نییە کە پیرۆ هندە دووربوو لەئەوروپاوە، بەشێوەیەك هەناردەکردن قازانج بەخش نەبێت. بازاڕەکان لە کەناری خۆرئاوایی ئەمەریکا زیاتر تەواوکاربوون لەگەڵ بازاڕەکان لەئاسیادا، لەوەی لەگەڵ بازاڕەکانی ئەوروپادا بن. ئیسپانەکان کەشتی چارۆکەداری گەورەیان لەنێوان ئاکابۆلکو مانێلادا دەهێناو دەبرد، بۆ گۆڕینەوەی دراوە زیوەکان بە ئاوریشم و چای چینی. لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا، «چەندین کەشتی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەمەریکی» پێستی ئاژەڵی گوێلکی دەریایان لەدانیشتوانە رەسەنەکانی ئەو شوێنانە کڕی کە ئێستا پێیدەوترێت کۆلۆمبیای بەریتانی، لەچین فرۆشتیانەوە. « نرخی پێستە بەتوندی لەچین دابەزی، لەگەڵ بەرزبوونەوەی لەناوچە کەناریەکانی ئەمەریکا».

مەکسیك بەنموونەیەکی سەرسامکەر دادەنرێت: بەندەری فیراکرۆز کە بەسەر دەریای کارییبدا دەڕوانێت، دورنەبوو لەئەوروپاوە هێندەی ئەوەی نیوئۆرلیانز دوورە، بەڵام گرفتی سەرەکی بەلای مەکسیکەوە خۆی لە ئەو تێچونە بەرزەدا دەبینیەوە کە پێویست بوو بۆ گواستنەوەی شمەکەکان لەنێوان دەریا و بانی ناوخۆیی مەکسیکدا، کە بەرزاییەکەی دەگاتە هەزاران مەتر، لەناوەڕاستی سەدەی

هەژدەهەمدا چەندجارێك رێگاكانی نێوان فیراكروز و مەكسیكۆسیتی»چاككران»، جارێكی تریش لەساڵی 1804، هەتا ئەوكاتەش، شمەكەكان لەسەر پشتی وڵاخ دەگوێزرانەوە لەبری گالیسكە و عەرەبانەكان، ئەم كارەش تێچوونی زۆر بەرز بوو، ئەمەش وایكرد پڕۆسەی هاوردەكردن یان هەناردەكردنی بەرهەمەكانی كێڵگەكان قازانجبەخش نەبن، هەروەها ئەمە بووە هۆی ئەوەی پیشەسازی ناوخۆیی كەمتر پارێزراوبێت. یاسا ئیسپانیەكانیش كە هەر جۆرە بازرگانییەكیان یاساغ كرد، لەگەڵ هەر دەوڵەتێكی تر بێجگە لەئیسپانیا، كە مەبەست لەم دابڕكردنەی وڵاتیش- وەك هاوشێوە ئینگلیزەكانی- دەستگرتن بوو بەسەر بازاڕی داگیرگەكاندا بۆ بەرژەوەندی پیشەسازە ئیسپانەكان.

تاكە بەرهەمێك كە مەكسیك و ئەندیز توانیان هەناردەی بكەن، بریتی بوو لەزیو. هەركە ئیسپانیەكان شكستیان بە دانیشتوانە رەسەنەكان هێنا، دەستیانكرد بە گەڕان بەدوای كانزا بەنرخەكاندا، گەورەترین دۆزینەوەكانیش خۆی لە كانی بۆتۆسی لەپۆلیڤیا دەبینیەوە (1545)، كانەكانی مەكسیك لە زاكاتیكاس (1545)، جواناخواتو (1550)، سۆمبریریت (1558).

بوونی زیویش بە شمەكێكی بنچینەیی بۆ هەناردەكردن چەند لایەنێكی نەرێنی لێكەوتەوە، ئەویش ئەو نەرێنیانە بوون كە بوونە هۆی ئەوەی مەكسیك و ئەندیز نەتوانن هاوشێوەی ئەمەریكای باكور رەوتی گەشەكردن بگرنەبەر، یەكەم: زیو دەبێتە هۆی هەڵئاوسان، ئابوریەكانی پیرۆ و مەكسیكیش لەسەر چەكی دراوەكان بەرپا بوون، زیادبوونی

نەختیش وا لەنرخەکان و کرێیەکان دەکات بەرزببنەوە بۆ ئاستگەلێك باڵاتر لەئاستە نێودەوڵەتیەکان. بۆ نموونە، نرخی گەنم لەمەکسیك دەگەیشتە چوار بۆ دە جارزیاتر لەنرخەکەی لە ئەمستردام. کرێیەکانیش لە مەکسیك گەیشتە دوو هێندەی هاوتاکەی لە ئیتالیا و هندستان، لەکاتێکدا کرێیەکان لەئەنئدێز دوو هێندەی هاوشێوەکانی بوو لە مەکسیك. ئەم جیاوازیەش بەرپابوو تەنها بەهۆی بەرزبوونەوەی تێچوونەکانی گواستنەوەوە، ئەو کۆتانەوە کە ئیسپانیا سەپاندبووی بەسەر بازرگانیدا- کە رێگری لە هاوردە هەرزانەکان کرد بێنەناو بازاڕە ناوخۆییەکانەوە (سەرەڕای ئەوەی گرفتی قاچاخچێتی----) و بەرزبوونەوەی تێچوونی بەرهەمە پیشەسازییە ئیسپانیەکان خۆیان، کەوا کاریگەربوو بە هەڵئاوسان بەهۆی دۆزینەوەی کانە زۆرەکانی زیوەوە لە جیهانی نوێدا. دووەم: زیو بڕێکی زیاد هەلی کاری نەڕەخساند، لەساڵی 1597دا 9143 کەس لەکانەکانی زیودا کاریان دەکرد، بوتوسی 11000-12000 پیاوی لەساڵی 1603دا بەکاردەهێنا، پاشان قەبارەی کارگەریی لە ساڵی1790 لە بۆتۆسی دابەزی بۆ 4959 کەس. قەبارەی کارگەریی لەکانەکانی زیودا زۆر کەم بوو بە بەراورد بە قەبارەی تێکڕایی کارگەری. سێهەم: بازنەیەکی بچووك لە خاوەن موڵکە دەوڵەمەندەکان زۆربەی ئەو داهاتەیان بۆ خۆیان کەڵەکە کرد کە لەئەنجامی دەرهێنانی زیوەوە پەیدا دەبوو لەبری ئەوەی بەسەر دانیشتوانەکاندا دابەش بکرێت، بەم پێیەش، بەشێوەیەکی هەڵاوێردەیی زیو بەشداری لە دروستکردنی رەوشێك لە نایەکسانی توند کرد لەئەمەریکای لاتیندا.

ئابوری مەکسیك، لەسەر شمەکێکی بنچینەیی بەرپا نەدەبوو هاوشێوەی نموونەی ئەمەریکای باکور. لەساڵی 1800، هەناردەکان تەنها گەیشتانە 4% لە تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی، بەڵکو ئابوری مەکسیکی لەتێکڕایدا هیچ پەیوەندیەکی بە هەناردەکانەوە نەبوو، بۆیە دابەشکردنی داهات لەمەکسیك یاساگەلێکی جیاوازی گرتەبەر لە یاساکان لە داگیرگەکانی بەریتانیادا. لەئەمەریکای باکوریش، کارگەری و سەرمایە راکێش دەبوون بۆ داگیرگەکان وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ هەلە هەناردەییەکان، داهاتەکانیش دەچوون بۆ ئینگلتەرا، بەشێوەیەك پێویست بوو لەسەر داگیرگە رکابەریی بکات بۆ راکێشانی نیشتەجێبووەکان و وەبەرهێنانەکان، بەڵام لە مەکسیك، هۆکارە ناوخۆییەکان بوون کرێیەکانیان دیاری دەکرد، لەرێگەی ناچارکردنی دانیشتوانە رەسەنەکانەوە بۆ کارکردن، بەدیهاتنی هاوسەنگی لەنێوان ئەو زەویانەی کە فەراهەم بوون، لەقەبارەی کاریگەری توانستی ئابوریدا. دوو فاکتەری یەکەمیش زیاتر جێی بایەخ بوون لەماوەی پێش وێرانکردنی کۆمەڵە دانیشتوانە رەسەنەکان، بەر لەساڵی 1650، لەکاتێکدا هۆکاری سێهەم یەکلاکەرەوەبوو لەماوەی دواتر لە گەشەی دانیشتوان.

پێش ساڵی 1650، مەکسیك شێوازێکی باوی خستەڕوو لەچەندین ئابوریەکانی پێش پێشەسازیی بووندا، ئەویش بوونی پەیوەندیەکی پێچەوانەیە لەنێوان ژمارەی دانیشتوان و ئاستەکانی کرێدا. کاتێکیش ئیسپانەکان لە بیستەکانی

سەدەی شانزەهەمدا گەیشتنە مەکسیك، ژمارەی دانیشتوان زۆر بەرزبوو، هەروەها کرێیەکان نزم بوون (شێوەی6-3). داگیرکاری ئیسپانیش لەڕاستیدا بووە هۆی دابەزینی کرێ بەشێوەیەکی گەورەتر لەوەی بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان هۆکاری بوو، بەڵام لەگەڵ دارمانی کۆمەڵەکانی دانیشتوانە رەسەنەکاندا، کرێ راستەقینەکان بەرزبوونەوە (سەرەڕای بوونی کۆمەڵە هەوڵێك بۆ سەپاندنی کارگەری زۆرەملێی)، لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا بەرزبوەوە تا گەیشتە نزمترین ئاست لە پێداویستیەکانی ژیان. لەم ئاستەی کرێشدا، کرێکار کە بەشێوەیەکی تەواوەتی رۆژانە کاری دەکرد دەیتوانی بە کەمترین ئاستێك لەژیانێکی رێزدارانە بژێوی خێزانێك دابین بکات.

لە ساڵی 1650، ژمارەی دانیشتوانی مەکسیك بەرزبوەوە لە 1-1.5 بۆ 6 ملیۆن کەس لەساڵی 1800، لە هەمان ماوەدا، ئەو پەیوەندییە پێچەوانەییەی کە هەیە لەنێوان ژمارەی دانیشتوان و ئاستەکانی کرێدا هەڵوەشایەوە، بەشێوەیەك وێڕای زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، کرێ بەرزبوەوە بەڕادەیەك گەیشتە دوو هێندەی کەمترین رادە لەپێداویستیەکانی ژیان، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. چونکە قەبارەی خستنەڕوو لە کارگەری و کرێیەکان پێکەوە زیاد ناکەن، مەگەر ئەوەی داخوازی لەسەر کارگەری بەتێکڕاییەك زیاد بکات خێراتر لە تێکڕای خستنەڕوو. بەرزبوونەوەی قەبارەی خواستیش لەسەر کارگەری رەنگدانەوەی هەبوو

لەسەر قەبارەی بەرهەم لەرێگەی کەرتەکانی ئابوریەوە. کشتوکاڵ وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینی لەرێگەی تەواوکاری بەرهەمەکانی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان و ئاژەڵە ئەوروپیەکانەوە (گەنم، مەڕو ماڵات) لەگەڵ بەروبوومە ناوخۆییەکان (گەنمەشامی، پاقلەمەنی، کولەکە، تەماتە، بیبەری تون). ئاژەڵە ئەوروپیەکانی باریش (ئەسپ و ئێستر) شۆڕشێکیان بەرپاکرد لەگواستنەوەدا، پرۆسەی دروستکردن و پیشەسازیش تەوژمێکی بەخۆوەبینی لە رێگەی پیشەسازی بەرهەمە نوێیەکانەوە (قوماشە خوریەکان)، جەختکردنیش لەسەر بەرهەمێکیش لە چەند ناوچەیەکی تایبەت و تەرخانکراودا بۆ ئەو بەرهەمە دەبێـە هۆی دابەشکردنی کار. ئەمەش تایبەتمەندی پیشەسازی ئینگلیزی بوو کە وایکرد زیاتر بەرهەمداربێت لەچاو هاوشێوە ئەمەریکیەکانیدا و بووە رێگری پیشەسازی لەداگیرگەکاندا. بەپێچەوانەوە، دابڕانی مەکسیك و ئەندێز لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانیاندا بوونە هۆی ئەوەی گەشەپێدانی پیشەسازی مومکین بێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سیاسەتە ئیسپانیەکان، چەندە نالیبرالی بوون، نەیانتوانی وەك پێویست رێگربن لەبەردەم فراوانبوونی ئابوریدا.

لەکاتێکدا ئابوری مەکسیك لەماوەی داگیرکەردا گەشەی بەخۆوەبینی، کۆمەڵگە نایەکسانیەکی توندی تێدا بەدی دەکرا، دانیشتوانەکان دابەش بوو بوون بۆ چەند گروپێکی رەگەزی دیاریکراو بەپێی یاسا، ئەم دابەشکردنانەش ئەو کەلێنە ئابوری

پەرچ دەکردەوە کە هەبوو لەنێوانیاندا. خەمڵاندنەکان ئاماژە دەکەن بۆ ئەوە کە لەو کاتەدا چینی باڵای ئیسپانی (10%ی تێکڕای ژمارەی دانیشتوان بوون) بەڵام 60%ی داهاتی ئەو وڵاتەیان دەست دەکەوت، لەکاتێکدا کشتیارەکان کە لە دانیشتوانە رەسەنەکان بوون (60%ی تێکڕای دانیشتوانیان پێك دەهێنا 17% داهاتیان دەستدەکەوت. نایەکسانیەکان لەمەکسیك زۆر زیاتر بوون لە نایەکسانیەکان لە داگیرگەکانی نیو ئینگڵاند، هەرێمی ئەتڵەسی و لەوانەیە وەکو هاوشێوەکەی وابووبێت لەناوچەکانی کاریبی و کێڵگەکان لەباشوری ئەمەریکا، سەرەڕای زەحمەتی و مەحاڵی بەراوردکردنی ئەوە لەئێستادا. خراپی کاریگەری ئەم بڕە گەورەیەش لەنایەکسانی لەدوای بەدیهاتنی سەربەخۆیەوە بەدیارکەوت.

### سەربەخۆیی: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی 1776 سەربەخۆیی خۆی لە بەریتانیا راگەیاند، بنەماکانی حوکمڕانی تێدا دامەزراند، لەساڵی 1787 دەستوری بەرکارکرد، لەو ماوەی کە دەکەوێتە پێش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆوە ئابوری دەستی بەگەشەکردن کرد، ژمارەی دانیشتوان هەشت هندی ئەوەی هەبوو زیادی کرد، ئاستی داهاتی هەموو تاکێك رووی لەزیادبوون کرد.

دەکرێت وا بۆ ئابوری بڕوانرێت لەماوەی پێش جەنگی ناوخۆییدا وەك نموونەیەکی تر لەسەر تیۆری شمەکە سەرەکیەکان.

شمەکەکانی توتن، برنج و چویت گرنگی خۆیان لەدەستدا وەك شمەکێکی بنچینەیی، شمەکە هەرە بچینەییەکانی تر شوێنیان گرتنەوە: لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا داخوازی لەسەر لۆکە لەبەریتانیا بەرزبوەوە. لۆکە لەجۆرجیا دەچێنرا، بەڵام چالاکیەکی ئابوری قازانج بەخش نەبوو هەتا ئیلی وتینی ئامێرەی هەلاجی لۆکەی لە ساڵی 1793 داهێنا. لەدوای ئەمەوە کشتوکاڵکردن لەباشوری ئەمەریکا بڵاوبوەوە، لۆکە لەکێڵگەی گەورەدا دەچێنرا کەوا کۆیلەکان کاریان تێدا دەکرد، ئەوانەی بەهۆی هاوردەکردنیانەوە ژمارەیان زیادیکرد هەتا کۆنگرێس لەساڵی 1808 قەدەغەی کرد. لەنیوەی سەدەی دواتردا، ژمارەی کۆیلەکان زیادیان کرد بەهۆی زاوزێکردنەوە، ئەمەش لەڕووی ئابوریەوە فراوانبوونی خێرا لەپیشەسازی چنراوە لۆکەییەکاندا پشتیوانی کرد. لەدەیەی پەنجاکان لەسەدەی نۆزدەهەم، پیشەسازی لۆکە پیشەسازیەك بوو قازانجێکی گەورەی دەکرد، هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی (1861-1865) نەبوایە کۆیلایەتی کۆتایی پێ نەدەهات.

تێورسێنانی تیۆری شمەکە سەرەکیەکان پێیانوایە کە هەناردەکانی لۆکە فاکتەرێکی کاریگەربوو لەسەر تێکڕای ئابوری ئەمەریکی. لەپێی ئەم دیدە، کشتوکاڵ لەناوچەی خۆرئاوای ناوەڕاست فراوان بوو بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستیەکانی کشتیارەکان لەخۆراك، ئەوەش دەرئەنجامێك بوو کە مایەی ناکۆکیەکی گەورە بوو. هەروەها لۆکە بەرپرسیار بوو لە رووکردنە پیشەسازی لە باکوری خۆرئاوای ئەو وڵاتەدا، بەشێوەیەك کێڵگە باشوری و خۆرئاواییەکان بازاڕێك بوون بۆ بەرهەمەکانی.

هەروەها گۆڕان بۆ پیشەسازی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، پشتی بە چوار سیاسەتی پشتیوانی بەست، «نموونەی پێوەری» بێ گەشەپێدانی ئابوری لەسەدەی نۆزدەهەمدا پێکهێنرا. سیاسەتی یەکەم خۆی لە دەستەبەرکردنی فێرکردنی گشتیدا بینیەوە، ئەمەریکاش قۆناغێکی گەورەی بەم ئاراستەیەدا بڕی لەو ماوەیەدا کەوا کۆلۆنیالی بەریتانی بوو، لە سەردەی نۆزەدەهەمدا بەردەوام بوو، بۆ ئەمەش بەشێوەیەکی روو لەزیادبووپاڵنەرە ئابوریەکان دەیانجولاند، بەڵام سێ سیاسەتەکەی تر کە ئەلێکساندەر هاملتۆن پێشنیازی کرد خۆی دەبینیەوە لە «راپۆرت لەبارەی شمەکە درووستکراوەکانەوە» لە ساڵی 1792نووسی، پێکهاتبوو لە چاککاری لە بواری گواستنەوەدا بۆ فراوانکردنی بازاڕ، دامەزراندنی بانکی نیشتمانی بۆ بەدیهاتنی سەقامگیری دراو و بۆ گەرەنتیکردنی دەستەبەربوونی سەرمایە، هەروەها سەپاندنی باج بەسەر بەرهەمەکاندا بۆ پاراستنی پیشەسازی . ئەگەر ئەم باجە نەبوایە، ئەوا کڕیارەکانی کەرەستە دروستکراوەکانی ناوچە باشوریی و خۆرئاواییەکان نەدەبوونە هۆی گۆڕینی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پیشەسازی، بەریتانیا ئەم خواستانەی دابین دەکرد، وەك ئەوەی لەماوەی کۆلۆنیالیدا ئەمەی دەکرد.

هنری کلای- سیناتۆری ئەمەریکی- بەمچەشنە پێناسەی ئەم سیاسەتانە دەکات کە هاملتۆن پێشنیازی کردن «سیستمی ئەمەریکی)یە، ئەمە لەکاتێکدا ئەم سیاسەتانە

لەچەندین وڵاتی تردا کاریان پێکراوە دوای ئەوەی فریدریك لیست بانگەشی بۆ کردن. هەروەها دانانی دەستوریش بۆ خۆی هەنگاوی یەکەمین بوو بەئاراستەیجێبەجێکردندا، بەشێوەیەك باجی نێوان ویلایەتەکانی هەڵوەشاندەوە و بنچینەیەکی یاسایی دانا بۆ بازاڕی نیشتمانی. هەنگاوەکانی تریش لەرێگەی بونیادنانی رێگەی کمبرلاندەوە (1817-1825) کە هەردوو رووباری بۆتۆماك و رووباری ئۆهایۆی بەیەك دەگەیاند، هەروەها سەپاندنی زنجیرەیەك لە تاریفە گومرگیەکان هەر لە ساڵی 1816وە.

پێش ساڵی 1816، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باجێکی گومرگی نزمی دەسەپاند، بەشێوەیەك کە جەنگەکانی ناپیلۆن کەشیە ئەمەریکیەکانی کردە ئامانج، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رێوشوێنی خۆپارێزی بگریـَتەبەر، بازرگانی لەگەڵ هەندێك وڵاتدا یاساغ کرد، چووە جەنگەوە لەگەڵ بەریتانیادا 1812. پیشەسازی بەشێوەیەکی خۆپارێزانە لەپشت ئەم بەربەستانەوە فراوان بوو. دوای شکستی ناپلیۆن لەجەنگی واترلۆ لە ساڵی 1815، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پاراستنی پیشەسازیەکانی کۆمەڵە باجێکی سەپاند بەشێوەیەك بەڕێژەی 20% باجی بەسەر زۆربەی شمەکە چنراوەکاندا سەپاند، باجەکان لەنێوان ساڵانی 1824 و 1828 بەشێوەیەك بەرزبوونەوە کە بوونە مایەی ناکۆکی و مشتومڕ، لەئاکامدا سەرلەنوێ لەساڵی 1846دا نزمکرانەوە.

خۆپارێزی بووە سیاسەتێکی ئەمەریکی تایبەت لەگەڵ زاڵبوونی بەرژەوەندیەکانی باکور بەسەر کاروبارەکانی وڵاتدا. جەنگی ناوخۆییش زیاتر پێویستی بە داهاتە فیدراڵیەکان بوو، هەر بۆیە لەرێگەی تاریفەی مۆریلەوە کە لەساڵی 1861دا سەپێنرا باجە گومرگیەکان بەرزبوونەوە، لەماوەی سەدەی دواتردا، تێکڕایی تاریفە خۆپارێزیەکان جار دوای جار بەرزبوەوە، گەیشتە لوتکەی لەرێگەی تاریفەی سموت-هولی لەساڵی 1930. شانشینی یەکگرتووش- کە سیاسەتی بازرگانی ئازادی پەیڕەوکرد هەر لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی گەنمەشامی لەساڵی 1846، یاساکانی کەشتیوانی دوای ئەو بەسێ ساڵ- تاریفی خۆپارێزی لە ساڵی 1932. زۆربەی وڵاتانی نێودەوڵەتیش هەمان رێگایان گرتەبەر لەماوەی بێ بازاڕیە گەورەکەدا، کاروبارەکانیش نەگۆڕان تەنها لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە نەبێت، کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵیدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پاراستن، کاتێك زانی کە چوونە ناو بازاڕەکانی وڵاتانی ترەوە بەشێوەیەکی باشتر خزمەتی بەرژەوەندیەکانی دەکات لەوەی بازاڕەکانی خۆی بپارێزێت.

پیشەسازی لۆکەی ئەمەریکی بەخێرایی گەشەی کرد لەپشت دیواری تاریفەکانی خۆپارێزیەوە. لەدەیەی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، پیشەسازی بەریتانی گەورەترین بوو لەجیهاندا، 290 هەزار تەن لە لۆکەی خاوی ساڵانە بەرهەم دەهێنا، لەکاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی

ئەمەریکا پلەی دووەمی داگیردەکرد (111 هەزار تەن)، بەڵام زۆر لەپێش فەرەنساوە بوو، کە پلەی سێهەمی داگیر دەکرد بە بەکاربردنی 65 هەزار تەن. ئەلێکساندەر هامیلتۆن و هنری کلای هەستیان بە خۆشیەکی زۆر دەکرد لەبەرامبەر ئەو پێشکەوتنە زۆرەدا کەوا بەدیهات بەهۆی ئەو گوژمە گەورەیەوە کە هەناردەکانی لۆکە پێشکەش بە ئابوری کرد.

هەرچۆنێك بێت، ئەم دەرئەنجامە گرنگیەکی زۆر پێشکەش بەهەناردەکانی شمەکە سەرەکیەکان دەکات: یەکەم: سەرەڕای ئەوەی لۆکە (دواتریش گەنم) شمەکێك بوو دراوی قورسی بەدەستدەهێنا، بەڵام تێکڕای هەناردەکانی بەڕێژەی 5-7% زیاتر بەشداری نەکرد لەتێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی لەماوەی نێوان ساڵانی 1800-1860. ئەم ڕێژەیەش زۆر کەمتربوو لەڕێژەی 30% کە هەردوو داگیرکاری پنسلڤانیا و کارۆلانیای باشوری کەناری بەدەستیان دەهێنا، ویلایەتی جامایکاش بەتەنها خۆی 41%ی بەدەستدەهێنا. هەناردەکانی لۆکەو گەنم هێندە گەورە نەبوون کە پاڵ بە خلۆکەی ئابوریەوە بنێت لەقۆناغی دوای جەنگی ناوخۆییدا. دووەم: ئاستی بەجێگەیاندنی بازاڕی کار زۆر باشتربوو لەپێشبینیەکانی تیۆری شمەکە بنچینەییەکان. لەسەدەی هەژدەهەمدا، کرێ راستەقینەکان لە پەنسلڤانیا کەمێك زیاتربوو لە کرێ راستەقینەکان لەئینگلتەرا، ئەمەش ئەوەیە کە مرۆڤ پێشبینی دەکات ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشێوەیەك گەشەی کردبێت و کۆچبەرانی لە ئەوروپاوە کەمەندکێش کردبێت

(شێوەی 6-2)، لەسایەی سەربەخۆیی ئەمەریکا و جەنگە ئەورووپییەکانەوە، بازاڕی کار بەناو دەریاری ئەتڵەنتیدا داڕما، لەکاتێکدا کرێ راستەقینەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکان بە بەردەوامی لەبەرزبوونەوەدابوو، لەکاتێکدا کرێ بەریتانیەکان لەماوەی شۆڕشی پیشەسازیدا وەك خۆیان مانەوە. بەهاتنی دەیەی سیەکانی سەدەی نۆزدەتەم، کرێکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە دوو هێندەی هاوشێوەکانی لەبەریتانیا، بەڵام ئەگەر نموونەی شمەکە سەرەکیەکان بە کرداری جێبەجێکراوبێت، ئەوا پێویست بوو کۆچ ببوایەتە هۆی ئەوەی کرێیەکان بەنزمی بمێننەوە.

بەرزبوونەوە لەتێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی و کرێیەکاندا ئاماژە بەوە دەدەن کە ویلایەتە یەکگرتووەکان توانای خۆی پەرەپێداوە بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی لەرێگەی کۆششە تایبەتیەکانیەوە. لێرەدا پرسیارێکی سەرەکی بەدیاردەکەوێت سەبارەت بە تیۆری شمەکە سەرەکیەکان: ئەویش ئەوەیە: چۆن و کەی ئابوری گەشەیەك بەدی دەهێنێت کە پشت بەستن بە شمەکە سەرەکیەکان تێپەڕێنێت؟ روونە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم گەشەیەی بەدیهێناوە لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە. یەکێك لەڕاڤە قبوڵکراوەکانیش خۆی لە گریمانەی هباکۆکدا دەبینێتەوە کە دەڵێت فرەیی زەویە خۆڕاییەکان لەسەر سنور بووە هۆی بەرزبوونەوەی کرێ راستەقینەکان- ئیدی بۆچی مرۆڤ لەنیۆیۆرك یان فیلادلفیا لەبەرامبەر کرێیەکی نزمدا کار بکات ئەگەر بتوانێت

بگوازێتەوە بەرەو خۆرئاواو لەوێ کێڵگەیەك بونیادبنێت؟- ئەمەش بەڕۆڵی خۆی هانی کۆمپانیاکانی دا بۆ ئەوەی تەکنەلۆژیایەك دابهێنن دەستی کار زیاد بکات کە بووە هۆی زیابوونی تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ هەر تاکێك، پاشانیش لە کۆتاییدا بەرزبوونەوەی زیاتر و زیاتر کرێیەکان. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەهەردوو سەدەی رابردودا هەمیشە لەپێشەوە بووە لە داهێنانی ئەو تەکنەلۆژیانەی کە بەرهەمهێنیان بەرزو سەرمایەیان چڕە، وەك لەبەشی چوارەمدا باسمانکرد.

بەدڵنیایشەوە، دەکرێت جێبەجێکردنی ئەم فاکتەرانە ببینین لە پیشەسازی چنراوە لۆکەییەکاندا. هەڵکشانی ئەم پیشەسازیەش وای خواست کە تاریفە خۆپارێزیەکان بسەپێنرێن، بەڵام بەتەنها ئەمە بەس نەبوو، بەڵکو هەڵکشانی پیشەسازی چنراوە لۆکەییەکان پشتی بە داهێنانە تەکنەلۆژیەکان بەست کە دەرئەنجام دەرکەوتنی ئەو تەکنەلۆژیانەی لێکەوتەوە کەمتر پێویستی بەدەستی کار دەبێت. تێچوونی بەرزی دەستی کار وای لەکۆمپانیا ئەمریکیەکان کرد هەر لەسەرەتای دەیەی حەوتەمی سەدەی هەژدەهەمەوە تاقیکردنەوە لەسەر ئامێرەکان بکەن، لەکاتێکدا هەڵکشانی بازرگانی پێویستی بە کرێکار و بەرێوبەرانێك هەبوو کە شارەزاییان لەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا هەبێت. لەساڵی 1793، سامۆیل سیلتر- کە لە کارگەیەکی ئینگلیزیدا کاری دەکرد- یەکەم کارگەی سەرکەوتووی لەڕووی بازرگانی و کارگێڕیەوە دامەزراند.

هەنگاوی دواتر خۆی لەبونیادنانی کارگەیەکی تەواوکاری رستن و چنینی میکانیکیدا بینیەوە لەساڵی1813 لەلایەن کۆمپانیای بۆستن بۆ پیشەسازی لە ولتهام، لە ماساچوست، کە فرانسیس کابوت دایمەزراند دوای سەردانی بەریتانیا و چاودێریکردنی ئامێرە میکانیکیەکانی رستن و وێنەکردنی لەیادوەری خۆیدا، نموونەکانی بەرهەمهێنانیش ئەندازیارێك جێبەجێی کرد کە لای لویل کاری دەکرد ناوی بول مۆدی بوو، لەدیارترین ئەو خەسڵەتانەش کە سیستمی لویل-مۆدی جیادەکاتەوە بریتیە لە رادەی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی تەکنەلۆژیای بەریتانی بەشێوەیەك لەگەڵ رەوشە ئەمەریکیەکاندا بگونجێت. بەهاتنی دەیەی دووەم لەسەدەی نۆزدەهەم، داهاتی راستەقینەی لەئەمەریکا گەیشتە رادەیەکی بەرزتر لە هاوتاکەی لە بەریتانیا، لەئەنجامی ئەمەشەوە، ئەمەریکیەکان تەون (دەزگای جۆلایی)ی میکانیکیان بەشێوەیەکی خێراتر لەبەریتانیەکان بەکارهێنا، بەمشێوەیە ئەمەریکا پێش دەکەوت بۆ ئەوەی پێشەنگی جیهان بکات لە تەکنەلۆژیای پیشەسازیدا.

پەرەسەندنی ئەمەریکی تەنها کورت نەبوەوە لە پیشەسازی چنراوە لۆکەییەکاندا، بەڵکو لەساڵی 1782، ئۆلیڤەر ئیفانز یەکەم کارگەی میکانیکی ئاردی دروستکرد. پێش سەدەی نۆزدەهەم، میکانیزمی فیەشك تەقاندن لە دەمانچەو چەکەکاندا بەپێی خواست درووست دەکران، پێویست بوو لەسەر دروستکەرانی چەك هاوڕێکی بکەن لەنێوان

پێکهاتە جیاوازەکاندا بەمەبەستی گەرەنتیکردنی میکانیزمی تەقاندن بەشێوەیەکی ئاسان. ئۆنریە بلۆنی فەرەنسی و ئیلی ویتنی ئەمەریکی یەکەم کەس بوون بەکارهێنانی پارچەی هاوتایان بەکارهێناو بیریان لەمە کردەوە، لەکاتێکدا ئەمە لەچێوەیەکی فراواندا مومکین نەبوو هەتا داهێنانی ئامێریتۆڕنەلەدەوروبەری ساڵی 1816. کارگەکانی چەکی سەر بە حکومەتی ئەمەریکا لە سبرنجفیلد و هاربرز فیری لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا چەند پارچەیەکیان هاوتایان (پارچەی یەدەگ) دروستکرد بەمەبەستی بەکارهێنانی لە چەکەکەکاندا). چەکی ئەمەریکی کە لە پێشانگای کریستاڵ پاڵاسدا نمایشکران بەریتانیەکانی سەرسامکرد، بەڕادەیەك نێردەیەکیان نارد بۆ توێژینەوە لە«سیستمی ئەمەریکی». بیرۆکەی ئاڵوگۆڕی پارچەکان لەچەکدا گواسترایەوە بۆ کۆمپانیا تایبەتەکانی دروستکردنی چەك وەك کۆلت، پاشان دروستکەرانی کاتژمێر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، پاشان بۆ پاسکیل، ئامێرەکانی دروومان، ئامێرەکانی کشتوکاڵ ون دواجاریش بۆ ئۆتۆمبیل کە پارچە ئاڵوگۆڕیەکان وەك رەگەزێکی پێکهێنەری بنچینەیی وابوو لەسیستمی هێڵی بەرهەمیهَنانی فۆرد دا. هەڵکشانی ئابوری ئەمەریکا پشتی بەست بە جێبەجێکردنی داهێنانە ئەندازەییە داهێنراوەکان لەرێگەی کەرتی پیشەسازیەوە بەتەواوەتی، پاڵنەریش بۆ بەئامێرکردن بریتی بوو لە بەرزیی تێچوونی دەستی کار، بەدیهێنانی سەرکەوتنیش فەراهەمبوونی ژمارەیەکی

گەورە لە داهێنەرەکانی دەخواست، ئەم کارلێکەش لەنێوان سەرهەڵدانی تەحەداکان و وەڵامدانەوەیان وایکرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم ببێتە پێشەنگی جیهان لەبەرهەمهێناندا.

## سەربەخۆیی: ئەمەریکای لاتین

ئیپراتۆریەتی ئیسپانی بۆ ماوەی 300 ساڵ بەردەوام بوو وەك هاوپەیمانیەتیەك لەنێوان شاژن و چینی نوخبە لە داگیرکەرە پێست سپییەکان. پاشاکانی ئیسپانیا هەوڵیاندا دەوڵەتێکی ئابوری- سەربازی نوێ دابمەزرێنن لەسەدەی هەژدەهەمدا، لەکاتێکدا داواکاریەکانیان لەسەر دەسکەوتنی داهاتەکان رووبەڕووی بەرگریی دەبوەوە لە داگیرگەکاندا، بەڵام دابەشبوونە رەگەزی و ئابوریەکان لەکۆمەڵگەی کۆلۆنیالیدا لەتوندی رەتکردنەوەی فەرمانەکانی مەدریدی کەم دەکردەوە. هێرشە بەرفراوانەکان بۆ سەر پێست سپییەکان، موڵك و ماڵەکانیان، لەکاتی شۆڕشی تۆباك ئامارۆ لەپیرۆ لەساڵی 1780، یەکێك بوو لە ئاگادارکردنەوە ناخۆشەکان سەبارەت بە مەترسیە شاراوەکان لە بنکەی قوچەکی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەریکای ئیسپانیش سەربەخۆی بەدەست هێنا بەحوکمی ئەمری واقیع بەهۆی داگیرکردنی ناپلیۆنەوە بۆ ئیسپانیا لەساڵی 1808، کە سەلما سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ئیمپراتۆریەت کارێکی مەحاڵە. لەمەکسیك- بۆ نموونە- میگل هیدالگۆ سەرکردایەتی شۆڕشی دانیشتوانە رەسەنەکانی کرد

لەساڵی 1810 لەدژی حوکمی «بنسولارز»(سپی پێستی لەدایك بووی مەکسیك)، لەکاتێکیشدا مەلەسەکە لەبەرژەوەندی کریولییەکان (سپی پێستی لەادیکبووی مەکسیك) گەڕایەوە، جوڵانەوەیەکی یاخیبوون لەشێوەیەکی گشتی لەدژی پێست سپییەکان هاتەکایەوە، بەڵام لەکۆتاییدا توانرا کۆتایی بەو یاخیبوونە بهێنرێت. لەساڵی 1821 سەربەخۆیی بەدیهات لەرێگەی کودەتایەکەوە کەوا کریولیەکان پێی هەستان بۆ پارێزگاری لە ئیمتیازاتەکانیان، کە پێیانوابوو بەهۆی هەڵکشانی لیبرالیزمەوە لەئیسپانیا ئەو بەرژەوەندیانەیان دەکەوێتە مەترسیەوە.

سەربەخۆیی بووە هۆی چەند دەیەیەك لە چەقبەستنی ئابوری، بەهۆی هەڵتەکانی کۆمەڵگەی کۆلۆنیالیەوە. رکابەری نێودەوڵەتی روولەزیادبوو لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا بەتەواوی کەرتی پیشەسازی مەکسیکی لەناوبرد، دەرئەنجامی ئەمەش وازهێنان بوو لەپیشەسازی، وەك ئەوەی لەهندستانیش روویدا. ئەلکسەندەر فۆن هومبولت ئەمە روونەدەکاتەوە و دەڵێت: «پێشتر بە شکۆی شاری بۆبیلادا هەڵدەدرا بەهۆی بەرهەمە چاکەکانی لە گڵێنەو شەپقە؟» لەگەڵ «سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا»، هەناردەکان بوژێنرانەوە «لەم دوو پیشەسازیەوە لەنێوان ئەکابۆلکۆ و پیرۆ» بەڵام هاوردە ئەوروپیەکان ئەم بازرگانیەیان لەناوبرد.

لەکاتی ئێستادا، هیچ پەیوەندیەك نییە لەنێوان بیبلا و ولیمادا، هەروەك چۆن بەرهەمهێنانی گڵێنە زۆر دابەزیوە،

بەهۆی دابەزینی نرخەکانی بەرهەمە بەردین و خەزەفیە ئەوروپییەکان کە لە رێگەی بەندەی فیراکرۆزەوە هاوردە دەکرێن. لەنێوان 46 کارگەدا کە لەساڵی 1793دا هەبوون، تەنها 16 کارگەی بەرهەمە گڵێنەییەکان، دوو کارگە بۆ پیشەسازی شوشە مابوونەوە لەساڵی 1802.

کرێ راستەقینەکان بەڕێژەیەك دابەزین گەیشتە دوو هێندەی نزمترین ئاست لەپێداویستەکانی ژیان لەساڵی 1782، بۆ بەهای کەمترین رادە لە سیەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا.

پیشەسازی چنراوەکانیش، بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەربوون بەهۆی هاوردە بەریتانیەکانەوە. زۆربەی قوماشە مەکسیکیەکان لە خوری درووستکرابوون، لەکاتێکدا قوماشە لۆکەییەکان لەکەتەلۆنیاوە هاوردە دەکران، کاتێکیش یاساغکردنی بازرگانی لەگەڵ ئیسپانیادا لەلایەن بەریتانیاوە بووە هۆی بڕینی هاوردە ئیسپانیەکان لە نەوەدەکانی سەدەی هەژدەهەمدا، بەرهەمهێنانی قوماشی لۆکە لە بوبیلادا گەشایەوە. ئەم گەشانەوەش کاتێکی کەمی خایاند و دوای ساڵی 1804 هاوردەکردنی بەرهەمە ئیسپانیەکان دەستی پێکردەوە، دوای سەربەخۆییش وڵات پڕبوو لە قوماشی لۆکەی بەریتانی هەرزان، بەمەش پیشەسازی لۆکەی مەکسیکی داڕما. پەرچەکرداریش لەبەرامبەر ئەوەدا بریتی بوو لە جێبەجێکردنی یەکێك لە شێوەکانی سیستمی ئەمەریکی کە هنری کلای داینا و پێشنیارەکانی لیست لە ئەڵمانیا. لۆکاس ئالامان- وەزیری کاروباری ناوخۆیی و دەرەکی

لەو کاتەدا- تاریفەیەکی گومرگی سەپاند بەسەر هاوردەکانی چنراوە لۆکەییەکاندا، هەروەها هەندێك دەرامەتی تەرخانکرد بۆ بەرژوەندی بانکی دی ئافیۆ کە پارەدارکردنی کڕینی کەلوپەلەکانی بۆ کارگە نوێیەکان لەئەستۆگرت، بەڵام بازاڕێکی نیشتمانی دانەمەزرا، بەڵکو تایفە سەپێنراوەکانی نێوان ویلایەتەکان مانەوە، هەروەها کۆششێکی گەورە نەکرا بۆ پەرەپێدانی گواستنەوە، سەرەڕای فەرامۆشکردنی فێرکردنی گشتی.

دەرئەنجامی ئەم شێوازەش بەهەمان رادە دژواربوو. لەلایەکەوە، نزیکەی 35 کارگە بۆ چنینی لۆکە دامەزران لەنێوان هەردوو ساڵی 1835و1843. کرێ راستەقینەکان لەدوای ساڵی 1840وە بەرەو باشی چوون، بەڵام لەلاکەی ترەوە، پاڵنەرێکی وەك پێویست فەراهەم نەبوو بۆ بوونی پیشەسازیەکی ئەندازەیی بەهێز، بەڵکو ئامێرەکان و ئەو ئەندازیارانەش سەرپەرشتیان دەکردن لەدەرەوە دەهێنران، سەرەڕای ئەمەش، ئەم کارگانە هیچ بەرهەمێکیان نەبوو، بەڵکو پیشەسازی لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا تووشی بێبازاڕی بوو، پرۆسەکانی پەرەپێدانیش لە پیشەسازیەکانی تردا لاوازبوو، پاشانیش رەوشەکە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەی نەدەدا بە پێشکەوتن وەك ئەو رەوشەی کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەبوو.

ماوەی بووژانەوەی ئابوری دواتر روویدا لەرێگەی قۆناغی حوکمی دیکتاتۆری بورفیریۆ دیاز لەنێوان ساڵانی

1877و 1911. دیاز پشتی بە ستراتیژیەتی گەشەپێدان بەست لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەشێوەیەکی دڵگەرمانەتر لە لۆکاس ئالامان. بازاڕێکی نیشمانی دامەزرا لەرێگەی دانانی بەرنامەیەکی هەمەگیرەوە بۆ بونیادنانی هێڵەکانی ئاسن و هەڵوەشاندنەوەی باجەکان لەسەر ئەو شمەکانەی کە بەناوی سنوری ویلایەتەکاندا دەڕۆیشتن. تاریفە گومرگیەکان بەکارهێنران بۆ پشتیوانیکردنی پیشەسازی مەکسیکی. کە یەکێك لە بیرۆکە سەرکەوتوەکان لە دانانی سیاسەتەکاندا پشت بەستن بوو بە وەبەرهێنانە بیانیەکان لەبری پشت بەستن بە بانکە وەبەرهێنانە نیشتمانیەکان بۆ دەسکەوتنی سەرمایە. هەروەها وەبەرهێنانی دەرەکیش بووە ئامرازێك بۆ هێنانەناوەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ وڵات.

گەشەپێدانی ئابوری لەسەردەمی بۆرفیرۆ دیاز دا، سەرکەوتنێکی ناتەواوی بەدیهێنا. لە لایەکەوە، گەشەیەکی پیشەسازی ئاشکرا بەدیهات، تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ هەر تاکێك لە 674 دۆلاری ئەمەریکی لەساڵی 1870دا بەرزبوەوە بۆ 1707 دۆلاری ئەمەریکی لەساڵی 1911. لەلایەکی ترەوە، بەشداریکردنی ناوخۆیی لەپێشکەوتنی تەکنەلۆژیدا زۆر کەم بوو، بەشێوەیەك ئەندازیارە بیانیەکان لەکارگەکاندا سەرپەرشتی ئەو ئامێرانەیان دەکرد کە لەدەرەوە هێنرابوون، ئەم نائامادەگیە تەکنەلۆژیەش لەکۆتاییدا مانای بڵاونەبوونەوەی بەرهەمی گەشەپێدانی دەگەیاند لەپشت ئەو پیشەسازیانەوە کە دەوڵەت پشتیوانی دەکردن، وێڕای

ئەوەش، دەسهاتەکانی ئەو گەشەکردنە بەشێوەیەکی فراوان بەسەر کۆمەڵگەدا دابەش نەکرا، بەڵکو کرێ راستەقینەکان بە ئاراستەی دابەزیندا دەچوون لەسایەی حوکمی دیازدا، پاشان لەساڵی 1911دا شۆڕش هەڵگیرسا.

### فێرکردن و داهێنان

بۆچی ئابوری ئەمەریکا گەشەیەکی زۆر خێراتری بەدیهێنا لەچاو هاوتا مەکسیکیەکەیدا؟ یەکێك لە راڤەکان هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ» کوالێتی بەرز»ی دامەزراوە ئەمەریکیەکان، هۆکاری ئاستی بەجێگەیاندنی مەکسیکیش دەگەڕێنێتەوە بۆ « کوالێتی نزم»ی ئەو دامەزراوانە، بەڵام کام دامەزراوانە؟ تایبەتمەندیەکان لە سیستمێکی ئەمەریکیەوە سەرچاوە دەگرن کە بەرپان لەسەر مافەکانی خاوەندارێتی و دادگاکان، دەسەڵاتە یاسادانانیەکا(و دادوەریەکان) کەوا دەسەڵاتی جێبەجێکردن کۆنترۆڵ دەکات، یەکسانی (بەهەڵاوێردەی باشور)، دیموکراسیەت، سیاسەتەکانی دەست وەرنەدان لەئابوری (بەهەڵاوێردەی تاریفە گومرگیەکان)، بەڵام لایەنە نەرێنیەکانی سیستمی مەکسیکی خۆی دەبینێتەوە لە سیستمێکی خاوەندارێتی کۆمەڵی زەویەکان لەلایەن دانیشتوانە رەسەنەکانەوە، نەبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی و رەگەزی، ئەو سیستمە سیاسیەی کە خراپترین سیماکانی میراتی داگیرکاری چەسپاند کە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کۆمەڵێك دادگای ناتەباو دژ دەسەڵاتی

دادوەری بەڕێوەدەبەن، دەوڵەتێك كە بەدەستوەردانێكی زیاد لەڕادە ئابوری ڕێكدەخات، هەروەها سیستمێكی باجی ناكارا (سەرەڕای ئیمكانیەتی گومانكردن لەم فاكتەرانە لەژێر ڕۆشنایی ئەو گەشەیەدا كە لەماوەی كۆلۆنیالیدا بەدیهاتووە).

سیاسەتە ئابوریەكانیش كاریگەریەكی گەورەتریان هەبوو لەم دامەزراوانە. ویلایەتە یەكگرتووەكان لە پێشەوەی وڵاتانەوە بوون لەتەبەنیكردنی ستراتیژیەتی گەشەپێدانی پێوەری لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەگەڵ سەرەتای سەدەكەوە، بەهۆی دەستورەوە كە تاریفە نێوان ویلایەتەكانی هەڵوەشاندەوە بازاڕی نیشتمانی دامەزرا، هەروەها بەهۆی ئەنجامدانی ڕێككاری لەئامرازەكانی گواستنەوەدا، كە ئەو ڕێككاریانە بوون زیادبوون لەگەڵ داهێنانی تەكنەلۆژیا نوێیەكان (ئامێرە هەڵمیەكان، هێڵەكانی ئاسن)، هەروەها لەساڵی 1816 تاریفە خۆپارێزیەكان سەپێنران، هەروەها سیستمێكی بانكی نیشتمانی دامەزرا بۆ پارێزگاریكردن لە سەقامگیری دراو، فەراهەمبوونی فێركردنی گشتی لەماوەی كۆلۆنیالیدا. مەكسیك ئەم سیاسەتانەی بەشێوەیەكی پلەبەندی جێبەجێكرد: تاریفە و بانكەكان لە سیەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا، بازاڕی نیشتمانی لەدوای ساڵی 1880 وە فێركردنی گشتی لەكۆتاییەكانی سەدەی بیستەم. جیاوازیەكان لەسیاسەتە فێركاریەكاندا تا ڕادەیەكی زۆر ڕاڤەی جیاوازی دەكەن لە ئاڕاستەكانی گەشەپێداندا.

جیاوازی ئاڕاستە تەکنەلۆژیەکان، جیاوازیەکان پەرچ دەکەنەوە لە خواست و خستنەڕوو لەسەر تەکنەلۆژیا. لەساڵی 1800، کرێ راستەقینەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا زۆر زیاتربوو لە هاوتاکانی لە بەریتانیا، ئەم تایبەتمەندیەش خواستێکی دروستکرد لەسەر ئەو ئامێرانەی کە لەدەستی کار کەم دەکەنەوە، لەگەڵ بەدوایەکداهاتنی داهێنانەکان و بەرزبوونەوەی بەرهەمێنان، کرێیەکان زیاتر بەرزبوونەوە، پرۆسەکەش دووبارە بوەوە. لە مەکسیك- بەپێچەوانەوە- کرێیەکان زۆر کەمتربوون، بۆیە پاڵنەری بۆ ئەوە کەم بوون.

ڕێژەی نمایشکراوی تەکنەلۆژیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر زیاتر بوو لەمەکسیك، ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ جیاوازییە ئاینیەکان یان رووخسارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست یان ناعەقڵانیەتی تایبەت بەرۆشنبیری هسبانی. ئەمەش لە گێڕانەوەیەکی جوگرافی ناسی مەزن و یەکێك لەپایەکانی زانستی ئەڵمانیدا دەبینیەوە ئەویش ئەلێکساندەر فۆم هامبۆلتە، کە لەماوەی ساڵی 1803دا لەمەکسیك ژیاوە و زانستی مەکسیکی سەرسامی کردوە:

هیچ شارێك لە کیشوەرە نوێیەکەدا ناتوانێت- هەتا شارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش- ئەم رادەیە لە دەسکەوتی زانستی مەزن وەك پایتەختی مەکسیك نیشان بدات.

هامبۆلت نموونەی بەزانکۆکانی، کۆلیژەکانی کانەکان، پەیمانگا هونەریەکان، باخچە رووەکیەکان، زاناکانی دێنێتەوە. رۆشنبیری زانستی لەنێوان خەڵکی گشتیدا بڵاوبوو لە رێگەی ئەو وانەبێژییە فێکردنە زانستیانەوە کە درێژبووبوونەوە بۆ دورترین هەرێمەکان:

بێگومان هیچ گەشتیارێکی ئەوروپی نیە بێتە ئێرە و سەرسام نەبێت لەکاتی دیتنی لاوە مەکسیکیەکان لە قوڵایی دەوڵەت و لەسەر سنور لەگەڵ کالیفۆرنیادا، کە مشتومڕ دەکەن لەبارەی شیبوونەوەی ئاو بۆ رەگەزە سەرەکیەکانی لە پرۆسەیەکی تێهەڵکێش بوون لەگەڵ هەوادا.

نائامادەگی چاخی رۆشنگەری هۆکاری داوکەوتنی مەکسیك نەبوو، بەڵکو کەموکوڕی گشتی بوو لە کارامەیی هێزی کاردا، زانینی خوێندنەوە و نوسینیش بەیەکێك لەئاماژەکان دادەنرێت، لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەکۆتایی هاتنی سەدەی هەژدەهەم 70% ی ژمارەی نێرینەی پێگەیشتووی سپی پێست خوێندنەوە و نوسینیان دەزانی، بەهاتنی ساڵی 1850 رێژەکە گەیشتە نزیکەی 100% . لەلاکەی ترەوە، کۆیلە پێسترەشەکان (14% لەتێکڕای ژمارەی دانیشتوان) خوێندنەوە و نوسینیان نەدەزانی، پاشانیش رێژەی زانینی خوێندنەوە و نوسین بەتێکڕایی لەمەکسیك گەیشتە 86%، دانیشتوانە پێست سپییەکان بەڕادەیەکی زۆرباش خوێندنەوە و نوسینیان دەزانی، لەکاتێکدا باقی دانیشتوانەکان بەمشێوەیە نەبوون: « تەنها چینێکی سپی

پێست هەیە کە بکرێت تێیدا... شتێك لە رۆشنبیری فیکری ببینیتەوە.»، بەڵام لەمەکسیك، پێست سپییەکان تەنها رێژەی 20% پێکدەهێنا لەتێکڕای ژمارەی دانیشتوان، بۆیە رێژەی زانینی خوێندنەوە و نوسین لەو رێژەیەوە نزیکبوو.

ئاماژەی تەکنەلۆژیای ئەوە ئەم جیاوازیە رووندەکاتەوە لە ژیاننامەی داهێنەرەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیادا. هەموو داهێنەرانەکان خوێندنەوە و نوسینیان دەزانی، داهێنان بۆ نەخوێنەوارەکان زەحمەت بوو، چونکە نەیاندەتوانی سود لە کتێبە هونەریەکان وەربگرن. وێڕای ئەوەش، داهێنەران کۆمەڵێك کاریان بەرێوەدەبرد کە لەنامە گۆڕینەوە و ئیمزاکردنی گرێبەستەکان و بەدەستهێنانی مافی خاوەندارێتی داهێنانەکان و دانوستان لەگەڵ مشتەریەکاندا خۆی دەبینیەوە. هەتا مرۆڤ ببێتە بەشێك لەم جیهانە، پێویستە لەسەری توانای خوێندنەوە و نوسینی هەبێت. لەویلایەتە یەکگرتووەکان، زۆربەی نێرینە پێست سپییەکان کەسانێك بوون ئەگەری هەبوو ببنە ئەندام لەم جیهانەدا، لەکاتێکدا لەمەکسیك، 80% لەدانیشتوان دوورخراوە بوون لەم جیهانە، پاشانیش سنووری وەڵامدانەوەی ئەندازەی ئەفرێنەرانە بۆ تەحەدا خراوەڕووەکان بەرتەسك بوەوە.

بەمشێوەیە هۆکاری راستەوخۆ لەجیاوازی نێوان هەردوو ئەو وڵاتەدا ئاشکرا دیارە، ئەویش بریتییە لەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان خاوەن قوتابخانەی زیاتربوو لەمەکسیك. داگیرکاری نیوئینگڵاند لەماوەی کۆڵۆنیالیدا

ڕێژەیەکی بەدیهێنا نزیکدەبوەوە لە100% لەزانینی خوێندنەوە و نوسین لەنێوان دانیشتوانە نێرینەکانیدا، لەڕێگەی ئەو قوتابخانانەوە کە وڵات پارەداری دەکردن و سەپاندنی خوێندنی ناچاریی. هۆراس مان پێشەوایەتی پرۆسەی نوێکردنەوەی فێرکردنی کرد لە ماساچوست، لە ساڵی 1852 سیستمێکی فێرکاری جێبەجێکرا هاوشێوەی ئەو سیستمەی کە لە بروسیا جێبەجێ دەکرا. «بزاوتی قوتابخانە گشتییەکان» بۆ ویلایەتە باکوریەکانی تر بڵاوبوەوە، بەشێوەیەك فێرکردن پێداویستیەکانی پیشەسازی تێیدا دابین دەکرد. فێرکردنی گشتی مۆرکێکی ئەمەریکی وەرگرت وەك چۆن تاریفە گومرگیەکان بەرزبوون. لەساڵی 1862، جاستن سمیس مۆریل کە ئەندامێکی کۆنگرێس بوو لە فیرمۆنت- کە سەرپەرشتی پرۆژە یاسای تاریفە خۆپارێزیەکانی دەکرد لەساڵی پێشوودا- پرۆژە یاسایەکی پێشکەش کرد بۆ پێدانی زەویە فیدراڵیەکان بە ویلایەتەکان بۆ دامەزراندنی زانکۆکان تێیاندا، پاشان بونیادنانی زیاتر لە 70 « کۆلیژ لەسەر زەویەکانی بەخشینی حوکمی» لەنێوان ساڵانی 1910و 1940، «بزاوتی قوتابخانە ئامادەییەکان» دامەزراندنی قوتابخانەگەلێکی ئامادەیی گشتی لێکەوتەوە لەهەموو ناوچەکانی وڵاتەوە، هەر لە جەنگی جیهانی دووەمیشەوە، وڵات فراوانبوونێکی گەورەی بەخۆوەبینی لەبونیادنانی قوتابخانە ئامادەییەکان و زانکۆکاندا.

لەبەرامبەردا، لەمەکسیك و پێش سەدەی بیستەم فراوانبوونێکی هاوشێوەی ئەمە نەبوو لەفێرکردندا. شۆڕشی مەکسیك بووە هۆی زیادبوونی ڕێژەی رووکردنە قوتابخانەکان، بەڵام تا ساڵی 1946 زیاتر لەنیوەی کەسە پێگەیشتوەکان هێشتا نەخوێنەواربوون. فراوانبونێکی گەورە هەبوو لە بڵاوکردنەوەی فێرکردن لەسەر هەموو ئاستەکان لەماوەی نیوەی سەدەی رابردودا، بەڵام بەلای مەکسیکەوە، فێرکردن ماوەی دوو سەدە درەنگ وەخت کەوت.

بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو مەکسیك دوو ئاڕاستەی جیاوازیان گرتەبەر؟ لەماوەی داگیرکاریدا خواست لەسەر توانای خوێندنەوە و نوسین و کارامەییە ژمێرکاریەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکان زۆرتر بوون لە مەکسیك، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئابوریەکانی داگیرگەکانی ئەمەریکا باکور ئابوریەك بوون لەسەر هەناردەکردنی شمەکە سەرەکیەکان دەوەستایەوە، نیشتەجێبووەکان دەیانویست بگەنە ئاستی گوزەرانی ئەوروپی لەرێگەی فرۆشتنی بڕێکی گەورە لەبەرهەمەکانیان بۆ کڕینی شمەکە بەکاربەریە ئینگلیزیەکان، زانینی خوێندنەوەو نوسینیش ئەم چالاکە ئابوریەی ئاسان دەکرد. لەمەکسیك- بەپێچەوانەوە- دانیشتوانە رەسەنەکان کەمتر چالاك بوون لەسەر ئاستی بازرگانی، پاشانیش کەڵکێکی گەورەیان نەدیتەوە بۆ ئەم کارامەییانە.

هەروەها حکومەتەکانیش زیاتر پێداگربوون لەسەر بونیادنانی قوتابخانەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمەریکا بە بەراورد بە ئەمەریکای لاتینی. ئابوریەکان کە بەرپابوون لەسەر یەکسانی لەنیو ئیگلاند و هەرێمی ئەتڵەسی ناوەڕاست پشتیوانیان لە قەوارە سیاسیە دیموکراسیەکان کرد کە خزمەتگوزاری گشتی فەراهەمکرد وەك فێرکردن، کە لەچێوەیەکی فراواندا داوای لەسەر بوو. بەپێچەوانەوە، مەکسیك لەلایەن دەستەبژێرێك لە هاوڵاتیانی سپی پێست دەبرا بەڕێوە کە بڵاوکردنەوەی فێرکردن خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەوانی نەدەکرد، بۆیە زۆرینەی خەڵك بە نەخوێندەوار مانەوە. ئاستی نایەکسانی زۆر بەرزبوو، حکومەتەکانی مەکسیك نمایشی دەستەبژێرێکی بچووکیان دەکرد لەئەندێزو لەداگیرگەکان کە لەسەر ئیستغلالکردنی کارگەرە کۆیلەکان بەرپا کران وەك داگیرگەکانی کاریبی و بەرازیل، ئەمەش بووە هۆی هەمان ئەنجام: فێرکردنێکی سنوردار لەهەموو ناوچەکانی ئەمەریکای لاتین.

پێشکەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەراووردێك پێشکەش دەکات کەوا کۆمەڵە ڕاستیەکی زۆر دەخاتەڕوو، بەشێوەیەك زۆربەی ئەو ناوچانەی بووژانەوەی بەخۆوە بینی بوو لەماوەی کۆڵۆنیالیدا بەهۆی ئیستیغلالکردنی کارگەرە کۆیلەکانەوە بونیادنران، بەڵام بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەمان چارەنوسی جامایکا یان بەرازیلی نەبوو؟ دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی و کۆتایی

هاتنی پڕۆسەی سەرلەنوێ بونیادنانەوە و دانانی بنەماکانی کۆماری لەدوای جەنگی ناوخۆوە، نایەکسانی ویلایەتەکانی باشوری گرتەوە، کە چینێك لەدەستەبژێر فەمانڕەواییان دەکرد کە بایەخی نەدەدا بەفێکردنی ئەمەریکیە بەڕەگەز ئەفریقیەکان. بۆیە ڕێژەی بەدەستهێنانی فێرکردن و باشێتی فێرکردن بەنزمی مایەوە هەتا کۆتایی هاتنی جیاکاری رەگەزی لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو لەوەدا کە باشور ببێتە هەژارترین ناوچەکانی وڵات. جیاوازی سەرەکیش لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەمەریکای لاتیندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی ئەو دانیشتوانانەی کە ڕووبەڕووی لەیەکبڕانی کۆمەڵایەتی بوونەوە. لەویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەمەریکیە بە رەگەز ئەفەریقیەکان، ڕێژەی حەوت یەکی تێکڕای ژمارەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا، لەکاتێکدا دانیشتوانە رەسەنەکان و رەش پێستەکان لە ئەمەریکای لاتین ڕێژەی دوو لەسەر سێی ژمارەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا، ئەگەریش ویلایەتە یەکگرتووەکانمامەڵەی لەگەڵ 70% دانیشتوانەکەی بەهەمان ئەو شێوەیە بکردایە کە ئەمەریکیەکان پێی مامەڵەیان لەگەڵ پێست رەشەکان کرد، ئەوا ئەنجامەکە تەنها کورت نەدەبوەوە لەبڵاوبونەوەی ستەم لە چێوەیەکی فراواندا، بەڵکو دەبووە هۆی شکست لەسەر ئاستی نەتەوەیی، بەشێوەیەك کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەرگیز نەدەبووە یەکێك لە ناوەندەکانی هێزی ئابوری لەژێر ڕۆشنایی ئەم بڕە سنوردارەی فێرکردندا.

# بەشی حەوتەم
# ئەفەریقیا

هەژاری کیشوەری ئەفەریقیا بە مەسەلەیەکی نوێ دانانرێت، بەڵکو هەرێمی ئەفەریقیای باشوری بیابان هەژارترین ناوچەی جیهان بووە لەساڵی 1500، هەتا ئێستاش هەر وایە، سەرەڕای زیادبوونی داهات بۆ هەر تاکێك. ئەم بەشە ئامانجی ئەوەیە لەسەر ئەو هۆکارانە بوەستێت کە وایانکردووە ئەفەریقیا ئەو هەموو ماوەیە بە هەژاری بمێنێتەوە.

هۆکارە ئەگەریەکانی پشت ئەم رەوشە زۆرن، هەتا ئێستاش ئایدۆلۆژیەتی داگیرکاری زاڵە بەسەر هەندێك لە

دامودەزگاکانی خۆرئاوادا، کە هۆکاری هەژاری ئەفەریقیەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ تەمەڵی یان کەمی زیرەکیان، هەروەها ئەو تێڕوانینانە دورتر لەمە دەڕۆن و پێیانوایە دابونەریتەکان یان سەروەریی بەها نا بازرگانیەکان بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم تواناکانی ئەفەریقیەکاندا، بەڵام هیچ کام لەم بانگەشانە خۆیان ڕاناگرن لەبەرامبەر پشکنینێکی مێژووییدا بۆ مەسەلەکە.

ڕاڤە دامەزراوەییەکان بۆ هۆکارەکانی هەژاری ئەفەریقیەکان لەو ڕاڤەکردنە باشەکان دادەنرێن. بازرگانی کۆیلەکان بە ڕاڤەیەکی خوازراو دادەنرێن، بەڵکو ئەو وڵاتانەی ئەمڕۆ زیاتر هەژارن لەکیشوەری ئەفەریقیادا ئەو وڵاتانەن کە کۆیلەیان هەناردەکردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو وڵاتانەش کە بەوپەڕی تواناوە بەرهەڵستیان لە کۆیلایەتی کردوە ئەمانیش بەپێوەری ئەمڕۆ لەوڵاتە هەرە هەژارەکانن، پاشانیش دەبێت هۆکارێکی تر هەبێت. داگیرکەر بەڕاڤەیەکی باش دادەنرێت بۆ خولقاندنی ڕەوشی هەژاری لەو وڵاتانەدا، چونکە داگیرکەر لەزۆرێك لەوڵاتاندا ئامانجی گواستنەوەی سامان بوو لەدەستی ئەفەریقیەکانەوە بۆ ئەوروپیەکان. سەرەڕای ڕوودانی هەندێك پەرەپێدان لەسایەی حوکمی داگیرکاریدا، بەڵام کارگێڕی ئەوروپی کاری بۆگەشەیەکی ئابوری نوێ لەوڵاتە ئەفەریقیەکاندا نەکردووە.

تێورسێنانی تیۆری شوێنکەوتەیی پێیانوایە هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ جیهانگیری توند، بەشێوەیەك ئەوانە پێیانوایە جەختکردنەوەی وڵاتانی ئەفەریقی لەسەر هەناردەکردنی

کەرەستە سەرەتاییەکان لەمەودای درێژخایەندا، لەبەرژەوەندی کیشوەرەکە نەبووە. دواجاریش، زۆرێك لەچاودێران بەمدواییە جەختیان لە هۆکارەکانی گەندەڵی، دەستوەردانە حکومیەکان، حوکمی گشتگیری حکومەتە ئەفەریقیەکان کردەوە.

ئەگەر لەو وڵاتانەدا حکومەتێك جێگەی وڵاتە شکستخواردوەکان بگرێتەوە کەوا کارگێڕی ئەوروپی بیانبات بەڕێوە، لەوانەیە ئەمە ئابوری ئەو وڵاتانە ببوژێنێتەوە، بەڵام بەرمەرجێك بیانیەکان ئەمجارە بەشێوەیەکی درووست بیبەن بەڕێوە.

بۆ زانینی هۆکارەکانی هەژاری ئەمڕۆی ئەفەریقیا، پێویستە هۆکارەکانی هەژاری ساڵی 1500 بزانین. راڤەکردنەکە پشت دەبەستێت بە جوگرافیا، دیموگرافیا، بنچینەی کشتوکاڵ. بونیادنی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە ساڵی 1500 شێوازی وەڵامدانەوەی کیشوەرەکەی بۆ جیهانگیری و داگیرکەر دیاریکردووە، شێوازی ئەم وەڵامدانەوەش بووە کە وایکردوە لەوکاتەوە هەتا ئێستا بەهەژاری بمێنێتەوە.

### ئەفەریقیا و مەسەلەی کەلێنە گەورەکە

ناوچەی کیشوەری ئەفەریقیای باشوری بیابان لەساڵی 1500دا هەژاربووە، بەهۆی ئەوەی شارستانیەتێکی کشتوکاڵی پێشکەوتوو نەبووە، هەروەها تەنها چەند شارستانیەتێکی کشتوکاڵی کەمێك پێشکەوتوو هەبووە لە ئەوروپای خۆرئاوایی، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، وڵاتی فارس، چەند بەشێك

لەهندستان، چین و ژاپۆن. وڵاتانی ئەم ناوچانە لەڕەوشێکدا بوون ڕێگەیان بەڕوودانی شۆڕێکی پیشەسازی داوە تێیاندا، بەپێچەوانەی ناوچەکانی تری جیهانەوە- لەناویشیاندا کیشوەری ئەفەریقیا- لەبەر ئەم هۆکارەشە مشتومڕ لەبارەی کەلێنە گەورەکەوە کیشوەری ئەفەریقیای لەخۆنەگرتووە.

لای شارستانیەتە کشتوکاڵیەکان چەندین تایبەتمەندی فەراهەمبوون کە مەودایەکی دووریان خسۆتە نێوان خۆیان و ئەفەریقیاوە، وەك بوونی کشتوکاڵێکی بەرهەمێهن، پیشەسازی هەمەجۆر، دەرامەتی دامەزراوەیی و رۆشنبیری پێویست بۆ گەشەی ئابوری نوێ. ئەمەش موڵکایەتی تایبەت بە زەوی و کرێکاران، ئەوانەی خاوەن زەوی نەبوون لەخۆدەگرێت و ئەو هۆکارە رۆشنبیریانەی کە پێویست بوون بۆ رێکخستنی خاوەندارێتی و بازرگانی، وەك کارامەیی نوسین، رووپێوی زەویەکان، ئەندازیاری، زانستی ژمێریاری، ئامرازەکانی پێوانە، کێشە پێوەریەکان، دراوەکان و سیستمێکی یاسایی کە لەسەر بنچینەی بەڵگەنامە نوسراوەکان بەرپا دەبێت، بوونی بەرپرسیارانێك کە هەڵدەستن بە بەڕێوەبردنی ئەم بەڵگەنامانە. ئەم هۆکارە رۆشنبیریانەش پێویست بوون بۆ پشتیوانیکردن لە پێشکەوتنی بازرگانی، پەرەپێدانی فێرکردن، بیرکاری و زانستەکان، بۆ دەرکەوتنی داهێنانەکان و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای نوێ. ناوچەی ئەفەریقیای باشوری بیابان ئەم مەرجانەی پێشەوەی تێدا نەبوو، هەروەك چۆن ناوچەکانی تری وەك باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، ئوسترالیا،

نیوزلەندە، باکوری ئۆراسیا، بۆلینیزیا و ئەو ناوچانەی هەردوو ئەمەریکاش کە چڕی دانیشتوانیان کەم بوو، ئەم مەرجانەیان تێدا نەبوو.

ئاڕاستەی ئەفەریقیای مێژوویی کاریگەربوو بە سروشتی کشتوکاڵی پێشوەخت و پەیوەندیەکانی بە دانیشتوانەوە. لەدەوروبەری ساڵی 3000 پێش زایین، مەڕو ماڵات بۆ یەکەمجار لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاتوون بۆ لەوەڕاندن لەناوچەی بیاباندا (کە ئەو کات کەمتر وشك بوو وەك ئەوەی ئەمڕۆ هەیە)، گەنم و برنج لەدۆڵی نیل و بانی ئەسیوپیا دەڕوێنران. دواتر، ئەسیوپیەکان جۆری ئەو رووەکانەیان زیاترکرد کە دەیانڕواندن وەك هەرزن، کونجی، خەردەل، رووەکی ئینیست و قاوە...هتد، ئامرازەکانی کشتوکاڵی تێکەڵ پەرەیان سەند بەشێوەیەك گاسن زەویەکانی دەکێڵا و پەینی مەڕوماڵاتەکانیشان بۆ بەپیتکردنی بەروبومەکان بەکاردەهێنا، هەروەك چۆن وەبەرهێنانەکان لەشێوازەکانی کاری کشتیاری و ئاوداندان هەوبون. ئەسیوپیا تاکە وڵاتێك بوو لەناوچەی ئەفەریقیای باشوری بیاباندا کە شارستانیەتێکی کشتوکاڵی پێشکەوتووی پەرەپێدا. لەنێوان ساڵانی 2000-1500 پێش زانیین، هەرزن و گەنمەشامی لەنزیك ناوچەی دەریاچەی چادەوە دەچێنران، کشتیارەکان هەروەها مەڕیشیان بەخێودەکرد، بەڵام کشتوکاڵی تێکەڵ مومارەسە نەکراوە وەك ئەوەی لە ئەسیوپیادا مومارەسە دەکرا. هەتا ئەمڕۆش گەنمەشامی و هەزران بەشێوەیەکی جیاوازتر دەچێنرێن کەوا

لەبری بەکارهێنانی گاسن،بێڵ بەکاردەهێنرێت. لەکۆتاییشدا، پەتاتە و زەیتی خورما بوونە بنچینەی کشتوکاڵ لەناوچەی دارستانە باراناوییەکاندا، هەروەها پەتاتە چێنرا لە نەیجیریا کە هەتا ئەمڕۆکەش بە بەروبومێکی کشتوکاڵی گەشاوە دادەنرێت. بەخێوکردنی مەڕوماڵات بەدیارنەما، بەشێوەیەك بەهۆی تووشبونیان بە نەخۆشی خەوتن کە مێشولەی تسی تسی هۆکارەکەیەتی و لەناوچەکانی دارستانە باراناوییەکاندا دەژی هەرچی ئەسپ و وڵاخ و مەڕوماڵاتەکانە دواییان هات.

سیستمی کشتوکاڵ لەناوچەی خۆرئاوای ئەفەریقیادا سودی لەو هەلە نوێیانە دەبینی هەرکاتێك فەراهەم بوونایە. لەنێوان هەردوو سەدەی یەکەم و هەشتەمی زاینیدا، دەستکرا بەچاندنی چەند بەروبومێك کە لەئاسیاوە هاتبوون، لەوانەش مۆز، پەتاتەی ئاسیایی، قولقاس (روەکێکە لەناو چێشتدا بەکاردەهێنرێت) و پاقلەمەنیەکان. لە سەدەی نوزدەهەمدا، لیستەکە زۆر زیادی کرد لەگەڵ چاندنی گەنمەشامی، کسافا، فولی سودانی و توتن کە لە هەردوو ئەمەریکاکەوە هاتبوون، هێندەی نەبرد ئەم بەروبوومانە بوونە بەروبوومی (تەقلیدی)، ئەمەش رادەی پوچێتی بنەمای (دابوونەریتە جێگیرەکان) رووندەکاتەوە وەك راڤەکردنێك بۆ هەژاری کیشوەری ئەفەریقیا.

کشتوکاڵکردنی بەروبوومەکان بوونە هۆی دروستبوونی گوندە کشتوکاڵییە هەمیشەییەکان، بەرزبوونەوەی رێژەکانی لەدایکبوون لە ئەفەریقیا هەروەك چۆن لەهەموو شوێنێکی

جیهاندا ئەم ژمارەیە رووی لەبەرزبوونەوە کرد، لەناوچەی بەرزاییەکانی ئەسیوپیا- کە نەخۆشیەکانی ناوچەکانی هێڵی ناوەڕستیان تێدا نییە- ژمارەی دانیشتوان بەخێرایی زیادیان کرد. لەگەڵ کەمبوونەوەی زەویەکانیش، وڵات و چینی ئەرستۆکراتی هیچیان بۆ نەمایەوە جگە لە بەکرێدانی زەویەکان یان سەپاندنی باج بەسەریاندا بۆ دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی پارەدارکردن بۆیان. ئەو زەویانەی کە هی خاوەندارێتی کۆمەڵی بوون کرانە خاوەندارێتی تایبەت، بەمەش چینی ئەو کرێکارانە بەدیارکەوت کە خاوەن هیچ زەویەك نەبوون وەك تاکەکان مافی کشتیاریان لەدەستدابوو، شانشینی دیمۆت لەباکوری ئەسیوپیاو ئەریتریا لەسەدەی هەشتەمی پێش زاییندا بونیادنران، کشتوکاڵکردن لەم شانشینەدا پشتی بە کێڵان و ئاودێری دەبەست، ئەم شانشینە ئاسنی دەناسی و زمانەکەی نوسراو بوو، دوای ئەمەش شانشینی ئەکسیم هات کە مەزنتر بوو لەو.

گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان لەئەفەریقیا بەسنورداری مایەوە، چونکە نەخۆشیەکانی ناوچەکانی هێڵی ناوەڕاست وایکرد رێژەی مردن بەرز بێت. زۆرترین رێژەکانی مردن بەهۆی نەخۆشی مەلاریاوە بوو، ئەمەش تاڕادەیەك هاوکاتی ئەوە بوو کەوا کشتیارەکانی پەتاتە دەستیان کرد بەلابردنی درەختەکان لە دارستانە باراناویەکاندا بۆ ئەوەی سازی بکەن بۆ کشتوکاڵکردن. رەنگە ئەم پرۆسەیەی لابردنی دارستانەکان رۆڵی هەبووبێت لەپەرەسەندنی نەخۆشیەکاندا، هەروەك

چۆن نەخۆشیەکانی تری ناوچەی هێڵی ناوەڕاست وەك نەخۆشی خەوتن، ڕۆڵیان هەبووبێت لەبەرزکردنەوەی ڕێژەکانی مردندا.

ناوچەی خۆرئاوای ئەفەریقیا وەك ناوچەیەك مایەوە کە بەزۆریی زەوی شیاوی تێدا فەراهەمبوو بۆ کشتوکاڵ، بەڵام شێوازی کشتوکاڵکردنی گەڕۆك وەڵامدانەوەیەکی گونجاو بوو بۆ ئەم ڕەوشانە، لەنموونەی ئەو کۆمەڵانەش کە مومارەسەی ئەم جۆرە لەکشتوکاڵیان دەکرد، کۆمەڵەی یاکۆ بوون کە لەناوچەی دارستانە باراناویەکاندا دەژیان لەخۆرهەڵاتی نەیجیریا، کەوا پشتیان بە پەتاتە دەبەست وەك مادەیەکی سەرەکی لەخۆراکیاندا. لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا، گوندی ئومور کە کۆمەڵەکانی یاکۆی تێدا دەژیان خاوەن 40 میلی چوارگۆشە زەوی شیاو بوون بۆ کشتوکاڵ، بەڵام ساڵانە تەنها سێ میلی چوارگۆشەی لێ دەکرا بە کشتوکاڵ. دوای وەرزی چنینەوە، زەویەکان بۆ ماوەی شەش ساڵ وازیان لێدەهێنرا بۆ ئەوەی بەپیت ببنەوە، زەوی تر ساز دەکران بۆ ئەوەی کشتوکاڵیان تێدا بکرێت. لەگەڵ ڕێگەدا بە حەوانەوەی زەویەکان، تەنها 21 میلی چوارگۆشە بەکاردەهێنرا لەتێکڕای 40 میلی چوارگۆشە کە شیاوبوو بۆ کشتوکاڵ، ئەو پانتاییەی دەمایەوە وازی لێدەهێنرا بۆ مناڵان یان بۆ یەکێك کە پێویستی بەزەوی هەبوایە، پاشانیش، هیچ چینێك نەبوو لە کرێکاران کە خاوەن زەوی نەبوونایە لەگوندەکەدا، هەروەك چۆن هیچ خواستێك نەبوو لەسەر زەوی بۆ کڕینی یان بەکرێگرتنی،

بەشێوەیەك هەركەسێك دەیتوانی بەشێك لەدارستانەكان لابەرێت و بیكاتە زەوی خۆی بێ ئەوەی دەستدرێژی بكاتە سەر خاوەندارێتی هیچ كەسێك.

كشتوكاڵكردنی پەتاتە، دەرهێنانی زەیت، دۆشاوی خورما، پێویستی بەكارێكی زۆر نەبوو، خۆراكیش هێندە زۆربوو، كە بەس بێت بۆ مانەوە لەژیاندا. خشتەی 7-1[1] كۆمەڵەی (أ)، سەرلەنوێ وێناكردنی بەرهەمهێنانی خواردن بۆ خێزانێك رووندەكاتەوە لە كۆمەڵی یاكۆ لە گوندی ئۆمور، خێزانەكە پێكدێت لە پیاوێك و دوو ژن و چوار بۆ پێنج مناڵ. ساڵانە، خێزانەكە 1.4 فەدان زەوی دەچێنن لە پەتاتەو هەندێك لە قولقاس، لۆبیا، كولەكە، خەیار، هاوشێوەی ئەمانە و بامێ و هەندێك لە سەوزمەنی تر، ژەمێك پێكدەهات لە سەوزمەنی بەشێوەیەك سەرەكی، هەروەك چۆن هەندێك پەلەوەری كێوی راودەكراو بڕێكی كەمیش گۆشت دەكڕا بۆ ئەوەی لەگەڵ پەتاتەدا لێبنرێت، وێڕای ئەمەش، خێزانەكە زەیتی خورماو نیو گاڵۆن لەدۆشاوی خورمای بەكاردەهێنا رۆژانە، بڕی ئەو وزەیەی كە تاكێكی نێری پێگەیشتوو دەستی دەكەوت گەیشتە 1941 تاوزە. ئەم كەسانە لەسەر نزمترین ئاستی پێداویستیەكان دەژیان، چاندنی باخچەكان و دەرهێنانی زەیت و دۆشا لەخورما ساڵانە پێویستیان بە سێ بۆ چوار كەسی پێگەیشتوو دەبوو كەوا كۆششێك بكەن هاوبەرمبەری 400 رۆژ كاركردن بێت. شێوازی بەكاربردنی ئەفریقیەكانیش بەزۆری وەك یەك وابوون پێش هاتنی ئەوروپیەكان.

**خشتەی 7-1: داهاتی خێزانێك لە كۆمەڵی یاكۆ لە سیەكانی سەدەی بیستەمدا**

**كۆمەڵی (أ): بەرهەمهێنانی خۆراك و بەكاربردنی**

خێزانەكە پێكدێت لە پیاوێك و دوو ژن و 3-4 مناڵ (كە دەكاتە 4.75 كەسی پێگەیشتو).

خێزانەكە 1.4 فەدان لەپەتاتە دەچێنن، هەروەها كولەكەو بامیە.

زەیت و دۆشاوی دەردەهێنن.

پشكی بەكاربردنی خۆراك بۆ هەركەسێكی پێگەیشتو.

| | كیلۆگرام/ساڵ | كیلۆتاوزە/رۆژێك | ژمارەی گرامەكانی پرۆتین/رۆژ |
|---|---|---|---|
| پەتاتە | 489.2 | 1582 | 20.5 |
| لۆبیا | 12.4 | 114 | 8.0 |
| گۆشت | 4.4 | 30 | 2.4 |
| كولەكەو رووەكەكانی هاوشێوەی | 9.6 | 7 | 0.2 |
| بامێ | 9.6 | 8 | 0.5 |
| زەیتی خورما | 2.1 | 50 | 0 |
| دۆشاوی خورما | 174.4 | 150 | 1.0 |
| تێكڕایی | | 1941 | 32.6 |

چاندنی پانتاییەك لەزەوی بە پەتاتە پێویستی بە 307 رۆژ دەبێت.

بەرهەمەكانی خورما پێویستی بە 93 رۆژە.

گۆشت دەكڕێت.

**كۆمەڵی (ب): بەرهەمانی خورما كە بەرهەم دەهێنرێت**

بەمەبەستی فرۆشتن

زەیتی خورما12 قاپ بەرامبەر 36 رەتڵە

تۆوی خورما747 رەتڵ

دۆشاوی خورما 93 شوشەی نیوگاڵۆنی

بەرهەمەكانی خورما كە دەفرۆشرێت 155 رۆژ كاركردنیان پێویستە.

چڕی نزمی دانیشتوان و بەرزی تێچوونەکانی گواستنەوە بوونە هۆی ئاستەنگ لەبەردەم تواناکانی پسپۆڕی وەرگرتن لەبەرهەمهێنانی شمەکی دروستکراو کە پێداویسیتەکانی بازاڕە گەورەکان پڕبکاتەوە. پیشەسازی ئاسن لەناوچەی خۆرئاوای ئەفەریقیا لەدەوروبەری ساڵی 1200 پێش زایین سەریهەڵدا، بەڵام تێکڕایی بەرهەم نزم بوو. لۆکە لەناوچەی ساڤانا دەچێنراو دەچنرا بۆ ئەوەی ببێتە قوماش لەرێگەی تەونی دەستیەوە. پیشەسازی لۆکە لەدەورووبەری شاری کانۆ چڕببوەوە، لەکاتێکدا قەبارەی بەرهەم- بەهەمانشێوەی پیشەسازی ئاسن- نزم بوو. لەبری کڕینی بەرهەمە درووستکراوەکان، زۆربەی خەڵك خۆیان کەلوپەلە سادەکانیان و جلوبەرگەکانیان لە توێکڵی دار درووست دەکرد، لەئەنجامی ئەمەش، کۆی شمەکە بەکاربەریە فەراهەمبووەکان سنوردار بوون، خەڵك تەنها هێندە شتیان دەچاند کە بەشی خۆیان بکات، هیچ شتێکیش نەبوو کە بەزیادەی داهات بیکڕن. کشتوکاڵ پێویستی بەتەنها بەشێك لە ساڵ دەبوو، ئیدی باقی ساڵەکە بە بەتاڵی دەمانەوە.

لەسایەی ئەم سیستمەدا لەبەرهەمهێنان، دوو شێوازی بەباشزانراو هەبوون لە سیاسەتەکان: یەکەمیان خۆی لە سیستمی کۆمەڵە یان هۆزدا دەبینەوە کە پێکدەهات لەکۆنفیدراڵیەك لە کشتیارەکان لەناوچەیەکدا، کۆمەڵ یان هۆز پرۆسەی دابەشکردنی زەویەکانیان رێکدەخست و ناکۆکیەکانیان سەبارەت بە بەکارهێنانی چارەسەر دەکرد،

تاکەکانی هۆزیش لەپیاوان گروپێکی چەکداریان پێکدەهێنا بۆ بەرگریکردن لە زەویەکان لەدژی گروپ و کۆمەڵەکانی تر، سەرکردەی ئەو کۆمەڵانە یان هۆزانەش بریتی بوون لە «سەرۆکەکانیان» کە ئەمانە لە ڕێگەی بیروباوەڕە ئاینیەکانەوە پێگەی خۆیان هەبوو، هاوکات یەکسانییەکی ڕێژەیی زاڵبوو بەسەر ئەم سیستمە سیاسیەدا.

کشتوکاڵکردنی گەڕۆکیش خەسڵەتێکی هەبوو بووە هۆی دەرکەوتنی ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی قوچەکی، ئەو خەسڵەتەش بریتی بوو لە بوونی کاتێکی بەتاڵ زۆر کەوا کشتیارەکان هەیانبوو. ئەگەریش ناچاربکرانایە بۆ کاتێکی زیاتری کارکردن، ئەوا بەروبوومێکیان دەچاند کە زیاتر دەبوو لە نزمترین رادە لە پێداویستیەکانی ژیان، ئەو زیادەیەش دەکرا ببووایەتە هۆی فەراهەمکردنی حەوانەوەیەکی تەواوەتی و هەمیشەیی بۆ هەندێك، یان (لەسەر ئاستی سیاسی) بۆ فەراهەمکردنی خۆراك بۆ دامەزراوە سەربازیەکان. بەمشێوەیە، فریوی بەهیچ شێوەیەك کارنەکردن و هێز وایان لە کۆیلایەتی کرد مەسەلەیەکی ناچاری بێت، بەڵام زەحمەتی ئەوە خۆی لەوەدا دەنواند کە پانتاییە بەتاڵەکان لەزەویەکان هەلی هەڵهاتن و خۆژیاندن بۆ کۆیلەکان فەراهەم دەکات. کۆنجۆش لەژێر داگیرکاری فەرەنسیدا لەماوەی سەدەی بیستەمدا چەند نموونەیەکی پێشکەش کرد، بەشێوەیەك دانیشتوانە لادێیەکان هەڵدەهاتن بۆ دارستانەکان و بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەوێ دەژیان و بۆ خۆراك پەیداکردنیش پشتیان

به راوکردن دەبەست بۆ ئەوەی خۆیان لە بەسەربازگرتن یان کاری زۆرەملێی کێڵگەکان بپارێزن. سەرکردە ئەفەریقیەکانیش زاڵبوون بەسەر ئەم بژاردەیەدا، ئەویش بەهۆی هێرشکردنە سەر ناوچەکانی دراوسێیان بۆ هێنانی کۆیلە، بەشێوەیەك کۆیلەکانی ئەم ناوچانە زمانی ناوچەییان نەدەزانی، نەیدەتوانی لە ژینگەی نوێدا بژێوی بۆ خۆیان پەیدا بکەن، بەڵام بەسروشتی حاڵ، رۆڵەکانی ئەم کۆیلانە فێری ژیان دەبوون لەژینگە نوێیەکەدا، بۆیە زۆرجار کۆیلایەتی بۆ زیاتر لەنەوەیەك درێژە ناکێشێت، رۆڵەکانی کۆیلەکانیش وەك ئەندامانێك لەناو هۆزدا دانیان پێدادەنرا. کۆیلایەتیش لە ئەفەریقیادا بڵاو بوو پێش هاتنی ئەوروپییەکان. بەڵکو بناغەیەك بوو کە زۆرێك لەدەوڵەتەکانی لەسەر بونیادنرا.

لەکاتێکدا کۆمەڵە دەوڵەتێك هەبوون لەئەفەریقیادا، بەڵام جیاوازبوون لەوڵاتان لە ئابورییە کشتوکاڵیە پێشکەوتوەکاندا. وڵاتە کشتوکاڵیەکان سەرچاوەکان بۆ پارەدارکردن فەراهەم دەکرد لەرێگەی سەپاندنی باجەکانەوە بەسەر زەویەکاندا، یان بەکرێدانی موڵکەکانی دەوڵەتەوە، بەڵام ئەوە مومکین نەبوو لەئەفەریقیادا، چونکە لەوێ زەوی زۆر هەبوو، ئەمەش وایکردبوو بەهای نەبێت، لەئەنجامی ئەمەشەوە، وڵاتانی ئەفەریقی دامەزراوەی یاسایی و رۆشنبیریان نەبوو کە کۆمەڵگە کشتوکاڵییە پێشکەوتوەکان بەکاریاندەهێنا بۆ رێکخستنی خاوەندارێتی تایبەت، وەك پرۆسەکانی روپێوی زەوی، زانستی ژمێرکاری، ئەندازە و

نوسین، بەڵام هەڵاوێردەکان خۆیان لەئیمپراتۆریەتەکانی خۆرئاوای ئەفەریقیادا دەبینیەوە لەناوچەی ساڤانا وەك گانا و مالی و سۆنگای، کە لەم شوێنانە زەوییە کشتوکاڵیەکان ملکەچ دەبوون بۆ خاوەنداریێتی کۆمەڵی و کۆیلایەتیش بەربڵاو بوو. هەرچۆنێك بێت، داهاتەکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی بنچینەیی لەرێگەی سەپاندنی باجەکانەوە بوو کە دەسەپێنرا بەسەر ئەو بازرگانیانەدا کە بەوێدا تێپەڕ دەبوون بۆ ناوچەی بیابانی گەورە و بەرهەمێنانی ئاڵتون (نەك کشتوکاڵ). ئیسلامیش بووە ئاینی فەرمی ئەم ئیمپراتۆریەتانە،بەشداری کرد لە هێنانە ناوەوەی نوسین و یاساکانی خاوەنداریێتی بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کارگێڕیەکان کە رووبەڕوویان دەبوەوە.

## بازرگانیی کۆیلە

گەیشتن ئەوروپییەکان بووە هۆی وەرچەخانی زۆر گەورە لەو کۆمەڵگەنەدا کەوا مومارەسەی کشتوکاڵی جێگۆڕکێیان دەکرد، ئەوروپیەکان کۆمەڵێك شمەکیان لەگەڵ خۆیان هێنا زۆر زیاتربوو لەوەی دانیشتوانە رەسەنەکان هەیانبوو. مەسەلەکە زۆری نەخایاند هەتا دانیشتوانە رەسەنەکان لەهەردوو ئەمەریکا یان لە باشوری بۆلینیزیا یان ئەفەریقیا دەرکیان بەوە کرد کە لۆکە جلوبەرگی باشتری لێ درووست دەکرێت لەوەی لە توێکڵی درەخت درووست دەکرێت، یان تفەنگەکان زیاتر لە رمەکان کوشندە و لەناوبەرن. لە ساڵی

1895، ماری کینجسلی گەشتێکی سەختی بەناو جابۆندا دەستپێکردو ئاماژەی کرد بۆ ئەوەی زۆربەی ئەفەریقیەکان:

گەنج بێت یان گەورە، پیاو بێت یان ژن، پێیانوایە بازرگانی گرنگترین کاروبارەکانی ژیانە، هەر ئەوەندەی توانیان لەسەر پێیەکانیان بڕۆن مومارەسەی دەکەن، وازیش لێ ناهێنن هەتا دوای مردنیشیان، ئەمەش بەپێی گێڕانەوەکانیان لەبارەی رۆحی بازرگانە بەتواناکان و دەستوەردانیان لەکاروبارەکانی بازاڕدا.

ئەفەریقیا تاکە رەوشێك نەبوو لەم بارەیەوە. پێش هاتنی فەرەنسیەکان، دانیشتوانە رەسەنەکان لەئەمەریکای باکور خواردنەکانیان لەناو دەفری دارینا لێدەنا کە بە بەردی گەرم دەکوڵێنرا. ئەو مەنجەڵانەی کە بازرگانە فەرەنسیەکانی فەرو هێنابوویان، دانیشتوانە رەسەنەکانی سەرسامکرد بەشێوەیەك وایاندەزانی ئەوەی گەورەترین مەنجەڵ درووست بکات پاشای فەرەنسایە! دانیشتوانەکان پێویستیان بەفرۆشتنی شتێك بوو بۆ ئەوەی مەنجەڵ و تەور و قوماشی ئەوروپی پێ بکڕن. کاتێکیش شمەکێکی سەرەکیان دۆزیوە، بەدرێژایی رۆژانی ساڵ کاریان دەکرد بۆ بەرهەمهێنانی بەمەبەستی هەناردەکردن. لەئەمەریکای باکور، شمەکی سەرەکیش بریتی بوو لە فەرو (کەوڵی ئاژەڵ). لەدەوروبەری ساڵی 1680، یەکێك لە ئەندامەکانی هۆزەکانی مکماك گاڵتە لەگەڵ یەکێك لەڕاهیبە فەرەنسیەکان دەکات و دەڵێت:

لەڕاستیدا براکەم: تاڕادەیەکی زۆر ئاژەڵی سەگی ئاوی دەستەبەری پەیداکردنی هەموو شتێکمان بۆ دەکات : ئەو مەنجەڵ، تەور، شمشێر، چەقۆ، خواردنەوە و خۆراکمان بۆ دابین دەکات، بێ خۆماندوکردن و زەحمەت کێشان بە چاندنی زەویەوە.

ناوچەی خۆرئاوای ئەفەریقیا ئاڵتونی هەناردە دەکرد بۆ ناوچەی حەوزی دەریای ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی، بەڵام لەسەدەی شانزەهەمدا شمەکێکی هەناردەکردنی بایەخدارتر دەرکەوتن، ئەویش بریتی بوو لە کۆیلەکان. ئابوری شەکر لەهەردو ئەمەریکادا خواستێکی گەورەی دروستکرد لەسەر کارگەری کەدەکرا بە کەمترین تێچوون دابین بکرێت، ئەویش لەرێگەی کڕینی کرێکارەوە. لەساڵی 1526، ئەلفۆنسۆی یەکەم- پاشای کۆنگۆی ئەفەریقی کە هەوڵیدەدا گەلەکەی وا لێ بکات بچنە سەر ئاینی مەسیحی- سکاڵا لای جواوی سێهەمی پاشای پورتوگال دەکات و دەڵێت: زۆرێك لەهاوڵاتیەکانمان زۆر تینووی بەرهەمە پورتوگالیەکانن کە هاوڵاتیەکانتان هێناویانە بۆ زەویەکانی ئێمە، بۆ دابینکردنی ئەم چڵێسیە نائاساییە، ئەوا زۆرێك لە هاوڵاتیە پێستڕەشە ئازادەکانمان دیل دەکەن ... (و) لەسەر کەنار دەیانفرۆشن بە بازرگانانی کۆیلەکان. لەسەدەی حەڤدەهەمدا، مەمالیکەکانی وەك داهومی و ئاشانتی- کە بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر کۆیلایەتی پەربابوو- خواستی دەرەکیان لەسەر کۆیلەکان دابینکرد، ئەمەش لە رێگەی جەنگ و هێرشەکانەوە.

دیلەکان دەبران بۆ کەنار و لەوێ دەفرۆشران بە کەشتییە ئەوروپییەکان. پاشاکانی ئەفەریقیاش دەرامەتی پرۆسەکانی فرۆشتنی کۆیلەکانیان بەکاردەهێنا لەکڕینی چەك (کە یارمەتی زیادکردنی دەسەڵاتیانی داو، هەروەها یارمەتیدان لە هەڵکوتانە سەر دراوسێکانیان و بەدیلگرتنی کۆیلەکاندا)، چنراوەکان و خواردنەوە کهولیەکاندا. لەنێوان ساڵانی 1500و 1850، لەنێوان 10 بۆ 12 ملیۆن کۆیلە گوازرانەوە بۆ جیهانی نوێ، هەروەك چۆن بەملیۆنانیان لە رێگەی بیابانی گەورەوە یان لە رێگەی دەریای سور و زەریای هندیەوە گوازراوەنەوە بۆ ئەوەی لە ئاسیادا بفرۆشرێن.

**بازرگانی رەوا**

لەسەدەی هەژدەهەمدا، راوبۆچونە رۆشنگەر و ئاینییەکان، هەڵوێستێکی دژ بە کۆیلایەتیان وەرگرت، بازرگانیکردن بەکۆیلەوە لەئیمپراتۆریەتی بەریتانیدا لەساڵی 1807 هەڵوەشایەوە. هەناردە نوێیەکان جێگەی کۆیلەکانی گرتەوە، یان ئەوەی پێیدەوترێت «بازرگانی ڕەوا». شمەکی یەکەمیش بریتی بوو لە زەیتی خورما، کە خواستێکی زۆری لەسەر بوو وەك مادەیەکی چەورکردنی ئامێرەکان و کەرەستەکانی هێڵی ئاسن، سەرەڕای بەکارهێنانی لەپیشەسازی سابوون و مۆمدا. لە ساڵی 1842، فرانسیس سوانزی- کە داوەرێکی ئینگلیزی بوو لە ناوچەی (ساحل الژهبی)- لیژنەیەکی پەرلەمانی بەریتانی لەوە ئاگادارکردەوە کەچۆن

بازرگانی لەبەرهەمە هەناردە نوێیەکاندا بەشداری کردووە لەزیادکردنی کۆششەکانی کارگەری ئەفەریقیدا، لەڕێگەی رەخساندنی هەلی کڕینی شمەکە بەکاربەریەکانەوە:

پێداویستەکانی خەڵك رۆژانە زیاد دەکەن، ئەگەریش بچیتە هەر ماڵێکی یەکێك لە دانیشتوانە رەسەنەکانەوە،ئەوا چەند پارچەیەك لە کەلوپەلی ئەوروپی دەبینیتەوە، هەروەها ئەو کەرەستە ئەوروپیانەی کە بۆ کشتوکاڵ بەکاردەهێنرێن، جلوبەرگی زیاتر. لەڕاستیدا، رەوشی دانیشتوانە رەسەنەکان باشتر دەبێت، پێداویستیەکانیان زیاتر دەبن، ناشتوانن ئەو پێداویستیانەیان دابین بکەن لەڕێگەی راکشان لەبەر تیشکی خۆردا، بەڵکو پێویستە لەسەریان کاربکەن.

قوماشی لۆکە گەیشتە زیاتر لە نیوەی هەناردە بەریتانیەکان لەناوچەی خۆرئاوای ئەفەریقیادا، لەکاتێکدا کانزاکان و بەرهەمە کانزاییەکان- لەناویشیاندا چەك- رێژەکەی تری پێکدەهێنن، کاتێکیش سوانزی پرسیاری لێکرا لەبارەی ئەوەوە کە چۆن دانیشتوانە رەسەنەکان دەتوانن بەهای ئەو بەرهەمە بەریتانیانە بدەن، وەڵامی دایەوە: دەچن بۆ دارستانەکان و کنە و پشکنین بۆ ئاڵتون دەکەن، زۆرێکیان کار لە پاڵفتەکردنی زەیتی خورمادا دەکەن. پێش بیست ساڵ، هەناردەکان دەگمەن بوون، بەڵام ئێستا بڕێکی زۆر لە بەرهەمەکان هەناردە دەکرێن، هەروەك چۆن فولی سودانیش هەناردە دەکرێت.

زەیت ڕەوانە دەکرا بۆ کەنار لەرێگەی تۆڕە بازرگانیەکانەوە کە لە ڕێگەیەوە کۆیلەکان دەگوازرانەوە، نەیجیریاش گەورەترین هەناردەکارەکان بوو، لەکاتێکدا بەرهەمهێنان لەناوچەی خۆرئاوای ئەفەریقیادا بڵاوبوەوە، هەلە بازرگانیەکان لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا زیاتر فراوان بوون، کاتێك ئەوە دۆزرایەوە کە تۆوی بەری خورما زەیتێکی لێدەردەهێنرێت شیاوە بۆ ئەوەی زیادبکرێت بۆ رۆن. دەکرا خورما لەکێڵگەکاندا بچێنرێت، لەکاتێکدا دەرهێنانی زەیت لەخورما وەك پیشەیەکی ئەو کەسانە مایەوە کە لە درەختی خورمای خۆڕسك دەریان دەهێنا. لەنەیجیریا لە بەراییەکانی سەدەی بیستەمدا، بۆ نموونە، زەیت لە2.4 ملیۆن هیکتار درەختی خۆڕسك دەرهێنرا، لەبەرامبەر 72 هەزار هیکتار لە کێڵگە تایبەتیە گەورەکاندا و 97 هەزار هێکتار لە کێڵگە بچوکەکاندا. حێزانی یاکۆی تەقلیدییش کە پێشتر باسمان لەبارەوە کرد، ساڵانە 155 رۆژی زیادە کاریان دەکرد بۆ بەرهەمهێنانی 12 بوتڵی چوار گاڵۆنی (کێشی هەریەکەیان 36 رەتڵ بوو) لە زەیتی خورما، زیاتر لە 700 رەتڵ لە ناوکی خورما، 93 شوشەی نیو گاڵاۆنی لە دۆشاوی خورما کە بەشێوەیەکی ناوخۆیی دەفرۆشرا، قوماش و جلوبەرگ زۆرترینی ئەو بەرهەمانە بوون کە دانیشتوانەکان دەیانکڕین، بەڵام هەروەها کەلوپەلەکانی چێشتلێنان،گۆشت، دەفر، پێداویستیەکانی جوانکاری و رازاندنەوەشیان دەکڕی.

بەوپێیەی کە هۆکاری پشت بەرهەمهێنانی زەیتی خورما لەلایەن ئەفەریقیەکانەوە بریتی بوو لە کڕینی شمەکە ئەوروپیەکان، ئەوا پاڵنەر بۆ ئەوە پشتی دەبەست بەبڕی ئەو جلوبەرگانەی کە دەیانتوانی دەستیان بکەوێت لەبەرامبەر هەر بوتڵێك لە زەیت کە دەیفرۆشن. شێوەی 7-1 نرخی زەیتی خورما دەخاتەڕوو بە بەراورد بە قوماشی لۆکە لەبەندەرەکانی خۆرئاوای ئەفەریقیادا، لەسەرەتای ساڵی 1817 هەتا ئەمڕۆ. لەحاڵەتی زەیتی خورمادا، بەرزبونەوەیەکی زۆر هەبوو لەنرخی زەیتدا بە بەراورد بە قوماش هەر لە ساڵی 1817 بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم. ئەفەریقیەکان توانیان زیاتر و زیاتر لە قوماش بکڕن لەبەرامبەر ئەو زەیتەدا کە بەرهەمیان دەهێنا لەو ماوەیەدا، ئەمەش هانیدان بۆ زیادکردنی بەرهەم. هاوردەکانی بەریتانیا لە چەند تەنێکی کەمی ساڵانەوە لەساڵی 1800 ، بەرزبوەوە بۆ 25 هەزار تەن لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، پاشانیش 100 هەزار تەن لەگەڵ هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم.

بەرهەمەکانی خورما تاکە هەناردەیەك نەبوون لەناوچەی خۆرئاوای ئەفەریقیادا، بەڵکو کاکاو نموونەیەکی تربوو لەسەر چیرۆکی سەرکەوتنێکی مەزن، کاکا لەبنچینەدا لەهەردوو ئەمەریکاوە هاتبوو، پاشان لەسەدەی نۆزدەهەم لەئەفەریقیا دەست بەچاندنی کرا.



**شێوەی 7-1: نرخی زەیتی خورما بە بەراورد بە نرخی قوماشی لۆکە**

لەبەریتانیا، نرخی کاکاو بە بەراورد بە نرخی قوماشی لۆکە زیادی کرد، ئەویش لەچلەکان و هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا (شێوەی 7-2)، ئەم زیادەیەش هانی ئەفریقیەکانیدا (نەك ئەوروپییەکان) بۆ ئەوەی تاقیکردنەوە بۆ بەرهەمهێنانی بکەن. کە لەچێوەیەکی فراواندا لە گانا لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دەستی پێکرد، لەبەرئەوەی کاکاو روەکێکی رەسەنی ئەوێ نەبوو، دەبوو دارستانەکان لابرێن و درەختەکان بڕوێنرێن، ئەمەشرووبەڕوو بوەوە لەگەڵ سیستمی خاوەندارێتی کۆمەڵیدا کە رێگەی بە هەر کامێك لەئەندامانی هۆزەکەی دەدا دەست بەسەر زەوییە بەتاڵەکاندا بگرێت، بۆیە ئەفەریقیەکان هاتن چەند رێکاریەکیان لەسیستمی خاوەندارێتی تایبەتدا کرد، بۆ

ئەوەی پرۆسەی چاندنی کاکاو ئاسان بکات، یەکێکیش لەو چارەسەرانە خۆی دەبینیەوە لە جیاکردنەوەی خاوەندارێتی درەختەکان لەخاوەندارێتی زەویەکان، بەشێوەیەك کە خاوەن درەختەکان بتوانن دەرامەتی درەختەکانی بۆ خۆی بەرێت، بەچاوبۆشین لەوەی کە پەتاتە یان کاسافای دەچاند لەکێڵگەکانی دەوروبەردا.




**شێوەی 7-2 نرخی کاکاو بە بەراورد بە نرخی قوماشی لۆکە**

کۆمەڵەکانی کرۆبۆ، چارەسەرێکی زیاتر بنەڕەتیان جێبەجێکرد، کۆمەڵەکانی کرۆبۆ هەستان بەپرۆسەی کڕینی کۆمەڵی زەویەکانی هۆزەکانی تر، پاشان لەنێوان ئەندامەکانی خۆیاندا دابەشیانکردەوە. بەکۆتایی هاتنی چاندنی ئەو زەویانەی کە هەیانبوو، هەمان پرۆسەیان دوبارە دەکردەوەو بەرەو خۆرئاوا بەناو گانادا رۆیشتن، تا

لەکۆتاییداگەیشتنە کەناری عاج، لەئەنجامی ئەمەشەوە، کەسانێك لەناو کۆمەڵەکانی کرۆبۆدا خاوەن پارچە زەوی بوون لەناوچە جیاوازەکانی ئەو وڵاتانەدا، هەندێکی ئەو زەویانەیان دەچاندو هەندێکی تریان بەکرێ دەدا. کۆچکردن و سەقامگیری پێویستیان بە وەبەرهێنانی زەبەلاح هەبوو کە سەرچاوەکەیان پاشکەوتەکانی بەرهەمهێنانی درەختی کاکاو بوو کە لەقۆناغی بەرهەم داندا بوون. گروپەکانی کرۆبۆ لەبەرهەمهێناندا هاوشێوەی ئەخلاقیاتی کاری پرۆتستانتی بوو بۆ فاییەر.

### داگیرکار

داگیرکەری ئەوروپی بە پورتوگالیەکان دەستی پێکرد کە ئەو داگیرکاریانەیان دروستکرد، ئەمڕۆ پێیان دەوترێت گینیا، بسیا، ئەنگۆلا و مۆزەمبیق لە هەردوو سەدەی پانزەیەم و شانزەیەمدا، پاشان هێزە ئەوروپیەکانی تریش قەڵایان لەسەر کەناری خۆرئاوای ئەفەریقیا دروستکرد بۆ ئاسانکردنی بازرگانی کۆیلەکان ، هۆڵەندیەکانیشلەساڵی 1652 داگیرکاری خۆیان لە رەئس رەجا و ئەلسالح دروستکرد. داگیرکەری ئەوروپی شێوەیەکی زیاتر جدییان وەگرت لە سەدەی نۆزدەهەمدا، لەکاتێکدا دابەشکردنی کیشوەرەکە لەنێوان هێزە داگیرکەرەکاندا لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەکەدا دەستی پێکرد.

دەستگرتن بەسەر ئەو داگیرکاریانەشدا لەبەر هۆکاری ئابوری و ستراتیژی بوو، هێزە داگیرکەرەکان هیوای خۆیان لەسەر ئەوە بونیادنابوو کە دەستەبەربوونی داگیرگەکان بەرهەمەکانی ناوچەکانی هێڵی ناوەڕاستیان بۆ فەراهەم بکەن، هەروەها ئەم داگیرکاریانە ببنە بازاڕگەلێك بۆ پیشەسازیەکانیان، سەرەڕای فەراهەمبوونی شوێنگەلێك بۆ ئەوەی هاوڵاتیەکانی تێیدا نیشتەجێ بن، لەوەی کە داگیرگەکان ببنە سەرچاوەیەك بۆ وەبەرهێنانە قازانجبەخشەکان بۆ چینە بورجوازیەکان. سەرەڕای ئەمەش بەوشێوەیە بۆ ئیپمراتۆریەتەکان دەڕوانرا وەك ئەوەی هەناردەی شارستانی بن و مەسیحیەت بڵاوبکەنەوە، کلتور و رۆشنبیرییە خۆجێیەکان بەرزدەکەنەوە بۆ ئاستی ئەوروپی، کە دەبوو حکومەتەکانی داگیرگەکان لە رێگەی داهاتەکانیەوە خەرجیەکانی ئەو داگیرگانەی دابین بکردایە.

داگیرکەریش سەلماندی رادەی ئەو وێرانەیەی کە دەیگەیەنێت بە پرۆسەی گەشەی ئابوری لەئەفەریقیا، زیاترە لەهەر شوێنێکی تر لەجیهاندا. داگیرکاری لە کیشوەری ئەفەریقیادا بووە هۆی دەرکەوتنی دامەزراوە گەلێك لەوپەڕی خراپیدا. داگیرگە ئەفەریقیەکانی سەرەتایی- لەسەر شێوەی هاوتاکانی پێشووی دروستکران لە ئەمەریکای باکور-لە رێگەی «حوکمی راستەوخۆ»وە دەبران بەڕێوە، بەشێوەیەك حکومەتە داگیرکەرەکان یاسای دەوڵەتی دایکیان جێبەجێ دەکرد بەسەر هەموو نیشتەجێبوەکان و دانیشتوانە

ڕەسەنەکانیشدا لەهەموو ئەو زەویانەی کە دەستی بەسەردا گرتبوون، ئەگەرچی دانیشتوانە ڕەسەنەکان زۆربەی جار بێبەش دەبوون لە هەموو مافەکانیان. بەکۆتاییهاتنی سەدەی نۆزدەهەم، «حوکمی ڕاستەوخۆ» جێگەی حوکمی ڕاستەوخۆی گرتەوە، مەبەستیش لەمە ئەوە بوو وابکەن حکومی بیانی زیاتر قەبوڵکراو بێت لای دانیشتوانە ڕەسەنەکان لەڕێگەی داننان بە هەموو جیاوازیە ڕەگەزیەکان، هەروەها لە ڕێگەی پێدانی دەسەڵات و سامان بە سەرکردە هاریکارەکان لەبەرامبەر پشتیوانیکردنی بیانیەکاندا. لە سایەی ئەم ڕژێمەشدا، دەوڵەتی داگیرکاری یاسای دایکی جێبەجێ دەکرد بەسەر نیشتەجێبوەکانی شاردا، بەڵام حوکمی دانیشتوانە ڕەسەنەکان لەگوند ئەواگۆڕا بۆ ڕژێمی «سەرکردەکان» ئەوانەی کە «نەریتەکانی هۆزەکانیان» جێبەجێ دەکرد، ئەم دەستەواژانەش لەنێوان کەوانەکاندا دانران بۆ جەختکردنەوە لەوەی ئەمانە چەمکگەلێکی یاسایین پەیوەندیان بە دەوڵەتی داگیرکاریەوە هەیە، نەك وەك پێویست بە واقیعی ژیانی پێش داگیرکەر. بەشێوەیەك دەڕوانرا بۆ هەموو قەوارە سیاسییە ئەفەریقیەکان- لە شانشینەکان وەك ئاشانتی، بۆ بچوکترین کۆمەڵەکان کەوا کەمتر ڕێکخراون- وەك قەوارەگەلێکی یەکسان و هاونەریت، سەرەڕای ئەوەی قەوارە سیاسیەکانی گەلە بەزیوەکان خاوەن نەریتی جیاوازبوون. سەرکردەکان لەچەند شوێنێك دانران وەك باکوری گانا و خۆرهەڵاتی نێجیریا کە پێشتر هەرگیز حوکمڕانی نەکرابوون. بونیادنانی

سیاسی خەسڵەتێکی شاش و فشەڵی هەبوو، مافی گەل بوو سیستمەسەرکوتکارەکان بەجێبهێڵێت هەر بەوەی جڵەوێك هەبوایە سنورێکی بۆ دەسەڵاتە ستەمکارەکان دابنایە، بەڵام ئەم مافە هەڵوەشایەوە کاتێك خەڵك دابەشبوون بۆ چەند هۆزێك و نەیاندەتوانی دەستبەرداری بن. شێوازی نەریتەکانیش بەشێوەیە پێکهێنرانەوە کە بگونجێت لەگەڵ مەبەستە داگیرکاریەکاندا، نەریتە «بەربەریەکان» هەڵوەشێنرانەوە وەك کۆیلایەتی (سەرەڕای بەردەوامبوونی لەسەر زەمینی واقیع)، لەکاتێکدا نەریتە بەسودەکان هێڵرانەوە وەك مافی سەرۆکی هۆز لەداواکردنی کارگەری بەبێ پێدانی کرێ،بەمشێوازەش کارگەری زۆرەملێیی بوونە یەکێك لە خەسڵەتە ئاساییەکان لە ژیانی کۆڵۆنیالیدا. خاوەندارێتیەکان بوونە هاوبەش، پاشانیش وای لێهات تاکەکان دەیانتوانی ببنە خاوەن زەوی لەرێگەی ئینتیمایانەوە بۆ یەکێك لەهۆزەکان، هەروەها تەنها لەرێگەی ئارەزوی سەرۆکەوە کە تاکەکانی هۆز ملکەچی بوون. پرۆسە تەقلیدیەکان بەکاردەهێنران کاتێك ئەوە مومکین بوایە بۆ پێدانی سیفەتی خانەدانی بە سەرۆك هۆزەکان، بەڵام لەکۆتاییدا لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە دادەنران، سەرۆك هۆزەکان دەسەڵاتێکیان پێدەدرا زیاتر بوو لەو دەسەڵاتانەی کە فەمانڕەواکان پێش داگیرکەر هەیانبوو. سەرکردە نوێیەکان بوونە نوێنەرە سەرەکیەکانی ئیمپراتۆریەت، بەشێوەیەك باجەکانیان دەسەپاند، ئەندامەکانی هۆزەکانیان ناچاردەکرد لەسەر کارکردن، سەرەڕای سودلێوەرگرتنیان بۆ دروستکردنی

سامانە کەسیەکانی خۆیان. داگیرکەر سیستمێك لە دیکتاتۆرە بچووکەکانی خوڵقاند، ئەوانەی حەزیان لە ستاندنی سەرانە بوو بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی ناوچە گوندنشینیەکان بکەن.

ئەو سیاسەتانەی دەگیرانەبەر لەلایەن داگیرگە ئەفەریقیەکانەوە- بە کەمترین مەزندەکردن- وێرانکەربوون بۆ گەشەی ئابوری بەهەمان هێندەی ئەو سیاسەتانەی کە لە هند و شوێنانی تر پەیڕەو دەکران. حکومەتە داگیرکارەکان تەنها رەگەزێکی گرنگیان رووانـد لەنموونەکانی گەشەی پێوەری لەسەدەی نۆزدەهەمدا، ئەویش بریتی بوو لە باشکردنی ئامرازەکانی گواستنەوە. بەهاتنی جەنگی جیهانی یەکەمیش، 35 هەزار کیلۆمەتر لە هێڵی ئاسن لە ئەفەریقیای باشوری بیابان بونیادنرابوو، پرۆسەکانی بونیادنان لەلایەن وەبەرهێنانە تایبەتەکانەوە پارەدار دەکرا (لەسایەی بوونی دەستەبەریەکی گشتییەوە)، مەبەستیش لێی ئاسانکردنی هەناردەکانی بەرهەمە سەرەتاییەکان بوو لە رێگەی بەستنەوەی ناوچە ناوخۆییەکان بە بەندەرەکانەوە. تاریفە گومرگیەکانیش بەکار نەدەهێنران بۆ پشتیوانیکردنی پیشەسازی و درووستکردن، بەڵکو لەئاستێکی نزمدا مانەوە بە تەنها بۆ دەستەبەرکردنی سەرچاوەیەکی داهات. پاشانیش ئابوریەکان لە داگیرگەکاندا بەشێوەیەکی تەواوەتی تەواوکار بوون لەگەڵ بازاڕی نێودەوڵەتیدا. لەگەڵ دابەزینی تێچوونی گواستنەوەش لەرێگەی زەریاکان و گواستنەوەی وشکانیەوە، نرخەکانی دروستکراوە ئەوروپیەکان لەئەفەریقیادا نزمبوونەوە و

نرخی بەرهەمە سەرەتاییەکان بەرزبوونەوە. ئابوریەکانیش لە داگیرگەکاندا وەڵامدانەوەیان بۆ ئەم گۆڕانکاریانە هەبوو. بەرهەمهێنان و هەناردەکانی بەرهەمەکانی وەك زەیتی خورماو فولی سودانی بەشێوەیەکی زۆر بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینی، بەپێچەوانەوە، بەرهەمهێنانی چنراوە لۆکەییەکان لە کانۆ دابەزی. جیهانگیری مانای ئەوەی دەگەیاند کە ئابوری ئەفەریقیا تایبەتمەندی لە بەرهەمهێنانی بەرهەمە سەرەتاییەکاندا وەرگرتووە.

حکومەتە داگیرکەران هەوڵیان نەداوە فێرکردن لەنێوان ئەفەریقیەکاندا بڵاوبکەنەوە، بەڵکو ئەم ئەرکە واز لێهێنراوە بۆ نێردە مەسیحیەکان، خوێندنگە ئیسلامیەکان، سەرەڕای دەستپێشخەریە سەربەخۆکانی تر. هەندێك پێشکەوتن بەدەستهێنرا، بەتایبەتی لەنێوان گروپەکانی وەك کرۆبۆ، ئەوانەی چالاکیە بازرگانیەکانیان هانیدان بۆ ئەوەی فێری خوێندنەوەو نوسین بن، هەروەها ئەوانەی کە سەرکەوتنە بازرگانیەکانیان داهاتێکی بۆ دەستەبەرکردن کە بەشێکیان لێ تەرخانکرد بۆ فێربوون. رێژەی زانینی خوێندنەوەو نوسین زۆر بەنزمی مایەوە هەتا لەدوای سەربەخۆیشەوە. حکومەتە داگیرکەرەکان هەروەها هیچ کۆششێکیان نەکرد بۆ دامەزراندنی بانکی خۆجێی بۆ پارەدارکردنی وەبەرهێنانەکان. هەندێك لەداگیرگەکان پشتیوانیان لە وەبەرهێنانە خارجیەکان کرد بەڵام ئەوە لەسەر حسابی ئەفەریقیەکان بوو، بەشێوەیەك بیانیەکان مافی خاوەندارێتی دەرامەتەکانی کیشوەرەکەیان

بەدەستهێنا، لەکاتێکدا لەمبارەیەوە جیاوازیگەلێکی زۆر هەبوو لەنێوان داگیرگەکاندا.

له لایەکی ترەوە داگیرگەکانی بەریتانی هەبوون لەخۆرئاوای ئەفەریقیادا، ئەم داگیرگانە نیشتمانی لەدایك بوونی حوکمی ناڕاستەوخۆبوون، باشترین نموونە بوون لەسەری. زۆربەی وڵاتەکە دەکەوتە ژێر کۆنترۆڵی سەرۆکی هۆزەکانەوە، بەخاوەن بوونی زەویەکانیش مەسەلەیەکی نەخوازراو بوو، بۆ نموونە، رێگیری لە ویلیام لیفر کرا لە ئیمتیازی مافی خاوەندارێتی زەویەکی فراوان بۆ بونیادنانی کێڵگەکانی زەیتی خورما لەنێجیریا لە ساڵی 1907، بەڵام داگیرگە ئەڵمانی و بەلجیکی و فەرەنسیەکان لەخۆرئاوای ئەفەریقیا، چەند سیاسەتێکیان تەبەنی کرد بۆ بەخاوەنبوونی زەویەکان و بەکارهێنانی کارگەری بەشێوەیەك کەمتر رەچاوی بەرژەوەندی دانیشتوانە رەسەنەکان کرا، زەویەکان لەلایەن حکومەتە داگیرکەرەکانەوە دەستیان بەسەردا دەگیراو دەدرانە وەبەرهێنە ئەوروپییەکان بۆ بونیادنانی کێڵگەکان و پرۆژەکانی کانزاکاری تێیاندا، بۆ نموونە، بەلجیکا رازی بوو لەسەر بونیادنانی کێڵگەکانی زەیتی خورما لەلایەن کۆمپانیای یوتیلیفرەوە لەکۆنگۆ. ئەفەریقیەکانیش ناچار دەکران لەکێڵگە و هێڵەکانی ئاسندا کاربکەن.

لەلایەکی ترەوە لە هاوکێشەی دژیەکی لەگەڵ داگیرگە بەریتانیەکاندا لەخۆرئاوای ئەفەریقیا، ئەو داگیرگانە هەبوون کە نیشتەجێبوەکان بونیادیان نابوون، باشوری ئەفەریقیاش

باشترین نموونەی لەسەر ئەوە نیشاندا، ئەگەرچی مێژووی دەستبەسەراگرتنی زەویەکان تێیدا هاوشێوەی هاوتاکانی بوون لە زیمبابۆی و بەرزاییەکانی کینیا.

داگیرکاری کیپ تاون نزیکەی 25 هەزار نیشتەجێی لەخۆدەگرت لەهۆڵندی، ئەڵمانیەکان و هۆگۆنوتیەکان (شوێنکەوتوانی کەنیسەی پرۆتستانتی ریفۆرمخوازی لەفەرەنسا) کاتێك کە بەریتانیا دەستی بەسەردا گرت لە ساڵی 1806. ژمارەی نیشتەجێ بووە ئەوروپییەکان بەرزبووەوە بۆ 100 هەزار نیشتەجێ لەساڵی 1850، پاشان بازیدا بۆ ملیۆنێك کەس لەساڵی 1900 دوای دۆزینەوەی ئەڵماس لەساڵی 1866 و ئاڵتون لەساڵی 1886. ژمارەی دانیشتوانی ئەفەریقیا لە 1.5 ملیۆن کەسەوە بەرزبووەوە بۆ 3.5 ملیۆن کەس لەنێوان ساڵانی 1800 و 1900. دوای ساڵی 1835، ئەلبوێر لەداگیرکاری کیپ تاون بەرەو ناوچەی ترانسفاڵ رۆیشت و دەستیگرت بەسەر پانتاییەکی فراوان لە زەوی ئەفەریقیەکان. ئەلبوێر دەوڵەتی ئازادی پورتوگالی و کۆماری باشوری ئەفەریقیای بونیادنا، کە دواتر یەکیان گرت لەقەوارەی باشوری ئەفەریقیادا لەدوای دەستگرتنی بەریتانیا بەسەریاندا لەو جەنگەدا کە لەنێوان ساڵانی 1899-1902 بەردەوام بوو. بەریتانیەکانیش زیاتر لە ئەلبوێر رێزیان لەمافەکانی ئەفەریقیەکان نەدەگرت لەخاوەندارێتیکردنی زەویەکاندا. دەستبەسەراگرتنی زەویەکانیش گەیشتنە لوتکە لە رێگەی یاسای زەویەکانی

دانیشتوانە رەسەنەکانەوە هی ساڵی 1913، کەوا کڕین و بەکرێگرتنی زەویەکانی لەلایەن ئەفریقیەکانەوە بەتاوان ناساند لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەو ناوچانەوە کە بۆیان تەرخانکرابوون. ڕێژەی ئەو زەویانەش دەگەیشتە7% لەتێکڕایی زەویەکانی باشوری ئەفەریقیا، سەرەڕای ئەوەی ئەفەریقیەکان ڕێژەی دوو لەسەر سێی تێکڕای ژمارەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا.

حاڵەتەکانی دابەشکردنی زەویەکان بەمشێوەیە لە داگیرگەکانی نیشتەجێبوەکانی تریش ڕوویاندا، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر توند. لەزیمبابۆی -بۆ نموونە- کاتێك دەستکرا بە جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی سیستمی خاوەنداربوونی خێرای زەویەکان کرا لەساڵی 2000، 4500 کشتیاری پێست سپی خاوەن 11.2 ملیۆن هیکتاربوون لە باشترین زەویەکانی ئەو وڵاتە، لەکاتێکدا یەك ملیۆن خێزانی ئەفەریقی لەسەر پانتایی 16.4 ملیۆن هێکتار زەوی دەژیان لەخراپترین ئەو زەویانەی کە ملکەچ بوون بۆ خاوەندارێتی کۆمەڵی لەوڵاتدا. لەسایەی ئەم ڕەوشانەدا، یاسای خاوەندارێتی خانوبەرە نمایشی سیستمێك دەکات کەوا گرەنتی پاراستنی ئیمتیازەکان دەکات لەبری ئەوەی سیستمێك بێت هەمووان هانبدات لەسەر پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیەکانیان لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەو مامەڵانەوە کە سودی هاوبەرامبەر بۆ یەکتری هەیە.

سیاسەتی داماڵینی خاوەنداریێتی زەویەکان لە دانیشتوانە رەسەنەکان، ئامانجی گرەنتی فەراهەمکردنی کارگەر بوو، سەرەڕای دەستگرتن بەسەر زەویەکانیاندا. بەڕێز جی یێ کازالیس لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لەبارەی ئامانج لەدەستگرتن بەسەر زەویەکاندا وتویەتی: بۆ ناچارکردنی دانیشتوانە رەسەنەکان... تا لەسەر رووبەرێکی زۆر سنوردار لەزەوی بژین، هەتا وای لێهات مەحاڵ بوو پشت بە بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و مەڕوماڵاتەکان ببەسترێت لەم زەویانەدا وەك سەرچاوەیەك بۆ خۆراك، بۆ ناچارکردنی دانیشتوانە رەسەنەکان بۆ ئەوەی دانیشتوانە رەسەنەکان ناچار بکرێن ببنە خزمەتکار لە ماڵەکان و کرێکاری بکەن.

جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانە فراوانکرا لەرێگەی سیستمی تەحەکوم بە کارگەریەوە کە لەسەر جیاکاری رەگەزی بونیادنرابوو، کە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەفەریقیەکاندا دەکرا وەك ئەوەی لەناو ئۆردوگای تایبەت بە خۆیاندا بژین، بەشێوەیەکی گشتی کرێکاری کاتی بن لەدەوڵەتدا.

## هەژاریی سەردەم لەڕوانگەی مێژووییەوە

لەکاتێکی زووی سەدەی نۆزدەهەمدا، خۆرئاوای ئەفەریقیا ئاراستەیەکی گرتەبەر لەزۆرێك لەشێوەکانیدا هاوشێوەی ئەو ئاراستەیە بوو کە داگیرگەکان لە ئەمەریکای باکور گرتیانەبەر، کە ئابوری پشتی بەهەناردەکردن دەبەست، ئەفەریقیەکانیش هەستان بەلابردنی دارستانە باراناویەکان

وەك پەرچەكردارێك لەبەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخەكان لەبازاڕە نێودەوڵەتیەكاندا، زۆربەی هەرە زۆری داهاتەكانیش سەرلەنوێ لەكاری جۆراو جۆردا وەبەردەهێنرانەوە، بەڵام هەموو ئەم پرۆژانە سەركەوتوو نەبوون لە بەدیهێنانی گەشەیەكی ئابوری نوێدا، بۆچی؟

كۆمەڵێك راڤەی راستەوخۆ و هۆكاری شاراوەش بۆ ئەمە هەن. هەردوو شێوەی 7-1 و 7-2 راڤەكردنی راستەوخۆ روونده‌كەنەوە، هەردوو شێوەكە ئەوە دەخەنەڕوو نرخە راستەقینەكانی خورماو كاكاو ئاستێكی نزمیان تۆمار دەكرد لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە. نرخەكانی هەردوو شمەكەكە لەماوەی جەنگی جیهانی یەكەمدا دابەزین، نزمترین ئاستەكانیانیش لە سیەكانی سەدەی بیستەم و كاتی جەنگی جیهانی دووەمدا بوو. نرخی زەیتی خورما (بە بەراورد بە نرخەكانی قوماش)، نەگەیشتەوە ئەو نرخەی پێش جەنگی جیهانی یەكەم هەیبوو، هەروەك چۆن نرخی ئێستای كەمترە لەنرخی سیەكانی سەدەی بیستەم. وڵاتانی بەرهەمهێنی كاكاو هەڵكشانی بەدەستهێنا، بەڵام ئەوە رەوشی خودی كشتیارەكانی كاكاو نەبوو. نرخی بازاڕەكانی جیهانی ئاستێكی هەڵكشانی بەرزونزمی تۆماركرد لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، گەیشتە ئاستگەلێكی بەرزتر لەوەی كە لە نەوەدەكانی سەدەی نۆزدەهەم هەی بوو. لەوڵاتە بنچینەییەكانی هەناردەی كاكاودا وەك گانا، زیادەكان لەداهات كەڵكەبوون بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت نەك كشتیارەكان، بەشێوەیەك كشتیارەكان ناچارەبوون بەروبوومەكانی كاكاویان بفرۆشن بە دەستەیەكی بازاڕكردن كە هی دەوڵەت بوو كە لەسەرنوێ

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاکاوەکەی دەفرۆشتەوە. بەڕووکەش، دەستەی بازاڕکردن پاراستنی بۆ کشتیارەکان فەراهەمدەکرد لەبەرزو نزمیەکانی نرخەکان لەبازاڕە نێودەوڵەتیەکاندا، لەرێگەی پێدانی بڕە پارەیەکی جێگیر لەبەرامبەر بەروبومی کاکاودا، بەڵام لەواقیعدا ئەم دەستانە وەك ئاژانسەکانی هاوردەکردنی سۆڤێتی کاریان دەکرد کە زیادەی نرخی کاکاویان لەبازاڕەکانی جیهاندا بۆخۆیان هەڵدەلوشی. لەرێگەی هێشتنەوەی نرخەکانەوە بە نزمی، دەستەکانی بازاڕکردن، ئاستی هاندانیان لای کشتیارەکان کەم دەکرەوە تا پەرە بە بەرهەمەکانیان بدەن، وێڕای هێشتنەوەی دانیشتوانە گوندنشینەکان لەئاستێکی هەژاریدا.

بەنس لەرۆژێکدا، بەپێی نرخی بەنس لەساڵی 1913




_زەیتی خورما

_زەیت و تۆوی خورما

**شێوەی 7-3: داهاتی رۆژانە لەبەرهەمهێنانی زەیتی خورما**

بەرواری نرخەکان راستەوخۆ وەردەگیرێت بۆداهاتی راستەقینەی کشتیارەکان. شێوەی 7-3 داهاتە کۆبوەوە راستەقینەکانی رۆژانەی خێزانێکی گریمانەیی روونەکاتەوە لە کۆمەڵەی یاکۆ کە زەیتی خورماو تۆوی خورما بەرهەم دەهێنن. شێوەکەش دانراوە بەپێی گریمانەی نەگۆڕانی توانستی بەرهەم لای خێزان بەتێپەڕبوونی کات، لەواقیعیشدا. داهاتی خێزان لەفرۆشتنی زەیتی خورما بەهەمان ئەو ئاراستە بەرزونزمەدا رۆیشت کە نرخەکان لەسەری بوون. لەساڵی 1980 وە، داهاتە راستەقینەکانی بەرهەمهێنەرانی زەیتی خورما بە نزمی مانەوە وەك ئەوەی لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا لەسەری بوو، بەرهەمهێنەرانی کاکاویش دابەزینێکی هاوشێوە و مەودا درێژیان بەخۆیانەوە بینی، لەکاتێکدا ئەوان لەبەرهەمی بەرزبونەوەی داهاتەکان سودمەند نەبوون لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەم، بەشێوەیەك دەستەی بازاڕکردنی کاکاو بەرهەمی بەرزبوونەوەی نرخەکان لە بازاڕەکانی نێودەوڵەتیدا بۆ خۆی هەڵگرت و نەیدەدایە کشتیارەکان (شێوەی 7-4)




**شێوەی 7-4: داهاتی رۆژانە لەبەرهەمهێنانی کاکاو**

ئەمڕۆ بەرهەمهێنەرانی کاکاو، توانایەکی کڕین بەدی دەهێنن کە بڕەکەی 10 بنسی ڕۆژانەیە، ئەوەش بەپێی بەهای بنس لەساڵی 1913. لەو کاتەدا کرێ کرێکارێك بوو لە ئاکرا، لەبەرامبەردا بەرهەمهێنەرانی زەیتی خورما نیوەی ئەو بەهایە بەدیدەهێنن. هەمان ئەم حاڵەتەش جێبەجێ دەبێت بەسەر هەناردە کشتوکاڵیەکانی ئەفەریقیا دا. بەوپێیەش کە 60% لەدانیشتوان لە کشتوکاڵدا کاردەکەن، ئەوا داهاتەکان لەم کەرتەدا بڕی داهاتەکان بەدی دەهێنن لەهەموو کەرتەکانی تری ئابوریدا، پاشانیش هۆکاری هەژاری ئەفەریقیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کشتوکاڵ لە کیشوەری ئەفەریقیادا ئاستێکی بژێوی بەدیهێناوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم.

دوو هۆکار لەپشت چاك نەبوونی کشتوکاڵەوە هەیە لەئەفەریقیادا کە وایانکردوە دەرئەنجامی باشی لێ نەکەوێتەوە، هۆکاری یەکەمیش بریتییە لەدابەزینی نرخی هەناردەکانی کشتیارەکان، ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکار: یەکەم داهێنان و دابەزینی نرخی بەرهەمە بەدیلەکانی تر، بەشێوەیەك دەرکەوتنی پیشەسازی نەوت لەنیوەی دووەم لەسەدەی نۆزدەهەم بووە هۆی دەرکەوتنی زەیتی چەورکردنی باشترو هەرزانتر لەزەیتی خورما، هەروەك چۆن بارافین- یەکێکە لە بەرهەمە نەوتیەکان- شوێن ئیستیارینی گرتەوە کە یەکێکە لەبەرهەمەکانی زەیتی خورماو بۆ پیشەسازی مۆم

بەکاردەهێنرێت، هەروەها گڵۆپی کیرۆسینیش شوێنی مۆمی گرتەوە و پاشانیش گڵۆپی کارەبا داهات، بەڵام هۆکاری دووەم بریتییە لەڕکابەری لەگەڵ بەرهەمهێنە ئاسیاییەکاندا، لەبەراییەکانی سەدەی بیستەمدا، درەختی دارخورما لەکێڵگەی گەورەدا لە سۆمەترە و مالایە دەڕوێنرا، کە درەختەکان بەشێوەیەکی باشتر گەشەیان دەکرد لەناوچەی خۆرئاوای ئەفەریقیا. هەر لەجەنگی جیهانی دووەمەوە، هەناردە مالیزی و ئیندۆنیزیەکان هەژمونیان بەسەر بازاڕە نێودەوڵەتیەکاندا کرد، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی نرخەکانی هەناردە ئەفەریقیەکان. هۆکاری سێهەمیش دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی نرخەکان بەهۆی فراونبوون لەبەرهەمهێنان لەئەفەریقیا خۆیدا، ئەم هۆکارەش بایەخێکی گرنگی هەیە سەبارەت بە کاکاو چونکە هەتا ئێستاش زۆربەی بەرهەمی جیهانی لەکاکاو لەئەفەریقاوە دێت، هیچ بەدیلێکی باشتریش لەکاکاو نییە لەبەرهەمەکانی شکولاتەدا. کشتوکاڵی کاکاو فراوان بوو بەرەو خۆرئاوا بەناو گانادا تا دەگاتە کەناری عاج، کارگەرەکانی ئەوێش لە هەرێمە هەرژارەکانی خۆرئاوای ئەفەریقیاوە دەهاتن، بەمەش بەرهەم زیادبوو نرخەکانیش دابەزین. لەم روانگەشەوە، گرفتی هەژاری لەئەفەریقیاد وەك بازنەیەکی بەتاڵ وایە، بەشێوەیەك کرێ نزمەکان دەبنە هۆی ئەوەی نرخەکانی هەناردەکردن بە نزمی بمێننەوە، نرخە نزمەکانیش وا دەکەن کە کرێیەکان بەنزمی بمێننەوە.

بەئامێرکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانیش بە سەرچاوەیەکی تری زیادبوونی بەرهەم دادەنرێت. زۆربەی کارگەرەکان لەبەرهەمهێنانی زەیتی خورمادا لەپرۆسەی چارەسەرکردنی رووەکدا بەکاردەهێنرێن، هەر تەنها بە کۆکردنەوەی ون شێوازی تەقلیدیش پێویستی بەوەیە ئەو رووەکانە بکرێنە کۆماو پاشان پرۆسەی ترشاندن، کوڵاندن، هاڕین، نقومکردن لەئاودا و لابردنی توێکڵی چینەکان و کەپسکردن، هەندێکی ئەم کارانەش بەدەست و قاچ دەکرێن، بەمشێوەیە، بەڵام لە بەئامێرکردنی پرۆسەی چارەسەرکردنی بەروبومەکاندا هەنگاوگەلێکی گەورە نراوە لەسەر ئاستی کشتوکاڵکردن لەگوندەکاندا. ئامێرە سادەکان کە بەکاردەهێنرێن لە کەپسکردنی رووەکەکان و دەرهێنانی زەیتدا بەشێوەیەکی گەورە پێویستبوون بەکارگەریان کەم کردۆتەوە، ئەگەرچی ئەمەش لەسەر حسابی بڕێکی زیاتر لە سەرمایە بێت. ئامێرەکانی دەرهێنانی زەیت قازانجێکی گەورە بەدەست ناهێنن لە کێڵگە بچوکەکاندا لەناوچەی خۆرئاوای ئەفەریقیادا، بەهۆی دابەزینی کرێیەکانەوە، ئەمەش بەنموونەیەك دادەنرێت لەسەر هاوبەشبوونی تەکنەلۆژیا کە لەبەشی چوارەمدا باسمانکرد، بەشێوەیەك کرێ نزمەکان مانای بەدینەهاتنی قازانج دەگەیەنێت لەبەرکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئامێرە پێویستەکان بۆ زیادکردنی کرێیەکان. هەرچۆنێك بێت، سودێکی گەورە بەدی نایەت لەوەی لەبری کارگەر ئامێر بەکاربهێنرێت

لەپرۆسەی دەرهێنانی زەیتی خورمادا، بەشێوەیەك ژمارەی ئەو دانیشتوانانەی کەوا کار لە کشتوکاڵدا ناکەن زیاترە لەژمارەی وەزیفە فەراهەمبووەکان لەدەرەوەی کەرتی کشتوکاڵەوە.

ناهاوسەنگی لەبازاڕی کارگەریدا پەرەسەندنەکان پەرچ دەکاتەوە کە لەماوەی ئەم پەنجا ساڵەی دواییدا. یەکێکیش لەم پەرەسەندنانە خۆی لە گەشەکردنی ژمارەی دانیشتواندا دەبینێتەوە کە لەساڵی 1950وە پێنج جار زیادی کردووە، گەیشتنیش بە راڤەکردنێکی یەکلاکەرەوە مەحاڵ دەبێت لەسایەی فەراهەم نەبوونی داتای پێویستدا لەبارەی کیشوەری ئەفەریقیاوە، ئەگەرچی تاقیکردنەوەو ئەزمونەکان لەناوچەکانی تری هێڵی ناوەڕاستدا ئاماژەن بۆ ئەوە کە هۆکاری راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی رێژەی مردنەکان، بەتایبەتی مردنی منداڵان و گەورە ساڵان، کە ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ باشبوونی بواری تەندروستی گشتی و بڵاوبونەوەی مومارەسە پزیشکیە نوێیەکان.

بەڵام پەرەسەندنەکەی تر شکستی ئەفەریقیایە کە لەو ماوەیەدا نەگۆڕاوە بۆ پیشەسازی، راڤەگەلێکی ئابوریش هەیە بۆ ئەوە، سەرەڕای کۆمەڵە راڤەیەکی دامەزراوەیی زیاتر هەمەگیر، وا دیارە هەموو ئەم راڤەکردنانەش لۆژیکی بن لەژێر رۆشنایی جوگرافیای کیشوەری ئەفەریقیا و مێژووەکەیدا.

سێ ڕاڤەکردنی ئابوریش هەن بۆ نائامادەگی پیشەسازی لەئەفەریقیادا: کە ڕاڤەی یەکەم خۆی لە لەپێشێتی بەراوردیدا دەبینێتەوە. ئەمەریکای باکور گەنمی هەناردە دەکرد بۆ ئەوروپا، بەشێوەیەك بەرهەمهێنانی گەنم پێویستی بە پانتاییەکی فراوانی زەوی هەبوو، ئەمەشە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا فەراهەم نەدەبوو بە بەراورد بەژمارەی دانیشتوان. چڕی دانیشتوانیش لەئەفەریقیادا لەچاو ئەمەریکای باکوردا نزمترە، بۆیە لەپێشێتیی بەراورد لە کیشوەری ئەفەریقیادا لەو شمەکانەدا خۆی دەنوێنێت کە بەشێوەیەکی چڕ پشت دەبەستن بە بەکارهێنانی زەوی و دەرامەتەکان، ئەمەش بریتییە لەو بەرهەمە بنچینەییانەی کەوا کیشوەرکە هەناردەیان دەکات. لەویلایەتە یەکگرتووەکان، فاکتەری هاوتاکەرەوە بۆ فەراهەمبوونی زەویەکان بریتییە لە بەرزی کرێیەکان، ڕەنگە هەر ئەمەش وایکردبێت کە پیشەسازی لەسەدەی نۆزدەهەمدا توانای ڕکابەری نەبووبێت لەسایەی نەبوونی تاریفە گومرگیەکاندا. بەڵام لەئەفەریقیا، ڕەوشەکە جیاوازە، بەشێوەك کرێیەکان نزمن، بەڵام کۆمپانیاکانی دروستکردن و پیشەسازی لەئەفەریقیادا بوونیان نیە بۆ ئەوەی هەر قازانجێك بەدی بهێنن، گریمانەش دەکرێت هۆکاری ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە تێچوونەکان بەرز دەبن، بەهۆی ناکارایی پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە. لەوانەشە یەکێك لەهۆکارەکانی دابەزینی ڕێژەی بەرهەمهێنانی بگەڕێتەوە بۆ بوونی دەستی کاری

ناکارامەو نەخوێندەوار، بەڵام بەشێوەیەکی خێرا فێرکردن لەم چەند دەیەی دوایدا بڵاوبوەوە، بەمەش هەر کەموکوڕیەك لەمبارەیەوە لەنێوان کرێکارە لاوەکاندا هەبوو نەما- بەڵام هیچ سودێکی بەرچاو بەدی نەهات.

یەکێکی تر لەهۆکارەکانی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان، خۆی لە نائامادەیی کۆمپانیا پشتگیریکارەکاندا دەبینێتەوە. لەوڵاتانی دەوڵەمەنددا، پرۆسەی بەرهەمهێنان لەتۆڕی شارستانیدا بەرێوەدەچێتـ بەشێوەیەك کۆمپانیاکان پشتیوانی لەیەك دەکەن لەرێگەی فەراهەمکردنی بەرهەمەکان و خزمەتگوزاریە تایبەتمەندیەکانەوە، ئەم «ئابوریە دەرەکییە قەبارە گەورانە» دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان، رێگە بە کۆمپانیاکان دەدات بەوەی کرێی بەرز بدەن لەگەڵ پارێزگاریکردن لەتوانا رکابەریەکەی، بەڵام ئەفەریقیا، لەناو بازنەیەکی بەتاڵدا دەسورێتەوە، بەشێوەیەك هەرگیز تۆرإێك لە کۆمپانیا تەواوکارەکان درووست نابێت، ئەویش لەبەرئەوەی کۆمپانیاکان پێیانوایە قازانج بەخش نییە کۆمپانیایەك بونیادبنرێت لەسایەی نەبوونی تۆڕێکی پشتیوان لە کۆمپانیاکان! لەسەدەی نۆزدەهەمدا، لەئەفەریقا چەند پێشنوێنێکی بونیادنانی نموونەی ئەم تۆڕانە بەدیارکەوتن لەرێگەی پیشەسازی ئاسنەوە بەشێوەیەکی پەرشوبڵاو، پیشەسازی چنراوەکان لەکانۆـ هەتاد، لەکاتێکدا جیهانگیری -پاڵپشتکراو لەلایەن داگیرکەرەوە- ئەم پیشەسازیانەی لەناوبرد.

راڤەکردنی ئابوری دوایین خۆی لە تەکنەلۆژیادا دەبینێتەوە، ئەوەش راڤەکردنێکە جێبەجێکردنی شیکار کردنی پرۆسەی بەئامێرکردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیلەخۆدەگرێت بەسەر کەرتی پیشەسازیدا. کرێیەکان لە ئەفەریقیادا بەنزم دادەنرێن بەڕادەیەك وایکردووە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەرمایەی چڕ کە فەراهەمکراوە لە پیشەسازییە نوێکاندا، کارێکی قازانج بەخش نەبێت، بەمشێوەیە پیشەسازی بەکارهێنانی ئامێرەکان چارەسەرکێکی گونجاوە بۆ دابەزینی کرێیەکان، ئەمە لەکاتێکدا کرێ نزمەکان وایان لە بەئامێرکردنی بەرهەمی پیشەسازی کردووە پرۆسەیەکی قازانج بەخش نەبێت!

زۆرترینی ئەو راڤەکردنانە کە بڵاون لەوەدا خۆ دەنوێنن کە پەیوەستە بە هەژاری کیشوەری ئەفەریقیاوە لەڕاڤەکردنە دامەزراوەییەکاندا لەبری راڤەکردنە ئابوریەکان، یەکێك لەلایەنەکانی «دامەزراوە خراپەکانیش» بریتییە لەجەنگە بەردەوامەکان کە زیان بە ئابوری و جیهانی کار دەگەیەنێت. هەژاریش لەخۆیدا هۆکارێکە لە هەڵگیرسانی جەنگەکاندا کە بە رۆڵی خۆی دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم چالاکی ئابوریدا، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی کرێیەکان- واتە بازنەیەکی بەتاڵی تر بۆ هەژاری. سەرەڕای ئەمەش، یاریزانە بنچینەییەکان و رووداوە تاوسەندوەکان لەزۆرێك لەجەنگە ناسراوەکاندا بوونە هۆی دروستکردنی حوکمی داگیرکاری ناڕاستەوخۆ، بەلجیکا دەسەڵاتی گرت بەسەر رواندا لەرێگەی جەختکردن لە ناکۆکیەکانی نێوان هەردوو هۆزی توتسی و هۆتۆ و زیادەڕۆیکردن تێیدا، هەتا

بووه دابەشبوونێکی رەگەزی خەیاڵکراو، وای لێهات بەشێوەیەك سەیری توتسیەکان دەکرا وەك ئەوەی خەڵکی بیانی بن و رەگەزێکی باڵاتربن، بەهۆی ئەوەی سەر بە وەچەیەکی گرنگن و لە کتێبی پیرۆزدا باسکراوە، لەکاتێکدا وا سەری هۆزی هۆتۆ دەکرا وەك ئەوەی هاوڵاتی خۆجێی و ئاست نزم بن . کارگێڕی داگیرکاری فێرکردنی توتسی فەراهەمکردبوو، هەروەها هەلی ئەوەی بۆ رەخساندبوون بۆ ئەوەی بتوانن بەسەر هۆتۆدا زاڵ بن، بەڵام زۆرینەی هۆتۆ زاڵبوون و توانیان لەشۆڕشی ساڵی 1959دا دەسەڵات بگرنە دەست، کاتێکیش سوپایەك لە توتسیەکان لەساڵی 1990 وڵاتی داگیرکردو سوپای رواندا شکستیخوارد کە زۆرینەی هەرە زۆری لەهۆتۆ بوون، لەوەدا هەڕەشەیەك هەبوو سەبارەت بەئاوابوونی ئەو دەسکەوتانەی کە هۆتۆ هەر لەساڵی 1959 وە بەدیهێنابوون، ئەمەش رێگەی خۆشکرد بۆ پڕۆسەیەکی جینۆساید لەو وڵاتەدا.

خەسڵەتێکی تری دامەزراوە خراپەکان خۆی لەگەندەڵی و سورشتی ستەمکاریدا دەبینێتەوە لەزۆرێك لە وڵاتانی ئەفەریقیادا،زۆربەی ئەم حاڵەتەش میراتێکە سیستمەکانی حوکمی کۆلۆنیالی بەجێیان هێشتووە، ئەو وڵاتە ئەفەریقیانەش کە تازە سەربەخۆبوون کۆمەڵە دەستورێکیان بەکارهێناوە کە خۆی لە جیاکاریدا دەبینێتەوە لەنێوان هاوڵاتیاندا لەسەر بنچینەیەکی رەگەزی، هەروەك چۆن سیستمەهۆزگەرایی و کارگێڕیەکان سیستمی حوکمی ناڕاستەوخۆیان لەخۆگرت، وڵاتانی ئەفەریقیا سەرکەوتوو بوون لەوەی لەڕەگەزپەرستی رزگاریان

بوو، بەڵام بەهەمان ئەو رادەیە نەیانتوانی رزگاریان بێت لە مەیلی هۆزگەرایی. لەزۆربەی وڵاتانی کیشوەری ئەفەریقیا دا، کۆمەڵە سیستمێکی کارگێڕی لێکجیا هەیە بۆ ناوچە شارستانی و گوندنشینەکان، بەشێوەیەك ناوچە شارستانەکان خاوەن سیستمگەلێکی یاسایی نوێن، لەکاتێکدا ناوچە گوندنشینیەکان دابەش دەبن بۆ ئەو ناوچانەی کە هۆزگەرایی تێیاندا زاڵە و لەکاتی کۆڵۆنیالیزمدا دروستکراون، سەرۆك هۆزەکان دەیبەن بەڕێوە ئەوانەی ئەو نەریتانە جێبەجێ دەکەن کە لەکاتی داگیرکەردا پەیڕەوکراون وەك خاوەنداریێتی کۆمەڵی بۆ زەویەکان. زۆرجاریش بەردەوامبوونی کارگێڕی لەسەر شێوەی داگیرکاری دەشارێتەوە، لەرێگەی تەبەنیکردنی کۆمەڵە یاسایەکی یەکگرتوو کە یاسا نوێیەکان و یاسا بۆماوەکان لەیەك بەڵگەنامەدا کۆدەکاتەوە، پاشانیش زۆربەی ناوچە گوندنشینەکان لە کیشوەری ئەفەریقیادا چینێك لە فەرمانڕەوا گەندەڵەکان حوکمڕانە هەڵنەبژێراوەکان دەیبەن بەڕێوە، کەڵکە مادییەکانیان لەرێگەی حکومەتی ناوەندییەوە دەست دەکەوێت.

ئامانجی بەدیهاتنی گەشەپێدانی ئابوری، رەهەندێکی تری زیادکردوە بۆ بڕیاردان لە چینی جوتیاران. بەپێی ئایدۆلۆژیای باو لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا (خۆرئاوایی و شوعیەت وەکیەك)، وا سەیری گشەپێدان دەکرا وەك پرۆسەیەك لەرێگەیەوە گەشەی ئابوری شارستانی بەدی دێت لەسەر حسابی هاوتاکەی لەناوچە گوندنشینەکاندا. دەوڵەتە داگیرکارەکانیش سیستمی فەرمانڕەوایی ناڕاستەوخۆیان بەکاردەهێنا بۆ فەرمانڕەواییکردنی

گوند بۆ بەرژەوەندی هێزە داگیرکەرەکان، سەرکردەکانی دەوڵەتە سەربەخۆکانیش شوێنەکانی ئەوانیان گرتەوە، هەمانشێوازیان بەکارهێنا بۆ بەدیهاتنی سودە ئابوریەکان و هی تریش بۆ شارەکان لەسەر حسابی ناوچە گوندنشینەکان. هانی سەرۆك هۆزەکان دەدرا بۆ ئەوەی خاوەندارێتیە «تەقلیدیەکانیان» بۆ زەویە پان و بەرینەکان بەکاربێنن بەمەبەستی دەستبەسەراگرتنی بۆ بەرژەوەندی پرۆژە گەشەپێدانیەکان، هەروەها هەڕەشە لە دانیشتوانەکان دەکرا بەچۆڵکردن بۆ ئەوەی جوتیارەکان ناچاربکرێن داهێنانە تەکنەلۆژیە نوێکان بەکاربێنن، هەروەك چۆن دانیشتوانی ناوچە گوندنشینەکان ناچار دەکران بۆ ئەوەی لەپرۆژەکانی ژێرخان و کێڵگەکاندا کاربکەن، سەرەڕای ئەوەش دەڵەت شێوازی زۆرەملێیی بەکاردەهێنا لەگەڵ جوتیارەکاندا، بەشێوەیەکی دیاریکراویش جوتیارەکان ناچاردەکران بۆ ئەوەی بەروبومەکانیان بفرۆشن بە دەستەی بازاڕکردنی حکومی، بۆ ئەوەی خۆراکەکان بەنرخێکی هەزران بفرۆشرێنەوە بە کرێکارەکان لەناوچە شارنشینەکان، هەتا باجەکان بسەپێنرێن بەسەر بەروبومەکانی هەناردەکردن لەرێگەی دانی نرخێکی نزم بە جوتیارەکان لەبەرامبەر ئەو بەرهەمانەدا کە بەنرخی بەرز لە بازاڕە نێودەوڵەتیەکاندا دەفرۆشرێنەوە، وەك لە حاڵەتی بەرهەمی کاکاودا بینیمان. ئەم مومارەسانەش بوونە هۆی پەرەسەندنێکی پیشەسازی زۆر کەم، لەگەڵ دابەزینی هاندانەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی و زیادبوونی گەندەڵی و تاکڕەوی .

دەوڵەتە ستەمکارە مارکسی-لینینیەکان ئاراستەیەکی تەواو جیاوازیان گرتەبەر، ئەگەرچی دەرئەنجامەکان هاوشێوەبوون، ئەم وڵاتانە زاڵبوون بەسەر هۆزگەرایی و رەگەزپەرستیدا: «هەتا میللەت بژی، پێویستە هۆز بمرێت.» بەپێی گوزارشتی سامورا ماشیل یەکەم سەرۆکی مۆزەمبیق. ئەو وڵاتانەش کە خاوەن تاکحزبین، دامەزران بۆ سەرکوتکردنی دابەشبوونەکان و بۆ ئەوەی ببنە پێشەنگی پێشکەوتن، بەڵام مومارەسەکانی داگیرکەر گۆڕینیانی زەحمەتتر کرد، سەرکردە حزبییەکان بوونە کادیری حزبی فەرمانڕەوا، لەسەر شێوازی ئەوان رۆیشتن وەك ئەوەی پێشتر دەیانکرد. ئەو وڵاتانەی کە بە پرۆسەی چاکسازیدا رۆیشتن، هاتن بەناوی گەشەپێدانەوە تەبەنی هەمان ئامرازەکانی زاڵبوونی دەوڵەتیان کرد بەسەر ئابوری و کۆمەڵگەدا کە پێشتر ئەوانە هەمان ئامرازەکانی کارگێڕییە کۆلۆنیالەکان بوون، هەروەك چۆن کاری زۆرەملێی لەم وڵاتانەدا سەرلەنوێ گەڕایەوە، بەمشێوەیە ئەفەریقیا بەئاسانی ناتوانێت لەمێژووی خۆی هەڵبێت.

**پەراوێز:**

(1) Daryll Forde, Yakö Studies (Oxford, 1964), pp. 5, 9–11, 14, 22, 25, 26, 31–4, 41–5, 47.

# بەشی هەشتەم
# مۆدێلی ستانداردو وەرچەرخانی درەنگ وەخت بۆ پیشەسازیکردن

بەهاتنی ساڵی 1850، وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکای باکور پێش هەموو وڵاتانی تری جیهان کەوتبوون، گرفتە نوێیەکەش خۆی دەبینیەوە لەچۆنیەتی گەیشتنەوەی وڵاتانی هەژاردا بەئەوان، داگیرگەکانیش نەیاندەتوانی لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا زۆر شت بکەن، چونکە هێزە ئیمپریالیەکان بژاردەکانیانی کۆت کردبوو، بەڵام وڵاتانی سەربەخۆ دەیانتوانی نموونەی پێوەریی جێبەجێ بکەن- کە لە بونیادنانی هێڵی ئاسن و سەپاندنی تاریفە گومرگیەکان و

بونیادنانی بانك و قوتابخانەكاندا خۆی دەبینێتەوە- كە ئەمە لە ویلایەتە یەكگرتووەكان و ئەوروپای خۆرئاوادا سەركەوتوو بوو، بەتێپەڕبوونی كاتیش وای لێهات ئەم ستراتیژیەتە كاریگەری كەمتربوەوە.

**روسیای ئیمپریالی**

روسیا بۆ ماوەیەكی زۆر، وەك دواكەوتوترین وڵاتانی ئەوروپا مایەوە. پترۆسی گەورە (1725-1672) هەوڵیدا روسیا بگۆڕێت بۆ هێزێكی خۆرئاوایی نوێ، بۆ ئەمەش بەندەری سانت پترسبۆرگی دامەزراند، هەروەها چەندین كارگەی دروستكرد كەبەشێوەیەكی بنچینەیی خزمەتی مەبەستە سەربازیەكانیان دەكرد، بەڵام ئەمە نەبوەوە هۆی ئەوەی بە خۆرئاوای بگەیەنێتەوە. رادەی دواكەوتوویی روسیاش دەركەوت لەرێگەی شكستخواردنیەوە لەبەردەم ئینگلتەرا و فەرەنسا لەجەنگی كرمدا (1856-1853). ریتمی نوێگەرییش خێرابوو تا ئەو رادەی كە قەیسەر ئەسكەندەری دووەمی ناچاركرد كۆیلایەتی هەڵوەشێنێتەوە. ریفۆرمخوازەكان هیواخوازبوون كە ئەمە ببێتە هۆیهاندانی گەشەی ئابوری، لەرێگەی فەراهەمكردنی كارگەریی ئازادو دەستەبەركردنی خاوەندارێتی تایبەت، بەڵام ئەنجامگەلێكی خێرای لێنەكەوتەوە.

حكومەتی دوای ئازادكردنی كۆیلەكان، تەبەنی نموونەی ئابوری پێوەریی كرد لەگەڵ هێنانەناوەوەی هەندێك رێكار،

یەکەم: بازاڕێکی نیشتمانی بونیادنرا لەرێگەی دانانی بەرنامەیەکی زەبەلاح بۆ بونیادنانی هێڵی ئاسن. بەهاتنی ساڵی 1913، 71 هەزار کیلۆمەتر لەهێڵی ئاسن راکێشرابوو، ئەمەش وایکرد روسیا ببەستێتەوە بە ئابوری نێودەوڵەتیەوە.

کاتێك جوتیارەکان بەروبومەکانیان لەگەنم دەفرۆشت لەنیکۆلاییف (لەساڵی 1903)، دەیانپرسی: «بەپێی دواهەمین تەلگراف نرخی گەنم لەئەمەریکا چەندە؟» ئەوەش زیاتر مایەی سەرسامی توانای جوتیارەکان بوو لە گۆڕینی سەنتی (ئەمەریکی) بۆ هەر بوشلێك (پێوانەیەکە بۆ کێش)، بۆ کوبکی (روسی) بۆ هەر بوودێك (پێوانەیەکە بۆ کێش لە روسیا).

دووەم: تاریفە گومرگیەکان بەکاردەهێنران بۆ یارمەتیدانی پیشەسازی. بەهاتنی ساڵی 1910، روسیا ساڵانە 4 ملیۆن تەن لە ئاسنی خاوی دەتواندەوە. روسیا بەرزنەبوەوە بۆ ئاست وڵاتانی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئەڵمانیاو شانشینی یەکگرتوو، بەڵام وەك دەوڵەتێکی پیشەسازی پێشەنگ وابوو لەپلەی دووەمدا، وێڕای ئەمەش، وڵات پشتیوانی پیشەسازیە سوکەکانی دەکرد لەرێگەی سەپاندنی تاریفە گومرگی بەرز بەسەر چنراوە لۆکەییەکاندا، هەروەها تاریفە میانڕەو لەسەر لۆکەی خاو، لەئەنجامی ئەوەش، کشتوکاڵی لۆکە فراوان بوو کە دواتر بووە دەوڵەتی ئۆزبەکستان. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، کارگە روسیەکان هندە لۆکەیان بەرهەم دەهێنا کە نزیکدەبوەوە لەو رێژەیەی کەوا کارگە ئەڵمانیەکان بەرهەمیان دەهێنا. سێهەم:

داهێنانی گەورە لەبواری سیاسەتی ئابوری لە پارەدارکردندایە. بانکە تایبەتیەکان لەڕوسیا لاوازتربوون لەوەی کە ئەو رۆڵە بگێڕن کە هاوتاکانیان لە بەلجیکا یان ئەڵمانیا دەیانگێڕا، لەبری ئەوە، روسیا پشتی بەسەرمایەی دەرەکی بەست، هێڵەکانی ئاسن لەرێگەی فرۆشتنی سەنەدەکان لەدەرەوە پارەدار دەکران، هەروەك چۆن وەبەرهێنانی دەرەکی راستەوخۆ بووە ئامرازێکی بنچینەیی بۆ هێنانی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ وڵات، کارگەکان بونیاد دەنران بەپێی هەمان تایبەتمەندی وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوایی بەبێ ئەوەی کە هیچ رێککاریەکیان تێدا بکرێت بۆ ئەوەی وایان لێ بکرێت گونجاو بن لەگەڵ رەوشە ئابوریە جیاوازەکان لەروسیادا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەرزبوونەوەی تێچوونەکانی بەرهەم لەروسیا لەهەمبەر تێچوونەکان لەوڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوادا. چوارەم: روسیا لەبواری فێرکردندا هەر لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم و دواترەوە فراوانبوونی بەخۆوە بینی. بەهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، نیوەی ژمارەی دانیشتوانی پێگەیشتوو توانای خوێندنەوەو نوسینیان هەبوو، هەتا لەنێوان کارگەرە دەستیەکانیشدا، داهاتی ئەو کرێکارانەی کە توانای خوێندنەوەو نوسینیان هەبوو بەرزتر بوو لەچاو هاوتا نەخوێنەوارەکانیاندا، بۆیە فێرکردن کەمەندکێشیەکی زۆری هەبوو لای زۆرێك لەخەڵك.

نموونەی گەشەپێدانی ئابوری پێوانەیی (رێککراوە) بەشداریکرد لە زیادکردنی پشکی پیشەسازیە قورسەکان لە

روسیادا لە 2% لەتێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی لەساڵی 1885، بۆ 8% لەساڵی 1913، لەکاتێکدا کشتوکاڵ وەك کەرتی هەرە گەورە مایەوە (پشکەکەی لە 59% دابەزی بۆ 51%). بەرهەمی کشتوکاڵی لەم ماوەیەدا زیادی کرد لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی جیهانی گەنمدا، کشتوکاڵ بەشداریکرد لە زۆربەی ئەو گەشەکردنەی کە بەدیهات لە تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی. گەشەی ئابوری کە لەسەردەمی قەیسەردا بەدیهات، بەشێوەیەکی بنچینەیی بریتی بوو لە بوژانەوە لە کەرتی کشتوکاڵدا، هاوکات پرۆسەکانی پیشەسازییش هاوکاری بوون کە سەپاندنی تاریفە گومرگیەکان پشتیوانیان کرد. گەشەکردنیش زیاتر ئەگەری ئەوەی هەبوو بوەستێت ئەمەش لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، پاشانیش بۆ گەشتنەوە بەخۆرئاوا نموونەیەکی تری ئابوری پێویست بوو.

یەکێك لەئاماژەکان سەبارەت بە کاریگەری سنوردار بۆ نموونەی گەشەپێدانی ئابوری پێوانەیی لەروسیادا خۆی لەڕەوشی بازاڕی کاردا دەبینیەوە. کە سەرەڕای گەشەی تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی، خواست لەسەر کارگەری بەشێوەیەکی پێویست گەشەی نەکرد بەشێوەیەك کە وەزیفەی پێویست بە بەکارخستنی روسەکان فەراهەم بکات، بۆیە کرێیەکان لەنزمترین ئاستی بژێوی ژیاندا مانەوە، لەکاتێکدا زیادەی داهات کەوا گەشەکردن لەشێوەی قازانجەکاندا بەدیهێنا، گوازایەوە بۆ خاوەن کارگەکان و بەکرێدانەکان بۆ بەرژەوەندی خاوەن زەویەکان . ئەمەش بووە سەرەتای

بەرپابوونی ململانێیەکی کۆمەڵایەتی، کە نایەکسانی لەبەدیهاتنی گەشەکردندا بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشێك لەساڵی 1905، لەساڵی 1917 گۆڕا بۆ شوڕشێکی توندو فراوان. شکستی نموونەی گەشەپێدانی ئابوری پێوانەییش لەوەی روسیا بگۆڕێت بۆ وڵاتێکی پیشەسازی پێشکەوتوو بووە هۆی لەناوبردنی ئەم نموونەیە.

### ژاپۆن

ژاپۆن حاڵەتێکی تایبەتی هەیە کە جێی بایەخپێدانە، بەشێوەیەك یەکەم دەوڵەتی ئاسیاییە کە بگاتەوە بە خۆرئاوا. مێژوو ژاپۆن دابەش دەبێت بۆ چوار ماوە: چاخی تۆکۆجاوا (1603-1868) کاتێك کە وڵات لەیەلان فەرمانڕەوا سەربازیەکانەوە دەبرا بەڕێوە (شجونەیەکان) لەهۆزی تۆکۆجاوا، چاخی ئیمپراتۆریەتی میجی (1868-1905)، کاتێك ئیمپراتۆر میجی دەسەڵاتەکەی بەدەستهێنایەوەو دەستیکرد بە پڕۆسەی نوێکردنەوەی ئابوری، ماوەی داگیرکاری (1905-1940) کاتێك پیشەسازیە قورسەکان بونیادنران، دواجاریش سەردەمی گەشەی خێرا(1950-1990) کاتێك ژاپۆن گەشتەوە بە وڵاتە دەوڵەمەندە خۆرئاواییەکان.

ریشەی هەڵکشانی ژاپۆن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی تۆکۆجاوا، سەرەڕای بوونی چەندین دامەزراوە کە دژ بە گەشەی ئابوری بوون، کۆمەڵگە لەو ماوەیەدا دابەش بوو بۆ چەندین چین- سامورای، جوتیارەکان، پیشەگەرەکان و بازرگانەکان-

سیستمی کارگێڕی وڵاتیش دابەش ببوو بۆ سەدان ناوچەی تایبەت کە هەریەکەیان حاکمێك فەرمانڕەوایی دەکرد کە پێی دەوترا دایمۆ. ئەم ناوچە تایبەتیانەش دەکرا دەستیان بەسەردا بگیرێت، ئەمەش بووە هۆی دەستەبەر نەبوونی خاوەندارێتی تایبەت لەبەرزترین ئاستە کۆمەڵایەتیەکان دا، وەك هەمان رەوشی ئینگلتەرا لەژێر فەرمانڕەوایی شاژنە ئەلیزابێس، کۆتە توندەکانیش دەسەپێنران بەسەر بازرگان و ئامڕازەکانی پەیوەندیکردنی نێودەوڵەتیدا. رێگە نەدەدرا بەهاتنی کەشتی بۆ وڵات تەنها ئەو کەشتیانە نەبن کە لە چین و کۆریاو هۆڵەنداوە دەهاتن، هەروەها رێگە بە هۆڵەندیەکان نەدەدرا تەنها بە چوونە ژوورەوە نەبێت بۆ داگیرگەیەکی بچووك کە لەناکازاکیدا بوو.

تەکنەلۆژیا لەسەردەمی تۆکۆجاوادا پەرەیسەند ئەمە لەکاتێکدا کە سروشتی پەرەسەندنەکان پێچەوانەی هاوشێوەکەی بوو لە بەریتانیا. بەهۆی دابەزینی کرێیەکان لەخۆرهەڵاتی ئاسیادا، ژاپۆنیەکان تەکنەلۆژیایەکیان داهێنا کە قەبارەی کارگەری زیاد دەکرد بەمەبەستی زیادکردنی بەرهەمهێنانی زەویەکان و زیادکردنی سەرمایەو کەلوپەلەکان. بۆ نموونە، کارگەری سیستمەکانی ئاودێری بەکاردەهێنا بۆ زیادکردنی بەرهەمی بەروبوومەکان، هەروەها چەند جۆرێکی تری نوێ لە برنج چێنران وەك ئاکامای، هەروەك چۆن رێکخستنی سیستمی ئاودێری رێگەی دا بەچاندنی بەروبونی دووەم وەك گەنم، لۆکە، قامیشی شەکر، توو، تور،

شیلم و چەوەنەر، جوتیارەکان ماوەیەکی درێژتر کاریاندەکرد بۆ هەر هیکتارێك، سەرمایەی کەمتریان وەبەرهێنا ئەمە جگە لەوەی ئامێری نوێ جێگەی گاجووتی گرتەوە بۆ کێڵان.

بەرهەمهێنانیش هەروەها لەبواری پیشەسازیدا باش بوو، بەشێوەیەك ناوچە تایبەتیەکان هەوڵی راکێشانی پیشەسازیەکانیاندا، هەروەك چۆن توێژینەوەکانی پاڵپشتی زیادبوونی بەرهەمهێنانیاندا، بەشێوەیەك زیادبوونی بەرهەمهێنان بووە هۆی بەدیهاتنی زیاتری داهاتەکانی باج. لەحاڵەتی پیشەسازی ئاوریشمیشدا، تاقیکردنەوەکان سەرەتاییەکان سەرکەوتوو نەبوون بۆ بەکارهێنانی ئامێری لەسەر شێوازی ئینگلیزی (لەرێگەی بەکارهێنانی سیستەمەمیکانیکیەکانی تروس و سیورەوە، بۆ نموونە، بەکارهێنانی کارکردن بەکاتژمێرو ئامێرە میکانیکیەکان)، چونکە بەکارهێنانی ئابوریانە نەبوو. لەبری ئەوە، تاقیکردنەوەکان ئاراستەبوون بۆ باشکردنی بەرهەمهێنانی کرمی ئاوریشم، پەروەردەکردنی چەند جۆرێکی دیاریکراو لە کرمی ئاوریشم و کۆنترۆڵکردنی پلەی گەرما بووە هۆی کەمکردنەوەی ماوەی گەشەکردن، زیادکردنی بەرهەمی ئاوریشم. لەبواری کانزاکاریشدا، سیستمە میکانیکیەکان باو بوون، بەڵام بەکارنەهێنرابوون، لەبری ئەوە ژمارەیەکی زۆر لەکرێکار کارەکەیان دەکرد. بەهەمانشێوەش پشت بە ژمارەیەکی هەرە زۆر لە کارگەر دەبەسترا بۆ دەرهێنانی زۆرترین بڕی مومکین لە کانزا لەمادەی خاو، ئەو هەڵاوێردەیەش کە رێساکەی

جێگیر دەکرد بریتی بوو لە شەرابی ساکی. بەهۆی ئەوەوە دەوڵەت بەرهەمهێنانی کۆت کردبوو لەرێگەی دیاریکردنی کەمکردنەوەی کاتی کارکردنی کارگەکانی ساکیەوە، بۆیە ئەو کارگانە دامەزرێنران کە پشتیان بە سیستمی بەرهەمهێنانی چڕ دەبەست.

پرۆسەی گەشەکردن لەسەردەمی تۆکۆجاوادا بووە هۆی بوژانەوەیەك کە هەمووانی بەیەکسانی نەگرتەوە، ژمارەی دانیشتوان زیادیان کرد، هەروەها قەبارەی بەرهەمهێنانی بەرهەمی برنج لەسەدەی حەڤدەهەمدا، بەڵام کرێیەکان بە بەرزی مانەوە لەسنوری «نزمترین ئاست» لەپێداویستیەکانی ژیان. کەسێکی مامناوەند لە کۆتاییەکانی سەردەمی تۆکۆجاواو سەرەتاکانی سەردەمی ئیمپراتۆر میجیدا، رۆژانە نزیکەی 1800 تاوزەی بەکاردەبرد، زۆربەی تاوزەکان و پرۆتینیش فەراهەم دەبوون لەرێگەی برنج و پەتاتەو پاقلەمەنیەکانەوە نەك گۆشت یان ماسی. بەهۆی ئەمەوە باڵای ژاپۆنیەکان کورت بوەوە، بەشێوەیەك ناوەندی درێژی باڵای پیاوێکی ژاپۆنی گەیشتە 157 سانتیمەتر، لەکاتێکدا تێکڕای باڵای ژنان گەیشتە 146 سانتیمەتر.

سەرەڕای ئەوەش زۆرێك ژیانێکی خۆشگوزەرانەیان بۆ فەراهەم بوو، نزیکەی 15% لەتێکڕایی ژمارەی دانیشتوان لەشارەکاندا ژیان، شاری ئیدۆ (تۆکیای ئێستا)- کە ژمارەی دانیشتوانەکەی گەیشتە ملیۆنێك کەس- ئۆساکا و کیۆتۆ (400 هەزار کەس لەهەر یەکێکیاندا)، لەناو گەورەترین شارەکانی

جیهاندا بوون. ناوەندی تەمەنی تاك زیادی كرد، هەروەها كاتەكانی بێكاریش زیادیان كرد، بەشێوەیەك جوتیارەكان چەند رۆژێك پشوویان پێدەدراو گەشتیان بەناو وڵاتدا دەكرد، ئاستی ئامادەبوون لەقوتابخانەكاندا بەلای كۆمەڵگەیەكی كشتوكاڵیەوە بەرز بوەوە. لەساڵی 1868، 43% لەكوڕان و 10% لەكچان دەچوونە قوتابخانە، فێری خوێندنەوەو ژماردن دەبوون، زیاتر لەنیوەی پیاوە پێگەیشتوەكان دەیانتوانی بنوسن و بخوێننەوە، خوێندنەوە بۆ مەبەستی فێربوون و چێژبینین بڵاوبوبوەوە، نرخی كتێب بەرز بوەوە، بەڵام دەكرا لەبری بڕە پارەیەك بەماوە لە دوكانەكانی فرۆشتنی كتێب وەریبگیرێن، فەراهەمبوونی كتێبیش بۆ نزیكەی 100 هەزار خێزان بوو (واتە نیزكەی نیوەی دانیشتوان). بەرزبوونەوەی ئاستی فێركردنیش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ وەرچەرخانی ئابوری ژاپۆنی بۆ بازرگانی، كە هەر ئەمە دواتر بووە بنەمای گەشەكردن.

ژاپۆن لەسەردەمی تۆكۆجاوادا ئاستێكی سەرسامكەری بەدیهێنا لە توانستی ئەندازەیی و كارگێڕی كە ئەمەش بەدیاركەوت لەبونیادنانی یەكەم كارگەی ئاسن لە ناكازاكی، پێویستی سەربازیش پاڵنەرێك بوو لەو كاتەدا. لەساڵی 1808، كەشتی (ئێچ ئێم ئێس فیتۆن) هاتە ناو بەندەری شارەكەوە بۆ هێرشكردنە سەر كەشتیە هۆڵەندیەكان، كەشتیەكە هەڕەشەی ئەوەی كرد ئەگەر یارمەتی پێشكەش نەكرێت بەندەرەكە بۆمباران دەكات، ژاپۆنیەكان تۆپهاوێژێئاسنینیان نەبوو تا

بەرگری لەخۆیان بکەن، چونکە کورەیان نەبوو بۆ ئەوەی درووستی بکەن، نابیشیما ناوماس- کە بووە فەرمانڕەوای ناکازاکی، کەسێك بوو شەیدای زانستە خۆرئاواییەکان بوو- گروپێکی پێکهێنا بۆ بونیادنانی کارگەیەك بۆ بەرهەمهێنانی تۆپهاوێژەکان. گروپەکە پێکهاتبوو لە زانایان و پیشەگەرە کارامەکان لەبواری پیشەسازی ئاسندا، ئەندامانی گروپەکە هەستان بە وەرگێڕانی کتێبێکی هۆڵەندی کە وەسفی یەکێك لەکارگەکانی ئاسن دەکات لە لیدن، ئەندامانی گروپەکە دانەیەکی هاوشێوەی ئەویان دروستکرد. لەساڵی 1850، گروپەکە سەرکەوتوو بوون لەبونیادنانی فرنێکی پەرچەدەرەوە، دوای سێ ساڵ گروپەکە سەرکەوتوو بوون لە دروستکردنی یەکەم بۆمب لەئاسن. لەساڵی 1854، گروپەکە تفەنگی ئارمسترۆنگیان لەبەریتانیاوە هاوردە کرد کە لەدواوە دەئاخێنرا (پڕدەکرایەوە)و هاتن هاوشێوەی ئەویان درووستکردەوە. بەهاتنی ساڵی 1868، ژاپۆن بووە خاوەنی یانزە فڕن بۆ داڕشتەکردنی ئاسن.

**بەدەستهێنانەوەی حوکمی ئیمپراتۆر میجی**

ساڵی 1839، بەریتانیا هێرشی کردە سەر چین بۆ ئەوەی ناچاری بکات رێگە بەهاوردەکردنی ئەفیون بدات، کە یەکێك بوو لە بەرهەمەکانی کۆمپانیای هندۆ خۆرهەڵاتی و زۆرترین قازانجی بەدەستدەهێنا، ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە رەواجی بە مادەی هۆشبەر دەدا لەساڵی 1842دا بەسەر چیندا زاڵ بوو،

ئایا دوای ئەمەش سەرەی ژاپۆن بوو؟ دەرکەوت وەڵامەکە بە «بەڵێ«یە، کاتێك سەرکردەی دەریایی ئەمەریکی بیر بەخۆی و چوار کەشتی سەربازییەوە لەساڵی 1853دا گەیشتە ژاپۆن، داوایکرد ژاپۆنیەکان کۆتایی بە کۆتەکان بێنن لەسەر بازرگانی دەرەکی. لەسایەی نەبوونی چەکی دەریایی نوێدا، ژاپۆن هیچ چارەیەکی نەبوو، بۆیە رازی بوو چەند پەیماننامەیەکی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرەنسا و روسیادا ئیمزاکرد، پاشانیش پێداویستیەکی زۆر هاتەئاراوە بۆ بوونی سوپایەکی بەهێز، بۆ ئەمەش فەرمانڕەوا سەربازیە تۆکۆجاوییەکان هەندێك هەنگاوی چاکسازیان نا بۆ باشکردنی رەوشی ئاسایشی ژاپۆن، کە زۆرێك پێیانوابووو وەك پێویست نییە و زۆر درەنگە بۆ ئەوە.

لەساڵی 1867، ئیمپراتۆر میجی چووە سەر تەختی ژاپۆن، ئەمەش دوای ئەوەی بانگەشەکارانی نوێگەری «کودەتا»یەکی راستەقینەیان ئەنجامداو دوایین فەرمانڕەوای تۆکۆجاوا ناچاربوو واز لەدەسەڵات بهێنێت، درووشمی بانگەشەکارانی چاکسازیش بریتی بوو لە « دەوڵەتێکی دەوڵەمەندو سوپایەکی بەهێز».

رژێمی نوێ، چاکسازیگەلێکی ریشەیی ئەنجامدا. « ناوچەکانی کەرتی تایبەت سپێران بە ئیمپراتۆر، هەروەك چۆن 1.9 ملیۆن کەس لەسامۆرای قەرەبووکرانەوە لەرێگەی سەندە حکومیەکانەوە. چوار چینەکەی کۆمەڵگە هەڵوەشێنرانەوە، بۆیە وای لێهات هەرکەسێك بیویستایە دەیتوانی هەر

وەزیفەیەك بەدەست بهێنێت، هەروەها دەستەبەرگەلێك فەراهەم بوون جەختی لە خاوەندارێتی جوتیارەکان کردەوە بۆ زەویەکانیان، هەروەك چۆن بنەمای نوێ داڕێژران بۆ مافی خاوەندارێتی. باجە خانوبەرەییەکان کە بە حکومەتی نیشتمانی دەدران جێگای باجە دەرەبەگیەکانی گرتەوە، ئەم باجانەش بوونە لایەنێکی گەورەی سەرچاوەی داهات بۆ دەوڵەت لەماوەی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەدا. لەساڵی 1873، سیستمی بەسەربازگرتنی گشتی پەیڕەوکراو سوپایەکی نوێ بونیادنرا لەسەر شێوەی سوپا ئەوروپیەکان، ئەمەش بووە هۆی داخورانی چینی سامۆرای ئەوانەی کە پێشتر بەتەنها خۆیان رێگەیان پێدرابوو چەك هەڵبگرن. لەساڵی 1890، دەستورێکی نوسراو بنەماگەلێکی داڕشت بۆ بەرپاکردنی پاشایەتیەکی دەستوری لەسەر شێوەی نموونەی بروسیی.

رۆحی پێشکەوتنخوازی لە ژاپۆن لە سەردەمی ئیمپراتۆر میجیدا بەدیارکەوت لەرێگەی گرفتێکی ئاسانەوە، ئەویش پێوانەکردنی کات بوو. کاتژمێری ژاپۆنی تەقلیدی کاتی لەخۆرهەڵاتنەوە بۆ ئاوابوونی دابەش دەکرد بۆ شەش کاتژمێر، لە ئاوابونیشەوە بۆ هەڵهاتن شەش کاتژمێر بوو، بەمەش کاتژمێری رۆژیی جیاواز دەبوو لە کاتژمێری شەویی لەماوەی هەر یەکێکیاندا، بەڵکو درێژی هەریەکێکیان بەدرێژایی ساڵ دەگۆڕا، پیشەگەرانی کاتژمێریش لەسەردەمی تۆکۆجاودا دەستیان بە تاقیکردنەوە کرد بۆ ئەوەی رێکاری داهێنانە لەکاتژمێرە میکانیکیە خۆرئاواییەکاندا بکەن بۆ

ئەوەی ئەم سیستمی کاتە سەرلەنوێ دابڕێژنەوە. لەساڵی 1873، بونیادنانی یەکەم هێڵی ئاسنی ژاپۆنی تەواو بوو، حکومەتی میجیی رووبەڕووی گرفتی دانانی خشتەی کات بوەوە بۆ شەمەندەفەرەکان. لەبری بەکارهێنانی خشتەیەکی زەمەنی ئاڵۆز کە کاتەکانی رۆیشتن و گەیشتن تێیدا لەمیانەی رۆژەکانی ساڵدا دەگۆڕێت، دەوڵەتی سیستمی کاتی ژاپۆنی هەڵوەشاندەوەو پەیڕەوی لەسیستمی کاتی خۆرئاوایی کرد کەوا رۆژێك دابەش دەکات بۆ بیست و چوار کاتژمێر لەرۆژێکدا، سیستمی گواستنەوەی نوێ خواستی سستمێکی کاتی نوێ بوونی هەبێت.

### گەشەکردنی ئابوری لەسەردەمی میجیدا

رەنگە حکومەت لەسەردەمی میجیدا ئارەزویکردبێت وڵات پێش بخات لەرێگەی پەیڕەوکردنی نموونەی گەشەپێدانی ئابوری پێوانەییەوە، کە سەرکەوتنەکەی لە وڵاتانی خۆرئاوا و ئەمەریکا باکوردا سەلما، ئەمە لەکاتێکدا نەیدەتوانی جگەلەوە تەنها پشت بەدوو رەگەز ببەستێت لەچوار رەگەزەکە: رەگەزی یەکەم خۆی دەبینیەوە لە بونیادنانی بازاڕێکی نیشتمانی لەرێگەی هەڵوەشاندنەوەی تاریفە گومرگیە سەپێنراوەکانەوە بەسەر بازرگانی لەنێوان ناوچەکاندا، بونیادنانی هێڵی ئاسن، بەڵام رەگەزی دووەم بریتی بوو لەبڵاوکردنەوەی فێرکردنی گشتی. لە ساڵی 1872، خوێندنی سەرەتایی کرایە ناچاریی، بەهاتنی ساڵی 1900، 90%ی

منداڵان دەچوونە قوتابخانەی سەرەتاییەوە. دواتر قوتابخانە ئامادەییەکان و زانکۆکان بونیادنران، بەڵام سنورداربوون و تاڕادەیەکی زۆریش رکابەریی بوو. هەزاران ژاپۆنی نێردران بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی زانست وەربگرن، لەئەنجامی ئەمەش، فێرکردن لەژاپۆن زۆر زوتر پێشکەوتنی بەخۆوەبینی لەچاو وڵاتە هەژارەکانی تردا. خشتەی 8-1[1] بەراوردێك دەکات لەنێوان ژاپۆن و ئیندۆنیزیادا، کە ئەویش وڵاتێکە ئەزمونەکەی وەك نموونەیەك دادەنرێت بۆ ئەزمونی زۆرێك لەوڵاتانی ئاسیاو ئەفەریقیا. لەژاپۆن، رێژەیەکی گەورە لەدانیشتوان (10.8%) لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ژمارەیەکی گەورە لەدانیشتوان تۆمارکرابوون لەخوێندنگەکاندا، بەهاتنی جەنگی جیهانی دووەم رێژەی تۆمارکردن گەیشتە (19.7%). لەبەرامبەردا، ئیندۆنیزیا بەچەند نەوەیەك دواکەوت لەژاپۆن، فێرکردنی گشتیش هۆکارێکی گرنگ بوو لە هەڵکشانی ژاپۆن لە تەبەنی کردنی تەکنەلۆژیای نوێدا.

**خشتەی 8-1: رێژەی دانیشتوانی تۆمارکراو لە خوێندنگەکاندا**

| ساڵ | ژاپۆن | ئیندۆنوسیا |
|---|---|---|
| 1870 | 2.5 | 0.1 |
| 1880 | 6.7 | 0.1 |
| 1900 | 10.8 | 0.4 |
| 1913 | 14.1 | 1.1 |
| 1928 | 17.5 | 2.8 |
| 1940 | 19.7 | 3.4 |
| 1950 | 22.3 | 7.0 |
| 1973 | 17.2 | 13.6 |
| 1989 | 18.8 | 23.9 |

بەڵام رەگەزەکانی تری گەشەپێدان- بانکە وەبەرهێنانیەکان و تاریفە خۆپارێزیەکان- جێبەجێکردنیان زەحمەت بوو. ژاپۆن لەسەردەمی تۆکۆجاوادا هیچ دامەزراویەکی بەخۆوە نەبینیوە هاوشێوەی بانکە نوێیەکان بێت، بەڵام دەوڵەت لەسەردەمی میجیدا هەر لەسەرەتاوە رێگەی بەبونیادنانی بانکەکاندا، لەکاتێکدا سیستمی بانکەکان بێسەروبەرە بوو، ژاپۆن پەنجا ساڵی پێویست بوو هەتا توانی سستمێکی بانکی پەرەپێبدات لەسەر شێوەی سیستمی ئەڵمانی. لەسەرەتای سەردەمی میجیەوە، دەوڵەت کەلێنەکەی پڕکردەوە ئەمەش لەرێگەی بەرمەترسی خستنی سەرمایەی کۆمپانیاکانەوە.

مەحاڵ بوو بەلای ژاپۆنەوە تاریفە گومرگیەکان بسەپێنێت بۆ پشتیوانیکردن لە گەشەپێدانی پیشەسازی، ئەمەش لەبەرئەوەی بەرزترین ئاستی تاریفەکان لەئاستی 5%دابوون ئەمەش بەپێی پەیماننامەیەك کە هێزە خۆرئاواییەکان لەساڵی 1866سەپاندبوویان بەسەر ژاپۆندا، لەبری ئەوە وڵاتە راستەوخۆ دەستی لە ئابوری وەردا لەرێگە «سیاسەتی پیشەسازی ئاڕاستەکراو»، گرنگترین یاریزانەکانیش لە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەدا بریتی بوون لەوەزیرانی ناوخۆ و پیشەسازی، کە هاوردەکردنی پیشەسازی پێشکەوتویان پێ سپێردرابوو. وەزارەتی پیشەسازی سیستمی هێڵی ئاسن و تەلەگرافی لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بونیادنا. لەسەرەتاوە پسپۆڕە بیانیەکان سەرپەرشتی ئەم پرۆژەیەیان کرد، بەڵام لە ئۆساکا کۆلیژێك دامەزرا بۆ

فێرکردنی ئەندازیارە ژاپۆنیەکان، پاشان ژاپۆن بەزوترین کات وازی لە خزمەتگوزاری بیانیەکان هێنا، یەکێك لە هۆکارەکانی بەڕێوبردنی پرۆژەکان لەلایەن ژاپۆنیەکانەوە ئەوە بوو کە دەستەبەرکردنی سیاسەتی هاوردەکردن پشتیوانی لە پیشەسازی ژاپۆنی دەکات. بۆ نموونە، دروستکەرانی قاپی گڵێنەیی ژاپۆنی چەند گرێبەستێکیان ئیمزا کرد بۆ دروستکردنی نەگەیەنەرەکانی هێڵی تەلەگراف، بەم شێوازەش پیشەسازی خەزەف دروست بوو.

لەحەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، وەزارەتەکان جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان پێ سپێرا لەسەر ئەو گریمانەیەی کە کۆمپانیا ژاپۆنیەکان بەخێراییەکی پێویست ناچنە ناو تەکنەلۆژیای نوێوە، بۆیە پێویست بوو لەسەر دەوڵەت هەستێت بەرۆڵی بەڵێندەر. بەمەش کانەکان و کارگەکانی سەر بە دەوڵەت دامەزرێنران بە بەکارهێنانی ئامێرەی هاوردەکراوی پێشکەوتوو. ئەمە لەکاتێکدا زۆربەیان تووشی شکستێکی گەورەی بازرگانی بوون. کارگەی تۆمیۆکا بۆ شیکردنەوەی ئاوریشم- بۆ نموونە- لەساڵی 1872 دامەزرا بە بەکارهێنانی ئامێری فەرەنسیون بە پشت بەستن بە وزەی هەڵمی، بەڵام هەمیشە تووشی زیان دەبوەوە. لەهەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، حکومەتی ژاپۆنی زۆربەی دامەزراوە پیشەسازیەکانی فرۆشت، پشتی بە کۆمپانیاکان بەست بۆ وەرگرتنی بڕیارە کارگێڕیەکان لەو چوارچێوەیەدا کە دەوڵەت داینابوو، بەمەش کۆمپانیا ژاپۆنیەکان گەشتنە چارەسەرێك

بۆ گرفتی هاوردەکردنی تەکنەلۆژیا لە ڕێگەی سەرلەنوێ ئەندازەکردنەوەی بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوشە ژاپۆنیەکاندا بگونجێت.

ژاپۆن ڕووبەڕووی گرفتێك بوەوە کە بەتێپەڕبوونی کات لەسەری کەڵکەبوو، ئەویش تەکنەلۆژیای نوێ بوو کە بنچینەی ئامێرەکان و ئەو کارگانە بوو کە بەشێوەیەك داڕێژرابوون بگونجێن لەگەڵکۆمپانیا خۆرئاواییەکان کە لە ڕەوشەکانی کۆمەڵگەی خۆرئاواییدا کاردەکەن. بەکۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدەهەم، کرێیەکان لەخۆرئاوادا زۆر زیاتربوون لەهاوشێوەکانی لەژاپۆن، بۆیە نەخشەسازیە خۆرئاوییەکان پشتیان بەسەرمایەو کەرەستەی خاوی زیاتر بەست، ئەوەش بۆ کەمتر بەکارهێنانی دەستی کار. ئەم بونیادەش گونجاو نەبوو بۆ ژاپۆن، چونکە بووە هۆی زیادبوونی تێچوونەکانی بەرهەم. لەکاتێکدا هەندێك وڵات بەردەوام بوون لەسەر بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایانەی کە گونجاو نەبوون بۆ ڕەوشی ئەوان، ژاپۆن دەیشتە چارسەرێك کە زیاتر داهێنەرانە بوو، بەشێوەیەك ژاپۆنەیەکان هاتن سەرلەنوێ تەکنەلۆژیای خۆرئاواییان بەشێوەیەك داڕشتەوە، کەوا لەڕووی توێژینەوە گونجاوبێت بۆ ڕەوشی وڵاتەکەیان لەسایەی ئابوریە کرێ نزمەکەیاندا.

پیشەسازی شیکردنەوەی ئاوریشم نموونەیەك بوو بۆ ئەمە، لەکاتێکدا کارگەی تۆمیۆکا زیانی دەکرد، خێزانی ئۆنۆی بازرگانی لە تسۆکیجی هەستان بە بونیادنانی کارگەیەك،

ئەو ئامێرانەی بەکاردەهێنا کە لە تەکنەلۆژیای ئەوروپییەوە وەرگیرابوون. لەم حاڵەتەدا ئامێری لە تەختە دروستکراو بەکارهێنران لەبری ئاسن، سەرچاوەی وزەش پیاوانێك بوون کە بەدەست ئامێرەکانیان هەڵدەسوڕانت لەبری پشت بەستن بە بزوێنەری هەڵمین. ئەو ڕێکاریانەی بەسەر تەکنەلۆژیای خۆرئاواییدا هێنران بەپێی ئەم میتۆدە لەژاپۆن بەناوی «شێوازی ساوا»وە ناسرا، پاشانیش ئەم تەکنەلۆژیایە گونجاو بوو بۆ ژاپۆن، بەشێوەیەك پشتی بە بڕێکی کەم لە سەرمایە دەبەست و زۆرێك لە کارگەر بەکرێی کەم.

هەمان ئەم کارە جێبەجێ دەبێت بەسەر پیشەسازی لۆکەشدا. هەوڵە بەراییەکان بۆ ڕستن لەسەر شێوازی ئامێری ڕستن سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام ئامێری جارابۆ (ستونی سوڕاوی لەرێنەر)، کە جۆن تۆکیمۆن دایهێنا زیاتر سەرکەوتوو بوو، دارتاشە ناوچەییەکان ئامێرەکانی جارابۆیان بەنرخێکی هەرزان دروست دەکرد (ئەمەش دەبوە هۆی گێڕانەوەی سەرمایە)، پاشانیش ڕستراوێکی بەرهەم دەهێنا هاوشێوەی ئەوە بوو کە خلۆکە دەستییە رکابەرەکانی بەرهەمیان دەهێنا. ئامێری جارابۆ پرۆژەیەکی ئاست بەرز نەبوو کە حکومەت پشتیوانی بکات، بەڵام لەلایەن کۆمەڵەی پەرەپێدانی بەرهەمەوە پشتیوانی دەکرا کە ناوچەی خۆجێیی جوان دەیبرد بەڕێوە.

لەمبارەیەوە، بەراوردکردن لەگەڵ هندستان زۆر مەسەلە ئاشکرا دەکات. پیشەسازی ڕستنی لۆکە کە بەشێوەیەکی خێرا لە

بۆمبای گەشەی کرد لەحەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئامێری رستنی ئینگلیزیان بەکاردەهێنا، کارگەکان بەهەمانشێواز دەبران بەڕێوە کە هاوشێوەکانیان لەبەریتانیا دەبران بەڕێوە، هیچ هەوڵێکی میتۆدیش ئەنجام نەدرا بۆ کەمکردنەوەی سەرمایە لە پیشەسازی هندیدا. لەبەرامبەردا، ئەم هەوڵانە لە ژاپۆن ئەنجامدران، هەنگاوی یەکەمی بنەڕەتیش خۆی لە کارپێکردنی کارگەکاندا دەبینیەوە بۆ دوو ماوەی دەوامکردنی بەردەوام هەریەکەیان یانزە کاتژمێر بوو لەرۆژێکدا لەبری یەك دەوام، ئەمەش لە هندستان و بەریتانیاشدا باو نەبوو، ئەمەش بووە هۆی کەمکردنەوەی سەرمایە بەرێژەی نیوە بۆ هەر کاتژمێرێك. لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەم و دواتریشەوە، ستونە سوڕاوە چەمەرەییە خێراکان شوێن ئامێرە رستنیە ئینگلیزیەکانی گرتەوە، ئەم گۆرانکاریانەش لە شێوازە گیراوەبەرەکاندا بوونە هۆی زیادبوونی رێژەی دامەزراندن بە بەراورد بە سەرمایە، هەروەها دابەزینی تێچوونەکان. بەهاتنی سەدەی بیست، ژاپۆن بووە وڵاتێك نزمترین تێچوونی هەبوو لەبەرهەمهێنانی رستنی لۆکەداو، ژاپۆنیەکان لەمەدا پێش هندیەکان و چینیەکان و بەریتانیەکان کەوتن.

پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای گونجاو درێژبووەوە بۆ بواری کشتوکاڵیش. ژاپۆنیەکان لەحەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵێك تاقیکردنەوەیان لەسەر ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی ئەمەریکی ئەنجامدا، بەڵام هەڵکشانی بەدەست نەهێنا بەهۆی ئەوەی پێویستی بە سەرمایەکی چڕ هەبوو،

بەڵام ئەو هەوڵانەی سەرکەوتنی گەورەتریان بەدەستهێنا بریتی بوو لە زیادکردنی بەرهەمهێنانی زەویەکان، هەتا ئەگەر ئەوە پێویستی بە بەکارهێنانی بڕێکی زیاتر لەکارگەر هەبوو. لەساڵی 1877، کشتوکاڵی برنجی «شنریکی» لەنزیك ئۆساکا پەرەیسەند، ئەمجۆرە لەبرنجیش بەروبومێکی زۆرتری دەدا ئەگەر پەین بکرایە، لەحاڵەتی چاندنی کێڵەگەکانی برنجدا بەشێوەیەکی تەواوەتی. وەزارەتی کشتوکاڵیش پشتی بە رێکخراوە کشتیارەیە شارەزاکان دەبەست بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم رۆشنبیریە لەهەموو ناوچەکانی وڵاتدا. بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی بەردەوام لەژاپۆن و لەسەردەمی میجیدا زیادی کرد، بەشداریەکی گرنگی کرد لە گەشەکردنی ئابوریدا بەشێوەیەکی گشتگیر، ئەمەش بەتەنها کارکردن لەسەر زیادکردنی بەرهەمهێنانیی زەویەکان، کەیەکێکە لە فاکتەرەکانی بەرهەمێنان کە دەگمەن و بەها بەرزە.

### سەردەمی داگیرکاری 1905-1940

لەکاتێکدا چاکسازی لە کۆمەڵگەی ژاپۆنیدا کرا لەماوەی سەردەمی میجیدا، گۆڕان لەبونیادی ئابوریدا سست بوو، پیشەسازیە پێشەنگەکان پیشەسازی تەقلیدی بوون، وەك چاو ئارویشم و لۆکە، هەناردەکانی ئەم بەرهەمانەش لە کڕینی ئامێرە هاوردەکراوەکان و کەرەستەی خاودا بەکاردەهێنران.

گەشەی پیشەسازی لەنێوان ساڵانی 1905 و 1940دا خێراتربوو، هەروەك چۆن سروشتەکەی گۆڕا. پشکی

دروستکردن لەئابوری ژاپۆنیدا لە 20% لە تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی لەساڵی 1910دا بازیدا بۆ 35% لەساڵی 1938. لەو ماوەیەدا، بنەماکانی پیشەسازیە کانزاکاری و ئەندازەیی و کیمیاییەکان دانران کە بوونە مایەی گەشەی ژاپۆنی لەماوەی دوای جەنگدا، هەروەك چۆن بنەماکانی کۆمپانیا بەناوبانگەکان دانران کە ئەم بەرهەمانەیان درووست دەکرد.

ئەم پەرەسەندنانە، هاوکات بوون لەگەڵ جێبەجێکردنی تەواوەتی نموونەی گەشەکردنی ئابوری پێوانەیی. ژاپۆن توانی دەسەڵاتی خۆی بەدەستبێنێتەوە لەسەپاندنی تاریفە گومرگیەکان لەهەردوو ساڵی 1894و 1911، راستەوخۆ بەهای تاریفەکان بەرزکرانەوە ئەمەش بۆ پاراستنی پیشەسازیە ناوخۆییەکان. بەهاتنی بیستەکانی سەدەی بیستەم، سیستمی بانکی بەڕادەیەك پێگەیشتبوو کە دەتوانرا لەگەڵیدا گەشەپێدانی پیشەسازی پارەدار بکرێت، سەرەڕای ئەمەش، ژاپۆن لەسەر ئەو سیستمەی مایەوە کە لەسەر سیاسەتی یشەسازی ئارستەکراو بەرپابوو، بەکارهێنانی ئاوێتەیەك لە ئامرازە سیاسیەکانیش کاریگەری زۆری خۆیان سەلماند لەپشتیوانیکردن لە پیشەسازیە قورسەکان.

هەنگاوەکانی یەکەم لەساڵی 1905 نران، کاتێك کارگەی یاواتا بۆ پۆڵا بۆ هۆکارە ستراتیژیەکان دامەزێنرا. خاوەنی کارگەکە دەوڵەت بوو بۆ چەندین ساڵ پێویستی بە دەستەبەرکردنی پشتیوانی هەبوو پێش ئەوەی قازانج بەدی بهێنێت، جەنگی جیهانی یەکەمیش پشتیوانیەکی

بۆ کۆمپانیا ژاپۆنیەکان پێشکەشە کرد بەهۆی وەستانی هاوردە ئەوروپییەکانەوە، دوای جەنگ، دەزگا سەربازییە ژاپۆنیەکان توێژینەوەگەلێکی هاوبەشیان ئەنجامدا لەگەڵ کۆمپانیا تایبەتەکاندا، هەروەها پشتیوانی لە پیشەسازیەکانی ئۆتۆمبیل و لۆری و فڕۆکەکان کرا لەرێگەی گرێبەستەکانی هاوردەکردنەوە. کۆمپانیا وەرگرەکان خاوەن کۆمپانیای گەورە بوون، سەرەڕای ئەو بانکانەی کە پارەداری دەکردن. ئەم «زایباتسۆ» (هاوپەیمانێتی پیشەسازی)یە هەماهەنگی پرۆسەکانی بەرهەمی کرد، هەروەها دەستەبەرکردنی وەبەرهێنانە پیشەسازیەکانی لەئەستۆ گرت.

لەکاتێکدا ئامانج لەم هاوپەیمانێتیە پیشەسازیە مامەڵەکردن بوو لەگەڵ کەموکوڕی سەرمایەدا لەژاپۆن لەرێگەی زیادکردنی تێکڕاییەکانی زەخیرەکردن و وەبەرهێنانەوە، کارگێڕی کۆمپانیاکان رووبەڕووی فاکتەری نرخەکان بوونەوە لەرێگەی داهێنانی تەکنەلۆژیای گونجاوەوە. کۆمپانیا ئەمەریکیەکان کەوا لەچوارچێوەی ئابوریەکی کرێ بەرزدا کاریان دەکرد سستمگەلێکی بەرهەمهێنانیان داهێنا کە بەرپابوو لەسەر هەنگاوەکانی جەمکردن یان کۆکردنەوە کەبەشێوەیەکی بنچینەیی پشت بە ئامێرەکان دەبەستێت، کەدەبووە هۆی گێڕانەوە لە دەستی کاردا. لەبەرامبەردا، کۆمپانیا ژاپۆنیەکان کەمکردنەوەیان لە کەرەستەی خاو و سەرمایەدا دەکرد. یەکێك لە بەناوبانگترین بەرهەمە ژاپۆنیەکان فڕۆکەی جەنگی جۆری میتسۆبێشی زیرۆ بوو، ئەوپەڕی

خێراییش کەوا گەیشتە 500 کیلۆمەتر لەکاتژمێرێك لەبەرزایی 4000 مەترەوە لەرێگەی زیادکردنی توانای بزوێنەرەکەیەوە بەدی نەهات، بەڵکو لەرێگەی کەمکردنەوەی کێشەکەیەوە بوو. یەکێك لە پەرەسەندنە تایبەتەکان لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا تەبەنیکردنی ستراتیژیەتی « بەرهەمهێنانی هەنوکەیی» بوو واتە لەبری بەرهەمهێنانی زەخیرەکراوێکی گەورە لەپێکهاتە پیشەسازیەکان، پاشانیش پێویست بوو بۆ سەرمایە بۆ پارەداکردنی، کۆمپانیا ژاپۆنیەکان پەنایان برد بۆ بەرهەمهێنانی پێکهاتە پیشەسازیەکان لەکاتی پێویست بوون پێیان، تەکنیکی «بەرهەمهێنانی هەنوکەیی»ش هەڵکشانی خۆی سەلماند هەروەها بەهەمهێنانە بەرزەکەی، هەتا وای لێهات لەو چێوانەشدا جێبەجێ دەکران کە تێیاندا سەرمایە فەراهەم دەبوو یان فەراهەم نەدەبوو.

بەپێچەوانەی روسیای قەیسەری یان مەکسیکەوە، وەبەرهێنانی دەرەکی کەناڵێك نەبوو گرنگ بێت بە شێوەیەکی رێژەیی بۆ هاوردەکردنی تەکنەلۆژیای خۆرئاوایی، لەبری ئەوە کۆمپانیا ژاپۆنیەکان کارگێری توێژینەوەکان و پەرەپێدانی تایبەتیان بونیادنا بۆ لەبەرگرتنەوەی تەکنەلۆژیای خۆرئاوایی و سەرلەنوێ ئەندازەگیری بۆ ئەوەی لەگەڵ رەوشە ژاپۆنیەکاندا بگونجێت، دەوڵەتیش پشتیوانی لەکۆمپانیاکان دەکرد. کاتێکیش مەحاڵی هاوردەکردنی تۆربینە کارەباییەکان لەئەڵمانیاوە لەساڵی 1914دا سەلما، هیتاشی گرێبەستێکی بەدەستهێنا بۆ پەرەپێدانی تۆربینێك بەتوانای 10 هەزار

ئەسپ بۆ بەکارهێنانی لەیەکێك لە پڕۆژەکانی کارۆئاوییدا. بەهۆی ئەوەش گەورەترین تۆربێن کە هیتاشی پێش ئەوە درووستی کردبێت بەهێزی 100 ئەسپ بوو، ئەوا لەبەردەم کۆمپانیاکەدا زۆر شت هەبوو بۆ ئەوەی فێریان ببێت، ئەوەش پشتیوانی ئەم ئەزموونەی کرد توانا ئەندازەییەکانی کۆمپانیاکە بوو.

جێبەجێکردنی ژاپۆن بۆ نموونەی گەشەپێدانی پێوانەیی بەتەواوەتی سەرکەوتوو نەبوو. لەلایەك، کۆمەڵگەیەکی شارستانی پێگەیشت خاوەن پیشەسازی پێشکەوتوو بوو، تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی تاك لە 737 دۆلاری ئەمەریکیەوە لەساڵی 1870 بەرزبوەوە بۆ 2874 دۆلاری ئەمەریکی لەساڵی 1940، بەهۆی ئەو چەقبەستنەشەوە کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەمی گرتەوە، ئەم دەسکەوتانە سەرسامکەربوون. لەلایەکی ترەوە، تێکڕایی گەشەی داهات بۆ هەر تاکێك (2.0% ی ساڵانە) ڕێژەیەکی ئاسایی بوو، زۆر زیاتر نەبوو لە تێکڕایی گەشەی ئەمەریکی بەڕێژەی 1.5%، ئەگەریش ئەم ڕێژانە لەدوای ساڵی 1950وە بەردەوام بوونایە، ئەوا ژاپۆن پێویستی بە 327 ساڵ دەبوو بۆ ئەوەی بە ویلایەتە یەکگرتووەکان بگاتەوە، ئەمەش خێراییەکی پێویست نەبوو.

ئەم گەشەکردنە خاوە رەنگیدایەوە لە خاڵەکانی لاوازیی لە بازاڕی کارگەریدا، بەهەمانشێوەی روسیاو مەکسیك. کۆمپانیا گەورەکان کرێیەکی بەرزیان دەدا، لەکاتێکدا کرێیەکان زۆر بەنزمی مانەوە لەکشتوکاڵ و پیشەسازیە

قەبارە بچوکەکاندا، ئەمەش بەهۆی لاوازی خواست لەسەر دەستی کار. ئەم کەرتانە بەردەوام بوون لەسەر پشت بەستن بە تەکنەلۆژیای دەستی یان ئامێرە سادەکان. پەیوەندیەکی پراگمایی هاوبەرامبەریش هەبوو لەنێوان کەرتە نوێیەکان و تەقلیدیەکاندا، ئەگەریش کرا یەکێك لەقۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی نوێ بەکەمترین تێچوون جێبەجێ بکرێت، لەرێگەی بەکارهێنانی شێوازە دەستیە بەرتەسکەکانەوە، ئەوا جێبەجێکردنی ئەم قۆناغە بە کۆمپانیا بچوکەکان دەسپێرا بۆ ئەوەی ئەوان پێی هەستن.

### ئەمەریکای لاتین

ئەمەریکای لاتینی نوێترین تاقیکردنەوەکانی ئەنجامدا لەجێبەجێکردنی نموونەی پێوەریدا، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە تێیدا نیوەی باشور لە کیشوەرەکە تێهەڵکێشی ئابوری جیهانی بوو.

مەکسیك، ئەندێز، بەرزایل و کاریبی هەر لە سەدەی شانزەیەمەوە بەشێك بوون لە ئابوری جیهانی، لەکاتێکدا بەشی باشور لەئەمەریکای لاتین زۆر دووربوو لە ئەوروپاوە کە بەشێوەیەکی قازانج بەخش رێگەی بە بازرگانیکردن نەدەدا لەگەڵیدا. دوای ساڵی 1860، کەشتییە هەڵمیەکان وایانکرد کە هەناردەکردنی گەنم لە ئەرجەنتین و ئۆرگوایەوە قازانج بەخش بێت، هەروەها هەناردەکردنی پەیین و مسلەکەناری زەریای ئارامی کیشوەرەکەوە. گۆشت لەساڵی 1877چووە

ناو لیستی هەناردەکانەوە، کاتێك یەکەم کەشتی بارکرا کە بەفرگری تێدابوو- کەشتی «لۆفریجۆرفیك»- گۆشتی مەڕی بەستوو لەبیۆنس ئایریسەوە بۆ روان. هەناردەکردن بوژایەوە، ناوچەکە دەستی بە کەمەندکێشکردنی نیشتەجێبوەکان و سەرمایەی ئەوروپی کرد. بەهاتنی ساڵی 1900، قوچەکی باشور بووە یەکێك لەناوچە هەرە دەوڵەمەندەکان لەجیهاندا، زۆری نەبرد ئەرجەنتینیش هاتە پاڵ مەکسیك لەپەرەپێدانی پیشەسازیدا.

زۆرێك لەوڵاتانی ئەمەریکای لاتین قەبارەیان بچوکتربوو لەوەی ببنە وڵاتێکی پیشەسازی، بۆیە ئەم وڵاتانە بەردەوام بوون لەسەر هەناردەکردنی بەرهەمەکانیان و هاوردەکردنی بەرهەمە دروستکراوەکان، بەهەمانشێوەش بەردەوام بوون لەسەر هەژاریان. لەلایەکی ترەوە، ئابوریە گەورەکان کۆمەڵە تاقیکردنەوەیەکیان ئەنجامدا لەسەر جێبەجێکردنی نموونەی گەشەپێدانی پێوانەیی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزەهەمدا، بەردەوام بوون لەسەر جێبەجێکردنی هەتا هەشتاکانی سەدەی بیستەم کاتێك ناوی لێنرا «جێگرتنەوەی هاوردەکان بە دروستکردن». یەکەم بە هاتنی ساڵی 1913 نەوەد هەزار کیلۆمەتر هێڵی ئاسن لە ئەرجەنتین، بەرازیل، مەکسیك و چیلی بونیادنرا. دووەم تاریفە گومرگیەکان پاراستنیان فەراهەمکرد بۆ پیشەسازیەکانی وەك پیشەسازی چنراوەکان و ئاسن. سێهەم: ساتمەیەکی تر لە فەراهەم نەبوونی فێرکردنی گشتیدا خۆی بینیەوە. ئەرجەنتین هەڵاوێردەی هەرە گەورە

بوو لەم بوارەدا، کە فێرکردنی ناچاریی خۆڕایی لەساڵی 1884دا سەپاند، لەئەنجامی ئەمەش ئەرجەنتین لەپێشەنگی وڵاتانی کیشوەرەکەوە هات (دوای ئەویش راستەوخۆ چیلی)، کە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانە پێگەیشتوەکانی لەساڵی 1900دا خوێندنەوەو نوسینیان دەزانی، بە بەراورد بە چواریەکی دانیشتوان لەمەکسیك، فەنزویلا و بەڕازیل.

گەشەکردنی پیشەسازی خێرا لەبیستەکان و سیەکانی سەدەی بیستەمدا خێرابوو کە تاریفە گومرگیەکان دەیانپاراست لەرکابەریەکانی دەرەکی، هەروەك چۆن نرخە نزمەکانی هەناردە کشتوکاڵیەکانی کیشوەرەکە قورساییەکیان دابووە مشتومڕەکان لەبارەی پشتیوانی گەشەکردنی پیشەسازیەوە، ئەم ئارەزانەش گۆڕان بۆ باوەڕێکی جێگیر لەلایەن لیژنەی ئابوری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەمەریکای لاتینی لەژێر سەرپەرشتی ئابوریناسی ئەرجەنتینی راۆول بریبیش. راپۆرتی «گەشەکردنی ئابوری لەئەمەریکای لاتینی و گرفتە بنچینەییەکانی»(1950)، جەختیکردەوە نرخەکانی بەرهەمە سەرەتاییەکان کە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی هەناردەی دەکەن، دادەبەزی بە بەراورد بە نرخەکانی هاوردە دروستکراوەکان، راپۆرتەکە راسپاردەی ئەوە دەدات دەوڵەت پشتیوانی پیشەسازی بکات بۆ روبەروبونەوەی ئەم گرفتە. « تیۆری شوێنکەوتەی»ش تا رادەیەکی زۆر کاریگەر بوو سەرەڕای مشتومڕەکان لەبارەیەوە. بۆ نموونە، هەر لەم کتێبەدا ببینە مێژووی زەیتی خورما، کاکاو هاوڕێك

دەبن لەگەڵ تیۆرەکەدا: بەهۆی دابەزینی نرخەکانیانەوە بە بەراورد بەنرخی قوماشی لۆکە هەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە (هەردوو شێوەی 7-1 و 7-2).

لەگەڵ ئەوەشدا « نرخی لۆکەی خاو بە بەراورد بەنرخی قوماشەکان لەهندستان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەرز بوەوە، ئەمەش بووە هۆی وازهێنان لە چالاکییە دروستکردنییەکان (شێوەی 5-1 و 5-2).

تیۆری شوێنکەوتەیی بووە هۆی جێبەجێکردنی تەواوەتی بۆ نموونەی گەشەکردنی ئابوری پێوانەیی، لە کۆتاییدا خوێندن بووە گشتی، هەروەها بانکەکانی گەشەپێدان دامەزران بۆ پارەدارکردنی پرۆژە گەشەپێدانیەکان، لەکاتێکدا وەبەرهێنانی دەرەکی بووە ئامرازێك بۆ پارەدارکردنی پیشەسازی و هێنانی تەکنەلۆژیای پەرەسەند، هەروەها تاریفە گومرگیەکان و ئامرازەکانی کۆنترۆڵی حکومی بەکارهێنران بۆ پشتیوانیکردن لەژمارەیەك لەپیشەسازییە نوێیەکان، بەرهەمهێنانی پیشەسازی و پرۆسەی شارستانی بوون زیادیان کرد، داهاتی هەر تاکێك لەجارێك زیاتر بەزبوەوە لەنێوان ساڵانی 1950و 1980، بەڵام قەرزی دەرەکیش بەرزبوەوە، بەشێوەیەك چیدی نەدەتوانرا بەهای سودەکان بدرێن لەدوای بەرزبونەوەی بڕی سودەکان لە سەرەتاکانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە. مەکسیك لەساڵی 1982 توانای دانەوەی نەما، بانکە خۆرئاواییەکان پێشنیاری پێدانی قەرزیانکرد، ئەمەش وایکرد دواجار ئەمەریکای لاتین بچێتە دۆخی چەقبەستنی

ئابوریەوە، بەمشێوەیە نموونەی گەشەپێدانی ئابوری گەیشتە کۆتاییەکەی.

شکستخواردنی دروستکردنیش کە سەپاندنی تاریفە گومرگیەکان هانیدەدا رەنگدانەوەی قوڵتری لەسەر چەند بوارێك بەجێهێشت، وەك پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا. جیاوازیەکان لەکرێیەکان لەنێوان وڵاتانی دەوڵەمەندو هەژاردا زیادیان کرد، بەشێوەیەك تەکنەلۆژیای نوێی چڕە سەرمایە کە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت، کەمتر شیاو بوو بۆ رەوشەکانی وڵاتە هەژارەکان لەتەکنەلۆژیای ساڵی 1850، سەرەڕای ئەمەش، گرفتێکی نوێ سەریهەڵدا، تەکنەلۆژیای نوێ لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا کورت نەدەبوەوە لە بەرزبوونەوەی رێژەی تێچوونی سەرمایەدا بۆ تێچوونی کارگەری، بەڵکو بوونی کارگە گەلێکی زەبەلاحیش، کە زۆرجار گەورەتربوون لە تواناکانی بازاڕی وڵاتە هەژارەکان کە بتوانن لەخۆیانی بگرن.

پیشەسازی ئۆتۆمبی بەنموونەیەکی گرنگ دادەنرێت. زۆربەی وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی هانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلیان دا، بەڵام بازاڕەکانی قەبارەیان بچوکتر بوون لەوەی کە بەشێوەیەکی کارا رێگە بە بەگەڕخستنی ئەم کارگانە بدەن. نزمترین ئاست بۆ بەرهەمهێنانی کارا بۆ کارگەکانی بەستنی ئۆتۆمبیل لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا گەیشتە 200 هەزار ئۆتۆمبیلی ساڵانە، نزمترین قەبارەش بۆ بەرهەمهێنانی کارا بۆ بزوێنەرەکان و گوێزەرەوانی وزە لە ملیۆنێك یەکەی

ساڵانە نزیك بوەوە، لەکاتێکدا پەرچکەرەوەکانی پلێتی کانزایی چوار ملیۆن یەکەیان بەرهەم دەهێنا بەدرێژایی تەمەنی گریمانەییان. تەنها حەوت کۆمپانیا هەبوون (جنراڵ مۆتۆر، فۆرد، کرایلسر، رینۆ، ڤۆڵگس واگن، فیات، تویێتا) بتوانن بەلانی کەمەوە ساڵانە ملیۆنێك ئۆتۆمبیل بەرهەم بهێنن، هەروەك چۆن ئەم کارگانە خاوەنی کارگە بوون بۆ دروستکردنی بزوێنەرەکان، گوێزەرەوەکانی وزە، کۆکردنەوە و بەستن کە بتوانن بەرهەم بهێنن لەسنوری نزمترین ئاستی بەرهەمی کارادا. (توانست لە پێکهێنانی کانزاکاندا بەدیهات لەرێگەی گۆڕینی نەخشەسازی جەستەی ئۆتۆمبیلەکەوە هەرچەند ساڵ جارێك)، بەڵام ئۆتۆمبیلە قەبارە بچوکترەکان ئەوا تێچوونە بەرزەکانی بەرهەم بارێکی قورس بوو لەسەریان.

بازاڕەکانی ئۆتۆمبیل لەئەمەریکای لاتین قەبارەیان بچوکتر بوو. لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، نزیکەی 50 هەزار ئۆتۆمبیلی نوێ ساڵانە لەئەرجەنتین دەفرۆشرا. مەرسومی ئۆتۆمبیلەکان بۆ ساڵی 1959 ئەوەی کردە مەرج کە دەبێت بەلانی کەمەوە 90% لەپێکهاتەکانی ئۆتۆمبیلە فرۆشراوەکان لەوڵاتدا لەناوخۆدا دروست کرابن. بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل بەرێژەی 24% زیادی کرد هەتا ساڵی 1965، لەکاتێکدا 195 هەزار ئۆتۆمبیل بەرهەم دەهێنرا، پیشەسازی ئۆتۆمبیلەکانیش نمایشی 10%ی دەکرد لەقەبارەی ئابوری. نموونەی جێگرتنەوەی هاوردەکراوەکان بە دروستکردن زۆر سەرکەوتوو بوو لەڕووی گەشەکردنی بەرهەمهێنانەوە،

بەڵام قەبارەی پیشەسازی زۆر بچوکتربوو لەوەی بتوانێت ئەو ئاستی بەرهەمهێنانە بەدیبهێنێت کە ئابوریە قەبارە گەورەکان بەدیانهێنا. ئەوەش بووە هۆی دژواربوونی گرفتی بچووکی قەبارەی بازاڕە ناوخۆییەکان دابەشبوونی بازاڕبوو بۆ 13 کۆمپانیا، کەوا گەورەترینیان تەنها 57 هەزار ئۆتۆمبیلی بەرهەم دەهێنا، بەهۆی ئەمەشەوە تێچوونی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلێك لە ئەرجەنتین 2.5 جار زیاتربوو لە تێچوونی بەرهەمهێنانی لەویلایەتە یەکگرتووەکان. ئەرجەنتین لەسایەی ئەم بونیادە پیشەسازیەدا نەیتوانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی رکابەری بکات، بەڵکو کەرتی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل بووە هۆی ئەوەی تێکڕای توانستی ئابوری پاڵ بدات بۆ دواوە، بەهۆی ئەوەی ئەم گرفتەش دووبارە بوەوە لەگەڵ پیشەسازی پڵاو پترۆکیمیایی و پیشەسازیەکانی تر، نموونەی جێگرتنەوەی هاوردەکان بە دروستکراوەکان رۆڵێکی گەورەی گێڕا لە دابەزاندنی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی هەر کارێکارێك، پاشانیش دابەزینی ئاستی گوزەران.

بەراوردکردن لەگەڵ سەدەی نۆزدەهەمدا بە زۆر دژوار و نالەبارە، قەبارەش مەسەلەیەك نەبوو جێی بایەخ بێت لە سەدەی نۆزدەهەمدا. لەدەوروبەریساڵی 1850، کارگەیەکی ئاسایی لۆکە 200 مەکینەی سوتنی سوڕاوی تێدابوو، بەرهەم دەگەیشتە 50 تەن رستن لەساڵێکدا، ویلایەتی یەکگرتووەکان نزیکەی 100 هەزار تەن رستنی بەرهەم دەهێنا، بۆیە دەیتوانی 2000 کارگەی لۆکە لەخۆگبرێت کە لەسنوری نزمترین ئاستی

بەرهەمی کارادا بەرهەم بهێنێت، هەمان ئەمەش جێبەجێ دەبێت بەسەر پیشەسازییە نوێکانی تردا، بۆ نموونە کورەی تواندنەوەی ئاسن 5 هەزار تەنی بەرهەم دەهێنا یان هاوبەرامبەری 160 جار لەنزمترین ئاستی بەرهەمهێنانی کارا، کارگەی بەرهەمهێنانی شیشی هێڵی ئاسنیش 15 هەزار تەن لە شیشی ساڵانە بەرهەم دەهێنا، لەکاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکان 400 هەزار تەنی بەرهەم دەهێنا (واتە 27 جار زیاتر لەقەبارەی نزمترین ئاستی بەرهەمهێنانی کارا) تاریفە گومرگییە بەرزەکان کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەوروپی سەپاندیان بوونە هۆی بەرزکردنەوەی ئەو نرخانەی کە بەرکاربەرەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەیاندا، بەڵام ئەم وڵاتانە ئابوریەکەیان نەیتوانی باری بونیادێکی پیشەسازی ناکارا هەڵبگرێت، ئەمەش بەهۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت لەراڤەکردنی هەڵکشانی نموونەی ئابوری پیشەسازی پێوانەیی لە ئەمەریکای باکور و شکستخواردنی لەئەمەریکای باشور.

### کۆتایی مۆدێلی ستاندارد

نموونەی گەشەپێدانی ئابوری پێوانەیی لەروسیا قەیسەری و ژاپۆن و ئەمەریکای لاتین بووە هۆی گەشەیەکی ئابوری سنوردار کە بەس نەبوو بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکە لەگەڵ خۆرئاوادا، لەسایەی گەشەکردنێکی تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی تاکێك بەرێژەی 2% ساڵانە لەوڵاتانی پێشکەوتودا، پێویست بوو لەسەر وڵاتانی هەژار-بەلانی کەمەوە- ئەم رێژەیە بەدیبهێنن

بۆ ئەوەی گەشەکردنەکەی بەڕێکوپێکی بمێنێتەوە، بەدیهێنانی ڕێژەیەکی زۆر زیاتر بۆ گەیشتنەوە بەخۆرئاوا لەچوارچێوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا، ئەنجامی سروشتیەکەش گەشە کردنێکی خاوبوو لەسەر داواکردنی دەستی کار زۆر دواکەوتتر بوو لە گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان، پاشانیش روسیای قەیسەری و ئەمەریکای لاتین گیرۆدەی ئاستگەلێکی بەرز لەنایەکسانی و ناسەقامگیری سیاسی بوونەوە. بەهەمانشێوەش، ژمارەیەکی زۆر لە ژاپۆن پێش جەنگی جیهانی یەکەم- کرێکارەکان لەبواری کشتوکاڵ و پیشەسازییە بچوکەکان و ژنان- شکستیان هێنا لەچینینەوەی بەرهەمی ئەم گەشەکردنەدا، بە تێپەڕبوونی کاتیش ئەم گرفتانە کەڵەکەبوون لەگەڵ زیادبوونی قەبارەی بەرهەمهێنانی کاراداو، بەرزبونەوەی ڕێژەی تێچوونی سەرمایە لەبەرامبەر تێچوونی دەستی کار لەوڵاتانی دەوڵەمەنددا. هەتا بەگریمانەکردنی نائامادەگی قەیرانی دارایی کە لەسەرەتاکانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا روویدا، دەرکەوت کە نموونەی گەشەکردنی پێوانەیی گەیشتە کۆتایی تەمەنی گریمانەیی بەرهەمداری. ئەی باشە دەبێت چی جێگەی بگرێتەوە؟

**پەراوێز:**

(1) Arthur S. Banks, Cross National Time Series; Brian R. Mitchell, International Historical Statistics: Africa, Asia, and Oceania, 1750–1993, pp. 980–7, 1001–3

# بەشی نۆیەم
# پیشەسازی لە مۆدێلی
# « گوژمێکی بەهێزدا»

خۆرئاوا لەسەدەی بیستەمدالەبەرامبەر باقی وڵاتانی تری جیهان پێشکەوتنگەلێکی زیاتری بەدیهێنا، بەڵام هەندێك وڵات ئاراستەیەکی جیاوازیان گرتەبەرو سەرکەوتوو بوون لەگەشتەوەیان بەخۆرئاوا، دیارترینیان ژاپۆن و تایوان و کۆریای باشور بوون، سەرەڕای یەکێتی سۆڤێت (ئەگەر بەشێوەیەکی کەمترتەواوکارانەش بێت)، وا دیارە چینیش لەسەر ئاراستە دروستەکە دەڕوات بۆ ئەوەی هەمان هەڵکشانی ئەو چەند وڵاتە دوبارە بکاتەوە. گەشەکردن لەم وڵاتانەدا زۆر

خێرابوون، لەناوەڕاستی سەدەکەدا کەلێنەکە تێهەڵکێشکرا لەگەڵ خۆرئاوادا، ئەم وڵاتانە بەخێرایی گەشەیانکرد کە ئاستی داهاتی هەر کەسێك گەیشتە 20-25ی ئاستی داهاتی هەر تاکێك لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا، کە وڵاتێکی هەژار دەیتوانی لەمیانەی دوو نەوەدا (60 ساڵ)دا، پێی بگاتەوە لەحاڵەتی گەشەکردنی بەرهەمی ناوخۆیی تێکڕایی بۆ هەر تاکێك تێیدا بەرێژەی 4.3%ی ساڵانە، ئەمەش گەشەکردنی بەرهەمی ناوخۆیی تێکڕایی دەخواست بەڕێژەی 6% یان زیاتری ساڵانە بەپێی گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان، ئەمەش کارێکی زەحمەت بوو. پاشانیش، تاکە رێگەیەك کە وڵاتە گەورەکان لەڕێگەیەوە توانیان بەخێرایی گەشە بکەن، بریتی بوو لە بونیادنانی هەموو رەگەزەکانی ئابوری پێشکەوتوو لەیەك کاتدا- کارگەکانی ئاسن و پۆڵا، وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزە و..هتد. ئەمەش ئەوەیە کە بە پیشەسازی «گوژمی بەهێز» دەناسرێت. ئەمجۆرەش لە پیشەسازی گرفتگەلێکی قورس دەخوڵقێنێت، بەشێوەیەك پێش فەراهەم بوونی خواست و خستنەڕوو هەموو شتێك بونیاد دەنرێت، بۆ نموونە کارگەکانی پۆڵا پێش بونیادنانی کارگەکانی ئۆتۆمبیل کە پلێتی پۆڵا بەکاردەهێنێت لەپیشەسازی ئۆتۆمبیلدا، هەروەها کارگەکانی ئۆتۆمبیل بونیاددەنرێن پێش فەراهەم بوونی پۆڵا کە دواتر درووست دەکرێت، بەدڵنیاییشەوە خواستێکی راستەقینە لەسەر بەرهەمەکانی هەبوو. هەموو وەبەرهێنانێك پشت بە باوەڕێك دەبەستێت کە رەگەزە

تەواوکەرەکانی وەبەرهێنان بەدی دێن، سەرکەوتنی گەورەی نەخشەسازیش بوونی دەسەڵاتێکی پلاندانان دەخوازێت بۆ هەماهەنگکردنی چالاکیە جۆراوجۆرەکان و گەرەنتیکردنی جێبەجێکردنی. ئابوریە گەورەکانیش کە لەسەدەی بیستەمدا لەداوی هەژاری هەڵهاتبوون توانیان بەمە هەستن، سەرەڕای بوونی ئەو جیاوازیە گەورەیەی کە لە شێوازی پلاندانان لەنێوانیاندا هەبوو.

## گەشەکردنی ئابوریی سۆڤێتی

یەکێتی سۆڤێت بە نموونەیەکی کلاسیکی دادەنرێت لەسەر نموونەی گوژمی بەهێز، دوای شۆرشی 1917 بۆ ماوەی چوار ساڵ شەڕی ناوخۆیی هەبوو لەو وڵاتەدا کە تێیدا بەلشەفیکەکان سەرکەوتن، پاشان دانیان نا بە داواکاریەکانی جوتیارەکان سەبارەت بە خاوەنداریێتیکردنی زەویەکان و دابەشکردنی بە یەکسانی بەسەر ئەوانەی لەبواری کشتوکاڵدا کاردەکەن. بەهاتنی ساڵی 1928، سیاسەتی ئابوری نوێ ئابوری سەرلەنوێ بوژاندەوە، لەم کاتەدا لینین مردبوو، دوای ئەو ستالین دەسەڵاتی گرتەدەست.

کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێت رووبەڕووی هەمان گرفت بوونەوە کە وڵاتە هەژارەکان رووبەڕووی بوونەوە، بەشێوەیەك زۆربەی دانیشتوانەکان لەناوچە گوندنشینەکاندا دەژیان و مومارەسەی پیشەی دەستیان دەکرد، کشتوکاڵیش لە چێوەیەکی بەرتەسکدا، دەوڵەت پێویستی بە بونیادنانی

ئابوریەکی نوێی شارستانی بوو، ئەمەش پێویستی بە وەبەرهێنانی چڕبوو لەتەکنەلۆژیای نوێدا، چارەسەری سۆڤێتی خۆی لە پلاندانانی مەرکەزیدا دەبینیەوە، پلانە پێنجیەکەش بوونە هێمایەك بۆی، بەهۆی ئەوەی کۆمپانیا سۆڤێتیەکان هی دەوڵەت بوون، فەرمانەکانی سەرەوە(پلان) ئاڕاستەی دەکردن، لەبری وەڵامدانەوەیان بۆ هێزەکانی بازاڕ. بۆ ماوەیەکی زۆریش، نموونەی سۆڤێتی وەك نموونەی سەرکەوتنێکی مەزن مایەوە، هەروەك چۆن جێبەجێکردنی شێوازی گەشەپێدانی پلان بۆ داڕێژراو بووە ئیلهامێك بۆ زۆرێك لە وڵاتە هەژارەکان.

گوژمی بەهێزی سۆڤێتی، لەگەڵ جێبەجێکردنی پلانی پێنجی یەکەم لەساڵی 1928دەستی پێکرد. ستراتیژیەتی گەشەکردن لەسەر چوار پایەی سەرەکی دەوەستا، پایەی یەکەم لەدەستەبەرکردنی وەبەرهێنانەکان بۆ پیشەسازیە قورسەکان و دروستکردنی ئامێرەکان، ئەمەش بووە هۆی خێراکردن توانای بونیادنانی کەلوپەلە سەرمایەداریەکان، پاشانیش زیادبوونی تێکڕاییەکانی وەبەرهێنان. یەکێتی سۆڤێت قەبارەی گەورەبوو کە بەس بوو بۆ لەخۆگرتنی بەرهەمهێنانی کارگە گەورەکان کە بووە نموونەیەکی باو، بەڵام پایەی دووەم بریتی بوو لە بەکارهێنانی ئامانجە بەرهەمهێنانیەکان کە پێویست بوون لە ئاراستەکردنی پرۆسەکانی کۆمپانیادا. بەهۆی ئەوەی کە مەزنکردنی بەرهەمهێنان لەوانەیە ببوایەتە هۆی خستنەوەی زیانەکان، بۆیە دڵنیاییە بانکەیەکان بەوپەڕی ئاسانیەوە

دەدران بە کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی تێچوونەکانیان پڕبکەنەوە. «کۆتەکانی بودجەی نەرم)یش شوێن «کۆتەکانی بودجەی قورس»یان گرتەوە. سێهەمیش، کشتوکاڵ بووە چالاکییەکی ئابوری کۆمەڵی. سیاسی، ئەم سیاسەتەش زۆرتر مایەی مشتومڕبوو، چونکە بەلای ئەوجوتیارانەوە بێزراو بوو کە بوونی کێڵگەی خێزانیی بچووکیان پێ باشتر بوو، هەروەها سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی خولی زەویەکان لەلایەن گوندەکەوە بۆ دەستەبەرکردنی بەدیهاتنی یەسکانی، بەهۆی جێبەجێکردنی سیاسەتی کشتوکاڵی کۆمەڵییەوە دابەزینێکی زۆر لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا روویدا، هەروەها بووە هۆی رودانی برسێتی لەساڵی 1933. پایەی چوارەمیش خۆی لەفێرکردنی گشتیدا دەبینێتەوە، بەشێوەیەکی خێرا لەچێوەیەکی فراواندا بڵاوکرایەوەو کرایە ئیلزامی، سیاسەتێکی چالاك دانرا بۆ فێرکردنی گەورەکان بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاتی پێویست بۆ مەشقپێکردنی تەواوی هێزی کار.

ئەم رێوشوێنانە بوونە هۆی گەشەکردنی ئابوری بەخێرایی، کاتێکیش داگیرکردنی ئەڵمانی رویدا لەساڵی 1940، هەزاران کارگەو پردو وێستگەی بەرهەمهێنانی وزە بونیادنرابوون. پلانەکانی وەبەرهێنانەکان ئاڕاستەکران بۆ کەرتی پیشەسازی قورس کە بەتوندی گەشایەوە، بەهاتنی ساڵی 1940 بەرهەمهێنانی ئاسنی خاو لە 4 ملیۆن تەنەوە لەپێش جەنگدا گەیشتە 15 ملیۆن تەن، کە ئەمەش دوو هندی بەرهەمهێنانی بەریتانیا بوو، بەڵام هێشتا نیوەی بەرهەمهێنانی ویلایەتە

یەکگرتووەکان بوو. قەبارەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە 5 ملیار کیلۆ وات/ کاتژمێرەوە بەرزبووەوە بۆ42 ملیار کیلۆوات/ کاتژمێر. (جارێکیان لینین بەگاڵتەکردنەوە وەسفی کۆمۆنیزمی کرد:»هێزی سۆڤێتی کارەبای گەیاندۆتە هەموو شوێنەکانی وڵات،» بەپێی ئەم پێناسەیەش، وا دادەنرێت کە شۆڕش هەڵکشانی بەدەستهێناوە.) تێکڕایی وەبەرهێنان بەرزبووەوە لە لەنزیکەی 8% لەتێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی لەساڵی 1928 بۆ 19% لەساڵی 1939.

بەرهەمهێنانی شمەکە بەکاربەریەکانیش بەرادەیەکی کەم زیادی کرد. هۆکاری ئەمەش بەشێوەیەکی هەندەکی دەگەڕێتەوە بۆ رێکخستنی ئەولەویاتەکان، هەروەها بۆ گۆڕینی کارەساتی کشتوکاڵ بۆ چالاکی کۆمەڵی. هەرچۆنێك بێت، لەهەمان ئەو دەیەیەدا بەرهەمهێنان هاتەوە سەرخۆی. لەساڵی 1939، یەکێتی سۆڤێت نزیکەی 900 هەزار تەن لە لۆکەی شیکراوەی بەرهەم دەهێنا کە دوو هێندەی ئاستی بەرهەمی ساڵی 1913 بوو، بەرزتر بوو بەڕێژەی 50% لەبەرهەمهێنانی بەریتانیای مەزن (کە بەهۆی رکابەریەوە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرهەمهێنانی دابەزی بوو)، بەڵام تەنها ئەو بڕە یەکسان بوو بە 52%ی تێکڕایی بەرهەمی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کاتێکیش بەکاربردن بۆ هەر تاکێك بەشێوەیەکی توند دابەزی لەهەردوو ساڵی 1932و 1933، ئەوا زیادەیەك هەبوو بەڕێژەی 20% لە ناوەندی ئاستەکانی گوزەران لەنێوان ساڵانی 1928 و 1939. سەرەڕای ئەوەش،

خزمەتگوزارییە فێرکاری و تەندروستیەکان بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبوونەوە.

جەنگی جیهانی دووەم گورزێکی کوشندەو پەرتکەربوو بەلای یەکێتی سۆڤێتەوە. 15% لەهاوڵاتیانی سۆڤێت گیانیان لەدەستدا (ژمارەی مردن لەنێوان پیاوانی تەمەن 20-49 گەیشتە 40%)، خانوو کارگەکان وێران بوون. لەبەرامبەردا، تێکڕایی سەرمایە بەهاتنی ساڵی 1950 بەدەستهێنرایەوە، بەشێوەیەکی خێرا گەشەی ئابوری دەستی پێکردەوە. وەبەرهێنان لەسنوری 38% مایەوە لە تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی، بەهاتنی ساڵی 1975، یەکێتی سۆڤێت زیاتر لە 100 ملیۆن تەن لەئاسنی خاوی بەرهەم دەهێنا کە ئەم بڕە زیاتربوو لە بەرهەمی ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەروەك چۆن بەرهەمهێنانی شمەکی بەکاربەریش بەخێرایی زیادی کرد، وا دەرکەوت وەك ئەوەی کە نموونەی سۆڤێتی شێوازێکی نموونەیی بێت کە لەرێگەیەوە هەر دەوڵەتێکی هەژار دەتوانێت گەشە بکات، بەڵام زۆری نەبرد هەموو شتێك بەئاراستەیەکی هەڵەداچوو، لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا تێکڕایی گەشەکردن بەشێوەیەکی پلەبەندی رووی لەدابەزین کرد، بەکۆتایی دەیەکە تێکڕایی گەشەکردن گەیشتە سفر. سەرۆك گۆرباتچۆف داوای جێبەکردنی سیاسەتی «سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیکەری کرد» (پیرۆیستریکا)، پلاندانانی ناوەندییش بوارێکی بۆ بازاڕ کردەوە، بەڵام کاتەکە بۆ رزگارکردنی یەکێتی سۆڤێت بەسەرچوو بوو بۆیە، رووخا.

لەرەوشی یەکێـتی سۆڤێتدا، دوو پرسیار هەن خۆیان دەخەنەڕوو:

**یەکەم:** چی بەئاراستەی دروستدا چوو؟ بۆچی تێکرایی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ هەر تاکێك بەخێراییەکی گەورە زیادی کرد لەساڵی 1928وە تا حەفتاکانی سەدەی بیستەم؟ بەشێك لەپرسیارەکە پەیوەستە بە «تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆییەوە، بەشێکی تری بە»ژمارەی دانیشتوانەوە». تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی بەخێرایی زیادی کرد، بەهۆی کارایی دامەزراوە سۆڤێتیەکانەوە لەبونیادنانی کارگەگەلێکی مەزنی نوێ. وەبەرهێنانەکانیش لەبواری پیشەسازیە قورسەکاندا بووە هۆی زیادکردنی توانای بونیادنانی قەوارە پیشەسازیەکان و کەرەستەکان، هەروەك چۆن کۆتەکانی بودجەی نەرم بوونە هۆی فەراهەمکردنی هەلی کار بۆ ئەو تاکانەی کە هەلی کاریان بۆ نەدەڕەخسا لەئابوریەکدا کە زیادەی دەستی کاری تێدابێت. وەرچەرخانی کشتوکاڵ بۆ چالاکی دەستەجەمعی بەشداریکرد لە گەشەی تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی (ئەگەرچی بەشداریکردنێکی سنورداریش بێت)، لەرێگەی خێراکردنی رێژەکانی کۆچکردنی تاکەکان بۆ شار کە تێیدا وەزیفەی نوێ هەبوو. لەسەرەتاوە، پلاندانان پێویستی بە بوونی دیدێکی قوڵ نەبوو، چونکە ئەو کات ئامانجەکە کورت بوو بوەوە لە تەبەنیکردنی تەکەنەلۆژیای خۆرئاوایی بەشێوەیەك گونجاوبێت لەگەڵ رەوشەکانی روسیادا، بەڵام هۆکاری دووەم بۆ گەشەکردنی خێرای تێکڕایی بەرهەمی

ناوخۆیی بۆ هەر تاکێك بریتی بوو لە خاوی گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان. ژمارەی دانیشتوان لە 155 ملیۆن کەسەوە لەساڵی 1920 بەرزبوەوە بۆ 290 ملیۆن کەس لەساڵی 1990. ئەم گەشە سستەش بەشێوەیەکی هەندەکی دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی تێکڕایی ژمارەی مردن بەهۆی گۆڕانی کشتوکاڵەوە بۆ چالاکیەکی کۆمەڵیی، هەروەها بۆ جەنگی جیهانی دووەم بەشێوەیەکی تایبەت، بەڵام بایەخی ئەم دوو فاکتەرە کەم بوەوە لەژێر رۆشنایی دابەزینی تێکڕاییەکانی مناڵبوون. لەبیستەکانی سەدەی بیستەمدا، ژنی سۆڤێتی بەشێوەیەکی مامناوەندی حەوت مناڵی دەبوو، بەهاتنی شەستەکانی سەدەی بیستەم، ئەم رێژەیە گەیشتە 2.5. فراوان بوون لە شارستانی بوون بەشداریکرد لە گەشەکردنی تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆییدا، لەکاتێکدا فێرکردنی ژنان و مومارەسەکردنی کار لەدەرەوەی ماڵدا یەکێك بوو لەهۆکارە گرنگەکان لەم بوارەدا.

**دووەم:** چی بەئاراستەی هەڵەداچوو؟ بۆچی گەشەکردن لەحەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم رووی لە سستی کرد؟ وەڵامەکان فرەجۆرن لەنێوان چەند هۆکارێکی لاوەکی و جەوهەریدا، کۆتایی ئابوری کاریگەری زیادە، بەفیرۆدانی وەبەرهێنانەکان لەگەشەپێدانی هەرێمی سیبریا، رکابەری خۆپڕچەککردن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە دەرامەتەکانی توێژینەوە و پەرەپێدانی لەپیشەسازی مەدەنیدا لەباربرد، زەحمەتی روو لەزیادبوو لەپلاندانان

لەگەڵ گەیشتنەوە بە تەکنەلۆژیای خۆرئاوایی، وەرچەرخانی ئەرکەکە بۆ پلاندانان بۆ ئایندە، مەحاڵبوونی کۆنترۆڵی مەرکەزی (چی بە ئابوری ئەمەریکا دەهات ئەگەر پێویست بوایە سەرۆك بەخۆی بەرێوەی ببردایە؟) سەرەڕای هەستکردن بە بێ متمانەیی و گوێ گرتن بۆ ئەوانەی کە حوکمی دیکتاتۆری بەرێوەیان دەبات. داڕووخانی یەکێتی سۆڤێتیش بووە هۆی ئەوەی زۆرێك لە چاودێران سیاسەتی پلاندانانی دەوڵەت رەتبکەنەوە و پشت بە خەسڵەتەکانی بازاڕی ئازاد ببەستن، بەڵام وڵاتانێکی تر کارێکی باشیانکرد لە رێگەی تەبەنیکردنی وێنەگەلێکی تر بۆ پلاندانان.

### ژاپۆن

ئامانجە سیاسیەکانی ژاپۆن پێش جەنگی جیهانی دووەم بریتی بوون لە دروشمی « وڵاتێکی دەوڵەمەندو سوپایەکی بەهێز»، شکستهێنانی ژاپۆنیش لەجەنگدا بوە هۆی رەتکردنەوەی «سوپای بەهێز»، بەڵام لەجاران باشترو زیاتر هەوڵیدا بۆ بەدیهێنان، بەشی یەکەم لەدروشمەکە واتە «وڵاتێکی دەوڵەمەند». ژاپۆن پێویستی بە گوژمێکی خێرا هەبوو بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی داهات لەگەڵ خۆرئاوادا، پرۆژەی ئابوریش بۆ ژاپۆن لەوپەڕی سەرکەوتندا بوون بەشێوەیەك داهاتی هەر تاکێك بەرێژەی 5.9% ی ساڵانە بەرزبوەوە لەنێوان ساڵانی 1950 بۆ 1990، لەکاتێکدا گەشەکردن بەرێژەی 8% زیادیکرد لەنێوان سڵانی 1953و

1973. بەهاتنی ساڵی 1990، ژاپۆن توانی لەڕووی ئاستەکانی بژێویەوە بەوڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا بگاتەوە.

ژاپۆن ئەم سەرکەوتنەی بەدیهێنا لەرێگەی پشت بەستن بەسیاسەتێکی پێچەوانەی ئەو سیاسەتی تەکنەلۆژیایەی کە لەسەردەمی میجی و سەردەمی داگیرکاریدا گیرابوونەبەر، لەبری سازاندنی تەکنەلۆژیای نوێ بەشێوەیەکی بگونجێت لەگەڵ نرخەکانی رەگەزەکانی بەرهەمهێناندا، ژاپۆن پەنای بردەبەر بەکارهێنانی نوێترین تەکنەلۆژیاکان و ئەوانەی پێویستیان بە سەرمایەکی چر هەیە لە چێوەیەکی فراواندا. لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم، تێکڕایی وەبەرهێنان گەیشتە نزیکەی سێ یەکی داهاتی نەتەوەیی. تێکڕایی سەرمایە بەشێوەیەکی زۆر خێرا بەرزبوەوە، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی ئابوریەکی کرێ بەرز لەماوەی یەك نەوەدا. بەمشێوەیە، نرخەکانی رەگەزەکانی بەرهەمهێنان بەپێی ژینگە تەکنەلۆژیە نوێیەکە رێکخران، نەك بەپێچەوانەوە.

پیشەسازی ژاپۆنی لەقۆناغی دوای جەنگدا پێویستی بەپلاندانان بوو، لەمەشدا وەزارەتی بازرگانی نێودەولەتی و پیشەسازی رۆڵێکی پاڵەوانانەی گێڕا. بۆ خێراکردنی تێکڕاییەکانی گەشەکردنیش ئەو ئامڕازە سیاسیانە بەکارهێنران کە ژاپۆن لەماوەی بیستەکان و سیەکانی سەدەی بیستەمدا پەرەی پێدان.

وەزارەتی بازرگانی نێودەولەتی و پیشەسازی جەختی لەسەر دوو جۆر لەگرفتەکان کرد. گرفتی یەکەم پەیوەندی

هەیە بەقەبارەی بەرهەمەوە، ئەویش ئەو گرفتەیە کە بووە هۆی شکستی سیاسەتی جێگرتنەوەی هاوردەکان بەدروستکردنی ناوخۆیی لەئەمەریکای لاتین. پۆڵاش یەکێك بوو لەو پیشەسازیانەی کە زۆرتر هەڵکشانی بەدیهێنا لەژاپۆن، بەرهەمهێنان لە 2.4 ملیۆن تەن لەساڵی 1932 بەرزبووەوە بۆ ئەوپەڕی قەبارەی خۆی کە 7.7 ملیۆن تەن بوو لەساڵی 1943. پاشان دابەزی بۆ 0.5 ملیۆن تەن لەساڵی 1945، پاشان گەڕایەوە بۆ 4.8 ملیۆن تەن لەساڵی 1950. یەکێك لەخەسڵەتە بنچینەییەکان لەبەرهەمهێنانی پۆڵادا خۆی لە دابەزینی تێچونەکانی بەرهەمهێناندا دەبینێتەوە بۆ ئاستە نزمەکانی لە کارگە قەبارە گەورەو چڕە سەرمایەکاندا. لەساڵی 1950، نزمترین ئاستی بەرهەمهێنانی کارا گەیشتە 1-2.5 ملیۆن تەن. زۆربەی کارگە ئەمەریکیەکان گەورەتربوون لە هاوشێوە ژاپۆنیەکانیان، تەنها یەك کارگەی ژاپۆنی نەبێت (یاواتا کە توانا بەرهەمهێنانیەکەی گەیشتە 1.8 ملیۆن تەن)، بەڵام باقی کارگە ژاپۆنیەکان، نیو تەن یان کەمتر لەوە پۆڵایان بەرهەم دەهێنا، لەئەنجامی ئەمەدا، پۆڵای ژاپۆنی گرانتربوو لە هاوتا ئەمەریکی یان ئەوروپیەکەی بەڕێژەی 50% بەلانی کەمەوە، سەرەڕای دابەزینی کرێیەکان لەژاپۆن. ئامانجی وەزارەتی بازرگانی نێودەوڵەتی و پیشەسازی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بریتی بوو لە سەلەنوێ داڕشتنەوەی پەیکەری پیشەسازی لەژاپۆن، بەشێوەیەك کە بەرهەمێنانی پۆڵا لەکارگەکاندا نزمترین ئاستی بەرهەمهێنانی

کارا بەدیبهێنێت، سەرچاوەی هێزی وەزارەتی بازرگانی نێودەوڵەتی و پیشەسازی خۆی لەکۆنترۆڵکردنی سیستمی بانکیدا دەبینیەوە، هەروەها لە دەستەبەر کردنی دراوی بیانیدا کە پێویست بوو بۆ هاوردەکردنی خەڵوزی کوك و ئانی خاو. بەهاتنی ساڵی 1960، توانای بەرهەمهێنانی ژاپۆنی زیادیکردو گەیشتە 22 ملیۆن تەن لەرێگەی کارگەگەلێکی زەبەحی نوێوە. دوای ساڵی 1960، سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی گەشەکردنی پیشەسازی وەزارەتی بازرگانی نێودەوڵەتی و پیشەسازییەوە، شێوازێکی کەمتر راستەوخۆی لەخۆگرت، فراوانبوونی پیشەسازی بەردەوام بوو لەرێگەی بونیادنانی کارگەگەلێکی نوێوە لەچەند شوێنێکی نوێدا. ئەم کارگانە هەموویان نزمترین ئاستی بەرهەمهێنانی کارایان بەدیهێنا کە لەو کاتەدا بەرزبوەوە بۆ نزیکەی 7 ملیۆن تەن. لەبەرامبەردا، زۆربەی توانای بەرهەمێنانی ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتی بە کارگەگەلێکی کۆن دەبەست کە نەدەگیشتە نزمترین ئاستی بەرهەمهێنانی کارا، هەروەك چۆن کارگە ژاپۆنیەکان لەرووی تەکنەلۆژیەوە زیاتر پەرەسەندو بوون. 83% ی پۆڵا کە ژاپۆن بەرهەمی دەهێنا لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لەناو کورە ئۆکسیجینیەکاندا دەتوێنرانەوە لەبەرامبەر 62% لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا، رێژەی 35% بە بەردەوامی لەژاپۆن دادەرێژرا لەبەرامبەر 11% لەویلایەتە یەکگرتووەکان. سەرەڕای زیادەیەکی زۆریش لەکرێیەکان، ژاپۆن وەك یەکێك لە وڵاتانەی جیهان مایەوە بەرهەمێنانی

ئاسنی کەمترین تێچوونی هەبوو، بەهۆی پابەندبوونی بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێی سەرمایە چڕەوە. ژاپۆن لەساڵی 1975دا سەد ملیۆن تەنی بەرهەم دەهێنا.

کێ ئەم هەموو پۆڵایەی دەکڕی؟ پیشەسازیەکانی بونیادنانی کەشتی، ئۆتۆمبیل، ئامێرەکان، بونیادنانەکان گەورەترین کڕیارە ناوخۆییەکان بوون،پێویست بوو لەسەر ئەم پیشەسازیانە هاوشان لەگەڵ پیشەسازی ئاسندا فراوان بن، پاشانیش دەستەبەری بەدیهاتنی ئەمە پێویستی بە پلاندانانێکی تر دەبوو، پێویست بوو سروشتی ئەو تەکنەلۆژیایە بکرێت کە ئەم پیشەسازیانە بەکاریان دەهێنا، هەروەك چۆن پشت دەبەسترا، هەروەك چۆن پەیڕەوی کارگە قەبارە زەبەلاحە سەرمایە چڕەکان کرا لەم پیشەسازیانەدا، هەروەك چۆن لەگەڵ پیشەسازی پۆڵادا ئەمە رویدا. لەحاڵەتی پیشەسازی ئۆتۆمبیلدا – بۆ نموونە- پشکی کۆمپانیا ژاپۆنیەکان لەسەرمایە بۆ هەر کرێکارێك گەورەتر بوو لە هاوتاکەی لەکۆمپانیا ئەمریکیەکان، سەرمایەی ژاپۆنیش توانستی زیاتر بوو لەوەبەرهێنانیدا، بەشێوەیەك بنەمای بەرهەمهێنانی هەنوکەیی مانای ئەوەی دەگەیاند کە بەرهەمهێنان پشت بە بڕێکی کەمتر ببەستێت لەپێکهاتە ناتەواوبوەکان، سەرەڕای ئەمەش، چێوەی بەرهەمهێنان لەژاپۆن قەبارەی گەورەتربوو. لەپەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، نزمترین ئاستی بەرهەمهێنانی کارا بۆ کارگەکانی هەڵبەستن نزیك بووەوە لە 200 هەزار ئۆتۆمبیلی ساڵانە، کۆمپانیاکانی فۆردو

کرایسلرو جنراڵ مۆتۆرز هەر یەکەیان ساڵانە نزیکەی 150 هەزار بۆ 200 هەزار ئۆتۆمبیلیان بەرهەم دەهێنا. لەشەستەکانی سەدەی بیستەمدا، کارگەکانی ئۆتۆمبیلی ژاپۆنی تێهەڵکێشی کۆمەڵە هێڵێکی بەرهەمهێنان و کرداری پەرچکردن کران، ئەمەش بۆ بەرزکردنەوەی نزمترین ئاست بۆ بەرهەمهێنانی کارا بۆ زیاتر لە 400 هەزار یەکەی ساڵانە. هەموو کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئۆتۆمبیلی ژاپۆنی لەو ئاستەدا بوون، بەڵکو هەندێك کۆمپانیا کەوا توانستیان زیاتر بوو- وەك هۆنداو تیۆتا-هەر یەکەیان توانیان 800 هەزار ئۆتۆمبیل لەساڵێکدا بەرهەم بهێنن. بەکارهێنانی شێوازەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەی چڕ لەلایەن ژاپۆنەوە، بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەو پیشەسازیانەی کە توانستیان بەرزە، ئەویش ئەو پیشەسازیانەیە کە توانای پێشکەشکردنی بەرهەمەکانیان هەیە بەنرخێکی رکابەری، هەروەها پێدانی کرێی بەرز بە کارمەندەکانی.

گرفتی سێهەم خۆی دەبینیەوە لەپلاندانان بۆ هەر حاڵەتێکی زیادبوونی خواستی بەکاربردن لەژاپۆن بۆ کڕینی بەرهەمە بەکاربەریە تەمەن درێژەکان. دامەزراوەکانی پەیوەندیە پیشەسازیە ژاپۆنیەکان لەبەدیهێنانی ئەمەدا رۆڵیان گێڕا، کۆمپانیا گەورەکان، یەکگرتنەکانی کۆمپانیاکان، کرێیەکانی خزمەتی درێژ، دامەزراندن بەدرێژایی ژیان، هەموو ئەمانە واتە کۆمپانیا سەرکەوتوەکان کارمەندەکانی بەشدار دەکرد لەهەندێك لەزیادەی قازانجەکانی.

هەرچۆنێك بێت، کۆمپانیا بچوکەکان چەندین کاری بچوکیان لەژاپۆن دەستەبەرکرد، لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم (وەك رەوشی ماوەی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکە) ئەم کۆمپانیانە کرێی نزمیان دەدا. لەمیانەی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، فراوانبوونی پیشەسازی بووە هۆی کۆتایهێنان بە زیادەی دەستی کار، ئابوری دوولایەنە نەما، لەگەڵ بەرزبوونەوەی خێرا کرێیەکان لەکەرتی کۆمپانیا بچوکەکاندا. بەرزبونەوەی داهاتەکان کە بەهۆی فراوانبوون لە دەستەبەرکردنی هەلی کاردا پەیدا بوو شۆڕشێکی لە شێوازو ریتمی ژیاندا دروست کرد، ژاپۆنیەکان دەستیان کرد بەکڕینی ئەو بەفرگرو ئۆتۆمبیلانەی کە بەهۆی فراوانبوون لە دەستەبەرکردنی ئاسن و پۆڵادا دروستکرابوون، مەسەلەکە تەنها کورت نەبوەوە لەوەدا کە ژاپۆنیەکان بڕێکی زیاتر لە ئامێرو کەلوپەلیان هەبێت، بەڵکو خواردنیشیان زیاتربوو باڵاشیان بەرزتر بوو. لە ساڵی 1891 نێوەندی تاکێکی بەسەربازگیراو لەسوپادا 157 سانتیمەتر بوو، لەکاتێکدا درێژی هاوتاکەی لە ساڵی 1976دا گەیشتە 168 سانتیمەتر، خەرجکردنی بەکاربردنی لەژاپۆن راستی بڕیارەکانی فراوانبوونی سەلماند لەبونیادنانی توانای بەرهەمهێنانی و زیادکردنی کرێەکانن بەشێوەیەك بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەرمایە چڕ گونجاو بوو، ئەوەش دواى جێبەجێکردنی بڕیارەکان، ئەگەر لەپێش ئەوەشەوە نەبووبێت.

گرفتی کۆتایی لەپلاندانان پەیوەست بوو بە بازاڕە نێودەوڵەتیەکانەوە، ئەم گرفتە کۆمەڵە ڕەنگدانەوەیەکی هەبوو دەسەڵاتەکانی وەزارەتی بازرگانی نێودەوڵەتی و پیشەسازیان تێپەڕاند، لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردودا، پیشەسازی ئاسن و پۆڵای ژاپۆنی بەشێوەیەکی بنچینەیی سێ لەسەر یەکی بەرهەمەکانی هەناردەی ئەمەریکا دەکرا- هەروەها بەهەمان ئەو ڕێژەیە ئۆتۆمبیل و شمەکی بەکاربەریی تەمەن درێژ بۆ ئەو وڵاتە هەناردە دەکرا، بەرهەمهێنانی ئاسن و ئۆتۆمبیل بەهۆی ڕکابەری ژاپۆنیەوە تووشی داڕمان هات، هەر بەو شێوەیەش بوو ئاوابوونی هەسارەی پشتێنەی پیشەسازی ئەمەریکی لەژێر فشاری ڕکابەری ژاپۆنیدا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەئاسانی دەیتوانی ڕێگە لەهاوردەکانی ژاپۆن بگریت لەرێگەی بەردەوامیدان بە سیاسەتی سەپاندنی باجی بەرزەوە کە لەساڵی 1816وە سەپاندبووی، دانوستانیش ئەنجام درا لەسەر سەپاندنی «کۆتی هەناردە کردنی ئارەزومەندانەوە»، بەڵام تەنها ڕێوشوێنێکی کاتی بوو، لەبری ئەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان تەنها تاریفە گومرگییەکان دابەزێنێت، لەکاتێکدا کە وڵاتانی تریش هەمان ئەم کارەیان کرد (ئازادکردنی بازرگانی فرە لایەنە). یەکێك لەهۆکارەکانی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەجەنگی جیهانی دووەمدا وەك ئابوریەکی هەرە ڕکابەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، بۆیە فراوانبوون لە هەلە هەناردەکردنیەکانیدا دەرکەوت سودی زیاترە لە پارێزگاریکردن لە بازاڕە ناوخۆییەکەی کە

هیچ پێویست نەبوو، بەڵام هەڵکشانی هەناردە ژاپۆنیەکان گومانی لە سەر دروستی ئەم گریمانەیە دروستکرد، بەڵام ژاپۆن پێگەی خۆی جێگیر کرد بەوپێیەی کە دیواری بەرهەڵستی بوو لەبەردەم ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لەدژی کۆمۆنیزم لە خۆرهەڵاتی ئاسیادا، هەروەك چۆن پێگە جیۆسیاسیە گرنگەکەی پارێزگاری لەبژاردە بازرگانیەکانی کرد.

مومکین نەبوو کە سەردەمی گەشەکردنی خێرا بۆ هەتاهەتایە بەردەوام بێت، زۆرجاریش مێژووی کۆتایهاتنی بوژانەوەی گەورە لەژاپۆن دەگەڕێنرێتەوە بۆ داڕمانی بازاڕی خانوبەرەکان نزمبوونەوەی لەناکاوی نرخی پشکەکان لەساڵی 1991، ئەمەش سەردەمی چوونەوەیەك سستی ئابوری بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام هۆکاری ئەوە زۆر قوڵتربوو لەمە، بەشێوەیەك بەپلەی یەکەم خۆی لە نائامادەگی ئەو رەوشانەدا دەبینیەوە کە رێگە خۆشکەربوون لەبەردەم گەشەکردنی خێرادا، ژاپۆن گەشەکردنێکی خێرای بەخۆوەبینی لەرێگەی پڕکردنەوەی سێ کەلێنەوە لەگەڵ خۆرئاوادا، سەرمایە بۆ هەر کرێکارێك، ئاستی فێرکردن بۆ هەر کرێکارێك، قەبارەی بەرهەمهێنانی. ئەمەش لەگەڵ هاتنی ساڵی 1990دا بەدیهات، لەو کاتەدا ژاپۆن بووە وەك هەر دەوڵەتێکی پێشکەوتوو، واتە دەتوانێت گەشەکردن بەدی بهێنێت بەهەمان ئەو خێراییەی کە پێی تەکەنلۆژیای پەرەپێدا، واتە % 1 بۆ 2 ی ساڵانە. پاشانیش سستبوونی گەشەکردن لەدوای ساڵی 1990وە حەتمی بوو.

## چین

لەدوای ژاپۆنەوە هەریەك لە كۆریای باشور و تایوان ڕاستەوخۆ هەوڵیاندا بەكاروانی پیشكەوتنی خۆرئاوا بگەنەوە، هەردوكیشیان پێشترداگیركاری ژاپۆنی بوون، ئەمەش وایكرد سەرەتای گەشەكردنیان مەسەلەیەكی ناڕوون و قسە هەڵگربێت، سیستمی فێركردنی نوێ دانرا، بەڵام ئەم سستمانە پشتیان بە فێركردنی ژاپۆنی دەبەست لەبری كۆری یان تایوانی، بەڵام ئامانج لە گەشەپێدانی ژێرخان و گەشەكردنی كشتوكاڵی بۆ ئەوە بوون ببنە سەرچاوەیەكی خۆراك بۆ ژاپۆن، ئاستی داهاتی هەر تاكێك لەساڵی 1940 دا گەیشتە 1548 دۆلاری ئەمەریكی، لەكاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، ژاپۆنیەكان دەركران، موڵكوماڵەكانیان دەستی بەسەردا گیرا، موڵكوماڵ و زەویەكانیان لەنێوان دانیشتوانی ناوچە گوندییەكاندا دابەشكران، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چەند كۆمەڵگەیەكی یەكسان لە جوتیارەكان، هەر لەسەرەتای پەنجاكانی سەدەی بیستمەوە، هەردوو وڵات بەچالاكیەكی زۆرەوە دەستیان بە پیشەسازی كرد، كۆریاش بەدیاریكراوی هەمان نموونەی گوژمی بەهێزی ژاپۆنی پەیڕەوكرد، كۆمپانیا كۆریەكان تەكنەلۆژیای پەرەسەندویان هاوردەكردو كۆمپانیا بیانیەكان لەكاركردن لەوڵاتدا دورخرانەوە، وڵات پلانی وەبەرهێنانی داڕشت و سنورێكی بۆ هاوردەكردن دانا ئەمەش بۆ پارێزگاری كردن لە پیشەسازیە ناوخۆییەكان، بەهەمانشێوەی ژاپۆن دەستكرا بە هاندانی كۆمپانیاكان بۆ

ئەوەی بە کوالێتی و بەجێگەیاندنێکی بەرزەوە بەرهەم بهێنن لەرێگەی پابەندکردنی کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانیان هەناردە بکەن، کۆریا پیشەسازی قورسی بونیادنا، وەك پیشەسازی پۆڵا، بونیادنانی کەشتی و ئۆتۆمبیل کە ئەمانە پێشتر لەهۆکارەکانی هەڵکشانی ژاپۆنی بوون، کە دوای تەنها یەك دوو دەیە بوونە فاکتەری هەڵکشانی کۆریاش.

هەڵکشانی کۆریای باشور و تایوان بەسەرسامکەر دادەنرێن، بەڵام هەموو ئەو شتێك نین بە بەراورد بە چین ئەگەر لە پرۆسەی پیشەسازیدا بەهەمان ئەو خێراییەی بەردەوام بێت کە لە دەییەکانی دواییدا لەسەری دەڕۆشت. کاتێك لەساڵی 1949 کۆمۆنیستەکان دەستییان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی بۆ هەر تاکێك لەدەورووبەری (488 دۆلاری ئەمریکی)دا بوو، بەهاتنی ساڵی 2006، داهات لەچین گەشتە 6048 دۆلار بۆ هەر تاکێك، ئەمەش چین دەخاتە ئاستی ئەو وڵاتانەوە کە خاوەن داهاتی مامناوەندن، لەمڕووەوە چین زۆر باشتربوو لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیاو ئەفەریقیا یان ئەمەریکای لاتین (خشتەی 1-1)

چین چۆن ئەمەی کرد، وەڵامی باو بۆ ئەمە خۆی دەبینێتەوە لە «چاکسازیەکانی بازاڕی ئازاد)، بەڵام ئەمە وەڵامێکی تەواو نییە، مێژووی ئابوری چین لە ساڵی 1949 وە دابەش دەبێت بۆ دوو ماوە: ماوەی پلاندانان (1950-1978)، ماوەی چاکسازی (لە 1978وە بۆ ئێستا). لەماوەی

یەکەمدا، چین تەبەنی سیستمی کۆمۆنیستی کرد کە خۆی لە کشتوکاڵی بەکۆمەڵی و پیشەسازیەکاندا دەبینێتەوە کە خاوەندارێتیەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت، سەرەڕای پلاندانانی مەرکەزی لەسەر شێوەی نموونەی سۆڤێتی، ستراتیژیەتی گەشەپێدانی لەچین بەرەو ئەوەچوو زیاتر بایەخ بە فراوانکردن بدات لەپیشەسازیە قورسەکان بۆ بەرهەمهێنانی ئامێرەکان، بۆ ئەمەش کۆمەڵگەی پیشەسازی شارستانی دامەزێنرا. تێکڕای وەبەرهێنان بەرزبوەوە و گەیشتە نزیکەی سێ یەکی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی، هەروەك چۆن بەرهەمهێنانی پیشەسازی بەخێرایی زیادی کرد، سیاسەتی تەکەنەلۆژی کە دواتر ناسرا بە «سیاسەتی رۆیشتن لەسەر پێیەکان» هات هەردوو تەکەنەلۆژیای پەرەسەندوی سەرمایەی چڕ، پێشەسازی چڕ بۆ کارگەر هەرکات ئەوە مومکین بوو پێکەوە کۆکردەوە، بەرهەمێنانی پۆڵاش بازیدا- کە بە یەکێك لەئامانجەکانی ئەو وڵاتانە دادەنرێت کە پیشەسازی گوژمی بەهێز پیادە دەکەن- لە نزیکەی دوو ملیۆن تەنی ساڵانەوە لەساڵی 1950 بۆ 32 ملیۆن تەن لەساڵی 1978. سەرەڕای وەرچەرخانەکانیش لە سیاسەتی پیشەسازیدا، لەناویشدا هەنگاوە هەرە گەورەکە بۆ پێشەوە (1058-1960)، ئەو برسیەتیەی کە بەدوایدا هات، شۆڕشیپیشەسازی (1967 -1969)، داهات بۆ هەر تاکێك بە زیاتر لە هێندەی خۆی بەرزبوەوە لە 448 دۆلاری ئەمەریکیەوە لەساڵی 1950 بۆ 978 دۆلاری ئەمەریکی لەساڵی 1978 (2,8 ی ساڵانە).

ئەمەش دەسکەوتێکی ئاسان نەبوو، بەڵام نەیتوانی چین لەباقی وڵاتە هەژارەکان جیابکاتەوە.

دوای مردنی ماو لەساڵی 1976، دینگ شیاو بینگ دەستیکرد بە جێبەجێکردنی «چاکسازیەکان»ئەوەش لەساڵی 1978دا بوو، واز لە پلاندانانی مەرکەزی هێنراو ئابوری بازاڕ شوێنی گرتەوە. بەپێچەوانەوەی سیاسەتی «چارەسەرکردن بە شۆك» لەوڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات، چین دەستی بەچاکسازیەکان کرد لەرێگەی چاکسازی و هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکانیەوە بەشێوەیەکی پلەبەندی، هەر لە ساڵی 1978وە رێژەکانی گەشەکردن روویان لەبەرزبوونەوە کرد.

چاکسازیە بەراییەکانیش لە کەرتی ئابوریەوە دەستیان پێکرد، ئەوەش کۆمەڵە چاکسازیەکی ئاڵۆز بوون. دوو پرۆسەی چاکسازی هەبوون کەوا گرنگی تایبەتیان هەبوو، یەکەم: لەساڵی 1979و 1981 ئاژانسەکانی هاوردەکردنی حکومی نرخەکانی کڕینی بەروبوومیان بە بڕی 40-50% زیادکرد بەلای ئەو بەرهەمەوە کە لەسەرو ئەو بڕە ئیجباریەوە کە لە پلانەکەدا دیاریکراوە. دووەم: سیستمی بەرپرسیارێتی خێزانی جێگەی سیستمی کشتوکاڵی بەکۆمەڵی گرتەوە، بەپێی ئەم سیستمەنوێیەش زەویە کۆمەڵیەکان دابەش دەکران بۆ کێڵگەی بچووك، بەکرێ دەدرانە خێزانەکان کە پابەند دەکران بە پێشکەشکردنی پشکی خۆیان لەو بڕە بەروبوومەی کە بەپێی پلانە ناوچەییەکان پێویست بوو لەسەریان بیدەن، بەڵام لەهەمانکاتدا دەیانتوانی ئەو بڕە داهاتە بۆ خۆیان

گلبدەنەوە کە لەئەنجامی فرۆشتنی ئەو بەروبوومانەوە پەیدا دەبوو کە زیاتربوو لەبڕی داواکراو لێیان و بەنرخێکی بەرزتر دەیانفرۆشتەوە.

هەر لەگەڵ بەرکارکردنی ئەم سیاسەتانەدا بەرهەمی کشتیارەکان بەرزبوەوە، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بایەخەکەیەتی. لەنێوان ساڵانی 1970و 1978 ڕێژەی کشتوکاڵ لەتێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی بەڕێژەی 4,9%ی ساڵانە بەزبوەوە، ئەمەش ڕێژەیەکە زیاترە لە ڕێژەی 3,9% کە لەنێوان ساڵانی 1985و 2000و لەنێوان ساڵانی 1978و 1984دا بەدیهات. بەرهەمی کشتوکاڵی بەڕێژەی 8,8% ی ساڵانە بەرزبوەوە. هەروەها بەرهەمی گەنمیش لەماوەی نێوان ساڵانی 1978-1984 زیادیکرد خێراتر لەو گەشەیەی کە کە پێش و دوای ئەو ماوەیە بەدیهێنا. بەو پێیەش کە زیادبوونی نرخەکان و جێبەجێکردنی سیستمی بەرپرسیارێتی خێزانی بوونە هۆی زیادکردنی پاڵنەرە داراییەکان بۆ جوتیاران بۆ زیادکردنی بەرهەم، ئەوا ئەنجامی باو ئەوەیە کە گۆڕانکاریەکان لە سیاسەتەکاندا بوونە هۆی گەشەکردنی ئاستی بەرهەمهێنان.

هەرچۆنێك بێت دەبێت دان بەوەدا بنێین پەرەسەندنەکانی تر کە بەهۆی بڕیارەکانی پلاندانانەکانی پێشوەوە پەیدابوون سەرەڕای چاکسازیەکان کاریگەریان هەبوو لەبەدیهاتنی ئەم ئەنجامەدا. جوتیارە چینیەکان توانیان بەرهەمهێنان زیاد بکەن، چونکە توانیان تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بەکاربهێنن

که هاتبووه وڵاتەکەوە، لەهەمانکاتیشدا کە تێیدا چاکسازی لە دامەزراوە گوندییەکاندا کرا، دەبوو بەرهەمهێنانی دانەوێڵەش بخرێتە بواری چاکسازییەوە لەسەر سێ ئاست و لەسایەی ڕەوشەکانی ئەو وڵاتەدا، کۆنترۆڵکردنی باشتری ئاو، بەکارهێنانی ئەو تۆوانەی کە بەرهەمی باشتر دەدەن، بەکارهێنانی پەیین، بوونە هۆی زیادکردنی پانتایی زەویە ئاودێریەکان لەماوەی ساڵای پەنجاکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەم، هەروەها ملیۆنان بیری بۆریی لە باکوری چین لێدران بۆ دەستەبەرکردنی ئاو تێیدا، زیادبوونی بڕی ئاویش بووە هۆی زیادکردنی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لەمیانەی ماوەی پلاندانانادا، هەروەك چۆن ئەوە مەرجێکی بنەڕەتی بوو بۆ بەدیهاتنی زیادبوونی خێرای بەرهەم لە دەورووبەری ساڵی 1980.

زیادبوونە زۆرو زەبەندەکان لەبەرهەمهێناندا فەراهەمبوونی تۆوێکیان دەخواست کە وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ بەکارهێنانی پەیین. گرفتی بیۆلۆژیش بەگرفتێکی گشتی دادەنرێت لەناوچە کەمەرەییەکاندا، ئەگەر هاتوو پەیین بەکارهێنرا لەگەڵ جۆرە تەقلیدیە جۆراوجۆرەکانی برنجدا، ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی گەڵاو درێژبوونی لقی رووەکەکە، لەکۆتاییشدا دەچەمێتەوە، ئەمەش ڕێگر دەبێت لەدروستبوونی دانەکەی، بۆیە چارەسەرەکە ئەوەیە کە ئەو جۆرە برنجە بڕوێنرێت کەوا کورتەو لقەکەی ناچەمێتەوە، بەشێوەیەك کە جێبەجێکردنی پرۆسەی گەشەی زیاد لەئەنجامی

بەکارهێنانی پەیین بەسەر دانی رووەکەکەدا جێبەجێ دەبێت نەك گەڵاکانی. برنجی ژاپۆنیش ئەم تایبەتمەندیەی هەبوو کە بنچینەی بایۆلۆژیە بۆ گەشەکردنی بەرهەمی کێڵگەکان لەماوەی سەردەمی میگیدا، بەڵام نەدەتوانرا برنجی ژاپۆنی لە باشور بچێنرێت، بەهۆی جیاوازی درێژی رۆژەوە، بۆیە پێویست بوو ئەو جۆرە کورتانە بچێنرێن کە گونجاوبن لەگەڵ هێڵەکانی پانی لەناوچە کەمەرەییەکاندا، ئەو جۆرەش کە زیاتر بەناوبانگە جۆری ئای ئار8- کە لەپەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەی برنج لەفلیپین پەرەی پێدراوە، لەساڵی 1966دا هەنارده کرا، ئەمجۆرەش لە برنج و جۆرەکانی تر کە لەدوای ئەمەوە هاتن بوونە ئەو بنچینەیەی کە شۆرشی سەوزیان لەسەر بەرپابوو لەزۆرێك لە ناوچەکانی ئاسیادا. بەڵام کە زۆرێك لەبەرچاوی ناگرن ئەوەیە کە چین لەمەدا پێشەنگ بوو، بەشێوەیەك کە بەرنامەی پەرەپێدانی رەچەڵەکەکانی سەر بە ئەکادیمیای چینی بۆ زانستەکان پێش دوو ساڵ لەبەرهەمهێنانی برنجی ئای ئار 8- جۆرێکی کورت لەبرنجی بەرهەمهێنا کە بەرهەمێکی زۆری دەداو بڵاوبوونەوەی برنجی کورتی نوێش هۆکارێك بوو بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمی کێڵگە چینیەکان بەرزبوونەوەیەکی سەرسامکەر.

برنج بەرهەمێکی بەرزی نابێت مەگەر بەشێوەیەکی چڕ پەیین بکرێت. لەحەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، کشتیارە چینیەکان پەیینی تەقلیدیان بەکاردەهێنا تا ئەوپەڕی رادە. بۆ بەکارهێنانێکی زیاتر چڕیش پێویستی بە بەرهەمهێنانی

مادەی نیترات دەکرد بەشێوەیەکی پیشەسازی، بەڵام کۆششەکان زیادکردنی بەرهەمهێنانی پەیین لەماوەی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا سەرکەوتنێکی دیاری بەدەست نەهێنا، بۆیە لەنێوان ساڵانی 1973-1974 دەوڵەت 13 کارگەی ئامۆنیا لەهاوردە بیانیەکان کڕی. بەرهەمی ئەم کارگانە لە کۆتاییەکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکرد، دەستەبەربوونی پەیینی پێویستیش بووە هۆی بەرزبونەوەیەکی گەورە لەبەرهەمی کێڵگەکاندا، ناشزانین ئایا بەرزبوونەوە لەبەرهەمی کێڵگەکاندا لەنێوان ساڵانی 1978 و 1984دا پێویستی بە ئەنجامدانی ئەم چاکسازیانە دەکرد، یان هەرچۆنێك بوایە هەر بەدی دەهات.

سروشتی وەرچەرخانی تەکنەلۆژی لەکەرتی کشتوکاڵی چینیدا هاوشێوە ئەو وەرچەرخانە بوو کە لەژاپۆن رویدا، رەنگدەرەوەی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای گونجاویش بۆ رەگەزەکانی بەرهەمهێنان لەدەوڵەتدا. وەك ئەوەی لەژاپۆنیش هەبوو، دەستی کار بەچڕی دەستەبەربوو بەڵام زەوی کەم بوو، بۆیە هەتا کاتێکی نزیکیش پەرەسەندنی تەکنەلۆژی پشتی بە زیادکردنی بەرهەمهێنانی زەوی دەبەست، وەبەرهێنانێکی کەم و رێژەیی ئاراستەکرا بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی دەستی کار. مێژووی شۆڕشی سەوزیش لەچین لەمبارەیەوە جیاوازە لە مێژوەکەی لە هندستان، کە لەوێ تەبەنی بە ئامێرکردنی بەرهەم کرا شانبەشانی بەرهەمهێنانی ئەو بەروبومانەی کە بەرهەمێکی زۆر دەدەن. ئیمکانیەتی دەسکەوتنی دڵنیایی

هەرزانیش لەهند تایبەتمەندیەکانی بەخشیە خاوەن کێڵگە گەورەکان، ئەوانە کە هەستابوون بەزیادکردنی قەبارەی خاوەندارێتیەکانیان لەسەر حسابی کشتیارە بچوکەکان، ئەوانەی کە زۆرجار زەویەکانیان لەدەستدەدا، پرۆسەی بەئامێرکردنی بەرهەمیش لە کێڵگەکاندا بووە هۆی بەرتەسکردنەوە لە ئامادەکردنی کارگەرەکان بۆ چاندنی زەوی. چین لەرودانی نموونەی ئەم جۆرە ململانێیانە خۆی لادا، بەشێوەیەك سیستمی خاوەندارێتی کۆمەڵی بۆ زەویەکان کاری لەسەر دابەشکردنی زەویەکان کرد بەشێوەیەك یەکسان، هەروەها پارێزگاریکردن لە کێڵگە بچووکەکان، ئەمەش نمایشی گرتنەبەری رێوشوێنێکی زیاتر عەقڵانی دەکات بۆ دەستەبەربوونی کارگەرو کەمی زەویەکان، جگە لە بەدیهاتنی یەکسانیش.

هەروەها چاکسازیەکان کەرتی پیشەسازیشیان گۆڕی، هەنگاوەکانی یەکەمیش لەناوچە گوندنشینەکان گیرانەبەر. پیشەسازی لەرێگەی دامەزراندن و بەکارخستنی کارگەرەوە خەسڵەتێکی هەمیشەیی بوو لەگوندی چینیدا، ئەمەش ئەو خەسڵەتە بوو کەوا گوێزرایەوە بۆ کێڵگە کۆمەڵیەکان. دوای ساڵی 1978، هانی «کۆمپانیاکانی شارو گوندەکان» درا لەرێگەی بەرپرسە حزبیەکانی ناوچەکانەوە، ئەوکات بەرهەمهێنانی شمەکە بەکاربەریەکان دواکەوتبوو، بۆیە کۆمپانیاکانی شارو گوندەکان کاریان کرد لەسەر پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە، لە رێگەی فرۆشتنی شمەکەکانیەوە لە بازاڕی ئازاد

دا. پیشەسازیەکانی شمەکە بەکاربەریەکانیش تایبەتمەندی ئەوەیان هەبوو کە ڕێژەی سەرمایە بۆ کارگەر تێیدا نزم بوو (بەپێچەوانەی پیشەسازیە قورسەکانەوە کە تەوەری بایەخپێدانی پرۆسەکانی پلاندانان بوون) بۆیە کۆمپانیاکانی شارو گوندەکان پشتیان بەست بە تەکنەلۆژیایەك گونجاوبێت بۆ ڕەوش و بارودۆخی چین، ئەمەش ڕاڤەی هەڵکشانی بۆ دەکات لەرکابەری بازاڕییدا. لەنێوان ساڵانی 1978 و 1996، ڕێژەکانی بەکارخستن لە کۆمپانیاکانی شارو گوندەکانەوە لە 28 ملیۆنەوە بەرزبوەوە بۆ 135 ملیۆن کەس، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم و دواتریشەوە پرۆسەی وەرچەرخان بۆ بازاڕ لە ڕێگەی کەرتی حکومییەوە فراوان بوو، کاتێك دەوڵەت بەئامانجگیراوەکانی لەپلانەکەیدا هەڵپەرسارد، ڕێگەی بە کۆمپانیاکان دا ئەو بەرهەمانەیان لە بازاڕی ئازاد دا بفرۆشن کە لە پێویستیەکانی پلانەکە زیاترن، لەو کاتەشەوە « ئابوری بەسەر پلاندا باڵا بوو» لەگەڵ فراوانبوونیشدابەشێوەیەکی روو لەزیادبوو لەلایەن هێزەکانی بازاڕەوە پاڵدەدرا.

لە ساڵی 1992، کۆنگرەی چواردەهەمی حزب وەك ئامانجێك بۆ چاکسازی ڕەزامەندی لەسەر (ئابوری بازاڕی سۆشیالیستی) نیشاندا، بەمەش واز لەپلاندانانی بەدیهاتنی هاوسەنگی لەنێوان دەرامەتەکان هێنرا، کە ئەمە تەوەری پرۆسەی پلاندانانی مەرکەزی بوو، ئەم چاکسازیانەی دواتر بوونە هۆی لەدایکبوونی سیستمێکی دارایی کە جێگەی

